




# دیمانە، وتارو لێدوانەکان

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- دەوڵەتی ئوتریش لە نێوان دوو ریسواییدا!!(وتووێژ) ........................................................ ٤
٢- ئاخاوتنی لە سمیناری: "ئێران داهاتوویەکی بێ زوڵم و زۆری دەبێ" لە پارلمانی سوێد ............................ ٨
٣- ئەگەر پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی سێزدە بکەینە بنەما، زۆر کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە ............................ ١٤
٤- ڕابوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەوا و پاساوهەڵگرە! ........................................ ١٦
٥- ٣٧ ساڵ کۆماری ئیسلامی ........................................................................... ٢٤
٦- ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە دەرفەتی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا کەڵک وەرگرێ؟ .............................. ٣١
٧- هەڵبژاردن بەبێ مافی بەشداریی سیاسی! .................................................................. ٣٦
٨- پەیامی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٢ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان .................................. ٤١
٩- وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری "شەقام"........................................................ زامدار ئەحمەد ..... ٤٨
١٠- کورد لە ستراتیژی ڕۆژئاوادا ........................................................................ ٥٢
١١- جووڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ .................................................. ٥٥
١٢- هەڵسەنگاندن و خەسارناسێکی خێرای خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و پێداویستییەکانی ................................ ٦٦
١٣- وتەکانی بەڕێز د.میرۆ عەلیار لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس ........................................ ١٠٠
١٤- هێز، بەهێزبوون و هێمای هێز و دەسەڵات ................................................................. ١٠٨
١٥- کورتەیەک سەبارەت بە خەباتی نەتەوەیی، قۆناخ و تایبەتمەندییەکانی .......................................... ١١٧
١٦- ئایا کۆنفرانسی وەرشۆ سەرکەوتوو بوو؟..................................................................... ١٢٧
١٧- دژایەتی لەگەڵ شەڕ! ..................................................................................... ١٣٠
١٨- لە سێیەمین ساڵی تێرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا ......................................١٣٤
١٩- کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی! .................................................................. ١٤٠
٢٠- ڕێککەوتنی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، پرسی فەلەستین و دەرسێک بۆ کورد ....................................... ١٤٤
٢١- شەڕی نێوان کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دەوری کۆماری ئیسلامیی ئێران ................................ ١٤٨
٢٢- ڕووداوێکی دیکە، دەرسێکی دیکە! .......................................................................... ١٥٢

٢٣- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاڵوگۆڕی گرنگ دەڕوا...................................................... ١٥٥
٢٤- کێشەی ئێران و ئامریکا بووەتەوە بە کێشەی ئێران و ڕۆژاوا!............................................ ١٦٠
٢٥- لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان....................................... دیمانە: ڕەحمان نەقشی ..... ١٦٥
٢٦- یەکگرتوویی کورد یانی چی؟.......................................................................... ١٦٨

## بابەت و وتارەکانی تۆری کۆمەڵاتی فەیسبووکی نووسەر:

٢٧- کولتوور و سیاسەت...................................................................................... ١٧١
٢٨- کورد و ئوپوزسیونی "سەراسەری"................................................................... ١٨٩
٢٩- ڕێککەوتنی "هێزەکانی سووریای دیموکرات" و "حکومەتی کاتیی سوورییە"............................ ٢٠٠
٣٠- ئەگەر ئێران و ئەمریکا ڕێکبکەون، لێکەوتەکانی ڕەنگە ناوچەکە بگۆڕن............................... ٢٠٤
٣١- لە پەراوێزیی باسی "چەپ" دا بە کورتی!........................................................... ٢٠٦
٣٢- تەمابڕاویی لە یەکگرتوویی، دیاردەیەکی پڕمەترسی!.................................................. ٢٠٨
٣٣- وانەکانی شەڕی نێوان ئیسرایل و حەماس بۆ کورد.................................................. ٢١٢
٣٤- ئاگربەس بۆ کورد نییە!.............................................................................. ٢١٧
٣٥- ئەوەی دمشریی و زمانی سووک بە سەڵتەنەتخوازانی کرد، با بە دەواری شڕی نەکردووە!........... ٢١٩
٣٦- شەڕی ئەمریکا و ئیسرایل لەدژی ئێران "شەڕی ئیمەیە" یان"دەرفەتە"؟............................. ٢٢١
٣٧- لەبری بەخۆداچوونەوە و دەرسوەرگرتن، پێکهەڵدەپرژێین و لە تاوانبار دەگەڕێین!................... ٢٢٥
٣٨- ڕوونکردنەوەیەکی پێویست!......................................................................... ٢٢٦
٣٩- "کاتی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو نەگەیشتووە، بارودۆخ ئامادە نییە"!.................. ٢٢٨
٤٠- ڕوونکردنەوەیەک بۆ تێبینی چەند خوێنەری بەڕێز!..................................................... ٢٣١
٤١- ئاخۆ پێشمەرگەی حیزبی دەتوانێ بەدیل بێ بۆ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی؟......................... ٢٣٣



سەرچاوە
Serchawe

## دەوڵەتی ئوتریش لە نێوان دوو ریسواییدا!!

### وتووێژ:

**١٧ ساڵ بەسەر کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی: عەبدوڵڵا قادریئازەرو د. فازڵ رەسووڵدا رابردوە. پەروەندەی ئەم تیرۆرە سەرەڕای داوای بنەماڵەی قوربانییەکان و رەخنەو ناڕەزایەتیی حیزبی دێموکراتو رێکخراوو کەسایەتییە دێموکراتو مرۆڤدۆستەکان، لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە، هەروا بە داخراوی ماوەتەوە.**

**بۆ تیشک خستنەسەر بارودۆخی ئەم پەروەندەیەو، هۆیەکانی هەڵوێستی شەرماویی دەوڵەتی ئەو وڵاتە هەر لە سەرەتای رووداوەکەوە تا ئێستا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەرێز دوکتور میرۆ عەلیار ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کە بۆخۆی لە ئوتریش دەژی، پێکهێناوە. بە پێی وەڵامەکانی د. عەلیار، دەوڵەتی ئوتریش بۆ ئەوەی رێژیمی ئێران پەردە لەسەر "ریسوایی نۆریکۆم" لانەدا، ریسوایی بەرێکردنەوەی بکوژانی دوکتور قاسملوو بۆ تاران و دەستبەسەرداگرتنی پەروەندەی ئەم تیرۆرەی بۆخۆی هەڵبژاردوە.**

**پرسیار:** ئایا هەر لەجێدا شتێک بە نێوی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو یا رووداوی ١٣ی ژووئیە لە دەزگای قەزایی یان پۆلیسی ئوتریشدا هەیە؟

**وەڵام:** بەڵێ، پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی هەر دوای رووداوەکەو دیاریکردنی وەکیل لەلایەن بنەماڵەی شەهیدەکانەوە، پێکهاتو ئێستاش دانەخراوە، بەڵکوو ڕاگیراوە.

**پرسیار:** هۆیەکانی ڕاگرتنی ئەم پەروەندەیە چن؟ کاربەدەستانی ئوتریش چ هۆیەک باس دەکەنو ڕای خۆت لەم بارەوە چیە؟

**وەڵام:** کاربەدەستانی ئوتریش دەڵێن ئەوان هەتا ئێستا بەڵگەیەکی نوێو لەباری حوقووقییەوە وا قایمو موستەنەدیان نەکەوتۆتە دەستی کە کافی بێ بۆ کردنەوەی پەروەندەکە. بە بڕوای من ئەو قسەیە بەم شێوەیە راست نیە. لە مێژووی

تیرۆرە سیاسییەکانو تەنانەت زۆر قەتڵی دیکەشدا باو بووەو باوە کە زانیارییەکان تەبەقەبەندی دەکرێن، واتە ئەو زانیارییانەی بە وەکیلو بنەماڵەی "قاتل"و "مقتول"و هەروەها خەڵک ڕادەگەیەندرێن (گشتی)و، ئەو زانیارییانەی پۆلیسو دەزگای قەزایی لە لای خۆیان ڕایاندەگرن (تایبەتی)و بیروڕای گشتی لێیان ئاگادار نابن. جا ئەگەر تەنیا زانیارییە گشتییەکانیش بکەینە پێوانە، کاربەدەستانی ئوتریش بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامییان لەقیس خۆ دا، یان شاردەوەو، یان وەپشت گوێ خست.

جارێ ئەوان قاتڵەکانیان کە کەوتبوونە دەست پۆلیس بەبێ ئەوەی بدرێنە دادگا، بە ترسنۆکانەترین شێوە لە ئوتریش ڕاپەڕاندن و بەڕێی تارانیان کردنەوە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی و ئەمیرمەنسوور بزورگیان لە کاتی لێپرسینەوە (بازجویی)ی پۆلیسدا قسەکانیان بە تەواوی لەگەڵ یەک ناتەبا بوونو، تەنانەت یەکتریان وەدرۆ دەخستەوە. هەر لەبەر ئەوەندەش، دەبوو لانیکەم وەک "گومانلێکراو" دادگایان بۆ پێکهاتبا.

تەنانەت لە بریندارببوونی سەحراڕوودیشیان نەپرسییەوە کە لە لایەن هاودەستەکانیەوە بە هەڵە ئەنگێورابوو! لەوەش گاڵتەتر، ڕێژیمی ئێرانیش نەیپرسییەوە ئەو "دیپلۆماتەی" بۆچیو چۆن بریندار بووە! بێجگە لەمەش لە حوکمی دادگای بێرلیندا (لە ماوەی پەروەندەی تیرۆری کاک د. سەعیدو هاوڕێیانی)، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران بە داڕێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانیشی دەناسێندرێن. ئەو حوکمە هەموو شکو گومانێکی لەسەر تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری وییەن ڕەواندەوەو، پاش ئەو حوکمە حەق وابوو دەزگای قەزایی ئوتریش لێکۆڵینەوەکانی دەست پێبکاتەوە. بەم شێوەیە دەبینین هۆیەکانی کاربەدەستانی ئوتریش تەنیا بیانوون.

**پرسیار**: ئایا هیچ هەوڵێک دراوە بۆ ئەوەی پەروەندەکە بکەوێتەوە گەڕ؟ ئەم هەوڵانە ئاکامێکیان بووە؟

**وەڵام**: بەڵێ هەوڵ دراوە. تەقریبەن لە هەموو ساڵوەگەڕێکی تیرۆرەکەدا داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆرەکە کراوەو تەنانەت بەڕێز خوشکە نەسرینی قاسملوو ساڵی ١٩٩٠ شکایەتی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد، بەڵام دادگاکانی ئوتریش سکاڵاکەیان ڕەد کردەوە. هەوڵەکان، لانیکەم ئەوەندەی ئاشکرا بێ، ئاکامێکیان نەبووە.

دیارە دەبێ بڵێم، کاتێک لە مانگی مای ٢٠٠٥ هەواڵنووسێکی ئێرانی رایکرد بۆ دەرەوەو، هێندێک زانیاریی سەرنجڕاکێشی لەسەر تیرۆری وییەن دا بە پۆلیسی ئوتریشو، بە شایەدی "د" ناوی دەرکرد، دەزگای قەزاییو پۆلیسی ئوتریش ئامادە بوون مەئموورانی خۆیان بۆ پرسیارو لێکۆڵینەوە بنێرن بۆ لای شایەدی "د" لە پاریس. بەڵام وەزارەتی نێوخۆی فەرانسە سەرەڕای

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**موافەقەتی سەرەتایی، ئیزنی نەدا مەئموورانی ئوتریش بچنو چاویان بە کابرای ژوورنالیستی ئێرانی بکەوێ!**

**پرسیار**: ٣ ساڵ لەمەوبەر وەکیلی ئەم پەروەندەیە د. مانفرێد وایدینگەر بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. تا ئێستا پۆلیس و دەزگا پێوەندیدارەکان لەم بارەوە هیچ زانیاریەیەکیان ڕاگەیاندوە؟ ئایا ئەو گومانە هەیە ئەم قەتڵە پێوەندیی بە پەروەندەکەوە هەبێت؟

**وەڵام**: پۆلیسی ئوتریش هەتا ئێستاش شتێکی لەبارەی چۆنیەتیی مەرگی وەکیل وایدینگەر ڕانەگەیاندوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم، وێ ناچێ مەرگی د. وایدینگەر پێوەندیی بە پەروەندەی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩وە هەبێ.

**پرسیار**: ئێستا پاش تێپەڕینی ١٧ ساڵ بەسەر تیرۆری د. قاسملوودا و، دوای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئاستی جیهان و ئوتریشدا، شانسی وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، بە پێشێلکەری مافی مرۆڤو پشتیوانی تیرۆریزم ناسراوەو، لەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە بۆچوونو هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەتایبەتی لە ئورووپا، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێک هاتووەو بێپەردەو ڕاشکاوانەتر باسی تیرۆرو نابەکاریەیەکانی دیکەی ڕێژیم دەکرێ، بەم حاڵەش لەگەڵ ئەوەی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو بە نامومکین نازانم، بەڵام ئەو شانسە لە داهاتوویەکی نزیکدا نابینم. لەبەر چەند هۆ پێم وانیە ئوتریش ئازایەتیو لەخۆبردوویی پێویستی بۆ هاویشتنی
ئەو هەنگاوە هەبێ:

**دوای تیرۆرەکە ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی بە دوو هەڕەشە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشارو، ناچاری کرد چاوپۆشی لە پێکهێنانی دادگا بۆ قاتڵەکان بکاو بەڕێی تارانیان بکاتەوە:**

١- دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لە شەڕی ئێرانو عێراقدا بە پێچەوانەی قانوونی ئەو وڵاتە چەکی بە عێراق فرۆشتبوو کە ئێران پێی زانیو هەڕەشەی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد کە ئەگەر ئەو چەکانە بە ئێرانیش نەفرۆشێ، لێی لە قاو دەداو پێوەندە بازرگانییەکانی خۆشی لەگەڵ ئوتریش دەبڕێ. دەوڵەتی ئوتریش سەری بۆ ئەو هەڕەشەیە دانواندو بەشێوەی غەیری قانوونی چەکی بە کۆماری ئیسلامییش فرۆشت! لەو مامەڵەیەدا پووڵێکی یەکجار زۆر بێسەروشوێن چوو. ئەو کاتە هەردوو حیزبی گەورەی ئوتریش (حیزبی سوسیال دێموکراتو حیزبی دێموکرات مەسیحی) دەوڵەتی هاوبەشیان پێکهێنابووو

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

دەستیان لەو مامەڵەیەدا بوو.

ئـەم مەسـەلەیە لـە ئـوتریش بـە "ریسـوایی نۆریکـووم" بەناوبانگـە. جـا رێـژیم دوای تیـرۆری دوکتـور بـە هەڕەشـەی پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەو ریسواییە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشار،

٢- کۆمـاری ئیسلامی هەڕەشـەی کـرد ئەگـەر قاتڵەکان نەنێردرێنـەوە تـاران، "ڕەنگـە" گیـانی ئـەو ئوتریشـیانەی لـە ئێـران دەژین، بکەوێتە مەترسییەوە!

جا ڕەنگە ئێستا کۆماری ئیسلامی نەیتوانیبێ گیانی ئوتریشییەکان ڕاستەوخۆ بخاتە مەترسییەوە، بـەڵام ئێسـتاش دەتـوانێ بە ئاشکراکردنی وردە زانیارییەکانی "ریسوایی نۆریکووم" گرفت بۆ هەردوو حیزبی ناوبراو ساز بکا. هەر ئەمەشە کە هـەردوو حیـزب لایـەنگری لـە وەگەڕکەوتنـەوەی پەروەنـدەی تیرۆرەکە ناکەن. بێجگە لەمەش، ئـوتریش پێوەنـدیی بـازرگـانیی بـاشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەو تەنانەت بە بێدەنگی چەکو چۆڵیشی پێدەفرۆشێ!

**پارەکە ئاشکرا بوو کە ئوتریش رەزامەندیی لەگەڵ فرۆشتنی ٢٠٠٠ موسەلسەلی HS50 بە ئێران بۆ "خەبات دژی قاچاخی ماددە بێهۆشکەرەکان" دەربڕیوە.**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٦

## ئاخاوتنی لە سمیناری: "ئێران داهاتوویەکی بێ زوڵم و زۆری دەبێ" لە پارلمانی سوێد

کوردستان میدیا: لە پارلمانی سوێد، سمینارێک لەژێر ناوی ئێران داهاتوویەکی بێ روڵم و زۆری دەبێت بەڕێوەچوو و بەڕێز مێرۆ عەلیار لەو سمینارەدا باسێکی پێشکەش کرد.

**مێرۆ عەلیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و دەقی باسەکەی لەو سمینارەدا بەم شێوەیە:**

**بەشدارانی بەڕێز، ئەو کاتەتان باش**

سەرەتا زۆر سوپاسی پارلمانی سوێد، فراکسیونی فولک پارتی و بەتایبەتی بەڕێز فرێدریک ماڵم دەکەم کە ئەو سمینارەی رێکخستووە و گەلێک سوپاس کە منیش بانگهێشت کراوم.

سوپاس بۆ بەشداری هەموو ئێوەی بەڕێز

بۆ ئەوەی بتوانین بارودۆخی کوردستانی ئێران ئاوا کە هەیە بخەینە بەر باس و لێکدانەوە، پێویستە لەپێشدا ئاماژە بە کۆمەڵێک فاکت و واقعییاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی ئێران بکرێ:

* بەپێچەوانەی ئیدیعای دەوڵەتی ناوەندی و لایەنە ناسیۆنالیستەکانی حاکم، ئێران وڵاتێکی فرەگەلییەکە نەتەوەکانی فارس، تورکیئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و چەند کەمایەتییدیکەیئێتنیکیو مەزهەبیتێدا دەژین. یانی چارەنووسی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەیەکەوە گرێ دراوە.

* لە کاتێکدا کورد و گەلانی دیکەی غەیرەفارس نزیکە بە ٧٠%ی حەشیمەتیئێران پێک دێنن، بەڵام لە هەموو مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان بێ بەشن. هیچ گەلێک لەئێراندا، نەگەلی فارس و نەگەلانی غەیرەفارس، بەتەنیا زۆرایەتی (اکثریت) نییە. هەموو ئەوگەلانە لەباری مێژوویەوەخاوەنی خاک و هەرێمی خۆیانن و هەر یەکەی لەناوچەی خۆیدا زۆرایەتی موتڵەقە.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

* ئەو گەلانە لە ئێراندا وەک نەتەوەیخاوەن زمان و فەرهەنگ و مێژووی تایبەت بەخۆیان، ئیعترافیان پێ ناکرێ و بە هۆ و ئەنگیزەی سیاسی - ناسیۆنالیستی بە کەمایەتی و قەوم ناویان دەبەن. بەتایبەت، یەکەم، بەمەبەستی نکۆڵی کردن لە یەکسان بوون، شوناس و مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی غەیرە فارس و دووەم، بۆ بەرگری کردن لە بەشداریی ئەو نەتەوانە لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

* کوردی و زمانی گەلانی ئاماژە پێکراو قەدەغە و مافی خوێندن بە زمانی زگماکیان لێ زەوت کراوە. لە تەواوی قۆناخەکانی خوێندن و هەموو ناوەندەکانی فێربوون و راهێناندا، خوێندن تەنیا بە زمانی فارسییە.

**هەر بۆیەش رادەینەخوێندەواریلە نێو نەتەوەکانیغەیرە فارسدا چەند بەرابەریئەو رادەیەیە لە ناچەکانی دیکەیە.**

* شیعە مەزهەبی رەسمی وڵاتە، لەکاتێکدا زۆربەی حەشیمەتی کورد، بەلووچ، تورکمەن و بەشێکی بەرچاوی عەرەبەکان سونی مەزهەبن. بەو جۆرە، گەلانی بندەست نەک هەر لەژێر ستەمی نەتەوەیی دان، بەڵکوو لەباری مەزهەبیشەوە کەوتوونەتە بەر پەلامار و هەڵاواردن.

* رێژیمی ئیسلامی بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لە سەرمایەگوزاریلەکوردستان دەبوێرێ، بۆیە دیاردەی هەژاری، بێکاری، ئیعتیاد، کۆچ کردن و خۆکوژی گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار.

**بە کورتی، سەرەتاییترین داخوازیسیاسی، فەرهەنگیو تەنانەت ئابووریی نەتەوەبندەستەکان، لەلایەن رێژیمەوە تاوانی جیاخوازیو گوێڕایەڵی بۆ رۆژئاوای وەپاڵ دەنرێ و بەتوندترین شێوەسەرکوت دەکرێ.**

دیاردەیەکی جێگای سرنج لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئێراندا سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی سیاسی، مەزهەبی و جنسییەتیی دژ بە کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە بەهۆی یاسای بنەڕەتیی وڵات نهادینە کراوە و رەوایی یاسایی پێدراوە!

**لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و زۆربەی نزیک بە تەواوی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنای مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵدا.**

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

هەروەها بە گرینگی دەزانم ئاماژە بە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ وەک ڕووداوێکی مێژوویی بکەم.

لە ٢٠ی فیورییەی ٢٠٠٥ی زایینیدا حەوت ڕێکخراوی سیاسی بەلووچ، کورد، تورک، عەرەب و تورکمەن پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان ڕاگەیاند.

ئەو هەنگاوە مێژوویی بوو، چون بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا چەند هێزی سیاسی ناسراوی سەربە نەتەوە بندەستەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و ڕێکخراوێکی چەتریان پێک هێنا.

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە گەیشتۆتە ١٦ ڕێکخراو.

ئامانجی سەرەکیی دامەزرێنەرانی کۆنگرە ئەوە بوو کە هێزە سیاسییەکانی گەلانی ستەم لێکراو لە دەوری یەک کۆ بکرێنەوە، وزە و ئیمکاناتیان بخرێتە سەریەک و بە یەکەوە خەباتێکی هاوبەش و کاریگەر دەست پێ بکەن بۆ ئازادی و بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوت و هەڵاواردن و دابین کردنی مافە سیاسی و مرۆییەکانی گەلانی غەیرەفارس لە ئێراندا.

هەم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و هەم لەلایەن بەرەی ناسیونالیستی بەناو ئێرانییەوە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو لەدژی کۆنگرەی نەتەوەکان دەکرێ و کۆنگرە بە ڕێکخراوێک دەناسێندرێ کە دەستکردی وڵاتانی بێگانەیە و بۆ دابەش کردنی ئێران هەوڵ دەدا!

هەر ئەوانەی حاشا لە فرەگەلی بوونی ئێران و شوناسی نەتەوەکانی غەیرفارس دەکەن، تاوانی جیاییخوازیش دەخەنە پاڵ کۆنگرەوە.

بە پێچەوانەی ئیدیعای ئەو لایەنانە، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ خەبات دەکا بۆ ئازادی و وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلانی غەیرە فارس لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێرانێکی دێمۆکرات، فیدراڵ و سێکۆلاردا.

لە ڕوانگەی کۆنگرەوە، تەنیا لە سیستمێکی دێمۆکراتیک بە شکڵی فیدراڵدا هەم یەکیەتی ئێران دەپارێزێ و هەم مافە سیاسییەکانی گەلانی بندەست دابین دەکرێ دەرفەت بۆ بەشداری ئەوان لە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتدا دەڕەخسێت.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

کۆنگرە رزگار کردنی ئێران لە چنگ دیکتاتۆری و دابین کردنی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتدا لە یەکیەتی و هاوکاریی ئوپۆزسیۆنی دێمۆکراتی ئێراندا دەبینێ.

ئێمە هەم وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەم وەک ئەندامێکی کۆنگرە، بۆ ئەو مەبەستە دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو کەسایەتی و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی فارس درێژ دەکەین و هاوکاری نزیک و خەباتی هاوبەش لەگەڵ لایەنە دێمۆکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران بە پێویست و مەرجی سەرکەوتن بەسەر دیکتاتوری دەزانین.

لە هەمان کاتدا پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرین کە خەباتی هاوبەش و هاوکاریی گاریگەر تەنیا لەسەر بناغەی رێزگرتنی دوو لایەنە و ئیعتراف بە شوناس و مافەکانی یەکتر ئیمکانی هەیە.

بەڕێزان!

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئاماژەیەکی کورت بە سیاسەتی رۆژئاوا بەرامبەر بە ئێران بکەم، دیارە ئەوەندەی پیاو بتوانێ قسە لە سیاسەتێکی یەکگرتووی رۆژئاوا بکا.

**ئامانجی راگەیەندراوی ئەو سیاسەتە ئەوە بووە کە لە رێگای پێوەندی و دیالۆگەوە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە چوار خاڵدا پێک بهێنی،کە رێژیم:**

- دەست هەڵگرێ لە پشتیوانی و پەرەپێدان بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی

- واز بێنێت لە دژایەتی و کۆسپ ساز کردن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

- خۆببوێرێت لە ئاڵۆزی نانەوە و دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە

- سەرەنجام لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینییەوە، هەموو هەوڵەکان لە پێناوی ئەوەدا بوون کە کۆماری ئیسلامی وازبێنێ لە بەرنامە ناوکییەکەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

دوای ٣٣ ساڵ نەک هەر هیچکام لەو ئامانجانە وەدی نەهاتوون، بەپێچەوانە، سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لەهەر چوار بواردا ساڵ بە ساڵ توندتر و کێشەخوڵقێنتر بوون، بە شێوەیەک کە ئێستا ڕێژیمی ئیسلامی بۆتە هەڕەشەکەیەکی ڕاستەقینە، هەم بۆ سەقامگیری ناوچەکە و هەم بۆ ئەمنییەتی جیهانی.

ئەوە کە گەمارۆ ئابوورییەکان بتوانن گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا پێک بێنن، جێگای گومانی جیدییە.

بۆیە ئێمە پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە کە دەوڵەتان و هێزە دێمۆکراتیکەکانی ڕۆژئاوایی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران بە هەڵوێستەکانیاندا بچنەوە و ئەوە بسەلمێنن کە:

- درێژەدان بە سیاسەتی سازان و خۆگونجاندن (مماشات) لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا یارمەتی بە بەهێزتر بوونی ڕێژیمی ئێران و توندتر بوونی ئاڵۆزی و کێشەکان دەکا. تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێ لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێکیش بکەوێ، کۆتایی بە هەڕەشەی ئەو ڕێژیمە بۆ ناوچە و ئەمنییەتی جیهانی نایەت.

- ئێران لەبەر ئەوەی وڵاتێکی بەرین و دەوڵەمەندە و لە ناوچەدا گرینگیی ژێئو - ستراتیژیکی هەیە، لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەم دەتوانێ دەورێکی موسبەت بگێڕێ و هەم دەتوانێ دەورێکی مەنفیی هەبێ. موسبەت و مەنفی بوونی دەوری ئێران بەستراوەتەوە بە سیستمە سیاسیەکەی: واتە ئێرانی دیکتاتوری لەژێر دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانێ مەترسیی جیدی بێ بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕستدا و ئەمنییەتی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە. ئێرانی دێمۆکراتیک بەڵام دەتوانێ فاکتۆرێکی بەهێز و یەکلاکەرەوە بێ لە دابین کردنی دێمۆکراسی و ئاشتی لە ناوچەدا و شەریکێکی جێگای متمانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێ بۆ پاراستنی ئەمنییەتی جیهانی.

تەنانەت ئەگەر کێشەکە لەگەڵ ئێران تەنیا لەسەر بەرنامەی ناوکیش بێ، بوون و نەبوونی چەکی ناوکیش لە ئێرانێکی دێمۆکرات بە ڕێژیمێکی بەرپرسیارەوە، کەیفییەتێکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێ!

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەگەر وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر لە ژوورەوە دوژمنی خەڵکی ئێرانە، لە دەرەوەش بۆتە هەڕەشە بۆ ئەمنییەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

کەوابوو بەو ئاکامە دەگەین کە دێمۆکراتیزە کردنی ئێران لە پرسێکی نێوخۆیی تێپەڕیوە و بەتەنیا مەسەلەی ئێرانییەکان نییە، دێمۆکراتیزە کردنی ئێران بۆتە پێویستییەکی خێرای نێودەوڵەتی.

هێزە دێمۆکراتیکەکانی رۆژئاوا پێویستە بە راشکاوی پشتیوانی سیاسیی و مەعنەوی لە هێزە دێمۆکراتەکانی ئێران بکەن و یارمەتی بە پێکهاتنی ئوپۆزسیۆنێکی بەهێز و دێمۆکراتیک بدەن کە بتوانێ نیزامێکی دێمۆکرات و گەلی لە جێگای کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنێت.

لە هەمان کاتدا پێویستە هەموو لایەنەکان ئەو راستییە ببینن و بیسەلمێنن کە:

یەکەم؛ بەبێ بەشداریی چالاکانەی گەلانی غەیرەفارس، ئوپۆزسیۆنێکی بەهێز و دێمۆکراتیک ناتوانێ لە ئێراندا پێک بێ و ئالترناتیڤێکی رەوا سەرناگرێ و
دووهەم؛ بە بێ ئیعتراف بە شوناس و مافەکانی گەلانی بندەست دابین بوونی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئیمکانی نییە.

هیچ سازان و هاوپەیمانییەکی ئوپۆزسیۆنی ئێران بەبێ بەشداری نەتەوە بندەستەکان ئەو هێز و توانایە و مەقبوولییەتەی نابێ کە بتوانێ ئالترناتیڤێکی رەوا پێک بێنێ، بە پێچەوانە رێگا بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەکی نوێ خۆش دەکا و ئیستبداد بە شکلێکی دیکە سەر وەدەر دەنێت.

تەنیا بە یەکەوە دەتوانین دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنین و نیزامێکی دێمۆکرات و مرۆیی دابمەزرێنین.

بەهیوای ئەو رۆژە!

سەرچاوە ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧١٢

## ئەگەر پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی سێزدە بکەینە بنەما، زۆر کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە

"سنووری نێوان شەفافیەت و پڕۆپاگەندە نابێ تێک بدرێ، شەفافیەت ئەوەیە لەگەڵ خەڵک ڕووراست بی. بەڵێ، حیزبی سیاسی رووی لە خەڵکە، هێزی خۆی لەخەڵک وەردەگرێ و هەدەفی حیزبی سیاسی ئەوەیە کە کاریگەری هەبێ لەسەر بیر و هەڵوێستی خەڵک کەوابوو شتێکی تەواو ئاساییە حیزبێکی سیاسی بە خەڵک ڕابگەیێنێ کە ئەوە وتوویژ دەکەم، بە خەڵک ڕابگەیێنێ کەوا لەسەر ئەو باسە وتوویژ دەکەم، بۆ مەسەلەی یەکگرتنەوە وتوویژ دەکەم، نیازیشم ئەوەیە بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام کە دێیە سەر جوزئییات، ئیدی ئەوە خەڵک نییە کە موزاکەرە دەکا، ئاخێر خۆ پڕوپاگەندەش داییم هێندە بە قازانج نییە، خەڵک نایات وتوویژ بکات، ئەوەش بڵێم خەڵک لەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە بەرپرسیار نییە، لاینەکانن کە بەرپرسارەتییان هەیە لەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پرۆسەکە، کەوابوو ئەو کارەی ئەوان کردیان، بە بڕوای منیش و دەفتەری سیاسیش زەربە لێدان بوو لە ئێعتماد، لە ئیرادەی لاینەکان بۆ درێژەپێدان بە وتووێژەکان".

دوکتور مێرۆ عەلیار "ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە دیمانەیەکی تایبەتی تەلەفزیۆنی تیشک تی ڤی دا، ئێوارەی هەینی (١٨ی ئاوریل) باسی لە کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە وادە و بەڵێنییەکانی حەسەن رۆحانی، پرسی یەک گرتنی ٤ حیزبی رۆژئاوای کوردستان و دروست کردنی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە و هەروەها پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

دیمانەکەی تیشک تیڤی کە لە ژێر ناوی بەرنامەیەکی تایبەت و لە لایەن رۆژنامەوان کاک مووسا باباخانییەوە پێکهاتبوو، بەرێز دوکتور مێرۆ عەلیار لە سەرەتایی باسەکەیدا باسی لە سەرۆک کۆماری لە ئێران و بەتایبەت حەسەن رۆحانی و ئەو بەڵێنیانەی بە گەلانی ئێرانی دابوو، کرد و گوتی: باشترین وڵام دوا ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید "هەواڵنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها بانکی مۆن" سەرۆکی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان"ە کە لەوێدا باس لە بەڵێنییەکانی حەسەن رۆحانی کراوە کە ئەو بەڵێنیانە جێ بە جێ نەکراون و هەر لە ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید هاتووە کە ڕادەی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠١٣ی زاینیدا ١٦٥% زێدەتر بوون لە ساڵی ٢٠١٢ی زانیی دا.

تایبەت بە پرسی یەکگرتنی چوار حیزبی رۆژئاوای کوردستانیش دەڵێ:" رۆژی ١٩ی خاکەلێوە بوو کە چوار حیزبی رۆژئاوای کوردستان یەکیان گرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی سووریان دامەزراند، دیارە ئەوە جێگای دڵ خۆشییە، ئەوەی لە داهاتوودا چ دەکرێ و ئەو یەکگرتنە دەبێتە چی، دەبەی چاوەروان بین. بەڵام ئەوە هەنگاوێکی باش بوو، هەنگاوێکی بەجێ

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

بوو، بەتایبەت لەو دۆخەدا کە بەداخەوە هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستان پرش و بڵاون، ئەوە هەنگاوێکی باش بوو و سکرتێری حیزبەکەشمان پیرۆز بایی لێ کردن".

بەرێز دوکتور عەلیار لە وڵامی تایبەت بە پرسی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە میدیایی کردنی گەڵاڵەکان لە لایەن لایەنەکەی دیکەوە دەڵێ:" ئێمە لە کۆنگرەی ١٥ دا بریاری دەست پێکردنی وتوویژ لەگەڵ ئەو هاورێیانەی کە لە ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ لە حیزب جیا بوونەوە دا و هەر بە پەیرەوی لەو بریارە، لە پلنیۆمەکانی دوای کۆنگرەی ١٥دەش ئەو سیاسەتە پێی لەسەر داگیراوەتەوە، ئیدامەی هەیە و بەتایبەت لە دوایین پلنیۆمدا حیزبی دێموکرات بریاری دا کە ئێمە ئامادەی درێژە پێدان بە گفتوگۆین لەسەر بناخەی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٣، ئەوەش شتێکی گرینگە و ئەگەر پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٣ بکەینەوە بنەما، زۆر کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە".

دوکتور عەلیار لەسەر پرسی بە میدیایی کردنی و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی کوردستان لە دانیشتنەکانی نێوانیاندا گوتی:" ئەو بە مێدیایی کردنە فەرق دەکا، لەو رۆژانەدا ئەو هاورێیانە گەڵاڵەکەیان بڵاو ککردۆتەوە، گەڵاڵەی یەکگرتنەوەی خۆیان بڵاو کردۆتەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی ئەو باسەمان هێنایە گۆڕێ، بە شتێکی زیانبار لە پرۆسەی یەکگرتنەوەمان دانا و لەراستیش دا وایە. ئێمە نەفسی بڵاو کردنەوەکەمان بە زیانبار زانییوە، گەڵاڵەکە لە بنەڕەتدا نەکەوتۆتە بەر باس تا رەد بکرێتەوە. نەفسی بڵاو کردنەوەی گەڵاڵەکە ناتەبایی هەیە لەگەڵ ئەسوول و ناوەرۆک و مانای وتوویژ. لە وتوویژدا هێندێک یاسای نەنووسراو هەیە، یەک لەوانە ئەوەیە کە هێندێک بەڵگە کاتێک بڵاو دەکەیتەوە، دەبەی بە تەوافوقی هەردوو لا بێ، ئەو هاورێیانە ئەوەیان رەچاو نەکرد و ئەوەش بە مانایی جیددی نەبوونی ئەو هاورێیانە لەسەر ئەو بانگەشەیەی کە باس لەوە دەکەن لایەنگری یەکگرتنەوە بن، بۆچی جیددی نەبوونیان دەگەیێنێ؟ چونکی هیچ شتێک لە پێکهێنانی ئێعتماد لە وتوویژدا گرینگتر نییە، ئەوە ئەساسە، یانی دەبەی بناخە بێ، بناخە لە یەکگرتنەوە ئێعتمادە، بەتایبەت کە ئێمە دەمان هەوێ یەک بگرینەوە و دەمان هەوێ ببینە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕابوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەوا و پاساوهەڵگرە.!

دەوری ساڵێکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شێوەخەباتێکی لەژێر نێوی "بەیەکەوەگرێدانی خەباتی شار و شاخ" دەستپێکردوە کە هەر درێژەی تێکۆشانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ڕابردووی ئەو حیزبەیە، بەڵام بە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی نوێ لە ڕۆڵی کۆمەڵگای کوردستان، ڕۆڵی حیزبی سیاسی و ڕۆڵی پێشمەرگە. کەوابوو، خەباتەکە نوێ نیە، بەڵکوو شێوەی بەڕێوەبردنەکەی جیاواز و نوێیە.

ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات لە ژوورەوە و لە دەرەوە دەنگێکی زۆری داوەتەوە. لەلایەک ئیدیعای خاوەن "اقتدرا"بوونی کۆماری ئیسلامی وەردرۆ خستەوە، تەوەهومی لەشکاننەهاتوویی ڕێژیمی ڕەواندەوە و حکوومەتی وەها خافڵگیر کە هەرچی هەوڵ دەدا، بۆ ناشاردرێتەوە. هەرەشە و گوڕەشە، شێواندنی ڕاستیەکان و بڵاوکردنەوەی تۆمەتگەلی بێ بنەما و... داماویی و شوکەبوونی ڕێژیم ئاشکرا دەکا.

لەلایەکی دیکەوە، پرسی کورد لە ئێران هاتۆتەوە گۆڕێ، هیوا و هومێدێکی زۆر لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات دروست بووە و بڕوای خەڵک بە خۆڕاگری و خەبات بۆ ئازادی بەهێزتر کردوە.

ئەو ئاڵووگۆڕە بە هیمەت و بە ئیرادەی قایمی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرا و نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد و هاتەئاراوە و حیزب تێچوویەکی قورسی بۆ وەخۆگرت، بەڵام لە دەنگدانەوە و کاریگەریی بەربڵاوی ئەو ڕابوونەوە زۆر کەس و لایەن بەشدار بوون:

پێشوازی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، بەشی هەرەزۆری ڕووناکبیران، مامۆستایانی زانکۆ، چالاکانی کورد لە بوارەکانی سیاسی - مەدەنی - هونەری، تەنانەت ئەو دۆستانەش کە لە پێشوودا ڕەخنەیان لەم سیاست و لەو هەڵوێستی حیزب دەگرت، هەریەکەی بەشێوەی خۆی بوو بە پاڵپشتی ڕابوونەوەی حیزب. بەگشتی، ئەوانەی بە قەولی کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک "نیلوفەر گوێلە"، هیزی وشەیان بەدەستەوەیە، توانای خۆیان بۆ پشتیوانی لەو هەنگاوە بەکارهێنا.

حیزبە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای تێبینی خۆیان، ئەو ئیقدامەیان بە مافێکی ڕەوا لەدژی

دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگاند. بەوهیوایە کە لە بوارگەلی جۆراوجۆر دا بەیەکەوە هەواهەنگی و هاوکاریی بکەین و لە خەباتی ڕزاگاریخوازدا شەریک و پاڵپشتی یەکتر بین.

هەروەها، ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزبە کوردستانیەکانی بەشەکانی دیکە بەشێوەی جۆراوجۆر پشتیگیریی خۆیان بۆ ئەو ئیقدامەی حیزب دەربڕی.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە دەرەوەی ولات لێبڕاوانە و بەهەر شێوەیەکی بۆیان گونجا، پشتی حیزبەکەیان گرت و بۆ سەرکەوتنی بڕیاری حیزب تێکۆشان و لە هەوڵەکانیان بەردەوامن.

هەڵوێستی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتیانە جێگای ڕێز و پێزانینە. ئەو هاودەنگی و هاوپێوەندیەی ئەوڕۆ دەتوانێ ببێ بە سەرەتایەک بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی یەکگرتوو و جەماوەری بەهێز و بەربەرین.

لەو ماوەیەدا دیارە کەس و لایەنی دیکەش هەبوون کە بە دەربڕینی نیگەرانی یان هێنانەگۆڕێی پرسیار و تێبینی، هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات دەبڕێوە و تەنانەت پرسیاریان خستۆتە سەر ڕابوونەوەکە.

لێرەدا باسی ئەو کەس و تاقمانە نیە کە بە فەرمانی دەزگا ئیتلاعاتیەکانی حکوومەت دژ بە حیزبی دێموکرات سەنگەریان گرتووە یان ئەوانەی سەر بە بەرەی ناسیونالیزمی ئیفراتیی فارسن و هاوڕا و هاودەنگ لەگەڵ ڕێژیمی حاکم دوژمنایەتی ماف و ئازادی کورد دەکەن و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان کردۆتە ئامانج. بۆ ئەوانە فەرق ناکا کورد چ دەڵێ و چی داوا دەکا و لە چ باروودۆخێکدا دەژی! کورد هەرچی بیکا، جیاوازیخوازە و مافی ژیان بە ئازادی و سەربەستیی نیە. ئەوانە بەر لە ڕابوونەوەی حیزبی دێموکراتیش هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد هەر ئاوا نەیارانە بووە.

لێرەدا مەبەست ئەو کەس و لایەنانەن کە لەڕووی دڵسۆزییەوە پرسیاریان بۆ دروست بووە و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان هەیە. ئەوانە ئەگەر لەگەڵیشمان هاوڕا نەبن، کارەکەیان دەکەوێتە مەقوولەی مافی دەربڕینی بیروڕای ئازاد و دەبێ ڕێزی لێبگیرێ و پرسیارەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

**زۆربەی ئاماژە و تێبینەکان دەکرێ لەو پرسیارەدا کۆبکرێنەوە کە چ پێداویستێک لە پشت ئەو بڕیارەی حیزبی دێموکراتە و چون پاساو هەڵدەگرێ؟ ئەو ڕابوونەوە وڵامدانەوە بە پێداویستێکە کە کۆمەڵێک فاکتەر خوڵقاندوویانە:**

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

* بەرینتربوونەوەی سەرکوت و تەبعیز پەرەسەندنی هەڕەشە و مەترسیەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەتایبەتی لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا.

* کۆماری ئیسلامی تەنیا بە ئیعدام و سەرکوتی فیزیکی خەڵکی کوردستانەوە نەوەستاوە، بەڵکوو بەئاشکرا و بەشێوەی سیستماتیک سیاسەتی ئاسمیلاسیونی کورد بەڕێوە دەبا و ستەمی نەتەوەیی گەیاندۆتە ئەپەڕی خۆی.

کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی بەردەوام دایە کە کورد واز لە خەبات بێنێ، تەسلیمی ئەو چارەنووسە بێ کە ئەو بۆی دیاری دەکا و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئاستی داخوازە ڕەواکانی دابەزێنێ و بێ ناوەرۆکی بکا. حاشای لێناکرێ کە ئەو سیاسەتە پڕمەترسییەی حکوومەت لە هێندێک بواردا بەداخەوە شوێنی خۆی داناوە.

* پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی قووڵ و هەمەلایەنە لە کۆمەڵگای کوردستان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری دا.

کۆمەڵگای پێگەیشتوو و گەشەسەندووی کوردستان کۆمەڵگایەکی زیندوو و داهێنەرە و بەکردەوە نیشانی داوە کە خوازیاری ئاڵووگۆڕ لە دۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی و سوورە لەسەر ئەوەی بۆخۆی لە پێکهێنانی ئەو ئاڵووگۆڕەدا بەشدا بێ.

بەڵام ڕیژیم بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵ بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی هێزە چالاکەکانی نێو کۆمەڵگا دەدا و ڕێگرە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردستان. ڕێژیم کە لە هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازی دەترسێ، بە دڕندەیی تەواوەوە دەست لە چالاکانی مەدەنی و کولتووری دەوەشێنێ و دەیەوێ ئەو دەنگانە بخنکێنێ.

لە وەزعێکی ئاوادا، حیزبێکی نەتەوەیی بەرپرس ناتوانێ بەرامبەر بەو هەموو پیلانگێڕی و فشارەی ڕێژیم بۆ خەلکی کوردستانی هێناوە و ژیانێکی تاقەتپڕووکێنی بەسەردا سەپاندووە، بێتەفاوەت بێ.

کۆماری ئیسلامی شەڕی لەنێوبردن بە هەموو ئەبعادیەوە بەدژی کوردی دەستپێکردوە، دەبێ هێزێک هەبێ بەرەنگاری ئەو دوژمنە بێتەوە و ئەوەندەی دەکرێ پیلانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد پووچەڵ بکاتەوە.

پێشمەرگە بە هاوکاریی و پشتیوانی هێزەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان دەتوانێ ئەو هیزە بێ کە پێش بە سەرەڕۆییەکانی

ڕێژیم بگرێ. له‌و خه‌باته‌ نوێیه‌دا بۆ ئازادی و ڕزگاریی له‌ چنگ دیکتاتوری، کۆمه‌ڵگا و هێزی پێشمه‌رگه‌ ته‌واوکه‌ری یه‌کترن.

که‌وابوو، ئه‌و ڕابوونه‌وه‌ی حیزبی دێموکرات به‌رهه‌م و ئاکامی مه‌نتقیی ئه‌و بارودۆخ و ئاڵوگۆڕه‌یه‌ که‌ له‌پێوه‌ندیی له‌گه‌ڵ پرسی کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان هاتۆته‌ ئاراوه‌.

لێره‌ و له‌وێ که‌سانێک به‌ نیگه‌رانیه‌وه‌ سه‌یری ڕابونه‌وه‌ی حیزب ده‌که‌ن و مه‌سه‌له‌ن ده‌گووترێ: ئه‌و کاره‌ بیانوو ده‌دا به‌ ده‌ست ڕێژیم که‌شی سیاسیی کوردستان ئه‌منییه‌تی تر بکا و به‌تایبه‌تی سه‌رکوتی چالاکانی مه‌ده‌نی و کولتووری په‌ره‌پێبدا یان ڕێژیم خه‌باتی حیزبی دێموکرات ده‌کا به‌ بیانوو و خۆ له‌ سه‌رمایه‌گوزاری له‌ کوردستان ده‌بوێرێ و...

بۆ دیتنه‌وه‌ی وڵامێکی واقعبینانه‌ بۆ ئه‌و پرسیارانه‌ پێویسته‌ ئاوڕدانه‌وه‌یه‌کی خێرا له‌ پێوه‌ندی و ئاڵوگۆڕه‌کانی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامی له‌ ٣٧ ساڵی ڕابردوو بده‌ینه‌وه‌. سه‌ره‌تا با ئاماژه‌ به‌ به‌شێک له‌و هه‌موو نیازپاکی و ده‌رفه‌ت بکه‌ین که‌ کورد له‌و ماوه‌یه‌دا نیشانی دا و بۆ کۆماری ئیسلامی ڕه‌خساندوه‌ به‌ سیاسه‌ت و پێشداوه‌ریه‌کانی خۆی به‌رامبه‌ر به‌ کورددا بێته‌وه‌،

**واز له‌ دوژمنایه‌تی کورد بێنێ و هه‌نگاوێک بۆ بووژانه‌وه‌ی کوردستان هه‌ڵبگرێ:**

* دوای هاتنه‌سه‌رکاری کۆماری ئیسلامی، کورد هه‌موو هه‌وڵی خۆی دا له‌گه‌ڵ حکوومه‌تی تازه‌ ڕێکبکه‌وێ و پرسی کورد له‌ ڕێگای سیاسی و وتووێژه‌وه‌ چاره‌سه‌ر بکرێ.

* دوای شکستی ڕێژیم له‌ شه‌ڕی سێ مانگه‌دا، حیزب "لبیک"ی به‌ په‌یامی آیت الله خمینی گوت و چووه‌ سه‌ر میزی وتووێژ. له‌کاتێکدا کورد براوه‌ی شه‌ڕه‌که‌ بوو.

* له‌گه‌ڵ هه‌ڵایسانی شه‌ڕی ئێران و عێراق، حیزبی دێموکرات هێرشی عێراقی مه‌حکووم کرد و ڕایگه‌یاند که‌ ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌تی تازه‌ داخوازه‌ ئه‌ساسیه‌کانی کورد بسه‌لمێنێ، حیزبی دێموکرات ئاماده‌ ده‌بێ هێزه‌کانی خۆی دژ به‌ هێرشی عێراق بنێرێته‌ به‌ره‌کانی شه‌ڕ. دوای ئه‌و ڕاگه‌یاندنه‌ی حیزب، هێرشی حکوومه‌ت بۆ سه‌ر خه‌ڵکی کوردستان زیاتر بوو نه‌ که‌متر!

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

* لەسەر بانگێشتنی دەوڵەتی رفسنجانی، چووینە سەر میزی وتووێژ لە وییەن. هاوڕێیانمان لەسەر میزی "وتووێژ" لەلایەن نوێنەرانی حکوومەتەوە تێرور کران.

* لانیکەم بەشێک لە کورد چووە نێو گەمەی باڵباڵێنی بناژۆخواز و ڕیفورمخوازەوە. چ ئاڵووگۆڕێک بە قازانجی کورد پێکهات؟

* متمانا کرا بە بەڵێنیەکانی کاندیداکانی ڕیفورمخوازان و لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم دا بەشداری کرا. چ مافێک بۆ کورد سەلمێندرا؟

* بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵان حیزبەکان خەباتی چەکدارییان ڕاگرت. ئەو گەورەتری دەرفەت بۆ کۆماری ئیسلامی بوو ئاوڕێک وەسەر سەرەتایی ترین داخوازەکانی کورد بداتەوە، نەیدایەوە.

ئەوجار با بزانین لە وڵامی ئەو هەموو دەستپێشخەری و نیازپاکییەی کورددا، کۆماری ئیسلامی لەوماوەدا چۆنی ڕەفتار کردوە و ئایا تاقەیەک دەرفەت و شانسی بۆ کورد ڕەخساندوە؟ بەپێچەوانە، لەو ماوەیەدا ڕێژیم لە هیچ هەوڵێک بۆ زیاتر چەوساندنەوە و پەرەپێدان بە ستەمی نەتەوەیی و تەبعیز دژی کورد نەپرینگاوەتەوە و دەستی نەپاراستوە:

- هەروا حاشا لە بوونی پرسی کورد لە ئێراندا دەکا و لەهیچ کاتێکدا ئەوەندەی چەند ساڵی رابردوو بێڕێزی و سووکایەتی بە هوییەت، زمان، مێژوو و کەرامەت و کەسایەتی کورد نەکراوە.

- سەرەتایی ترین مافی سیاسی و کولتووری بۆ کورد دابین نەکردوە. دوای ٣٧ ساڵ ئێستاش منداڵی کورد لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی خۆی واتە خوێندن بە زمانی زگماکی، بێبەشە.

- هەموو ئەحزابی کورد هەروا قەدەغەن.

- ئازادیە تاکەکەسیەکانی لە کوردستان بەرتەسک تر کردۆتەوە، کوردستانی ئەمنییەتی تر و میلیتاریزەتر کردوە.

- بەشێوەیەکی کەم وێنە پەرەی داوە بە ئیعدامی لاوان و چالاکانی سیاسی و کولتووری کورد. سەرکوت، تەبعیز و تەحقیر

بووە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

- بە بیانوو و بە ئەنگیزەی سیاسی بەشێوەی سیستماتیک مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان پێشێل دەکرێن.

- بڵاوکردەوەی مادە هۆشبەرەکانی لە کوردستان و تووشکردنی کوردی بەلای ئیعتیاد کرد لەڕێگای سوپای پاسداران و ئۆرگانەکانی دیکەی حکوومەتیە بۆتە بەشێک لە سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیم.

- دوای وتووێژی لە حیزب کرد و لەسەر میزی وتووێژ د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی تێرور کرد. سێ ساڵ دوایە د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بوون بە قوربانیی تێروریزمی دەوڵەتی ڕێژیم.

- دەوری ٣٠٠ کەسی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی لە هەرێمی کوردستانی باشوور و دەرەوەی ولات، تێرور کردن.

- بناژۆخواز و ڕیفورمخواز بەرامبەر بە پرسی کورد یەکهەڵویست و یەکدەنگ بوون، هەرکامیان لەسەر کار بوون، بەشی کورد بێبەشی، سەکوت، تێرور، ئیعدام بووە.

لەو ماوەیەدا حکوومەتی ئیسلامی هەرچەشنە هیوایەکی بە گۆڕان بە قازانجی خەڵکی کوردستان لەنێوبردووە. ڕێژیم ئامادە نەبووە و نیە سەرەتایی ترین مافی سیاسی و ئینسانی بۆ گەلی کورد بسەلمێنێ و بۆ پەرپێدان بە سەرکوت و ئەمنییەتیکردنی کوردستان پیویستیی بە "بیانوو" و خەباتی نەبووە! ئەوە لەکاتێکدایە کە وەک ئامـاژەی پێکرا، حیزبەکانی کورد چالاکیی چەکدارییان دژ بە ڕێژم ڕاگرتبوو.

بۆیە ئەو ڕابوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی داوەتێ، بەپێی هەموو ستاندارد و ڕێککەوتن و ڕاگەیەندراوە نێونەتەوەییەکان، خەباتێکی ڕەوا و پاساوهەڵگرە. تەنانەت ئەگەر ئەورۆ کۆسپیشی بێتە سەر ڕێیە، دەبێ لە شوێنێکی دیکە دەستی پێبکرێتەوە.

**لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دەرسێکی گرنگ بکرێ کە دوو لایەنی هەیە و دەبێ کورد لە ٣٧ ساڵ دەسەلاتداریی کۆماری ئیسلامی و ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە وەریبگرێ و هەمیشە لەبەرچاوی بێ.**

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**یەکەم؛** ستراتیێژی و سیاسەتی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد پێوەندیی بە شێوەخەباتی کوردەوە نیە، واتە هەر شێوەخەباتێک کورد بیگرێتە بەر، تەنانەت ئەگەر کورد داوای هیچیش نەکا، سیاسەت و ستراتیێژی ڕێژیم لە پرسی کورد دا ناگۆڕێ و کورد هەروا وەک "ریسکی ئەمنییەتی" دەبیندرێ و چەوسانەوە لە کوردستان درێژەی دەبێ!

مەگەر ئیسلاحتەڵەبانی کورد ملیان بۆ هەموو مەرجەکانی ڕێژیم کەچ نەکردوە و لە چوارچێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا کار ناکەن و وازیان لە داوای سیاسی و نەتەوەیی نەهێناوە و هەموو پرسی کوردیان لە ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسی ڕێژمدا خولاسە نەکردۆتەوە؟ ئایا حکوومەت بایخێکی پێدداون، دەیانخوێنێتەوە و ئامادە بووە واز لە توندوتیژی لە کوردستان بێنێ، هەر ئەوەندە، ئەسڵەن باسی سیاسەت و ماف و سەلماندنی ماف هەر نەکەین! تەنیا لە کاتی "هەڵبژاردنەکان"دا ئەرکی بەردەستی بۆ کۆکردنەوەی دەنگیان پێدەسپێرن و تەواو، تەنانەت نێویان ناهێنن!

**چون کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی دەمارگرژی مەزهەبی – ناسیونالیستی و دیکتاتور لە بناخەوە بڕوای بە ئازادی و مافی کورد نیە و سەلماندنی مافی نەتەوەی کورد بە ناتەبا و ناکۆک دەزانێ لەگەڵ ستراتیێژی نیزامەکەی.**

**ئەوەی کورد داوای دەکا و هەوڵی بۆ دەدا و بڕوای پێیەتی، لەگەڵ جەهەر و بنەمای هزری و فەلسەفەی وجوودی ڕێژیم ناتەبایە:** حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد بەگشتی، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی سێکوولارە کە بەپێی سروشت و ئامانجەکانی پرسی شیعە و سونی و تەعەلوقاتی دینی لە جووڵانەوەی کورددا ئەساسەن مەسەلە و مەوزووعییەتی نیە، حیزبەکان خۆیان بە دێموکرات و ئازادیخواز پێناسە دەکەن، داوای دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵات و دابینکردنی ئازادی و مافی نەتەوەیی و سیاسی بۆ کورد دەکەن.

**هەمووی ئەو داخواز و بەهایانە لەگەڵ ئیدئولوژی و جهانبینی و ستراتیێژیی کۆماری ئیسلامی ناتەبا و نەگونجاون.**

**دووەم؛** بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی، شێوەی خەبات بۆ کورد گرنگیی حەیاتی هەیە. بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی، شێوەخەبات و وێژمانی کورد دەبێ هەست و ئیرادەی وەستانەوە و بەرەنگاربوونەوە بەهێز بکا و هیوا و هومێد بدا بە خەڵک، کایەکردن لە بەرنامە و ستراتیێژیی حکوومەت دا "نفی" بکاتەوە و بڕوا بە درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی بەهێز بکا. بۆ کورد گرینگە خەباتێک بەڕێوەبەرێ کە پێش بە لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی بگرێ و پرسی کورد لە ئێران دا ببووژێنێتەوە، شوێن بخاتە سەر بەرژەوەندیەکانی حکوومەت و ئێشی پێبگەیەنێ. لەو شێوەخەباتەدا بێگومان بوونی هێزی پێشمەرگە دەورێکی تایبەتی دەگێڕێ.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

لەکۆتاییدا پێویستە پێداگریی بکرێتەوە کە بۆ سەرکەوتن بەسەر دیکتاتوری و کۆتاییهێنان بە بندەستی و چەوسانەوە پێویستمان بە بردنەسەری زەرفییەت و هێزی جووڵانەوە هەیە. بەیەکەوە دەبێ و دەتوانین ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە بۆ وەدیهێنایانی ئەو فاکتەرانەی خوارەوە هەوڵ بدەین کە مەرجن بۆ سەرکەوتنی هەر خەباتێکی نەتەوەیی:

١- ئیرادە و بیروباوەڕی قایم بە ئازادی و بە خەبات بۆ ئازادی.

٢- بەشداریی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک لە جووڵانەوەدا.

٣- یەکێتی و هاوکاریی بەکردەوەی هێزەکانی نێو جەرگەی خەبات.

٤- ڕەچاوکردنی سیاسەت و هەڵسووکەوت و مودیرییەتی دێموکراتیک لە مناسباتی نێوخۆی حیزبەکان دا.

دابینکردنی ئەو چوار فاکتەرە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی بێ وڵات و بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەری هێز لەبەرامبەر دەوڵەتی خاوەن هێز و ئیمکاناتی بەرباڵو، چارەنووسسازە، گرنگیی ستراتێژیکی هەیە و دەتوانێ جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکا بە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە هاوکێشەکانی ناوچەدا.

خەباتی ئێمەی کورد بەپێی هەموو ستاندارد و ڕێککەوتن و ڕاگەیەندراوە نێونەتەوەییەکان، خەباتێکی ڕەوایە: خەباتە دژی هەڵاواردن و چەوسانەوە، دژی داگیرکەر و دیکتاتوری، دژی تەحقیر و تواندنەوە. خەباتە بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ، بۆ مافی نەتەوەیی و مافی سەلماوی خوێندن بە زمانی زگماکی، بۆ بەشداریی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە ئابوورییەکان، بۆ دابینکردنی ئازادیە تاکەکەسییەکان. خەباتی ئێمە بۆ پاراستنی کەسایەتی و کەرامەت و داهاتووی نەتەوەیی کوردە، حەتمەن سەردەکەوین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ٣٧ ساڵ کۆماری ئیسلامی.

**ئامانجی ئەو نووسراوەیە خستنەبەرباس و لێکدانەوەی وردی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٣٥٧ نیە، بەڵکوو هەڵسەنگاندنێکی خێرای کارنامەی ٣٧ساڵەی کۆماری ئیسلامییە.**

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەوساڵ ٣٧ ساڵ بە سەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا تێدەپەڕێ. ئەو شۆڕشە بەرهەم و ئاکامی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی، ڕاپەڕین و جمووجۆڵی ئیعترازیی گەلانی ئێران بوو کە چەند دەیە لەژێر حاکمییەتی زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی دا وەزاڵەهاتووبوون و بڕیاریان دابوو خۆیان لەژێردەستی و دیکتاتوری ڕزگار بکەن و ئازادی، سەربەستی و ژیانێکی شیاو لە وڵاتەکەیاندا دابین بکەن.

خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لەو ڕۆژەدا تاج و تەختی شای بەدەسەڵات بەڵام لە خۆبایی و بێگانەبوو لەگەڵ واقعییاتی وڵاتەکەی، بە سوپایەکی پۆشتە و بەهێز و دەزگایەکی ئیتلاعاتی (ساواک) ترسناک و داپلۆسێنەر، تێکڕووخاند و تۆماری ٥٠ ساڵەی حکوومەتی پەهلەوییان پێچایەوە.

وەک هەموو دیکتاتورەکانی دیکە، محمد رضا شای پەهلەویش درەنگی پەیامی خەڵک گوێ لێبوو و کاتێکیش بیستی، ئیدی درەنگ ببوو!

**ویکتور هوگۆ نووسەر و بیرمەندی بەناوبانگی فەرانسەیی دەڵێ؛ "هیچ هێزێک توانای بەرگرییکردن لە ڕووداوێکی نیە کە کاتی ڕوودانی گەیشتبێ".**

ڕاستە! ڕێژیم محمد رضا شاە لە ڕێگای "ساواک"ـەوە دەرەتانێکی بۆ ئازادی و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی نەهێشتبۆوە و بێتەفاوەتی ڕێژیمی حاکم بەنیسبەت ئازادی و داخوازەکانی خەڵکەوە، کاتی ڕووخانی ڕێژیمی شای گەیاندبوو و ئەو ڕێژیمە دەبوو ببێ بە مێژوو و لەو قۆناخەدا، ئیدی پێش بەڕووخانی نەدەگیرا.

ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵک لە ڕێژیمی شا، نەبوونی ئاگایی و ئەزموونی سیاسیی پێویستی کۆمەڵانی خەڵک، کاڵووکرچی

ڕێکخراوە سیاسیەکان و نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە حیزب و لایەنە سیاسیە غەیرەمەزهەبیەکان، بوو بەهۆی ئەوەی ئەوە کە نەک هەر خەڵکی ئاسایی بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لە هێزە سیاسیەکانیش بکەونە داوی "روحانیون" و بەکردەوە ببن بە پردەبازێک بۆ گەیشتنی ئەوان بە دەسەڵات.

ئاخوندەکان بە قۆستەوەی ئەو دەرفەتە و بەکەڵکوەرگرتن کە هەستی مەزهەبی خەڵک توانییان بەسەر کەشە ئاڵۆزە و شۆڕشگێڕانەکەدا زاڵ بن و شۆڕشەکە لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن.

بە دەستبەسەرداگرتن (مصادر) بەسەر شۆڕشەکەدا، "روحانیون" توانییان بەرەبەرە یەکێ لە ڕەشترین و هارترین دیکتاتورییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئەسڵی "ولایت فقیه" دابمەزرێنن و سیستمێکی دواکەوتووی مەزهەبی-ناسیونالیستیی سەرکەتکەر بەسەر گەلانی ئێراندا زاڵ بکەن.

ڕێژیمێکی دیکتاتوری کە بەنێوی مەزهەب ئوپوزسیون و دژبەرانی خۆی قەلاچۆ کرد، تێروریزمی دەوڵەتی کرد بە سیاسەتی ڕەسمی خۆی و ئێستاش لەهیچ کار و جینایەتێک بۆ پاراستنی ئیستبدادی مەزهەبی و لەنێوبردنی جیابیران دەست ناپارێزێ.

گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەورێکی بەرچاوی لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا گێڕا.

ئامانجی کورد لە بەشدارییکردن لە خۆپیشاندان و چالاکیە ئیعترازییەکاندا، ڕزگاربوون لە دیکتاتوریی هەوسارپچڕاوی ڕێژیمی شا و هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیک بوو کە دوای چەند دەیە ژیانی پڕ لە مەینەتی و تەحقیر و هەڵاواردن، بتوانێ لە دۆخێکی سیاسیی نوێدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرێ و بە ئازادی و عیزەتەوە بژی.

کورد دەیویست زمانەکەی بەفەرمی بناسرێ و خوێندن بە زمانی زگماکی وەک سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ، بۆ منداڵانی کورد دابین بکرێ و چی دیکە نەبنە قوربانی سیاسەتی ناسیونالیستیی و هەڵاواردنی نیزامی حاکم لە تاران.

کورد دژی هەڵایسانی شەڕ و ئاژاوە لە کوردستان بوو و بۆ ئەو مەبەستە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە سیاسیەکانی دیکە، هەموو هەوڵێکی مومکینیان دا لەگەڵ حاکمانی نوێی وڵات ڕێکبکەون.

بەڵام دوای گەیشتن بە دەسەڵات، زۆری پێنەچوو کە آیت الله روح الله خمینی کوردی مافخوازی لەڕیزی "کفار" دانا و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی فەرمانی جیهاد و هێرشی هەمەلایەنەی بۆ سەر گەلی کورد دەر کرد.

خمینی هاوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند.

ڕێژیمی تازە شەڕێکی نابەرابەر و خوێناویی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند و حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردی ناچار کرد بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەت و دوا ڕەواکانی گەلی کورد دژ بە دیکتاتوری ئیسلامی وەدەست بێن و بەربەرەکانێ بکەن.

ئەو شەڕەی ٣٦ ساڵ لەوەپێش خمینی لەدژی کورد ڕایگەیاند، هەتا ئێستاش بەشێوەی جۆراوجۆر، بەڵام بێپسانەوە درێژەی هەیە و قوربانی دەستێنێ.

**بەڵام با لە ئاوڕدانەوەیەکی کورتدا بزانین کۆماری ئیسلامی دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی، چ بەهەم و ئاکامێکی بۆ ئێران بەگشتی هەبووە:**

* بەربڵاوتربوونی سەرکوت و توند و تیژی، بەرتەسکردنەوەتری ئازادیە سیاسی و مافە مەدەنیەکان، درێژەدان بە پێشێلکارییەکانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ، هەڵکشانی کەم وێنەی ژمارەی ئیعدامەکان، هەڵاواردنی سیستماتیکی جنسی،"ئیتنیکی" و مەزهەبی.... ساڵێ چەند جار کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتی دژیگەلی و کردەوە بێزراوەکانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی پارێزگاریی لە مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێ.

لەوپێوەندییەدا، یەکی لە خاڵە ڕەشەکان لە دوسیەی ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی پرسی ژنە. لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵاواردن و بێبەشکردنی ژنان یاسایی کراوە. کەم ڕۆژ هەیە لە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە ڕێژیمەوە سووکایەتی بە ژن نەکرێ.

* کاربەدەستانی ئێران ئیدی نایشارنەوە کە ئابووری وڵات ئەوڕۆ لەوپەڕی شپرزەیی دایە. بەقسەی مجید انصاری یاردیدەری پارلمانیی حسن روحانی (١٠ بەفرەنباری ١٣٩٤) "موشکیلاتی ئابووری دەوڵەت بێسابقەیە!

دزی و گەندەڵی لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتدا، دەوڵەتی فەلەج کردووە. لە ئێرانی دەوڵەمەند و خاوەن نەوت و گاز دا بێکاریی، هەژاری، ئیعتیاد لەمێژە سنووری ئاساییان تێپەڕاندووە و کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی قەیران کردووە.

* لەنیزامی مەزهەبی - ناسیونالیستیی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی سەرکوت و هەڵاوارن دژ بە نەتەوەکانی غەیرەفارس نەک هەر درێژەی هەیە، بەڵکوو پەرەشی ئەستاندووە. لەگەڵ ئەوەی ئەو نەتەوانە لە ئێراندا بە "ئەقوام" یان "کەمایەتی قەومی" ئێودەنرێن، بەڵام تەنانەت مافی کەماتێکیشیان بۆ ناسەلمێندرێ، حاشا لە هوییەتی نەتەوەییان دەکرێ و لە سەرەتایی ترین مافی سیاسی و ئینسانی بێبەش کراون.

کۆماری ئیسلامی کە بێپسانەوە تێکۆشەرانی مافخوازی کورد و گەلانی دیکەی ژێرستەم بەتاوانی جیاوازیخوازی سەرکوت و ئیعدام دەکا، بۆخۆی لە درێژەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریدا، بەهۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتی زوڵم و زۆری بەردەوام، یاساییکردنی بێعەداڵەتی و هەڵاواردنی نهادینەکراو دژ بە نەتەوە بندەستەکان، بەکردەوە ئێرانی لە باری سیاسیی و حقوقییەوە دابەش و تەجزیە کردوە.

بە وردبوونەوە لە واقعییاتی ئەوڕۆی ئێران دەردەکەوێ کە لە سایەی ڕێبەرانی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و سیاسیە چەوتەکانیان، ئێران تەنیا لە باری جوغرافیاییەوە، ئەویش بەزۆر، بەیەکپارچەیی ماوەتەوە!

* دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دابینکردنی مافی سیاسی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان، ئاشکراتر بووە. هەر لەوپێوەندییەدا، سووکایەتی دەسەڵاتبەدەستان و ئورگانە حکوومەتیەکان بە هوییەت، زمان، مێژوو و هەموو هێماکانی نەتەوەی کورد هەموو سنوورێکی ئەخلاقیی تێپەڕاندووە. لەوکاتەوە هەرێمی کوردستانی باشوور دامەزراوە، هیچ دوژمنێک بەقەرا کۆماری ئیسلامی هەوڵی بۆ تێکدان و ناسەقامگیرکردنی ئەو هەرێمە نەداوە.

ڕێژیمی ئێران بۆ ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکینانەوە و هەڵایساندنی شەڕی کورد بە کورد ئەوپەڕی "یارمەتی" دەدا، بەڵام کاتێک لە بەشێکی کوردستان باسەکە دێتە سەر پرسی کورد و دابینکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد، ئیدی ناتوانێ روخساری دوژمنانەی خۆی بەرامبەر بە کورد بشارێتەوە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی "هاوپەیمانی" لەگەڵ ئەم یان ئەو حیزبی کوردی، بەئاشکرا و بەنهێنی دەکەوێتە پیلانگێڕان بەمەبەستی پووچەڵکردنەوە و شکستپێهێنان بە هەر هەوڵێک بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد!

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

ئامانجی سەرەکی ئێستای کۆماری ئیسلامی تێکدان و شێواندنی باروودۆخی هەرێمی کوردستان بە شێوە و فڕووفێڵی جۆراوجۆرە. زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی و نیزامی لە ناوچەدا گومانیان لەوەدا نیە کە ڕێژیمی ئێران باشووری کوردستانی تووشی شەڕی داعش کردووە.

* بەهۆی پێداگریی ڕێژیم لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی ناوکی، ئێران لە باری سیاسیەوە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دابڕا و تەریک کەوتەوە و ئەو لاساریە بوو بەهۆی ئەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا بۆماوەی ١٣ ساڵان سزای قورسی ئابووری و سیاسی بخەنە سەر ئێران.

کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی سەدان ملیارد دۆلاری زیان بە خەڵکی ئێران گەیاندووە، هەزینەیەکی قەرەبوونەکراوەی بەسەردا سەپاندن و ئابووری وڵاتی وێران کرد، سەرەنجام بەرامبەر بە ڕۆژاوا بەچۆکداهات، چووە ژێر باری هەموو مەرجەکانی وڵاتانی ١+٥ و بەوجۆرە ئێرانی تووشی زیانێکی قورسی ئابووری و شکستێکی گەورە و کەموێنەی سیاسی کرد.

* پێشێلکردنی بەردەوامی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان. لە ماوەی ٣٧ساڵی ڕابردوودا, بێجگەلە بەڕێوەبردنی تێروریزم لە دەرەوەی وڵات و پاڵپشتی لە تێروریزمی نێونەتەوەیی، حەوت جاران بەشێوەی سازماندراو هێرش کراوەتە سەر نوێنەرایتیەکانی وڵاتانی بیانی (باڵوێخانە و کونسوولگەری) لە تاران و مەشهەد. کۆماری ئیسلامی لەوبوارەدا ڕێکوردی شکاندووە، دیاردەی ئاوا لە هیچ وڵاتێکی دیکە لەو ئاستەدا نەبینراوە!

* لە کۆماری ئیسلامی دا تێروریزمی دەوڵەتی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا ڕەسمییەتی پێدراوە و وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکی لێوەردەگیرێ: بۆ لەنێوبردنی ئۆپوزسیون و دژبەرانی سیاسی، بۆ نموونە تێروری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ویەن و بێرلین، بەمەبەستی ئاژاوەنانە و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە....

ڕێژیمی ئێران بە یەکێ لە دەستئاواڵەترین پاڵپشت و یاریدەرانی تێروریزمی نیونەتەوەیی ناسراوە. وەزعێک خوڵقاوە کە لە هەرشوێنێکی ئەو دنیایە تێرور و جینایەتێک ڕووبدا، خێرا نێوی ئێران دێتە کایەوە و دەستی کۆماری ئیسلامی تێدا بەدی دەکرێ.

هەر ئەوە بوو کە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتێکدا سزاکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکی لەسەر ڕێژیم هەڵگرت، بەڵام ئەو سزایانەی کە بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە تێروریزم، خستبوویە سەر

کۆماری ئیسلامی، هێشتوونیەوە.

* کۆماری ئیسلامی دەوری سەرەکی لە هەڵایسانی شەڕی سوننە و شیعە گێڕاوە و بە دەخالەتی نیزامی ڕاستەوخۆ لە یەمەن، عێراق و بەتایبەتی حوزووری بەرچاو لە شەڕی سووریەدا، ناوچەکەی کردۆتە بوشکەی باڕووت.

**مێژووی ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشانی دەدا کە ئەو ڕێژیمە بڕوای بە ئازادی و ویست و داخوازەکانی خەڵک نیە و بۆ مانەوەی خۆی تەنیا پشتی بە زۆری سەرنێزە و سەرکوت لە ژوورەوە و بە ئیدامەی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و تێرور لە دەرەوەی ئێران بەستووە.**

کۆماری ئیسلامی پرسی ناوکی گرێدابوو بە "غرور ملی"، کردبوویە پرسی پرستیژ و ئیقتدار بۆ نیزام و بەردەوام دروشمی "انرژی هستەای حق مسلم ماست" و "آمریکا هیچ غلطی نمیتواند بکند" و.... دووپات دەکردەوە. ئێستا ناچار بووە واز لەهەموو ئەو قسانە بێنێ.

بەدوای ئەو شکستە گەورەیەدا لە بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژاوایی دا، ڕێژیمی ئێران وەک هەموو ڕێژیمە دیکتاتورییەکانی پێش خۆی، پێیوایە دەبێ شکستەکانیی بەرامبەر بە دەرەوە، بە سەرکوتی بەربڵاوتر و چەوساندنەوەی زیاتر خەڵک لە نێوخۆدا قەرەبوو بکاتەوە.

بارودۆخی ئەوڕۆی ئێران دەیسەلمێنێ کە "حسن روحانی"یش لە جەهەر و ناوەرۆک دا جیاوازێکی ئەوتۆی لەگەڵ باقی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نیە و جێگایەک بۆ هیوا بە ئاڵووگۆڕی موسبەت لە دەوڵەتی روحانی دا ناهێڵێتەوە.

**بەکورتی، کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆیدا تووشی ململانەی باڵەکان و قەیرانی ڕەوایی هاتووە، بڕوای بە خۆی لەدەست داوە و لەرزۆک بووە، بەڵام لەخۆڕا نە دەڕووخێ و نە ناچار بە ڕیفورمی بنەڕەتی و پێویست دەکرێ.**

ڕێژیم تەنیا بە خەباتی هاوبەش و بەردەوامی گەلانی ئێران ناچار بە پاشەکشە دەبێ: یان پەیامی خەڵک دەبیستێ و مل بۆ ئاڵووگۆڕی ئەساسی ڕادەکێشێ کە چاوەڕوان ناکرێ، یان وەک ڕێژیمی شا، کاتی دەگا و ئیدی هیچ هێزێک پێشی ڕووخان و ڕۆیشتنی ناگرێ.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بـەڵام خـاڵی بـەهێزی کۆمـاری ئیسـلامی لەوپێوەندییـەدا پڕشـووبڵاوی و هاودەنگنـەبوون و لاوازی ئوپوزسـیونی دێمـوکرات و سێکوولارە.

ئەو بۆچوونە دروست نیە کە گۆیا ئوپوزسیونێک نەماوە! ئوپوزسیون هەیـە و زۆریـش بـەربڵاوە، بـەڵام چون ئالترنـاتیفێکی دێموکراتیک بەدی ناکا، یەکدەنگ و چالاک نیە.

خەڵکی ئێران ٣٧ سـاڵە لـەژێر حاکمییـەتی ئیسـتبدادی و زوڵـم و زۆر و سـەرکوتی سیسـتماتیکی کۆمـاری ئیسلامیدا ژیـانێکی تاقەتپڕووکێن و پڕ لە مەینەتی تێپەڕ دەکەن و وەزاڵەهاتوون. خـەڵک ئامادەیـە پشـتیوانی لـە ئوپوزسیونێکی یـەکگرتوو و دێموکرات، هەمەلایەن و بەبەرنامە لە ئێراندا بکا.

**لەو پێوەندییەدا، پێکهاتنی حیزبە کوردستانیەکان و دابینکردنی یەکڕیزی و هاوکاریی لەنێوخۆیاندا، دەتوانێ ببێتە هەوێنی دروستبوونی ئیتلافێکی بەرین لە ئێران دا.**

بەڵام کورد دەبێ لەپێشدا ماڵی خۆی ڕێکبخا! کورد بەیەکگرتوویی و یەکدەنگی و هێنانەئارای بەرنامەیکی واقعبینانە و دێموکراتیک، دەتوانێ کۆتایی بە چەقبەستوویی سیاسی لە ئێراندا بێنێ و ببێتە میحوەری یەکێتی و ئاڵووگۆڕ. بەهیوای ئەو ڕۆژە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٥

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە دەرفەتی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا کەڵک وەرگرێ؟

ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دوای ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ لەسەر پرسی ئەتۆمی، بەخۆدابچێتەوە، سیاسەتێکی جیاواز لە ڕابردوو بگرێتە بەر و لەو دەرفەتە بۆ بووژاندنەوەی ئابووری وڵات کەڵک وەربگرێ، زیاتر لە هەر پرسیارێکی دیکە چاوەدێرانی سیاسیی نێوخۆ و دەرەکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بۆ وڵامدانەوەیەکی بەنیسبەت واقعبینانە بەو پرسیارە، پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە ڕێککەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ ڕێککەوتننامەیەک نیە کە لەسەر بنەمای متمانای دووڵایەنە وەدیهاتبێ. بە پێچەوانە،

**ئەو ڕێککەوتننە لەسەر بناخەی ئەوپەڕی بێ متمانایی و لێک لەگومانبوون داڕێژراوە:**

**یەکەم**: لە ڕۆژی یەکەمەوە ئێران هەوڵی دا بەرنامە ناوکیەکەی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لە ئاژانسی نێونەتەوەیی ئینرژی ناوکی IAEA بشارێتەوە و بیروڕای گشتی هەڵفریوێنێ. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینییەوە کە بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی لەقاو درا و پاشان ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارە ١٦٦٩دا بۆیەکەمجار دوای وەستاندنی پیتاندنی ئورانیومی لە ئێران کرد، هەتا ئەوڕۆ ڕێژیم تەنیا پێی لەو شتانە ناوە کە نەیتوانیوە بیانشارێتەوە! بۆیە ئێران بۆ ڕۆژاو جێگای متمانا نیە.

**دووەم**: ئێران لەژێر فشاری تاقەتپڕووکێنی سزا ئابوورییەکاندا ملی بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕۆژاوا ڕاکێشا.

**سێیەم**: پێوەر و مەرجەکانی کە وڵاتانی ١+٥ لەو ڕێکەوتننامەیەدا بەسەر ئێرانیاندا سەپاندووە، گومانێک بۆ نەبوونی متمانای ئەو وڵاتانە بە ئێران ناهێڵێتەوە، بەشێوەیەک کە هەر لە ئێران دەکوترێ کە بەو ڕێککەوتننامەیە مافی سەروەریی ئێران پێشێل کراوە!

**چوارەم**: گونجاندنی دەستەواژەی snap back کە لە ڕێکەوتننامەکە دا بەمانای داسەپاندنەوەی سزا ئابوورییەکان هاتووە، ئەگەر لە درێژەی چاوەدێری و کۆنترۆڵەکانی IAEA دەربکەوێ کە ئێران لە بەجێگەیاندنی ئەرک و تعهداتەکانی

دا کۆتایی کردووە.

**پێنجەم**: لێکجیاکردنەوەی سزاکان. تەنیا ئەو سزایانەی پێوەندییان بە بەرنامەی ناوکی ڕێژیمەوە هەیە، هەڵدەگیرێن! ئەو سزایانەی لە پێوەندیی لەگەڵ بەرنامەی مووشەکی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە تێروریزم دا بەسەر ئێراندا داسەپاون، لەجێگای خۆیان دەمێننەوە.

بە زمانێکی دیکە یانی ئەوەی کۆماری ئیسلامی قەبووڵی کردووە کە پشتیوانی لە تێروریزمی نێونەتەوەیی دەکا و هەڕەشییە بۆ ئەمنییەت و ئاسایشی کۆمەڵگای جیهانی!

**بۆیە ڕێککەوتنامەی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ ڕێککەوتننامەی ئاشتی و دواییهێنان بە کێشەکە نیە، بەڵکوو سەرەتای تاقیکردنەوەیەکی نوێ و چوارچێوەیەکە بۆ کۆمەڵێک ململانە و بێنەوبەرە لە نیوخۆی ئێران و سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی.**

**سەرەڕای ئەوە، ڕێککەوتننامەکە باری ئەرێنیشی تێدا بەدی دەکرێ:**

* گەورەترین خاڵی ئەرێنی و گرینگترین دەسکەوتی ئەو ڕێککەوتنە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵەکانیدا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی شکستی هێنا.

جێی لێوردبوونەوەیە: کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە کە تێروریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات گەیاندۆتە ئاستی سیاسەتی ڕەسمی و تاوانبارە بە پشتگیریکردن و پەرەپێدان بە تێروریزمی نێونەتەوەیی، بەئاشکرا هەوڵ دەدا بۆ نانەوەی ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی لە وڵاتانی ناوچەدا، لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی یاغی بووە و تەنیا لەژێر فشار و هەڕەشەدا یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان پێشێل ناکا و بە پێچەوانەی هەموو عورفێکی دیپلوماسی، بەکرێگیراوەکانی هێرش دەبەنە سەر باڵوێزخانە و کونسوولگەرییەکانی وڵاتانی بیانی لە تاران.

لەنێوخۆی وڵاتدا سەرکوت و هەڵاواردن و ئیعدامی لاوانی کردووە بە سیاسەتی ڕۆژانەی خۆی و نەتەوە بندەستەکانی لە سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسانی و سیاسی بێبەش کردووە و هەرچەشنە داوایەکی ڕەوایان بە کوشتن و ئیعدام وڵام دەداتەوە و ساڵ نیە بەهۆی پێشێکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرێ.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**ئەگەر ڕێژیمێکی ئەوتۆ پێشی پێبگیرێ دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژی ڕابگا، تەنانەت بۆ ماوەی دە ساڵیش بێ، بۆخۆی سەرکەوتنە و دەسکەوت بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بۆ مرۆڤایەتی و بۆ گەلانی چەوساوەی ئێران.**

*** لە یەکەم تێڕوانین، سازان لەگەڵ ڕۆژاوا لەسەر بەرنامەی ناوکی سەرکەوتنیک بوو بۆ سەرکۆمار حسن روحانی. چون چارەسەرکردنی پرسی ناوکی بەڵێنێک بوو کە روحانی لەکاتی خەباتی هەڵبژاردن دا دابووی بە دەنگدەرانی.**

**دوای لەناوکردنی سەدان میلیارد دولار، ڕەوتی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی ولات بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی، بۆ ماوەیەک ڕادەوەستێ.**

**هەروەها، ئازادبوونی دەوری ٤٠ - ٥٠ میلیارد دولار دارایی ئێران (ڕادەی ئەو پووڵە بەتەواوی ڕوون نیە و ئاماری جیاواز بڵاوبۆتەوە)، بێگومان دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ سەروساماندان بە ئابووریی شپرزەی ولات بە قازانجی خەڵک.**

**لەو پێوەندیی لەگەڵ پرسیارەکە، کۆمەڵێک کۆسپی جیدی ماهوی و ساختاریی بەدی دەکرێن کە ڕێگە بۆ گەشبینی ناهێڵنەوە ڕێژیم بتوانێ لە ڕێکەوتنی ١٦ی جوولای ٢٠١٦ی زایینی بە قازانجی خەڵکی ئێران کەڵک وەرگرێ:**

*** بێگومان نیزامی داخراو و سەرەڕۆی سیاسی ئێران گەورەترین کۆسپە لەسەر ڕێی ڕیفورمی ئابووری. نیزامی سیاسیی ئێران زەرفییەتی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی پێویست و کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی زۆر و بەربڵاوی وڵاتی نیە.**

**بەقسەی سەرکۆمار لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبردنی بەرجام ... لە ٢٩ بەفرەنبار - دی ١٣٩٤، ئێران بۆ گەیشتن بە هەڵدانی ئابووری دڵخواز، ساڵێ پێویستیی بە ٥٠ میلیارد دولار سەرمایەی دەرەکی هەیە. بەڵام کام سەرمایەدار و کام وڵات ئامادە دەبێ بەهاسانی لە وڵاتێکدا سەرمایەی خۆی وەگەڕ بخا کە حکوومەتەکەی یاغی و ناسەقامگیرە و جێگای متمانای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیە و یاساکانی لەگەڵ یاسا سەلماوە نێونەتەوەییەکان بۆ سەرمایەگوزاری، نەگونجاون؟**

**وە ئەگەریش لایەنێک ئامادەی سەرمایەگوزاری بێ، ئەوکاتە ئەوەندە مەرج دادەنێ و ئیمتیاز داوا دەکا کە سوودی چاوەڕوانکراوی بۆ ئێران لێناکەوێتەوە!**

*** یەکێ لە پێشمەرجە سەرەکییەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانات و سامانی وڵاتێک بەقازانجی خەڵک، ئەوەیە کە**

دەوڵەت بتوانێ هێزی مرۆیی (نیروی انسانی) وڵاتەکە وەگەڕ بخا. بەڵام ئەو ئەرکە تەنیا بە نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و خەڵکی بەڕێوە دەچێ. گەندەڵی، هەڵاواردنی جۆراوجۆر و دیکتاتوری ڕێگەی بەشداری خەڵک لە ژیانی سیاسی و ئابووریيان بەستووە. ئێران لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دایە کە بەدەست ڕاکردنی مێشکەکانەوە (فرار مغزها) دەناڵێنێ!

کەڵکوەرگرتن لە هێزی ئینسانی وڵات موستەلزمی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی قوڵی ساختاری، یاسایی و سیاسییە.

* نەبوونی سیستمێکی واحیدی بڕیاردان. لایەنی جۆراوجۆر و دەسەڵاتدار کە دەست و دەخالەتیان لە ئابووری ئێراندا هەیە، لە حیطەی کۆنترۆڵ و ئیختیاراتی دەوڵەت بەدەرن و تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاوە و بیر لە بەرژەوەندی وڵات ناکەنەوە: سوپای پاسداران، ئیتلاعات، بەیتی رەبەری، بنیادە جۆراوجۆرەکان... چنگیان بەسەر ئابووریی وڵاتدا گرتووە و بۆتە کۆسپێکی جیدی بۆ بووژانەوە و حەسانەوەی ئابووری سەقوشڕبووی ئێران.

* گەندەڵی سەرلەبەری سیستمی حکوومەتی ئێرانی بەشێوەیەک داگرتووە کە دەرەتانێکی بۆ چاکسازی و ڕێکخستنەوەی نیزامی ئابووری نەهێشتۆتەوە.

ئێران ئێستا لە چەند وڵات خۆی تووشی شەڕ کردووە و بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کێشەکانی عێراق، سووریيە، لوبنان، یەمەن، فەلەستین. ئەو دەستتێوەردان و ماجەراجووییانە هەزینەیەکی قورس بەسەر خەڵکی ئێراندا دادەسەپێنێ.

بەڵام سوپای پاسداران هەتا پێی بکرێ کۆتایی بە شەڕ و کێشە لە ناوچەدا ناهێنێ، چون تەواوبوونی شەڕ و ئاڵۆزی لەو وڵاتانەدا بەمانای کەمڕەنگبوونەوەی دەور و داکشانی نفووزی سوپا لە ناوچەیە و ئەوەش کورتبوونەوەی دەستی سوپا لە ئەهرومەکانی ئابووری وڵاتی لێبکەوێتەوە.

دەسەڵات و نفووزی سوپای پاسداران بەستراوەتەوە بە بوونی قەیران و شەڕ لە ناوچەدا.

* نرخی نەوتیش چاوەڕوان ناکرێ بەوزووانە تا ئاستێکی بەرچاو بەرز بێتەوە. بەتایبەتی دوای هەنگاوەکانی ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنان و تەنانەت هەناردەکردنی نەوت.

بەوجۆرە، ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ لەو ڕێککەوتنە بەقازانی وڵات کەڵک وەرگرێ و بەگەڕێتەوە بۆ نێو سیستمی ئابووری

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

جهانی، پێویستیی بە سەرمایەی خارجی هەیە و بۆ وەدیهێنـانی ئـەو ئامانجـەش ڕێگایـەکی بێجگەلـە مودێڕنیزەکردنی خۆی نیە.

بـەڵام بـەگوێرەی فورمـولێکی گشـتی، بەخۆداچوونـەوە و پێکهێنـانی هەرچەشـنە ڕیفـورمێکی زەرووری، پێویسـتیی بـە ئیرادەی بەهێز و بە بوونی زەرفییەتی سیاسی هەیە. ڕابردوو، ماهییەت و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و کارنامەی دوو ساڵی ڕابردووی حسن روحانی، دەری دەخەن کە نیزامی سیاسیی ئێران توانا و زەرفییـەتی سیاسـی بۆ پێکهێنـانی ئاڵووگۆڕی قووڵ و ئەساسی نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧١٥

## هەڵبژاردن بەبێ مافی بەشداریی سیاسی!

**ڕۆژی حەوتی رەشەمە دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی "مجلس شورای اسلامی" و پێنجەمین دەورەی هەڵبژاردنی "مجلس خبرگان رهبری" هاوکات بەڕێوەدەچن.**

ئەو ماوەیە زۆر بابەت و لێکدانەوەی گرینگ و پێویست سەبارەت بە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا کە لەگەڵ سەرەتایی ترین پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی سالم و ئازاد و دێموکراتیک ناتەبایە و پێویستە بایکۆت بکرێ، بڵاوکراوەتەوە.

**لەو نووسراوەیەدا هەوڵ دەدرێ کە بارێکی دیکەی یەکلاکەرەوە لەپێوەندیی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئێران شی بکرێتەوە: پێوەندیی نێوان هەڵبژاردن و (مافی) بەشداریی سیاسی.**

بەڵام، بۆ گەیشتن بە ئامانجی وتارەکە، سەرەتا پێویستە چەند خاڵی گرینگ ڕوون بکرێنەوە:

* بەگشتی، دەنگدان و دەنگنەدان بەهۆی ئازاد و نهێنیبوونی، بڕیارێکی سەربەستانەی شەخسی و ویجدانیی هەر تاکێکی کۆمەڵە، بەڵام بەهەر دووباردا، کاریگەریی خۆی هەیە.

بایکۆتی هەڵبژاردن بەمانای نارەزایەتی و دەنگهەڵبڕین، وەک بەشداریکردن، بۆ هاووڵاتی هەم مافە و هەم ئەرک و بە مەرجێ ئامانجدار و ئاگاهانە بێ، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی هاووڵاتێکی چالاک و دەروەستە.

**بەشداریکردن و بەشدارینەکردن، هەردووکیان هەڵگری پەیامن بۆ دەسەڵاتی سیاسی.**

* دیاردەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان، شێوەیەکی کلاسیک و ناسراوە لە "بەشداریی سیاسی" یان بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و چارەنووسی وڵات دا. واتە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دا تەنیا لە چوارچێوەی لەئارادابوونی دەرفەتی "بەشداریی سیاسی" مانا پەیدا دەکا و ئامانج دەپێکێت.

* ئەوکاتە دەتوانین باس لە ئیمکانی "بەشداریی سیاسی" بکەین کە هاووڵاتیان تەنیا وەک مرۆڤ چاولێبکرێن و بەبێ

لەبەرچاوگرتنی تەعەلوقاتی نەتەوەیی، مەزهەبی، سیاسی، جنسی، حیزبی و سینفی...، بەگوێرەی یاسا و بەبێ جیاوازیدانان لە کەشێکی ئازاد دا مافی یەکسانیان بۆ دابین کرابێ.

مافی "بەشداریی سیاسی" بەو پێناسە و خوێندنەوەی لە باری زانستییەوە بۆکراوە، تەنیا لە نیزامێکی دێموکراتیک و سێکوولار دا دەستەبەر دەکرێ.

ئێستا با چاوێک بگێڕین بەسەر بارووددۆخی ئێران و بزانین کام لەو مەرج و مافانە لە ئارادان و دەستەبەر کراون؟

ئیمکانی "بەشداریی سیاسی": بەپێچەوانەی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک، لە ئێران لەژێر حاکمییەتی ئیستبدادی و نیزامی ناسیونالیستی- مەزهەبی کۆماری ئیسلامیدا، هاونیشتمانیان وەک مرۆڤی یەکسان سەیر ناکرێن و بەبیانووی جۆراوجۆرەوە بە کۆمەڵێک دەستە و گرووپ بە مافی جیاوازەوە دابەش کراون: ژن و پیاو، موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان، شیعە و غەیرە شیعە، شیعەی لایەنگری "ولایت فقیە" و شیعەی بێبڕوا بە "ولایت فقیە"، پەیڕەوانی مەزاهبی بەڕەسمی ناسراو و بەڕەسمینەناسراو، فارس و غەیرەفارس و...

لەنیوان هەمو ئەوانەدا جیاوازی دادەنرێ و هەڵاواردن و بێبەشکردنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە بەگوێرەی "یاسا" نهادینە کراوە. کەوابوو ناتوانین باس لە بوونی مافی "بەشداریی سیاسی" بۆ هاووڵاتیان بکەین.

مەسەلەکە کە دەگاتە کوردستان، بەهۆی تێڕوانینی ئەمنییەتی ڕێژیم بەنیسبەت کوردەوە، پرسی تەبعیز و بەرتەسکبوونەوەی ئازادی و ماف و دەرفەت و ئیمکان، ئەبعادی بەرین تریش بەخۆیەوە دەگرێ و ئەسڵی بەشداریی سیاسی هیچ مانایەکی نامێنێ.

ئیختیاری هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردن: لە کۆماری ئیسلامیدا هاونیشتمانی وەک مرۆڤی ناتەواو و نابالغ و پێنەگەیشتوو سەیر دەکرێ کە ناتوانێ بریار بۆ چارەنووسی خۆی بدا، چ بگا بەوەی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی خاوەن بریار بێ! بۆیە خەڵک پێویستییان بە "قیم" و دەمراست هەیە لەجێگای ئەوان بڕیار بدەن.

خەڵک مافی ئەوەی لێ زەوتکراوە نوێنەر بەدڵی خۆی دیاری بکا و هەڵیبژێرێ. "شورای نگهبان" لەڕێگای "نظارت

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

استصوابی"یەوە دیاری دەکا کێ مافی کاندیدابوونی هەیە و کێ لەو مافە بێبەش دەکرێ. لەئاکامی ئەو وەزعە دا کۆمەڵێک کاندیدای جێگای پەسندی ڕێژیم دەمێننەوە و خەڵک، دەبێ لەبەینی کاندیداکانی حکوومەت، نە کاندیداکانی خۆی، "نوێنەر" هەڵبژێرێ، واتە خەڵک "مافی" ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن بە بەربژێرەکانی ڕێژیم!

بەوجۆرە، هاووڵاتی تەنانەت مافی هەڵبژاردنی واقعیی لێ زەوتکراوە. هەڵبژاردن لە تێگەیشتن و ئامانجی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا ڕێزگرتن لە دەنگ و ویست و ئیرادەی خەڵک نیە، بەڵکوو نوێکردنەوەی "بیعت"ی ئومەت بە ویلایەتی فەقیهە.

کاریگەریی دەنگی دەنگدەر لەسەر پرۆسەی سیاسی: ئامانج لە هەڵبژاردن بەگشتی ئەوەیە کە تاک دەیەوێ بەو دەنگەی دەیخاتە سندووقی دنگدانەوە، کارتێکەریی بخاتە سەر ڕەوتی سیاسی وڵات و لەبەرژەوەندیی خۆیدا، ئاڵووگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسیدا پێکبێنێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو ئامانجە ڕێگای وەدیهاتنی بەربەست کراوە، چون لەبناخەوە ناوەندە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە سیستمی "ولایت فقیە" دا هەڵبژاردنیان بەوشێوەیە بۆناکرێ کە دەنگی هاووڵاتی بتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕەوتی سیاسیی وڵات هەبێ و ئاڵووگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسیدا پێکبێنێ!

"التزام"ی بەزۆر و بە فێڵ: کاندیدا بۆئەوەی مافی هەڵبژێرانی هەبێ، بەگوێرەی یاسا دەبێ ئیلتزامی بە "ولایت فقیە" هەبێ یان نیزام و فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی قەبووڵ بێ. بەڵام کوردێکی سوننی مەزهەب یان دەنگدەرێکی مەسیحی، کەلیمی، بەهایی... چۆن دەتوانێ ئیلتزامی بە "ولایت فقیە" هەبێ؟! لە مەزهەبی ئەوان دا ئەساسەن ئەو دیاردەیە بوونی نیە و تەنانەت ڕەنگە ئیلتزام بە "ولایت فقیە" لەگەڵ ئوسووڵە مەزهەبییەکانی خۆیان ناتەبا و ناکۆک بێ.

یان ژن کە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا بە نیوەمرۆڤ دەژمێردێ، بەهۆی یاساکانی دژەژن لە بەشی هەرەزۆری مافە ئینسانی و مەدەنیەکانی بێبەش کراوە، دڵخوازانە دەتوانێ چ ئیلتزامێکی بە "ولایت فقیە" هەبێ و چۆن پابەند بە یاسایەک بێ کە بۆتە هۆی بێبەشکردن و هەڵاواردنی؟!

ئازادی و نهێنی بوونی دەنگدان: وەک دەگوترێ، کاربەدەستانی ڕێژیم لەڕێگای کۆنترۆڵی کارتی پێناسەوە (شناسنامە) هاووڵاتییان دخەنە ژێر چاوەدێرییەوە و ئەوەی دەنگی نەدابێ و کارتی پێناسەکەی مۆری لێنەدرابێ، بەشیوەی جۆراوجۆر

سزا دەدرێن و لە کۆمەڵێک ماف و ئیمتیاز بێبەش دەکرێن! ئەو کارە بەتایبەتی بۆ ئەوەیە کە ڕێژیم دوای هەڵبژاردن ئیدیعا بکا خەڵکێکی زۆر بەشداری هەڵبژاردن بوون و حکوومەتەکە خاوەنی ڕەوایی دێموکراتیکە!

**لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە هەڵبژاردنی ئەوجارە بە سێ هۆ بۆ ڕێژیم گرینگیی تایبەتیی هەیە:**

**یەکەم**: هەڵبژاردن دوای "برجام" و شکست لە بەرامبەر بە ڕۆژاوا دا بەڕێوەدەچێ و لەئاکامی ئەو شکانە دا، ڕێبەرانی ڕێژیم تووشی نەخۆشیی "پاڕانۆیا" هاتوون و بەتوندی لە "نفووزی دوژمنانی نیزام" تۆقیون و نیگەرانی خۆیان لەو بارەوە ناشارنەوە.

دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم کەوتوونەتە قەیرانی بڕیاردانەوە: لەلایەک بۆ سەروساماندان بە ئابووریی شپرزەی وڵات پێویستیی حەیاتییان بە سەرمایە و تێکنولوژی ڕۆژاوا هەیە، لەلای دیکەوە بەڵام لە ئاساییبوونەوەی پێوەندیی سیاسی و دیپلوماسی لەگەڵ ڕۆژاوا ترسی زۆریان ڕێنیشتووە، چون دەزانن کە پێوەندی ئابووری و تجاری بەرە بەرە ڕێگا بۆ حوزووری سیاسی و کولتووری لایەنی بەرامبەر خۆش دەکا و پێشی پێناگیرێ.

ڕێژیم سەرمایە و تێکنولوژی ڕۆژاوای دەوێ، بەڵام لە ئاساییبوونەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپا نیگەرانە!

**دووەم**: دوای پاشەکشە لە پرسی ناوکیدا، مەشرووعییەتی نیزام ئەوەندەی دیکە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. حکوومەت پێویستیی بە "بەڵگە" هەیە کە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەتایبەتی ئەمریکا، نیشان بدا کۆماری ئیسلامی خەڵکی لەپشتە و لە نێوخۆدا سەقامگیرە. بۆیە ڕێبەرانی ڕێژیم و لەپێشەوە خودی خامنەای، داوا لە خەڵک دەکەن "برای حفظ اعتبار نظام" لە هەڵبژاردندا بەشداریی و نیزام "بیمە" بکەن!

**سێیەم**: دوای ئەو هەڵبژاردنانە ڕەنگە جێنشینی آیت الله علی خامنەای هەڵبژێردرێ، بۆیە ڕێژیم نایهەوێ خەڵکانی نەخوازراو و نامەحرەم ڕێگەیان بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات بکرێتەوە و لە بڕیاردانا بەشدار بن.

لەپێوەندییەدا دیارە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان گرینگیی تایبەتی پێدەدرێ، چون دوای مردن یان وەلاچوونی خامنەای، جێنشینەکانی ئەو نفووز و دەسەڵاتەی ئەویان نابێ و نیگەرانن کە شەڕی دەسەڵات پەرەبستێنێ. بۆیە گرینگ نیە کێ ڕێگەی کاندیداتوری پێدراوە و کێ سەلاحییەتی ڕەتکراوەتەوە، ڕێژیم ترساوە و ریسک ناکا و تەنیا ئەوکەسانە لە

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

سندووقەکانی دەنگدان سەر دەردێنن کە لە وەفادارییان بە نیزام هیچ گومانێک نەبێ.

بۆیە ئاسۆی چاوەڕوانی لە هەڵبژاردنی ئەوجارە لە هی هەڵبژاردنەکانی پێشووش بەرتەسک ترە و ڕێژیم ئەوپەڕی تواناکانی خۆی بەکاردێنێ کە هیچ ڕێگە و دەرفەتێک بۆ هەڵبژاردنی کاندیدای سەربەخۆ و "غیرخودی" لە ئارادا نەمێنێ.

هاووڵاتی بەڕێز!

بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێک کە نە مافی بەشداریی سیاسی تیدا دەستەبەرە، نە مافی هەڵبژاردن هەیە و نە ئیمکانی وەدیهێنانی ئامانجی بەشداریکردنی تێدا بەدی دەکرێ، ڕێگەدانە بە چەوسێنەرەکەت کە لە دەنگەکەت بەدژی خۆت کەڵک وەربگرێ و دەنگەکەت بۆ پتەوکردنی بناخەکانی دەسەڵاتی دیکتاتوریی خۆی بەکاربێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕەشەمەی ٢٧١٥

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## پەیامی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٢ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

میوانە بەڕێزەکان،
هاوڕێیانی تێکۆشەر،
خوشک و برایانی خۆشەویست،

ساڵێکی دیکە تێپەڕی و ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخساوەتەوە جارێکی دیکە بەیەکەوە ڕێز بگرین لە یاد و بیرەوەرییەکانی کۆماری کوردستان و پێداگرینەوە لەسەر پابەندبوونمان بە ئامانج و ئیدئالەکانی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی لە مەهاباد پێکهات.

لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین. ٧٢ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆمار لە ئێوە و گشت نەتەوەی کورد پیرۆز بێ.

مێژوو ئەو شانازییەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی کە کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێڕنی کورد، دابمەزرێنێ و ڕێبەرەکەی، نەمر قازی محەممەد، بە سەرۆک و پێشەوای ئەو کۆمارە دیاری بکرێ.

ئێمە سەربەرزین بەوە کە کۆمار ئەوڕۆ لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا وەک دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی گەلەکەمان ڕێزی لێدەگیرێ.

لەلایەکی دیکەوە، دەزانین کە نەیارانی کورد، بەتایبەتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و ناسیونالیستە بەرچاوتەنگکەکانی نەتەوەی حاکم، ئیراد لە کوردی ڕۆژهەڵات دەگرن کە لە لاوازبوونی حکوومەتی پاشایەتی و لە بارووداۆخی تایبەتیی نێونەتەوەیی ئەوکات وەک دەرفەت بۆ دامەزراندی کۆماری کوردستان کەڵکی وەرگرتووە!

ئێستاش ئەو کارەمان وەک هەنگاوێکی جیاوازیخوازانە و هاودەستی لەگەڵ بێگانە بەچاوادادەنەوە و پێیانوایە دەبێ لە ئیدە و ئامانجەکانی کۆمار فاسیلە بگرین!
بەڵام ئێمەی کورد ڕاست بەپێچەوانە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک هەنگاوێکی ڕەوا بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

خۆمان و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی گەلەکەمان چاولێدەکەین و یادی کۆمار بەرز ڕادەگرین.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرهەمی خەباتی ڕزگاریخواز و ئیرادەی قایمی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

وە ئەوە کە کورد و ڕێبەرانی کۆمار لە لاوازیی دیکتاتۆریی حکوومەتی ئەوکاتی ئێران و هەلوومەرجی لەباری نێونەتەوەیی ئەو سەردەمە بۆ خێراترکردنی ڕەوتی دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە، ئەوە وشیاریی و توانایی و شمی سیاسیی بەهێزی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار دەسەلمێنێ.

ئافەرینیان پێدەڵێین و سەربەرزین بەوەی کە ڕێبوارانی ڕێگایانین.

هیچ نەتەوەیەک نیە شانازی بە مێژوو و دەسکەوتە نەتەوەییەکانیەوە نەکا.

ئێمەش هەر بەوجۆرە، ڕێگە بە کەس نادەین ئەو هەست و مافەمان لێ بستێنێ.

بۆ ئێمە، لەدایکبوونی کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی نەتەوەی کورددا و پێویستە هەموو ساڵێ دەسکەوتەکانی وەبیر بێنینەوە و ڕێزیان لێ بگرین:

بەڵێ، شانازی دەکەین بە بەفەرمیناسینی زمانی کورد و دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵی کورد. مافێک کە هەتا ئێستاش لە کۆماری ئیسلامیدا لە ڕۆڵەی کورد زەوت کراوە.

شانازی دەکەین بە پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هێمای بەرخۆدان و یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی پاراستنی هوییەتی نەتەوەیی کوردە.

سروشتیە سەربەرز بین بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

سەرنجڕاکیشە کە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر پرس و ئازادیی ژن لە بەرنامەی کاری کۆماری کوردستان دا بووە و هەوڵ بۆ دابینکردنی مافەکانی ژن دراوە.

بەڵێ شانازی دەکەین بە بوونی ئەو ئەمنییەت و ئازادییە دێموکراتیکانەی کە کۆمار لە ماوەی تەنیا ١١ مانگ دا لە کوردستان بۆ کورد و غەیرە کوردی دابین کردبوو.

حەقی خۆمانە بەچاوی ڕێز و تەحسینەوە ئاوڕ لەو هاوکاریی و هاوپێوەندییە گەرم و گوڕانە بدەینەوە کە بۆ ڕۆڵەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستان ڕەخسا بوو. حزووری بەرچاو و کاریگەریی بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستاندا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە.

ئێمە گرنگیی تەواوەو دەدەین بە پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دوو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان.

بەتایبەتی، تەعامولی دێموکراتیک و بەرپرسانەی ئەو دوو حکوومەتە دەتوانێ وەک نموونە و ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ داهاتووی ئێرانی فرەنەتەوە دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ.

بەکورتی، ئەوڕۆ دوای پتر لە حەوت دیە، خەڵکانی ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچە، بەداخەوە، بەدەست دیکتاتۆرییەوە دەناڵێنن و بۆ قوربانی دەدەن وەدیهێنانی ماف و ئازادییانەی کە کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەکساڵ لە کوردستان دابینی کردبوون!

ئاشکرایە، بووژانەوەی کەموێنەی بیر و هەستی نەتەوەیی، دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کورد و گەشەسەندنی کەسایەتی تاکی کورد، پێویستە وەک بەنرخ ترین و شوێندانەرترین دەسکەوتی کۆماری کوردستان لە مێشکی هەموو تاکێکی کورددا چاولێبکرێ و بپارێزرێ.

ئەو دەسکەوتەیە کە ئەڕۆش هەوێن و هاندەری ئێمەی کوردە بۆ بەردەوامبوون لە خەبات لەپێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ئازادی و مافی دیارکردنی چارەنووس وەک پیرۆزترین ئامانج و پەیامی کۆمار.

**بەڕێزان!**

لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا کە بەرەو تەوابوون دەڕوا، زۆر ڕووداوی گرینگ هاتوونە ئاراوە. بەڵام من دەمهەوێ لێرەدا تەنیا

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**ئاماژە بە دوو ڕووداو بکەم کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پرسی کوردەوە و ئێرانەوە هەبوو:**

**یەکەم؛** هێرشی نیزامی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە جێناکۆکیەکانی باشووری کوردستان و داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە کە بە پیلان و فەرماندەیی و ڕێنوێنی و بەشداریی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی سپای پاسدارانی ئێران بەڕێوەچوو.

لێرەدا ناچمە نێو لایەن و هۆکارەکانی ئەو ڕووداوەوە، بەڵکوو مەبەستم وەبیرهێنانەوەی سیاسەتی دوژمنکارانە و ڕۆڵی کاولکەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پرسی کورد دایە.

ڕووداوەکانی مانگی ئوکتوبری ٢٠١٧ی زایینی دیسانەوە و بۆ چەندەمین جار سەلماندیان کە حکوومەتی ئێران نەیار و دوژمنی سەرەکی ماف و ئازادی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا.

**کورد دەبێ دوو دەرسی گرنگ لەو ڕووداوە وەربگرێ:**

**یەکەم؛** کورد بەگشتی و لە هەر بەشێکی کوردستان و بە خۆشمانەوە، ئەگەر پشت بە کۆماری ئیسلامی ببەستێ، هەڵەیەکی گەورە و گران دەکا و بە تێچوویەکی قورس بۆی تەواو دەبێ.

**دووهەم؛** بیسەلمێنین کە دووبەرەکی و ناتەبایی نێوماڵی کورد ئەو هۆکارە سەرەکیەیە کە دەرگا و دەروازە بۆ دوژمن دەخاتە سەر پشت کە پیلان و پلانەکانی خۆی لە کوردستاندا بە سەرکەوتوویییەوە بەئەنجام بگەیەنێ!

هەر کەس و لایەنێک ئەو ڕاستیە نەبینێ، خۆی تەنیا لە نەهامەتییەکانی دووبەرەکی و لە ئاکامە کارەساتبارەکانی متمانەکردن بە ڕێژیمی ئێران بەرپرسە و نابێ گلەیی لە کەس بکا.

دووهەم ڕووداو، سەرهەڵدانی ئەو جمووجۆڵە ئیعترازیانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانە کە لە ٧ی بەفرەنباری ١٣٩٦ هەتاوی (٢٩ی دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی) لە ئێراندا هاتنە ئاراوە و بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراوەوە زۆربەی شارەکانی ئێرانیان گرتەوە.

ئەو ڕاپەڕینە سەرنجی بیروڕای گشتیی ناوچە و جیهانی بۆلای وەزعی تراژیک و شپرزەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

گەلانی ئێران لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ڕاکێشا.

**ڕاپەڕینی ئەوجارەی خەڵک دژی ڕێژیم زۆر جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو و گرنگی و مانای تایبەتی هەبوو و هەیە و جێگای هیوا و هومێدە:**

هەموو نیزامی کۆماری ئیسلامی کرایە ئامانج. دروشمەکانی خەڵک بەتەواوی دەریانخست کە گەلانی ئێران لە گەمەی دووبەرەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز (اصولگرا و اصلاح طلب) عبوریان کردوە و ساغبوونەوە.

جێگای سرنجە، خۆپیشاندەران ئەوجارە تەنانەت لە یەک شوێنیش داوای رفع حصری ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزیان نەهێنایە گۆڕێ کە دروشمێکی سەرەکی ئیسلاحتەڵەبانە!

خەڵکی ئێران بۆی دەرکەوتووە کە جیاوازی و ناتەباییەکانی نێوان دوو باڵی ڕێژیم نە لە سەر بەرژەوەندیی و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکە، بەڵکوو تەنیا لەسەر چۆنیەتی دابینکردن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی تاقمەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سیستمەکە دایە.

هەڵوێستی دووڕووانەی ئیسلاحتەڵەبەکان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکاندا، گومانی لە ڕاستبوونی ئەو بۆچوونەدا نەهێشتەوە.

بۆیە، خەڵک متمانەیان بە هیچکام لە باڵەکانی ڕێژیم نەماوە. دەزانن کە هەردوو باڵەکە کۆسپن لەسەر ڕێگای پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی سیاسی بە قازانجی خەڵک و هەردوولا کۆسپن بۆ ڕزگاربوون لە سەرکوت و دیکتاتوری و دزی و گەندەڵیی حکوومەتی.

ڕاپەڕینەکە حکوومەتی خراپ خافڵگیر کرد. قەت ئاوا بە بەربڵاوی و لێبڕاویەوە مەشرووعییەتی گشت سیستمەکە نەکەوتۆتە ژێر پرسیار، بۆیە ڕێژیم بریندار و توورەیە و وەک هەموو نیزامە دیکتاتۆرییەکانی مێژوو بە دڵنیاییەوە هەموو ئیمکانات و ماشێنی سەرکوتی خۆی بۆ دامرکاندن و سەرکوتی خەڵکی ناڕازی وەکار دەخا.

هیچ دوور نیە ڕێژیم بتوانێ بۆ ماوەیەک بەزۆر کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بێنێ، بەڵام گومانی تێدا دۆخەکە لەوە دەرچووە کە بتوانێ بۆ هەمیشە جووڵانەوەی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ئەوجارە سەرکوت بکا.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**هەر ئێستاش، لە شەڕ و ململانەی نێوان خەڵک و حکوومەتدا، لایەنی براوە خەڵکە! با سەرکەوتنەکە مقطعی و سەمبۆلیکیش بێ، چون:**

لە کاتێکدا ڕێژیم مەشرووعییەتی نەماوە و درزی گەورە کەوتۆتە نێو ڕیزەکانیەوە، خەڵک نیسبەتەن یەکپارچە و یەکگرتووە. ڕاپەڕینی ئەوجارە بەپێچەوانە بزووتنەوەی سەوز، لە تاران و چەند شوێنیک دا قەتیس نەمایەوە، هەموو وڵات تێیدا بەشدار بوو.

**خەڵک هەم ترسی شکاوە و هەم تابۆکانی شکاندوە.**

تەنانەت ئەگەر ئیعترازاتەکانی خەڵک بەشێوەی کاتی سەرکوتیش بکرێن، دەرچوونی خەڵک لە گەمەی ناپیرۆزی دووبەرەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز، دەسکەوتێکی گرینگ بۆ گەلانی ئێران و شکستێکی تاڵ بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی ماهیتا ئەو توانا و ئیرادە و زەرفییەتەی نیە دەنگی خەڵک ببیستێ، بەخۆیدا بچێتەوە، واز لە سەرکوت و دزی و گەندەڵی بێنێ، ویست و داخوازەکانی خەڵک بسەلمێنێ و بەقازانجی خەڵک ئاڵووگۆڕ لە سیاسەتەکانی خۆیدا دەست پێبکا.

**ڕێژیم ئەوجارەش وڵامی داخوازەکانی خەڵک بە سەرکوتی زیاتر دەداتەوە.**

بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین، جمووجۆڵە ئیعترازییەکان بە شێوەیەکی دیکە و توندتر و بەربڵاوتر لەو جارە سەرهەڵدەدەنەوە و زیاتر تەنگ بە کۆماری ئیسلامی هەڵدەچنن.

بەتایبەتی کە دەشبینین ئێستا کۆمەڵگایەکی مەدەنی وشیار و ئاگا و چاوکراوە لە کوردستان و ئێران شکڵی گرتووە و لە پەرەسەندنی بەردەوام دایە، ئاسۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران ڕوون تر دەنوێنێ.

**بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر بەوەندە ناڕووخێ.**

پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی خەڵک بەستراوەتەوە بە مانەوەی خەڵک بە یەکڕیزی، بە وەخەبەرهاتنی



سەرچاوە Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئۆپۆزسیونی ناوەندی و ڕێککەوتنی ئەحزابی سیاسی لە سەر پلاتفۆرمێکی دێموکراتیک و هاوبەش بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران بە مەبەستی سازدانی ئالترناتیڤێکی گشتگیر.

چاوەڕوانیی ئاڵووگۆڕی قووڵ لە ئێراندا دەکرێ و لەو پێوەندییەدا، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەو قۆناخەدا، ئێمە بۆ ئەوەی بە وەزنی شیاوی خۆمانەوە لەو پرۆسەیەدا بەشدار بین، کاریگەریمان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێ، بتوانین دەنگی خۆمان بە کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنین، ئامادەیی بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتە ئیحتمالیە نەخوازراوەکانمان هەبێ و ماف و ئازادی بۆ گەلەکەمان دەستەبەر بکەین، دەبێ بەرپرسانە هەنگاو بنێین، کۆتایی بەو پرشووبڵاوییەی ئێستامان بێنین و بە هێزی یەکگرتوو وەک کورد بکەوینە وتووێژ و دیالۆگەوە لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە.

هەوڵەکان بە مەبەستی یەکڕیزی و هاوکاری و بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادان. ئێمەش بە گەشبینییەوە دەڕوانینە هەوڵی حیزبەکانمان لەپێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویست و پیرۆزە دا و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاواد دەخوازین.

بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی

سڵاو لە خەڵکی کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان

سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانمان

سڵاو لە زیندانیە سیاسیەکان، ڕۆڵە بە هەڵوێست و خۆڕاگرەکانی گەل

بەردەوام بێ خەباتی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە پێناو وەدیهێنانی یەکجارەی ئامانجەکانی کوماری کوردستان دا

ئێوەش ساغ و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧١٧

## وتووێژی د. میرۆ عەلیار لەگەڵ گۆڤاری "شەقام"

### زامدار ئەحمەد

**شەقام:** لەدوای سوتانی هوتێل تارا لە مهاباد و دروست بوونی ئاریشە، لەنێوان هاوڵاتیان و کۆماری ئیسلامی ئێران، کاری سیاسی ئێوە چۆن دەبێت؟ گۆڕانکاری بەسەر بەرنامەی سیاسی ئێوەوە دەبێ؟ چۆن؟

**میرۆ عەلیار:** ڕووداوی سووتانی هوتێل تارا یەکەم کردەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد نەبوو کە تازە بووبێتە هۆی ئاریشە و کێشە لە نێوان هاووڵاتیانی کورد و کۆماری ئیسلامی دا. ڕێژیمی ئێران لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانیەوە دەستی کردووە بە سەرکوت و ئازاری خەڵکی کوردستان و ئەو سیاسەتە قەت نەبڕاوەتەوە. ئەو ڕووداوەی مهاباد درز و بێ متمانەیی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی تەنیا قووڵتر کردۆتەوە و ئێمەشی لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە دیکتاتورە شێلگیر تر کردووە, خەبات بە شێوەی جۆراوجۆر ئاوەها کە لەگەڵ بارودۆخی ئەوڕویی کوردستان و ناوچەدا بگونجێ.

**شەقام:** ئەم ئاریشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕویدا، بووە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران، لەبەرانبەر هاوڵاتیانی کورد؟

**میرۆ عەلیار:** دەسەڵاتدارانی ئێران سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن بەدژی هاووڵاتیانی کورد بەشێوەی سیستماتیک بەڕیوە دەبەن. ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکە ئەوە بێ کە ئەو ڕووداوە گۆڕانێک لە هەڵوێست و بیر و سیاسەتی حکوومەتی ئێران لە کوردستان پێک دینێ، بڕوا ناکەم. چۆن هەتا ئێستا سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە کە پێش بگرێ لە چارە سەری و بەرەو پێشچوونی پرسی کورد لە هەر چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە.

**شەقام:** لەمدواییەدا، پەیوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان باش نەبوو لەسەر ڕووداوەکەی کێلەشین، بەمەبەستی باش بوونی پەیوەندییەکە سێ کۆبوونەوە کراوە، باش بوونی پەیوەندییەکان بەکوێ گەیشت؟ لەسەر چی ڕێکدەکەون؟ تاچەند کوردان ئاگادار دەکەنەوە، کە جارێکی تر ڕووداوی لەم شێوەیە دروست نەبێتەوە؟ سەبارەت بە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی ئێوە، چی دەکرێ؟

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**میرۆ عەلیار**: سیاسەتی ح.د.ک.ئ. هەمیشە ئەوە بووە کە لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی دوولانە و خۆبواردن لە دەستتێوەردان لە کاروباری یەکتر، پێوەندیێکی ئاسایی و دۆستانەی لەگەڵ حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەک لەوان پ.ک.ک.، هەبێ و نزیکی و هاوکاری هێزە کوردستانیەکانی بە دروست و پێویست زانیوە. تەنانەت دوای ڕووداوەکەی ئەخیریش کە بەشایەتی هەموو لایەنەکان بەرپرسایەتیێکەی دەکەوێتە ئەستۆی پ.ک.ک.، ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان داوە کە نەهێڵین گرژی نێوانمان تەشەنە بکا و ئاڵۆزییەکە لەڕێگای سیاسیی و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێ.

کۆبوونەوەکان لە کەشووهەوایەکی ئەرێنی و لە تەفاهومدا بەڕێوە چوون. هەر دوو لایەن لەسەر ئەوە هاوڕاین کە کێشە و ناکۆکی نێوان ئەو دوو حیزبە تەنیا بە قازانجی دوژمنەکانمان تەواو دەبێ و پێویستە کۆتایی پێ بهێندرێ. بڕیارمان داوە بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی نێوانمان و چارەسەریی ئەو پرسە، درێژە بە چاوپێکەتنەکان بدەین.

شەهیدبوونی هاوڕێی پێشمەرگەی حیزب خەسارێکی گەورە و ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بوو. بەڵام دیارە مەرگی هاوڕێ قادر کەریمی بەتایبەتی لەو بارەشەوە زۆر ناخۆش و بەژان بوو، چون بەدەستی حیزبێکی کوردستانی شەهید کرا. هیواداریـن ڕێبەریی پ.ک.ک. لەو هەڵە گەورەیە دەرس وەربگرێ و ڕێگە نەدا ئەو کارە دووپات بێتەوە.

**شەقام**: یەکێک لەو خاڵانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەری ڕێککەوتوون، دەبێ ڕێگە لە پێشمەرگەکان نەگیرێ کە لەو سنوورانەدابن، بوونی پێشمەرگەی ئێوە چ پێویستیەکە بۆ ئێستا؟

**میرۆ عەلیار**: کۆماری ئیسلامی هەروا نکۆڵی لە پرسی کورد لە ئێراندا دەکا و نەک هەر ئامادە نیە دان بە سەرەتایی ترین مافە سیاسی و ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان دابێنێ، بەڵکوو سەرکوت و توندووتیژی و ئیعدامی لاوانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. لە وەها بارودۆخێکدا بوون و حوزووری پێشمەرگەی ح.د.ک.ئ. لە سەر سنوورەکان و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نزیکەوە، بۆتە پێداویستی. ح.د.ک.ئ. ناتوانێ بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بێ تەفاوەت بێ.

**شەقام**: یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی دێموکرات بە کوێ گەیشت؟ ڕووداوەکەی کێلەشین کاریگەری لەسەر، لەیەک نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵە دەبێت؟

**میرۆ عەلیار**: بە خۆشیەوە گرژی و ناخۆشیمان لەبەیندا نەماوە و پیوەندیەکانمان ئاسایی بوونەوەتەوە و لەسەر پرسە

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

گرینگەکان ئاڵووگۆڕی بیروبۆچوون دەکەین. بەبێ ڕووداى کێلەشین، چارەسەریی ئەو پرسەی نێوان ئێمە و ئەو هاوڕێیانە بۆتە پێداویستیی خێرای ئەوڕۆی جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕووداوەکەی کێلەشین ئەو پێداویستییەی تەنیا وەبیر هێناوینەوە کە بیکەینە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئێستامان.

**شەقام:** پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات لە چ ئاستێکدایە؟ پلانێکی یەکگرتووی نوێتان سەبارەت بە ئێران هەیە؟

**میرۆ عەلیار:** بە خۆشییەوە پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات زۆر باشە و لەسەر پرسە پێوەندارەکان بە کوردستان و ئێران ڕاوڕاوێژ بەردەوامە. بەڵام بەداخەوە پلانێکی هاوبەشمان بۆ خەبات دژی دیکتاتوریی ڕێژیمی ئێران نیە. لێکدابڕان و ئینشقاقەکانی نێو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کۆسپن لەسەر ڕێی خەباتی یەکگرتووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. پێداویستیی چارەسەریی ئەو کێشەیە کە لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەی پێکرا، لە وەزعی ئێستامانەوە سەرچاوە دەگرێ.

**شەقام:** سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران متسەفا هیجری، وتی چیتر بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان، چالاکییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەستێنین، ئەمە مانای چییە؟ هەروەها جارێکی تر ئێوە ئامادەی خەباتی چەکدارین؟

**میرۆ عەلیار:** مانای قسەی هاوڕێی سکرتێری گشتی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە بووژانەوە و پەرەسەندنی خەبات لە کوردستانی ئێران نەک هەر لەگەڵ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان ناتەبا نیە، بەڵکوو بەپێچەوانە، لازم و مەلزوومی یەکترن. هەتا جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهێزتر و بەربلاوتر بێ، ئەوەندە بە قازانجی هەرێمی کوردستانە.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ دابینکردنی مافە سیاسیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، و بەهێزبوونی جووڵانەوە و چارەسەریی پرسی کوردستانی ڕۆژهەڵات یارمەتی دەکا بە حەیات و سەقامگیریی دەسەڵاتی کورد لە کوردستانی باشوور. ئێمەش ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی باشوور بە سەرکەوتن بۆخۆمان دەزانین.
مەبەستی بەڕێز مستەفا هیجری ئەوەیە کە هەڵەیەکی ستراتێژیکیە ئەگەر وا بیر بکرێتەوە کە وەستان و بێدەنگیی جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستانی باشوور دایە. ئەو بۆچوونە زۆر راست و بەجێیە.
سیاسەتی ئێستای ح.د.ک.ئـ. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری نیە. ئامانجی حوزووری پێشمەرگە دەستەبەرکردنی تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی و تەبلیغی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. ئارەزوومان دەکرد کە لە ئێراندا یاسا و دێموکراسی

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

ئازادی چالاکی سیاسیی دەستەبەر کردبایە و بۆ ئەو مەبەستە پێویستیی بە چەک نەبایە. بەڵام ملهوڕیی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەت و ڕێگایەکی بۆ ئازادی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی نەهێشتۆتەوە.

**شەقام:** ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٦٥ ـەوە، تۆپۆزسیۆنی ئێران بووە، ئێوە تاچەند پەیوەندیان لەگەڵیان هەیە؟ ئەگەر پەیوەنیتان هەیە، لە چی ئاستێکدایە؟ بەرنامەی هاوبەشتان چییە؟ ئەگەر پەیوەندیشتان نییە، بۆچی؟ چونکە ئەوانیش ئۆپۆزسیۆنن.

**میرۆ عەلیار:** پێوەندیمان لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک نیە. ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێرانیش خوازیاری پێوەندیی دۆستانە لەسەر بنەمای ئەسڵی ڕێزگرتنی دوولایەنە و هاوکاریی سالم و دێموکراتیکین. بەڵام تێڕوانین و تێگەیشتنی موجاهیدینی خەڵک لە پێوەندی و هاوکاری، جۆرێکی دیکەیە!

**شەقام:** لە کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کونسوڵی ئێران تێیدا بەشداربوو، بەم بەشداریکردنە چ مانایەک دەدات؟ ئێوەی قسەتان لەسەر بابەتە چییە؟ هەڵوێستتان چی دەبێت؟

**میرۆ عەلیار:** لەو پیوەندییەدا هەواڵی جۆراوجۆر دەبیستری. حکوومەت و پارلمانی کوردستان بۆخۆیان دیاری دەکەن بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک دا لەگەڵ ڕێژیمەکانی دەورووبەر تەعامول بکەن. بەڵام پێویستە هەمیشە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێ کۆماری ئیسلامی سەلماندوویە کە نە دۆستی کوردە و نە بەنیسبەت کوردەوە نیازپاکە. ڕێژیمی ئێران بەردەوام هەوڵ دەدا کێشە و دووبەرەکی لەبەینی حیزبەکانی باشوور دا ساز بکا، لە عێڕاقدا حکوومەتی هەرێم لاواز و بێ ئیعتبار بکا و سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان بشێوێنێ.

ڕێژیمێک کە چووکترین مافی سیاسی و مەدەنی بۆ ١١ میلیون کوردی وڵاتەکەی خۆی بە ڕەوا نازانێ و چەوسانەوە و هەڵاواردن و زیندان و سێدارەی لە کوردستانی ئێران کردۆتە سیاسەتی ڕەسمی خۆی و باری یاسایی پێداوە، ناتوانێ بۆ کوردی بەشەکانی دیکە ببێتە دڵسۆز و هاوپەیمانێکی سادق و جێگای متمانا.

**حێزب و لایەنە سیاسیەکانی باشووڕ لەپێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران خاوەن ئەزموونن و دەزانن کە متمانا بە کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی قەرەبوونەکراوەیە و بەرژەوەندی ستراتیژیکی نەتەوەیی ناکەنە قوربانی لەپێناو هێندێک وردە بەرژەوەندی سیاسی و کاتی دا.**

لە گۆڤاری "شەقام" ژمارە ٢٧٧ وەرگیراوە - ڕێکەوتی" ٤ی جوولای ٢٠١٥

## کورد لە ستراتیژی رۆژئاوادا

**رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی رابردوو، سەرەتای هاتنەئارای سیستم یان نەزمێکی نوێ لە ناوچەی رۆژهەڵتی ناوەڕاست نیشان دەدەن.**

لە زۆر بواردا، قەوارەی سیستمی کۆنی ناوچە تێکچووە و هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام سیستمێکی نوێ ئێستا بیچمی نەگرتووە.

واتە گشتگر و "جهانشمول"ی دێموکراسی و مافی مرۆڤیش لە وڵاتەکاندا وەکوو یەک چاو لێناکەن و لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان دەیگونجێنن. بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەو چوار وڵاتە کەیفییەتی جیاوازی هەیە.

ئەزموونی چەند دەیەی رابردوو بە روونی دەری دەخات کە بێجگە لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، بەتایبەتی دوو فاکتور کارتێکەری بەکلاکەرەوە دەخەنە سەر تێڕوانینی بیروڕای گشتیی جیهانی و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە و رۆژئاوایی بەنیسبەت کورد و پرسی کورد:

گرنگیی ستراتیژیکی کوردستان لە بەرنگاربوونەوەی دیاردەی تێرۆریزم. خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و ئازایەتی و لەخۆبردوویی پێشمەرگە، گریلا و شەرڤانانی کورد بەدوای هێرشی "خەلافەتی ئیسلامی، بۆ سەر کوردستان، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پرێستیژ و رەوایی تایبەتی دا بە کورد و پرسی کورد رەهەندێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە. لەو شەڕەدا لە دژی تێرۆر، کورد وەکوو شەریک و هاوپەیمانێکی لێبڕاو و جێگای متمانا خۆی دەرخست.

لە بواری ئابوورییەوە، کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن سەرچاوەی بەربەرینی ئینرژییە.

کورد سەرەڕای دابەشبوونی بەسەر چوار وڵات دا و سەرەڕای ژمارەی زۆری حیزبە سیاسییەکانی و سەرەڕای پرشوبڵاوی هێزە سیاسییەکانی، لە خەباتی خۆیدا خاوەنی دروشمێکی هاوبەشی گرنگە: ویست و داخواز و ئامانجی سەرەکی خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان دا، خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە.

خەباتی ئازادیخوازانەی ئەوڕۆی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستاندا ئیدی وەکوو رابردوو بە سەر ئیدئولۆژی جۆراوجۆردا دابەش نابێ، بەڵکوو کورد بەگشتی لە سەر خەباتی نەتەوەیی، بەشێوەی جیاواز، ساغ بۆتەوە.

ئەو راستیە هەم سازان و رێککەوتن لە نێو ماڵی کوردی هاسان دەکاتەوە و هەمیش پرس و داخوازی کورد بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی لە جاران زیاتر روون و ئاشکرایە و ئەوە دەتوانێ دوستان و لایەنگرانی پرسی کورد لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و هەوڵەکانیان کاریگەرتر رێکبخا.

پرسی رزگاریی نەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هەوێنی یەکهەڵوێستی و ستراتیژیەکی نوێی کورد هێزە سیاسیەکانی کورد دەتوانن ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە بکەن بە دەسپێک و بناخەی داڕشتنی ستراتیژی و سیاسەتێکی نوێ، بە مەرجی هێنانەدی ئەو ئەرکانەی خوارەوە:

هەوڵی لێبڕاوانە بۆ سڕینەوەی پاشماوەکانی کاریگەریی کولتووری داگیرکەر و چەوسێنەرەکانمان لەنێو خۆماندا و جێگیرکردنی کولتوورێکی سالم، مودێرن و دێموکراتیکی سیاسی.

حیزبە سیاسیەکانی کورد، بۆ پەرەپێدان بە دێموکراسی هەم لە نێو ریزەکانی خۆیان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر، پێویستە لێبڕاوی و ئازایەتی زیاتر لە خۆیان بنوێنن.

خۆڕاهێنان و رەچاوکردنی ئوسووڵ و مناسباتی دێموکراتیک، نەک هەر کاریگەرترین ئامراز و دروست ترین رێگایە بۆ دابینکردنی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە نێوان هێزە سیاسیەکانماندا، بەڵکوو بەکارترین ئامرازە بۆ بەرگریکردن لە دەستێوەردانی نەیاران، پێشگرتن لە رادیکالیزم و ئاڵۆزی و دابینکردنی ئەمنییەت و تەبایی لە کۆمەڵگا دا.

کورتکردنەوەی دەستی رێژیمەکانی نەیاری کورد لە کوردستان.بەتایبەتی ئاواڵەبوونی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەستێوەردانی ئاشکرا و راستەوخۆ لە کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستان و ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکی نانەوە بە مەبەستی ناسەقامگیرکردنی کوردستان، دەسەڵات و سەروەریی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێر پرسیار و بۆتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ مەوجوودییەتی دەسەڵاتی کوردی.

وەسەریەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان و دامەزراندنی سوپایەکی حیرفەیی نیشتمانی لە هەرێمی

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

کوردستاندا، پێداویستیەکی حەیاتیە، هەم بۆ خەباتی نەتەوەیی و هەم بۆسەرکەوتن لە شەڕی دژی تیرۆریزم دا.
رەخساندنی دەرفەت و ئیمکانات بۆ پێکهاتن و پەرەسەندنی دامەزراوە دیموکراتیک و مەدەنیەکان.

گرنگی پێدان بە ئەمنییەت، ئازادی و پاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتە ئیتنیکی و مەزهەبییەکانی نیشتەجێ لە کوردستان.

دارشتنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان. رزگارکردنی ئابووریی کوردستان لە بەستراوەیی بە نەوت و خۆدەربازکردن لە ئابووریی یەکبەرهەمی و هاوکات بەرەنگاربوونەوەی لێبراوانە دژ بە گەندەڵی.
بردنەسەرێی ئیعتبار و کەسایەتیی سیاسیی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا و هەروەها بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئاسایش و داهاتووی پرسی کورد گرێدراوە بە هەنگاوهەڵگرتن و سەرکەوتن لەو خاڵانەی سەرەوەدا کە پێوەندی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە.

لە کۆتاییدا بەجێیە ئاماژە بە ئەزموونێکی مێژوویی و سەلماو بکرێت: بۆ خەباتی رزگاریخوازی لە دژی زۆرداری و داکۆکیکردن لە مان و مەوجوودییەتی گەلێکی چەوساوە، پارە و چەک باش پێویستن، بەڵام بەتەنیا و لە جێدا نابنە هێزێک کە دەستکەوتی سیاسیی گرینگ، ئازادی و سەرکەوتنی پێ وەدی بهێندرێ.

ئەوەی ئەورۆ پێویستە و دەبێتە هێزێکی کاریگەر، جوڵانەوەی رزگاریخواز دەکا بە فاکتورێکی سەربەخۆ و یەکلاکەرەوە لە هاوکێشە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دا، رەوایی و پشتیوانی نێونەتەوەیی وەدی دێنێ، دەتوانێ بەقازانجی جوڵانەوە کەڵکی دروست لە پارە و چەک وەربگرێ و سەرەنجام ئازادی و ئامانجی سیاسیی پێدابین و دەستەبەر دەکرێ، ئەوە مسۆگەرکردنی پشتیوانی خەڵکی خۆت، تەبایی و خەباتی یەکگرتووی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیکدا و بوونی هاوپەیمانە.

**کورد ئەو توانا و زەرفییەتەی هەیە ئازایانە بەخۆیدا بچێتەوە، پشت بە هێزی خۆی ببەستێ، دێموکراسی لەنێو خۆیدا پەرەپێبدا و بەوشێوەیە یارمەتی یەکلاکەرەوە بدا بە گۆڕانی تێروانین و هەڵوێستی بیروڕای گشتی و ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهانی بەقازانجی کورد و بە سەرکەوتن و داهاتووی خۆی هیوادار بێ.**

سەرچاوە: ژمارە ٣٧ی گۆڤاری تیشک - رێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## جووڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ

بەپێی پێناسەکردنی "سێسیل هێلمەن" Cecil Helman زانای ئەفریقایی باشوور، کولتوور، چاندیان فەرهەنگ "سیستمێکە لە ڕێسا و نەریت و عادەتگەلێک کە دەبێتە هەوێن و ڕێنوێن بۆ پێکەوەژیان و هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان". کولتوور ئەو شتانە لەخۆدەگرێ کە مرۆڤ دایاندەهێنێ و بەرهەمیان دێنێ.

بەبۆچوونی "ئێدوارد تەیلێر" Eward Tylor مرۆڤناس - کۆمەڵناسی بەناوبانگی بریتانیایی، کولتوور "کۆیەکی ئاڵۆزە لە زانست، باوەڕ، هونەر، یاسا، ئەخلاق، مەزهەب، هەڵسووکەوت و داب ونەریت و... کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکەی خۆی وەریدەگرێ و فێری دەبێ و فێر دەکرێ".

"ئالبێرت شوایتسەر" Albert Schweitzer پزشک، زانای دینی و فیلەسووفی ئالمانی - فەرانسەیی دەڵێ "دوائامانجی کولتوور بەکەماڵگەیاندنی ڕووح و ئەخلاقی تاکەکانە".

فەرهەنگ لەڕێگای فێرکردن و ڕاهێنانەوە لە بەرەیەکەوە (نسل) بۆ بەرەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە.

جێگای سەرنجە کە کولتوور و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی کولتوور هەتاهەتایی و نەگۆڕ نین و دەکرێ ئالووگۆڕیان بەسەردا بێ، واتە مرۆڤەکان دەتوانن کولتووری غاڵب بگۆڕن و لەپێناو گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکەیان لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی (چەلنج) سەردەم بیگونجێنن.

کولتووری سیاسی بە تێڕوانین و هەست و تێگەیشتن و بڕوای مرۆڤ بەرامبەر بە سیاسەت و دەسەڵات (حکوومەت) دەگوترێ، واتە دیتن و تێگەیشتن لە سیاسەت و چۆنیەتی پێوەندی نێوان خەڵک و حکوومەت.

کولتووری سیاسیباس لە تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگا لە بنەمای فیکری و ئوسووڵی کرداریی (قواعد رفتاری) سیستمی سیاسی دەکا.

کولتووری سیاسی ڕێنوێنە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و هەڵسووکەوتی سیاسی لە کۆمەڵگایەک دا.
سیاسەت بۆ مرۆڤ و بۆ ژیانە. کەوایە کاتێک باسی کولتووری سیاسی دەکرێ، مەبەست تەنیا شێوەی سیاسەتکردن و هەڵسووکەوتی سیاسی و چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی نیە. کولتوور مەفهوومێکی زۆر بەربەرینە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە: شێوەی پێکەوەژیان، پێکهەڵکردن و موراعاتی هاوڕێ و دەروجیران، ڕێزگرتن لە کەرامەت و کەسایەتی یەکتر، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە ڕەخنە و گلەیی، بەکارهێنانی زمان و ئەدەبییاتی شیاو، هەست بە لێپرسراوی کردن و وەخۆگرتنی بەرپرسایەتی (مسئولیت پذیری)، چۆنیەتی تێڕوانین لەپرسی ژنو هەڵسووکەوت لەگەڵ ژن، پاراستنی "حریم شخصی" خەڵک و خۆبواردن لە دەخالەتکردن لە ژیانی ئەم و ئەو، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی جیاواز، سەلماندن و ڕێزگرتن لە جیابیر و جیاوازی بەگشتی، پاراستنی ژینگە، پاراستنی پاک و خاوێنی ماڵ و شوێنە گشتییەکان، پاراستنی ئەموالی گشتی و زۆر شتی دیکە.

**لێرەدا مەبەست پێداویستیی کولتووری سیاسی دێموکراتیک لە جووڵانەوەکانی کورد دایە.**

کولتووری خەبات بەو مانایەیە کە کاتێک کەسێک پێ دەنێتە نێو شوێن و ژیانی شەخسی وسیاسیی خەباتگێڕیەوە، لە هەموو ئەو بوارانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، جیاوازی ببینێ. لەگەڵ کەش و هەوایەکی نوێی پڕ لە تێکۆشان و هیوا بەرەوڕوو بێ، خێرا هەست بکا پێی ناوەتە دنیایەکی دیکەوە. ئاڵوگۆڕ ببینێ و بە دیتنی ژیانی خەباتگێڕانە، ورە و هومێد بکەوێتە دڵیەوە و هیوای بە داهاتوو تێدا بەهێزتر بێ.

بەکورتی، کاتێک بیر دەکاتەوە و هەڵسەنگاندن دەکا لە بەینی ژیان لەژێر سێبەر و دەسەڵاتی داگیرکەر و ژیانی خەباتگێڕ لە ئازادی و سەربەستی دا، باوەڕ بێنێ کە بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە، دێنێ و هەڵدەگرێ هەزینەی بۆ بدا و فیداکاریی بۆبکا.

بەڵام ئەگەر هیچ گۆڕان و جیاوازییەکی هەست پێنەکرد و بگرە خراپتریشی بینی، تەمابڕاو دەبێ و هیوا و بڕوای بە خەباتیش لاواز دەبێ.

ئەو کەسانەش کە لەنێو خەباتەکە دان یان تازە دێنە نێو ڕیزی جووڵانەوە، ئەگەر گۆڕان و تەحەول ببینن، زیاتر ورە دەگرن و هیوایان بە خۆیان و بە خەباتەکەیان زیاتر دەبێ.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

کولتوور بنەما و ژێرخان و پێناسەیە. هەر بزاڤێکی سیاسی، هەر ئیدئولوژییەک و هەر نیزامێکی سیاسی بۆ جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی خۆی پێویستیی بە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە. هەر شۆڕشێک سەردەکەوێ و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، سەرەتا دنیایەک ئینرژی و هەزینە تەرخان دەکا کە کولتووری کۆمەڵگایەکە لە بەرژەوەندیی سیستەمەکەی خۆی دا بگۆڕێ و لەڕێگای ئەو کولتوورە نوێیەوە بناخەیەکی قایم و پتەو بۆ نیزامەکەی خۆی لە کۆمەڵگادا دابڕێژێ.

بەدروستی گوتراوە کە "ئەوەی دەیەوێ سیاسەت بگۆڕێ، دەبێ کولتوور بگۆڕێ"!

جووڵانەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردیش هەر بەوجۆرە پێویستیی بە کولتوورێکی سیاسی سەربەخۆ وتایبەت هەیە کە نوێنگە و نوێنەری بەها و بیروباوەڕە و ئامانجەکانی خەباتی ڕزگاریخواز بێ.

کولتووری خەباتی ڕزگاریخواز بەپێچەوانەی کولتووری داگیرکەر، دەبێ دێموکراتیک بێ و لە بەرامبەر کولتووری دواکەوتوو و نادێموکراتیکی دەسەڵاتی حاکم دا، ڕۆڵی کولتووری ئالترناتیڤ" (بەدیل) بگێڕێ.

بوونیکولتووری سیاسیی پێشکەوتنخوازی جیاواز لە کولتووری عەشیرەتی وکولتووری چەوسێنەر، بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد حەیاتی و چارەنووسسازە. کولتوورێک کە بتوانێ وڵامدەرەوەی ویست و زەروورەتەکانی ئەوڕۆی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بێ و گەشەی پێبدا و بەرەوپێشی بەرێ.

گرنگی کولتوور لەوەدایە کە هیچکات بێ لایەن نیە: یان نادێموکراتیکە و لە خزمەت بەردەوامیی سوڵتە و دەسەڵاتی چەوسێنەر دایە یان دێموکراتیکە و لە خزمەت بووژانەوە و خەباتی ڕزگاریخوازی چەوساوە دایە.

بە کولتووری نادێموکراتیکی چەوسێنەر خەباتی میللی- دێموکراتیکی چەوساوە گەشە ناستێنێ و سەرناکەوێ.

سنوورەکانی جیاوازیی کولتووری لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم دەبێ بەتەواوی بۆ جەماوەر و بیروڕای گشتی دیار و ئاشکرا بێ و بۆ خەڵک ببێ بە ئولگوو.

کۆمەڵگای نەتەوەی ڕاپەڕیو پێویستیی بە کولتووری بەدیل هەیە، کولتوورێک کە خەڵک و حاکمییەت لێکجیا دەکاتەوە و خەڵک و خەبات بەیەکەوە گرێدەدا.

بوونی کولتوورێکی پێشکەوتنخوازی جیاواز بەتایبەتی لەو بارەشەوە زۆر گرنگە کە پێش بە داسەپانی هێژمۆنی سیاسی و فەرهەنگی ڕێژیمی حاکم لەنێو نەتەوەی بندەست دا دەگرێ و دەبێتە بەربەستیکی قایم بۆ پەرەسەندنی "جامعەپذیری سیاسی" لە کۆمەڵگای کوردستان دا.

داگیرکەر هەموو هەوڵی خۆی دەدا سەرەتا لە ڕێگای کولتوورەوە گەلی بندەست لە ناخیدا داگیر و دەستەمۆ بکاو بەوجۆرە هێژمۆنی و سوڵتەی سیاسیی خۆی بەسەری گەلی ژێرستەمدا مسۆگەر دەکا.

نەتەوەی حاکم هەمیشە تێدەکۆشێ کولتوور وداب و نەریت و بەهاکانی خۆی بکا بە کولتوور و داب و نەریت و بەهای نەتەوەی بندەست.

ئەوکاتەی نەتەوەی چەوساوە کولتوور و بەهاکانی نەتەوەی چەوسێنەری وەخۆگرت و بردیە نێو ناخیەوە (ئینترنالیزەی کرد) و کردی بە بەشێک لە ناسنامەی خۆی، نەتەوەی ژێرستەم دەستەمۆ بووە و سوڵتەی سیاسیی داگیرکەری قەبووڵ کردووە. کاتێک نەتەوەی بندەست هێژمۆنی و سوڵتەی داگیرکەری وەخۆگرت، ئیدی کاری تەواوە و ئاسمیلە بووە.

کولتوور یەکێک لە کوژەرترین چەکەکانی داگیرکەرە کە گەیشتە نێو جووڵانەوەی سیاسی و بڵاوبۆوە، جووڵانەوەکە لە نێوخۆیدا دادەڕزێنێ و داماوی دەکا، هێز و ئەنگیزەی وەستانەوە و خەباتی لێدەستێنێ.

بۆیە، حیزبی سیاسی و جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بەبێ کولتووری سیاسی دێموکڕاتیکی ئالترناتیڤ، "آسیب پذیر"ن.

کاتێک حیزبی سیاسی و جووڵانەوە خاوەنی کولتووری ئالترناتیڤ نەبوو، ڕێگا بۆ نفووزی کولتووری زیانباری نەیار هەموار دەبێ و بەرگرەوەی بۆ نیە و خەباتگێڕ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، بەهاسانی کولتووری نەیارەکەی وەخۆدەگرێ.

کولتووری سیاسی دێموکراتیک زۆر لە کێشە وئالۆزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو خەباتی ڕزگاریخواز بنەبڕ دەکا، لانیکەم بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوە لە بەرامبەر ڕێژیمی حاکم دا:

چەکی هەرە کاریگەر بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەترسیی نفووزی کولتوور و داب و نەریتی دزێوی چەوسێنەر، بوونی کولتووری سیاسی دێموکڕاتیکە کە حوکمی "پادزهر"ی هەیە و سیستمی ئیمەنی - دیفاعی کۆمەڵگا و جووڵانەوە بەرامبەر بە نفووز و



سەرچاوە
Serchawe

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

پەرەسەندنی کولتووری دواکەوتوو و ئیستبدادیی دوژمن بەهێز و بیمە دەکا.

- کولتووری دێموکڕاتیک نفووزی وایروسی کولتووری چەوسێنەر تاڕادەیەکی بەرچاو پووچەڵ دەکاتەوە، کارێک کە بە دروشم و بڕیار و چەک ناکرێ.

- کولتووری دێموکڕاتیک گەشە دەدا بە سیاسەت (توسعه سیاسی)، مرۆڤی دێموکرات و سەربەست باردێنێ، ڕووحی "تولرانس" و یەکتروەخۆگرتن بەهێز دەکا.

بەبێ بڕوا بە دێموکراسی و کولتووری دێموکراتیک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن و زۆر پرسی گرنگی دیکەی نێو بزووتنەوە و کۆمەڵگا، بەرهەمی دڵخوازی لێناکەوێتەوە

- دیکتاتوریی حاکم بەر لەهەمووشتێک و زیاتر لە هەر چەک و هێزێک، لە یەکێتی و هێزی یەکگرتووی حیزبە کوردستانیەکان لەلایەک و هاوپێوەندی و هەواهەنگی و خەباتی هاوبەشی خەڵک و حیزبەکان لەلایەکی دیکەوە، دەترسێ.

لەلایەکی دیکەوە، ئاشکرایە کە تەنیاپابەندبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی و بوونی کولتووری دێموکراتیک خاوەنی زەرفییەتی دابینکردنی یەکێتی و یەکڕیزی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەنێو ڕیزەکانی جوولانەوەیە.

- پاوانخوازی و موتڵەگەرایی و "تمامیت خواهی" دوژمنی سەرەکی یەکگرتن و خەباتی هاوبەشن. کولتووری دێموکراتیک پاشەکشە دەکا بە پاوانخوازی و موتڵەقگەرایی و ڕێگا بۆ یەکێتی و خەباتی هاوبەش هەموار دەکا و بەتایبەتی یارمەتی دەدا بە جێگیربوونی ئەو بیروباوەڕە کە بەرژەوەندی جوولانەوە وەپێش بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی حیزبی وەپێش بەرژەوەندیی نایاسایی تاک و شەخسی بخرێ.

- کولتووری دێموکراتیک فاکتەرێکە کە دەتوانێ مەترسی شەڕی نێوخۆی کورد بە چەک، بڕەوێنێتەوە و زۆر لە کێشە و ناکۆکیەکانی دیکەی نێو خەباتی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە چارەسەر بکا.

- کولتووری ئالترناتیڤ دەتوانێ زۆر کار دژی داگیرکەر ئەنجام بدا کە بە چەک ناکرێ، هەروەک چۆن دوژمن لە ڕێگای کولتوورەوە زۆر کار بەدژی کورد دەکا کە بە چەک و سەرکوت پێی ناکرێ.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

- کولتووری نەتەوەیی - دێموکراتیکی بەهێز دەتوانێ بەرەنگاری سیاسەتی ئاسمیلەکردنی دوژمن بێتەوە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی "ئێتنوسید"ی داگیرکەر پووچەڵ بکاتەوە.

- بزووتنەوە، ئەگەر خاوەنی پێناسە و کولتووری دێموکراتیک بێ، پاشەکشەشی پێبکرێ، تووشی شکست نایە و زوو هەڵدەستێتەوە. چون لە ڕێگای کولتوورەوە بناخەی خەباتی قایم دارِشتوە و ژێرخانەکەی بەدەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە.

گەورەترین خاڵی لاوازی جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچە، بەهەندنەگرتنی ئەو پرسە یەکلاکەرەوە بووە و هەیە.

**دەبینین کە بەهۆی نەبوونی کولتووری سەربەخۆ و دێموکراتیک، جووڵانەوەکانی کورد کە تووشی پاشەکشە هاتبن، هەرەسیشیان هێناوە و بیست ساڵ و زیاتری خایاندوە هەتا جووڵانەوەیەکی دیکە سەریهەڵداوەتەوە و دیسان لە نووکەوە دەستی پێکردۆتەوە. ئەو دیاردە تراژیکە بەردوام دووپات بۆتەوە بەبێ ئەوەی دەرسی لێوەرگیرابێ!**

**لەپێوەندیی لەگەڵ پرسی کولتووری دێموکراتیک، ئەوڕۆ کێشەکە لە کوێیە و دەبێ چ بکەین؟**

کێشەکە لەوەدایە کە هیچ لایەنێکی کوردستانی بڕوای بە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی کولتوور لە خەباتی ڕزگاریخواز دا نەهێناوە و هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە نادا.

لە پەیمانی "سایکس - پیکۆ"وە هەتا ئەوڕۆ پتر لە سەت ساڵ تێدەپەڕێ، لەو ماوەیەداچەندین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەریانهەڵداوە، بەڵام ئێستا خاوەنی کولتوورێکی تایبەت و گونجاو لەگەڵ سروشتی خەباتی ڕزگاریخواز نین!

بۆئەوەی بتوانین ئاسەوارە نەرێنیەکانی کولتووری سیاسی مەوجوود بسڕینەوە و هەوڵ بۆ داهێنان و جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک بدەین، دەبێ سەرەتا بیسەلمێنین کە کولتووری سیاسیی ئێستامان نەخۆشە و ناتوانێ بەربگرێ بە نفووز و بڵاوبوونەوەی کولتووری داگیرکەر و داماوە لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکانی نێو جووڵانەوە.

**ئەوە کە دوای سەت ساڵ، خەباتی کورد نەیتوانیوە کولتوورێکی تایبەت بەخۆی بێنێتە ئاراوە و بکرێ نێوی کولتووری جووڵانەوەی لەسەر دابنرێ، ڕەنگە بۆ چەند فاکتەر بگەڕێتەوە:**

- گەشەنەسەندنی سیاسەت وەک زانست بەشێوەی پێویست. گرنگینەدان بە پرسە سیاسی و نەزەرییەکان کە ئەوەش بۆتە

**کۆسپی مودێڕنیزەکرانی خەباتی ڕزگاریخواز.**

**لە کاتێکدا حکوومەتەکان سیاست و مێتۆدی چەوسانەوە و سەرکوتی جووڵانەوەی کوردیان تەواو مودێڕنیزە کردوە و بەمەبەستی پاشەکشەپێکردن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، لە هەموو زانست و تێکنولوژی سەردەم کەڵک وەردەگرن، خەباتی حیزبەکانی کورد ئاڵووگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و ئێستاش دوای ئە هەموو ناکامییە، هەروا بەشێوەی سوننەتی بەڕێوەدەچێ!**

**- نەبوونی سوننەتی پێداچوونەوە و خەسارناسی لەنێو جووڵانەوەکانی کورد دا.**

**- کورد لە گەمارۆ و لەژێر سەیتەرە و کارگەریی سێ کولتووری نادێموکراتیک دا ڕزگاریی نەبووە:**

**١- پاشماوەکانی کولتووری عەشیرەیی کۆمەڵگای کوردستان.**
**٢- کولتووری ئیدئولوژیک و ئیستبدادتەوەری کۆماری ئیسلامی.**
**٣- پاشماوەکانی کولتووری چەپی ئیدئولوژیک و تەمەرکوزگەرا.**

**ئەو سێ کولتوورە لەگەڵ ئەوەی خاوەن و سەرچاوەکەیان جیاوازە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە کە جووڵانەوەکانی کوردیان نەخۆش و بێتاقەت کردووە.دەمارگرژی، پاوانخوازی، توتالیتێربوون، موتڵەقگەرایی و تەمەرکوزگەرایی لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو کولتوورانەن کە بەتەواوی لەگەڵ ڕووح و سروشت و ئامانجی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز ناتەبان.**

**هیچکام لەو کولتوورانە ماهییەتەن توانا و زەرفییەتی قەبووڵکردنی جیاوازی و پلووڕالیزمیان نیە، جیاوازیی بیروڕا بە تاوان و دوژمنایەتی دەزانن، توانا و قابلییەتی ڕێکەوتن و یەکگرتن و خەباتی هاوبەشیان نیە و لە دنیا و ئاواتی سیستمی تاکحیزبی دا دەژین.**

**بەتایبەتی دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە پەروەردە و پێکهاتەی فکری و تەشکیلاتی زۆربەیحیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات کۆپیکراوی پەروەردە و جهانبینی و ساختاری تەشکیلاتیی حیزبە ئیدئولوژیەکانی نەتەوەی حاکمن.**

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشان و مانەوەی چەندین ساڵەی حیزبەکانمان لەژێر سەیتەرە و هێژمۆنی فیکری و سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبە چەپ و ئیدئولوژیەکانی فارس دا کە ئاسەوار و کاریگەریی قووڵی لەسەر بیروباوەڕ و سیاسەتی حیزبە کوردستانیەکان بەجێ هێشتوە و بۆتە بەشێک لە کولتووری سیاسیی ئەو حیزبانە لە نێوخۆیان و بەرامبەر بە دەرەوەی خۆیان.

ساڵیانێکی دوورودرێژ خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گرێدراوی خەباتی سەراسەری بووە و کاری سیاسی لە کوردستان وەک تابعێک لە بەرنامە و شێوەخەباتی سەراسەری ئێران سەیر کراوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە مەوقعییەتی سیاسی - حقوقی و ئەساسەن خەباتی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی، ماهییەتەن جیاوازی هەیە لەگەڵ پێگەی سیاسی - حقوقی گەلی کوردی ژێرستەم و خەباتەکەی بۆ ماف و ئازادی.

ئەگەرچی حیزبە کوردستانیەکان لە ژێر چەتری تەشکیلاتی حیزبە چەپە ئیدئولوژیکیەکان دا نەماون، بەڵام بیروباوەڕ و شێوەکار و کولتووری سیاسیان بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەروا قورسایی دەکا.

پەروەردە و تێگەیشتنی ئەو ڕێکخراوە ئیدئولوژیکیانە لە خەبات و حیزبایەتی، بەتەواوی لەگەڵ ڕووح و فەلسەفەی خەباتی نەتەوەیی ناتەبایە و ئەو فەرهەنگە سیاسییەی کە لەو پەروەردەیە کەوتۆتەوە، زیانی زۆری بە ژیانی سیاسیی حیزبە کوردستانیەکان و پێوەندی و هەڵسووکەتیان لەگەڵ یەکترگەیاندوە.

سەیتەرە و زاڵبوونی ئیدئولوژی و کولتووری سیاسیی حیزبە چەپە ئیدئولوژیکییەکانی فارس بەسەر جووڵانەوەی حیزبە کوردستانییەکان دا، دەبێ وەک سەرچاوە و دایکی زۆربەی کێشە و ناتەبایی و کەمووکووڕییەکان سەیر بکرێ: هەم لەنێوخۆی حیزبەکاندا، هەم لە پێوەندییەکانیان دا لەگەڵ یەکتر.

لە کۆتایی دا دەمەوێ لەسەر ئەوە پێداگرم کە کێشەی ئێمە لەنێو جووڵانەوەدا سیاسی نیە، بەڵکوو کولتووری سیاسییە! بۆئەوەی لایەنێکی ئەو بۆچوونە ڕوون بکەمەوە،

**بەکورتی ئاماژە دەکەم بە پرسی یەکگرتن و یەکگرتنەوە کە ئەوڕۆژانە لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەگەرمە هاتۆتەوە بەرباس.**

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**یەکەم؛** دەبینین کە لەجیاتی هێنانەوەی ئیستدلال و پێشنیاری سیاسی بەکەڵک بە زمانێکی شیاو، کەسانێک بە ناحەزترین و ناشیرین ترین وشە و ئەدەبییات "هەڵوێست" دەگرن و هێرش دەکەنە سەر لایەنی بەرامبەر و ناویشی دەنرێ سیاسەت و داکۆکی لە بیروبۆچوون و سیاسەتی ڕێکخراوەیی!!

مرۆڤی سیاسی ئەگەرچووکترین باوەڕی بە جیاوازی هەبێ و دڵی بۆ یەکڕیزیی کورد لێبدا، خۆی بە حەقیقەتی موتڵەق نازانێ و لە قالبی مامۆستای ئەخلاق و سیاسەت دا مافی جیاوازبیرکردنەوە بۆ لایەنەکانی دیکە پێشێل ناکا و لەگەڵ بەرامبەرەکەی بە زمان و ئەدەبییاتێک دەدوێ و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ کە شیاوی مرۆڤێکی سیاسی بێ. پاشان، ئەوە چ ڕێکخراوەیەکی سیاسیە کە دڵی بەو شێوە تەبلیغ و دیفاعە خۆشە و بۆ سەلماندنی سیاسەتی خۆی پێویستیی بە جنێو و سووکایەتیکردن بەم و بەو هەیە؟

ئاخر ئەوە چ شانازی و هونەرێکی تێدایە کە ئەگەر کەس نەبوو، من هەبم؟!هێز و ئیعتبار و بوونی خۆم لە لاوازی و نەمانی خەڵکی دیکەدا بەدی بکەم؟!

سەیر ئەوەیە کە کابرا بەنێوی دڵسۆزی بۆ یەکێتی و یەکگرتن، بێڕێزی بە عەرز و ئاسمان دەکا و لە هەمانکاتە ئیراد و ڕەخنە لە پرشووبڵاوی و دووبەرەکی دەگرێ! ڕێککەوین و یەکگرتن و خەباتی هاوبەش کولتووری خۆی گەرەکە.

یەکێتی و یەکگرتنبە جنێو و بێڕێزیکردن پێکنایە. ئەو کردەوانە پێش بە پێکهاتنی فەزای تەفاهوم دەگرن و کێشە و دووبەرەکیەکانقووڵتر دەکەنەوە.

بەداخەوەبەنێوی "ئازادی بەیان" زمانی زبر ولاتاو و بێحورمەتی بە جیابیرانبۆتە دیاردە و کراوە بە بەشێک لە ململانە و خەباتی سیاسی! ئایا ئەوە چەوتتێگەیشتن و کەڵکی خراپوەرگرتن لە ئازادی نیە؟

ئەو دیاردە ناشیاوە پێوەندێکی بە ئازادی بیروڕادەربڕین و کولتووری دێموکراتیک و نەتەوەییەوە هەیە و خزمەتێک بە تەبایی نێوماڵی کورد دەکا؟

بەپێچەوانە، ئەو دیاردەیە دۆخەکە دەشێوێنێ و فەزای سیاسی کوردستان مەسمووم دەکا و لە فەزای سیاسی موسموومدا، سیاسەت و تێکۆشەری سیاسی نەخۆش دەکەون و لە ڕەسالەتی سیاسی خۆیان دوور دەکەونەوە. کێ قازانج دەکا؟!

ئەو کارە ناشیاوە ئەوەندە پەرەی سەندوە کە ڕێژیم لە ڕێگای بەکرێگیراونی خۆیەوە دەتوانێ بەهاسانی و لەسەر چووکترین شت پێکمانهەڵپڕژێنێ و تووشی شەڕەجنێومان بکا!

**دووهەم؛** لە هەموو هەڵوێست و "کامێنت"ەکاندا تاکەکانی نێو حیزبەکان(کورسیپەرستان، بەرژەوەندیخوازان... بە بەرپرسی پڕشووبڵاوی و یەکنەگرتنەوە و کۆسپی یەکگرتن بەگشتی دادەنرێن.

دایبنێین کە کورسیپەرستی و تەماحی وەدەستهێنانی پلە و پایە و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکگرتن و یەکگرتنەوە لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی، ڕاست بێ و دەور بگێڕێ. بەڵام مەگەر هەموو ئەوانە بۆخۆیان بەرهەمی نەبوونی کولتووری دێموکراتیک نین؟!

بەگشتی، سنووردارکردنی ئەو پرسە گرنگە بە کورسیپەرستی و دەسەڵاتخوازی چەند کەس، هاسانکردنەوەی مەسەلەکەیە بۆخۆمان. گەڕان لە تاوانبار لەنێو تاکەکان دا لە ئەسڵی مەتڵەب و هۆکاری سەرەکی دیاردەیدووبەرەکی و یەکنەگرتن لاماندەدا.

ئەگەر خاوەنەکانی کورسی و دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی تەنیا هۆکارن بۆ یەکنەگرتنەوە و پێکنەهاتن و درێژەی پڕشووبڵاوی، ئەی ئەو کەسانەی کە نە پلەوپایە و کورسیان هەیە و نەدەسەڵاتێکیان بەدەستە، بەڵامتوندتر و "چالاک"تر لە "کورسیپەرستەکان" لە ئاڵۆزی و دووبەرەکینانەوە دا بەشدارن، لەسەر چووکترین مەسەلە دەستدەکەن بە جنێو و سووکایەتیکردن بەملاو و بەولا و لەگەڵ هەر لێکنزیکبوونەیەک دێنە سەرخەت و فەزاکە مەسموم دەکەنەوە، بەچی تەوزیح دەدرێ و وڵام دەدرێتەوە؟ ئەو کەسانە بۆ کورسی و دەسەڵاتی کێ دژایەتی تەفاهوم و یەکگرتن دەکەن؟!

هۆکاری نەحاوانە و نەبڕانەوەی دووبەرەکی، یەکنەگرتن و پێکنەهاتنی کۆبەندی و هاوکاریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو کولتووره سیاسیە سەقەت و گەشەنەسەندوەیە کە بەهۆی سروشتی نادێموکراتیک و توتالیتێری، دوورخەرەوەیە و زەرفییەتی قەبووڵکردنی جیاوازی و پلوورالیزمی نیە، بڕوای بە دێموکراسیو یەکێتی و یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش لاوازە، پاوانخواز و تەمەرکوزگەرایە و دابەشکردنی دەسەڵات و سەڵاحییەت ناسەلمێنێ.

لەبەر ڕووناکایی ئەو تێگەیشن و لێکدانەوەی سەرەوە، نووسەری ئەو دێڕانە لەمێژە هاتۆتە سەر ئەو بڕوا و قەناعەتە کە کێشەی گەورەی ئەوڕۆی جووڵانەوەی میللی - دێموکراتیکی کورد، هەژاریی کولتووری سیاسیە و خەبات و تێکۆشان بۆ

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

دابینکردنی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک، لانیکەم بەقەت شێوەکانی دیکەی خەبات بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز پێویستە.

چون، ئەگەر بەوردی لە مانا و کاریگەریی کولتوور وردبینەوە، دەیسەلمێنین کە سەرچاوە و ماکەی بەشی هەرەزۆری کێشە و نەخۆشییە سیاسیەکانی نێو جووڵانەوەی کورد، نەبوونی کولتووری دێموکراتیک و زاڵبوونی کولتوورێکی نادێموکراتیکە کە نەک هەر هیچ سازگاری و هاوبەشییەکی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخواز نیە، بەڵکوو بۆتە کۆسپی سەرەکی بۆ گەشەسندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی.

هیوادارم ئەو کەسانەی لەو پێوەندییەدا لەگەڵم هاوبیرن، بۆ هێنانەبەرباس (پروبلێماتیزەکردن) و دەوڵەمەندکردنی ئەو پرسە بە تێبینیە بەنرخەکانیان، یارمەتیدەر بن.

تێبینی: سەبارەت بە تایبەتمەندی و خەسارەکانی کولتووری ئیدئولوژیک بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، لە وتاری "هەڵسەنگاندن و خەسارناسێکی خێرای خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و پێداویستییەکانی" بەدرێژە باس کراوە. لینکەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا: ڕێکەوتی: ٩ و ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## هەڵسەنگاندن و خەسارناسێکی خێرای خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و پێداویستییەکانی

سەرەتا پیویستە ئاماژە بکرێ کە ئەو نووسراوەیە باسێکی گشتییە لەسەر خەباتی کورد بەگشتی و پێوەندیی تایبەتی بە حیزبێک یان بەشێکی کوردستانەوە نیە. هەروەها، نووسەری ئەو دێڕانە ئیدیعای خەسارناسی تەواو و بێ کەموکووڕی شۆڕشەکانی کوردی نیە، چون بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گرووپێک لە شارەزایانی سیاسی، کۆمەڵناس، مێژووناس، نیزامیکار و تێکۆشەرانێک کە ساڵانێکی دوورودرێژ چالاکانە لە بزووتنەوەی بەشێکی کوردستان دا بەشدار بوون و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خەباتیان بە چاوی خۆیان دیوە و تەجرەبەیان کردووە، پێکبهێندرێ و بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گرینگەیان پێبسپێردرێ.

ئەورۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد کە لەهەر چوار بەشی کوردستان لەئارا دایە، بە قۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. لەلایەکەوە هەل و دەرفەتی گونجاو بۆ کورد ڕەخساوە و لەلایەکی دیکەوە هەڕەشە و مەترسیەکانیش لەسەری زۆرتر و ئاڵۆز تر بوون.

کورد بەشی زۆری بەخۆیەتی کە چۆن ئەوەندەی بکرێ مەترسی و هەڕەشەکان لەسەر خۆی بڕەوێنێتەوە و چەندە بتوانێ ئەو دەرفەتانە بقۆزێتەوە، کەڵکیان لێوەرگرێ و بیانکا بە دەسکەوت بۆ گەلەکەمان.

لەئارادابوونی خەبات و تێکۆشان لە هەموو بەشەکانی کوردستان تەنیا باری ئەرێنی نیە، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی بارووددۆخی جوغرافیایی - سیاسی کوردستان، کۆمەڵێک ئاڵۆزی و کێشەشی لێکەوتۆتەوە!

بۆیە ئێستا گونجاوترین کاتە کە خەسارناسێکی واقعبینانەی خەباتەکانی ڕابردوو و ئێستامان بکرێ، چەند پرسی گرنگی ناڕوون بخرێنە بەرباس، پێداویستتیەکان بناسین و خۆمان بەهێز و ئامادە بکەین.

تەنیا لەبەر رووناکایی دیتنی کەموکووڕییەکان دەتوانین هەست بە پێداویستی و پێویستیەکانی خەبات بکەین و بۆ دابینکردنیان هەوڵ بدەین.



سەرچاوە Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

مەبەستی نووسەر لە نووسینی ئەو بابەتە، وروژاندنی پرسێکە کە لێوردبوونەوە و شیکردنەوەی لە بەرژەوەندی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دایە. ئەگەر خەباتگێڕان و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد بە دەربڕینی بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو پرسە، باسەکە دەوڵەمەند تر بکەن، ئامانجی نووسەر وەدیهاتوە.

سەرەتا ئاماژەکردن بە چەند پرس کە ڕوونکردنەوەیان پێویستە. چون شینەکردنەوە و ڕوون نەبوونی هێندێک چەمک و پرسی سیاسی، دەبێتە هۆی بە لاڕێداچوونی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد:

## خەباتی نەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی

خەباتی نەتەوەیی، وەک لە نێوەکەیڕا دیارە، خەباتی نەتەوەیەکی چەوساوە و بێبەشە بۆ ماف و ئازادی و ڕزگاری لە ژێردەستی. خەباتی نەتەوەیی یانی تێکۆشان بۆ دابینکردنی ماف و ئازدی هەموو چین و توێژ و حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی مەزهەبی، ئیتنیکی، سینفی، بیروباوەڕی سیاسی.

خەباتی نەتەوەیی جیاوازی جەوهەری و بنەڕەتی هەیە لەگەڵ خەباتی ئیدئولوژیکی، خەباتی فیرقەیی، خەباتی ڕێکخراوەیەکی سینفی یان تەنانەت جووڵانەوەیەکی دێموکراسیخوازی. خەباتی نەتەوەیی خەبات بۆ چینێک یان مەزهەبێک یان سینفێکی تایبەتی نیە.

لە تایبەتمەندییە سرنجڕاکێشەکانی خەباتی نەتەوەیی ئەوەیە کە هەموو لایەنانەکانی گەلی ڕاپەڕیو هەزینەی خەباتی نەتەوەیی دەدەن، تەنانەت ئەگەر کاریشیان بە خەبات نەبێ!

ئەگەر ئەو راستیە ببینین، دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە خەباتی نەتەوەیی خەباتی تاقە حیزبێک، تاقە مەزهەبێک یان تاقە لایەنێک نیە، دەبێ هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن و خەباتەکە تەنیا بە بەشداری هەموان و بە خەباتی یەکگرتووی هەموو ڕێکخراوە چالاکەکانی نێو ریزەکانی خەبات، سەردەکەوێ.

ئێستا ئەو یەکگرتوویە بۆ وەدی نەهاتوە وکێ و بۆچی نایکا، شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.

حیزبێکی خەباتگێڕ و خاوەن پێگە و نفووزی کوردستانی بە وەخۆگرتنی تێچوویەکی قورس بەتەنیا دەتوانێ هەستی

کوردایەتی و خۆڕاگری خەڵک زیندوو ڕاگرێ، ئیقتداری حکوومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، هیوا و وورەی خەڵک بەهێز بکا و ترس لە ڕێژیم بشکێنێ، ئاڵای خەبات شکاوە ڕاگرێ، بەرگری لە دارمانی داخوازە نەتەییەکان بکا، پاشەکشە بە ڕەخنەگران (منتقدین) بکا، بۆ ماوەیەک حاکمییەتی دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستان بە "چەلنج" بکێشێ و تەنانەت ڕێژیم ناچار بە دانی هێندێک ئیمتیازی سیاسی و کولتووری بکا.

بەڵام مێژووی خەباتەکانی کورد لە هەر چوار پارچە بێ ئەملا و ئەولا دەری دەخا کە حیزبێک، هەرچەندی لە باری نیزامییەوە بەهێزیش بێ، بەتەنیا ناتوانێ خەبات بە ئاکام بگەیەنێ و ماف و ئازادیی یەکجاری بۆ گەلەکەی دابین بکا. چون خەباتی نەتەوەیی یاسامەندی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەچاوکردنی ئەو یاسامەندییانە سەرکەوتنەکەی دەستەبەر دەکا.

## پرسی قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز لە خەباتی نەتەوەیی دا

بۆ کەمکردنەوەی تێچووی خەبات، ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارە گرینگی تایبەتی هەیە.

خەباتی نەتەوەی کوردی ژێرستەم، بێبەش و دابەشکراو ئاشکرایە لە باری چەک و چۆڵ و کەرەستەی مودێرنی نیزامی و هەواڵدەری، ئیمکاناتی ماڵی - لوجستیکی و مەوقعییەتی نیزامییەوە بەگشتی، زۆر لە حکوومەتە داگیرکەرەکان لاواز ترە.

باشە خەباتێکی ئاوا نابەرابەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نابەرابەرییە، چ ئیمکاناتێکی لەبەردەست دایە؟ خۆ ئەگەر لە مێژوو دا مرۆڤی ئازادیخواز لە باڵادەستیی دوژمنی چەوسێنەر ترسابا و پرینگابایەوە، خەباتی ڕزگاریخواز و بەربەرەکانێی مرۆڤەکان دژی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە سەری هەڵنەدەدا و چەوسێنەر، چەوسێنەر دەمایەوە و چارەنووسی چەوساوەکانیش گۆڕانی بەسەردا نەدەهات!

ئەزموونی شۆڕشەکانی کورد و گەلانی ئازادیخوازی دیکە دەیسەلمێنن کە زۆرداران لەشکاننەهاتوو نین و کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە دەتوانن نابەرابەریی هێزی خەباتکار بەرامبەر بە هێزی پۆشتە و بەئیمکانی دوژمن، قەرەبوو بکەنەوە.

**لەوپێوەندییەدا، ناسین و وەدیهێنانی بەتایبەتی چوار فاکتەری قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز، بۆ سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز، چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەیە:**

١- ئیرادە و بیروباوەڕی قایم بە ئازادی و بە خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی.
٢- بەشداریی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک لە جووڵانەوەدا. خەڵک خۆیان بە خاوەنی خەباتەکە بزانن.
٣- هاوکاریی و تێکۆشانی یەکگرتوویی هێزەکانی نێو جەرگەی خەباتی نەتەوەیی.
٤- دەروەستبوون بە ئوسووڵ و پێوەرە دێموکراتیکەکان. تەنیا پابەندبوون بە ئوسووڵی دێموکراسی دەتوانێ یەکێتی دڵخوازانە دابین بکا، هاوخەباتی بپارێزێ و بەردەوامبوونی دەستەبەر بکا.
خەباتی نەتەوەیی گەلێکی بندەست بەبێ دابینکردنی ئەو چوار فاکتۆرە سەرەکیە، سەرکەوتنی ئاستەمە.

خەباتی نەوەیی لە وڵاتێک کە ڕێژیمەکەی دیکتاتورییە و ئامادە نیە تەنانەت سەرەتایی ترین مافەکانی گەلی مافخواز بسەلمێنێ و هیوایەکیش بە وتووێژی جیدی و چارەسەرێکی سیاسی بەدی ناکرێ، هێزی یەکگرتووی هەموولایەنەکانی بەشدار دەخوازێ.

ڕێژیمە دیکتاتوریەکان ئەگەر هێزێکی واقعی لەبەرامبەر خۆیاندا ببینن و هەست بە مەترسی بکەن، ئەوکاتە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان پاشەکشە دەکەن. بەڵام ئەو فشار و مەترسییە دەتوانێ بە هێزی کگرتووی هەمووڵایەنەکان و پشتیوانیی کۆمەڵگا دروست بێ.

### "خەبات دێموکراسی هەڵناگرێ" !

بەپێی هێندێک بۆچوون، بەڕێوەبردن و پاراستنی پێوەرەکانی دێموکراسی لەکاتی خەبات و بەتایبەتی لە خەباتی چەکداریدا، مومکین نیە و خەباتی چەکداریی دێموکراسی هەڵناگرێ. ئەو لێکدانەوەیە ڕاست نیە، چون لەگەڵ سروشت و بەرژەوەندی خەباتی نەتەوەیی بەتەواوی ناتەبایە.

**ئەو بۆچوونە مرۆڤ وەبیر قسەیەکی "ئەلێخاندرۆ خودوروفسکی" نووسەر و نمایشنامە نووسی ئیسپانیایی دەخاتەوە کە دەڵێ: "ئەو باڵندانەی لە قەفەسدا چاو دەکەنەوە، فڕین بە نەخۆشی دەزانن!**

کورد لە دیکتاتوری دا لەدایک بووە، بە چەوسانەوە و بندەستی ڕاهاتوە، دەرفەتی تاقیکردنەوەی دێموکراسی پێنەدراوە، بۆیە ئەگەرچی باسی دێموکراسی دەکا، بەڵام لە ناخیدا دێموکراسی بۆخۆی بە زیان و هەڕەشە دەزانێ! قسەکەی "خودوروفسکی" ڕاستە!



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

دەور و پێداویستیی دیموکراسی هەتا ئێستا لە خەباتی ڕزگاریخواز دا هەست پێنەکراوە. بۆیە دیموکراسی لە خەباتی کورد دا ئێستا سنووری قسە و ئیدیعای تێنەپەڕاندوە و نەبۆتە باوەڕ. دەنا خەباتێکی ڕزگاریخواز بۆ سەربەستی و مافی دیاریکردنی چارەنووس ناتوانێ لەگەڵ ئوسووڵی دیموکراسی ناتەبا بێ. ئەگەر لەگەڵ دیموکراسی کەوتە ناتەباییەوە، خەباتی ڕزگاریخواز نیە و ئازادی بۆ گەلی چەوساوەی لێناکەوێتەوە!

بێگومان هۆکارێکی سەرەکی دیکەی دروستبوونی ئەو بۆچوونە سەرچاوەدەگرێ لە لێکدان و لێکجیانەکردنەوەی دوو بەشی سیاسی و نیزامی لە خەباتی کورد دا.

سیاسەت و ئومووری نیزامی دوو حەوزەی بەتەواوی جیاوازن بە یاسامەندیی، مەنتق، ئەرک، سروشت و ڕەسالەتی جیاوازەوە. لێکدانی سنووری نێوان حەوزەی سیاسی و حەوزەی نیزامی دەبێتە هۆی میلیتاریزەبوونی سیاسەت و تێگەیشتن و تێڕوانین لە سیاست و خەبات. واتە زاڵبوونی بیر و مەنتقی نیزامی بەسەر بەشی سیاسی دا.

ئەگەر لەشەڕدابوون و دیموکراسی پێکناکۆک بایەن، دەبوا وڵاتانی دیموکراتیک کە تووشی شەڕ دێن، دیموکراسییان لە وڵاتانی خۆیاندا تەعتیل کردبایە!

ڕەچاوکردنی پێوەرکانی دیموکراسی لە هیچ شوێنێک هاسان نیە و تاقەت و بوێری زۆری گەرەکە. بەگشتی، دەسەڵاتبەدەست کەیفی بە ڕێزگرتن لە ئوسووڵی دیموکڕاسی نایە، بەڵام بۆ وەدیهێنانی هاودەنگی و هاوخەباتی، ئالترناتیڤێک بۆ دیموکراسی و کولتووری دیموکراتیک بەدی ناکرێ.

ئەگەر ڕێز لە پێوەرە دیموکراتیکەکان نەگیرێ، نێومالی کورد قەت ڕێک ناخرێ و یەکریزی و یەکدەنگی دابین ناکرێ، ئامانجی بەشداریکردنی خەڵک و لایەنەکان لە خەبات دا وەدی نایە و سەرەنجام خەڵک لە ناتەبایی و کێشەی نێوخۆیی ماندوو دەبن و ئەوەش دەتوانێ بیروباوەڕ بە خەبات بۆ ئازادی لەرزۆک بکا.

یەکێ لە دەرسە بەنرخەکان و ئەزموونە تاقیکراوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ئەوەیە کە ژمارەی زۆری چەک و چەکدار و پووڵی زۆر قەت عاملی یەکلاکەرەوە و سەرکەوتنی جووڵانەوە نەبوون.

چەک و پووڵ مەرجی لازمن بۆ خەبات، بەڵام مەرجی کافی بۆ سەرکەوتن نەبوون و نین. چەک و پووڵ بەتەنیا،

هەرچەندەش زۆر بن، بەبێ هاوپێوەندی و یەکێتی نیشتمانی، سەرکەوتنی خەباتی نەوەیی دەستەبەر ناکا.

چەک و پووڵ ئەگەر لە خزمەت ستراتێژیی نەتەوەیی دا نەبێ، دەتوانێ تەنانەت بە زیانی خەباتی ڕزگاریخوازیش دا بشکێتەوە و ببێ بە کۆسپ بۆ وەدیهاتنی یەکێتی و کاری هاوبەش.

مەرجی سەرەکی بۆ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی ئامادەبوونی زەمینەی ڕێکخستن و بەشداریی لایەنەکانی کۆمەڵگایە و تێکۆشانی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی نەتەوەیە.

لەو خەباتەدا، پێشمەرگە کە جێگە و پیگەی تایبەتی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دا هەیە، ئەورۆش وەک باسکی چەکدار و بەتوانای خەبات و پاڵپشت و یاریدەدەری خەڵکی ڕاپەڕیو، لە خزمەت ستراتێژیی نەتەوەیی دا درێژە بە ڕەسالەتی خۆی دەدا.

کە باسی خەباتی جەماوەری و تەبایی و بەشداری خەڵک دەکرێ، دەبێ ئەو ڕاستیەش ببینین کە ئەحزابی سیاسی کۆمەڵگا دابەش دەکەن و ئەوانیش کە دتوانن ببن بە ئولگوو بۆ کۆمەڵگا و تەبایی کۆمەڵ دابین و کۆمەڵگا سازماندەهی بکەن، بۆیە هاوکارییان بەیەکەوە ئەوەندە گرنگە.

ئەساسەن کارکردن بە پێوەرە دێموکراتیکەکان و هەوڵدان بۆ داهێنانی کولتووری سیاسیی دێموکراتیک بۆخۆی خەباتە دژی ئیستبداد و بۆ ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتورییە.

یەکەم، چون دێموکراسی لەگەڵ ماهییەت و بنەمای هزری ڕێژیمی دیکتاتور و ئیدئولوژیک ناتەبایە و گەورەترین مەترسییە بۆ سیستمی دیکتاتوری و دووەم، چون دێموکڕای کەشی سیاسی سالم پێکدێنێ، دەتوانێ هێزە پرشووبڵاوەکان ڕێکبخا و بەوجۆرە جووڵانەوەی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمن بەهێز بکا و بیپارێزێ.

موخالیف بین یان موافق، بکرێ یان نەکرێ، سێ دیاردەی خەباتی نەتەوەیی - یەکگرتوویی - دێموکڕاسی وەها بەیەکەوە گرێدراون کە لێکجیاکردنەوەیان نامومکینە، چون خەباتی نەتەوەیی بەبێ بەشداریی خەڵک و یەکگرتوویی هێزە سیاسیەکانی نێو ڕیزەکانی جووڵانەوە بە ئاکام ناگا، و موشارکەتی خەڵک و یەکگرتوویی حیزبەکان بەبێ پابەندبوون بە ئوسووڵی دێموکڕاسی وەدی نایە. ئەو دیاردانە وەک زنجیر بەیەکەوە گرێدراون و بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بۆیە ئەوەی

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بڕوای بە خەباتی نەتەوەییە، دەبێ بڕوای بە دیموکراسی و خەباتی هاوبەشیش هەبێ و بیانووی لێ نەگرێ!

بەهۆی گرنگیی زۆر، لێرە لە زۆر جێدا باسی پێداویستیی دیموکراسی کراوە. مەبەست ئەوە نیە کە ئێستا کوردستان ببێتە سوئێد و بەرپرسانی ئەحزابی کوردستانی وەک سوئێدییەک بیر بکەنەوە! مەبەست ئەوەیە کە ڕێبەران بۆ بەرژەوەندی جووڵانەوە بەشی ئەوەندە ڕێز لە پێوەرە دیموکراتیکەکان بگرن کە بەیەکەوە بسازێن و بەهێزی یەکگرتووی حیزبەکان خەباتەکەمان لەو چەقبەستووییە ترسناکە ڕزگار بکەن.

## نیشانەکانی میلیتاریزەبوونی مێشک و سیاسەت

میلیتاریزەبوونی مێشک و سیاسەت لە جووڵانەوەی کورد دا کە بەداخە دوورەدیمەنێکیش بۆ گۆڕانی بەدی ناکرێ، دەبێتە هۆی دژوارتربوونی خەبات، یەکبوعدی بیرکردنەوە، چەقبەستووی سیاسی، بەهەڵەداچوون لە هەڵسەنگاندی هێزی خۆمانە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی داماوی لە دیتنەوەی ڕێگاچارەی کێشە سیاسیەکانی نێوخەباتی ڕزگاریخوازدا.

## نیشانەکانی میلیتاریزەبوونی سیاسەت بریتین لە:

* توانایی، دەسەڵات و نفووز و دواڕۆژ لە چوارچێوەی هیز و ئیمکاناتی نیزامی دا دەخوێندرێتەوە و تەعریف دەکرێ.

* لاوازبوونی ئوتوریتەی بەشی سیاسی.

حەق تەنیا بە هێزی نیزامی دابین دەکرێ و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە ڕێگای نیزامییەوە چارەسەر دەکرێن! تەنیا بە هێزی نیزامی ماف و ئەمنییەت و ئاشتی دابین دەکرێ.

* لایەنەکانی دیکەی خەبات و ئوسووڵی دیموکراسی دەکەونە بەر سێبەری مەنتقی نیزامی و لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجە نیزامییەکان دا دەکەونە پەراوێزەوە. دیموکراسی دەبێتە پرسی "مرۆڤی لاواز"!

* باس لە واقعبینی و تەعادول بە خاڵی لاواز و ترس دادەنرێن و دەکەونە بەر تانە و لۆمە و گاڵتەی "شۆڕشگێڕان". مرۆڤ هەتا دروشمی قەبە تر و ڕادیکاڵ تر بدا، شۆڕشگێڕ ترە!

* پرسی یەکێتی و خەباتی هاوبەش کاڵ دەبێتەوە و هەست بە پێداویستییەکەی ناکرێ و دۆسیەکەی دەخرێتە ئارشیوەوە! بێنیازی لە خەڵک و هاوپەیمانی و هاودەنگی. گۆیا حیزبەکە بۆخۆی بەتەنیا هەمووشتێک دەتوانێ و پێویستی بە کەس نیە!

* بە پەیڕەوی لە مەنتق و یاسامەندی نیزامی، زیهنییەتی تەمەرکوزگەرایی و سانترالیزم لە سیاسەتدا پەرەدەستێنێ. بیرکردنەوە لە مەقوولەی "فەرمان و ئیتاعەت" دا دەبێتە باو.

* دابەشکردنی دەورووبەر بە دۆست یان دوژمن و حاکمبوونی قانوونمەندی سەنگەر، واتە "یا من یا تۆ"!

سیاسەتی میلیتاریزەکراو تووشی چارەنووسی دینی حکوومەتی دێ و بەدەردی ئەو دەچێ. سیاسەتی میلیتاریزەکراو لە ڕەسالەتی خۆی دوور دەکەوێتەوە و کارایی و ئیعتباری خۆی لەدەست دەدا.

هەر ئێستا ئەو کیشەیە لە خەباتی بەشەکانی کوردستان بەجوانی وەبەرچاو دەکەوێ و زیانی بە جووڵانەوەی کورد گەیاندوە.

کاتێک سنوور لەنێوان حەوزەی سیاسی و بەشی نیزامی دا نەما، سیاسەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یاسامەندیی و مەنتقی بواری نیزامییەوە و ئەوکاتە نە سیاسەت و نە نهادی نیزامی ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان سەرکەوتووانە بەجێ بگەیەنن و ڕێبەریی سیاسی لە لێکدانەوە و بڕیارەکانیدا تووشی هەڵەی گەورە دەبێ و دێموکڕاسی و خەباتی نەتەوەیی دەبنە دوو دیاردەی پێکناکۆک!

زۆر لە تیئۆریسیەنەکانی زانستی شەڕ و تەنانەت فەرماندەرە ناسراوەکانی نیزامی لەسەر زەروورەتی لێکجیاکردنەوەی حەوزەی سیاسی و حەوزەی نیزامی و پەیڕەوی حەتمی سوپا لە ڕێبەریی سیاسی، پێداگریی دەکەن و بە مەرجی سەرکەوتنی دەزانن.

## "شەڕمان بەسەردا دەسەپێنن"!

ئیغراق نیە ئەگەر بگوترێ کە هەزاران جار ئەو ڕستەیە گوتراوەتەوە کە "کورد ئاشتیخوازە و خوازیاری شەڕ نیە، بەڵام

حکوومەت شەڕی بەسەردا دەسەپێنێ". بەڵام نەمبیستوە جارێک یەکێ خۆی بەو پرسیارەوە ماندوو کردبێ، بۆچی ڕێژیمەکان شەڕمان بەسەردا دەسەپێنن؟!

بەپێێ مەنتق، مرۆڤ کاتێک شتێک بەسەر نەیارەکەیدا دەسەپێنێ کە قازانجی خۆی و زیانی لایەنی بەرامبەری تێدا بەدی بکا.

ئاخر دوژمن خۆ لەبەر دڵسۆزی شەڕ بەسەر بۆ کورددا ناسەپێنێ، دەبێ قازانجێکی گەورەی خۆی لەو شەڕدا ببینێ! دەنا مەعقوول نیە ڕێژیم خۆی تووشی شەڕێک بکا کە بەزیانی ئەو تەواو بێ! ئەی بۆ ئەوکارە دەکا؟!

گەڕان بەدوای وڵام بۆ ئەو پرسیارە، بۆمان دەردەخا دوژمن لەکوێدا قازانج دەکا ئەگەر شەڕ بەسەر کورددا بسەپێنێ؟ ئەوە بۆ خەباتی داهاتووی کورد یەکلاکەرەوە و حەیاتییە.

ئەوە کە ڕێژیمەکان سەرەڕۆ و دیکتاتور و دوژمنی دابینکردنی مافەکانی نەتەوەی کوردن و بێجگەلە دیفاعی چەکدارانە، هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ کورد ناهێڵنەوە، ڕاست و ئاشکرایە! ئەوە ئەساسەن هۆکاری ڕاپەڕینی کورد و دەستبردن بۆچەکە، بەڵام بەتەنیا وڵامی پرسیارەکە ناداتەوە.

ئەوەش کە جووڵانەوەی کورد لە باری چەک و چۆڵی نیزامی و ئیمکاناتی ماڵی و لوجستیکییەوە زۆر لە دوژمنەکانی لاواز ترە، ڕاستە! بەڵام خۆ کورد بەر لە دەستپێکردنی خەباتیش ئەوەی زانیوە! پاشان، ئەگەر ئەوە بکەین بە بنەما، ئیدی خەبات بۆ ئازادی و وەستانەوە بەدژی زۆرداران مانای نامێنێ، دەبێ واز لە خەبات بێنین و خۆمان بە دەستی چارەنووس بسپێرین! ئەوەش ئامانجی دوژمنە! کەوابوو دەبێ هۆکاری دیکە هەبن و هەیەتی!

## دوژمن شەڕ بەسەر کورد دا دەسەپێنێ، چون:

١- شەڕ بە هەموو ئاکامە زیانبارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانیەوە دەکەوێتە نێوماڵی کورد. بەپێی ئەزموون، لە شەڕدا زەرەرمەندی ئەسڵی ئەو لایەنەیە کە شەڕەکە دەکەوێتە نێو ماڵییەوە.

چاوێک بە دەورووبەری خۆمان دا بگێڕین کە وڵاتان چ هەزینەهایەکی سەرسوورهێنەر تەرخان دەکەن کە شەڕ نەگاتە نێو

سنوورەکانیان و هەوڵ دەدەن لە دەرەوەی سنوورەکانیان بەرەنگاری هەڕەشەی دوژمن ببنەوە و شەڕ بخەنە نێوماڵی خەنیمەکەیانەوە.

بەڵام کورد شەڕەکە ناباتە نێو ماڵی دوژمنەوە، بەڵکوو دەیخاتە نێوماڵی خۆیەوە! لەکاتێکدا شەڕی کورد لەگەڵ دوژمن شەڕێکی تەواو نابەرابەرە. دوژمن شەڕی "نامتقارن" لەگەڵ کورد دەکا، واتە بە چەکی مودێڕن هێرش دەکا و ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان وێران دەکا.

٢- ڕێژیمەکان بە تەجرەبە دەزانن کە لایەنە کوردیەکان یەکتر وەخۆناگرن و دوای ماوەیەک شەڕی نێوخۆ لە نێوانیان دا هەڵدایسێ و ڕێژیم وەک دوژمنی سەرەکی لەبیر دەچێتەوە، ئامانجەکان کاڵ دەبنەوە، خەڵک دڵسارد و لە حیزبەکان ناهومێد دەبن.

جێگای داخە کە لە بەشەکانی کوردستان جاری وابووە کە خەڵک لە ترس و ڕقی شەڕی براکوژی و بۆ بەرگری لە شەڕی براکوژی، ئاواتیان بۆ گەڕانەوەی ڕێژیم خواستوە واتە خەڵک کۆتاییهاتنی شەڕی نێوخۆی کوردی لە زاڵبوونەوەی دوژمن دا بینیوە!

ئەو دیاردە تراژیکە لە جووڵانەوەکانی کورددا زیاتر لە جارێک دیتراوە! کۆمەڵانی خەڵک گەڕانەوەی دیکتاتوری تەرجیح دەدەن بەسەر شەڕی براکوژی دا.

٣- ڕێژیمەکانی هەر چوار وڵات ترسێکی زۆریان لە پەرەسەندی خوێندەواری و گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان هەیە.

ئەزموونی خەباتی کورد لە هەر چوار بەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە دوژمن شەڕ دەکا بە بیانوو بۆ پێشگرتن بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خوێندەواری و کۆمەڵگای مەدەنی و گەشەی ئابووری لە کوردستان. شەڕ لە ماڵی کورد دایە.

ڕێژیمەکان ئەوەش دەزانن، کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، ئیدی هەموو لایەنەکانی دیکەی خەبات دەخرێنە ژێر سێبەری شەڕ و دەکەونە پەڕاوێزەوە.

ڕێژیمەکان تێگەیون کە حیزبە کوردیەکان شەڕی چەکدارییان پێ هاسان ترین شێوەی خەباتە، چون شێوەخەباتەکانی دیکەیان پێ خەبات نیە!

ئەوە بەو مانایە نیە کە کورد بۆ پارێزگاری لەخۆی و بەرەنگاربوونەوەی سەرکوت و زوڵم و زۆری ڕێژیمەکان دەست بۆ چەک نەبا و تەسلیمی سیاسەت و پیلانەکانی دوژمن بێ، بەڵکوو دەبێ خاڵە لاوازەکانی خۆی ببینێ و بەگوێرەی پێداویستیی، تاکتیک و شێوەی بەڕێوەبردنی خەبات بگۆڕدرێ و لێبڕاوانە درێژەی پێبدا.

ڕاستیە سەلماو و حاشاهەڵنەگرەکان پێمان دەڵێن کە ئەو شێوەشەڕەی کورد هەتا ئێستا لەدژی ڕێژیمەکان بەڕێوەی بردوون، ماف و ئازادییان بۆ کورد لێنەکەوتۆتەوە و دەبێ بیر لە شێوە و ڕێگایەکی دیکە بکرێتەوە کە دوژمن چی دیکە لە شەڕفرۆشتن بە کورد قازانج نەکا و هەزینەکانی شەڕ بۆ کوردیش کەمتر بنەوە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات واتە خەباتی شار و شاخ، ئەگەر پرینسیپەکانی ببنە باوەڕ، واقعییەتەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرێ و لە چوارچێوەی یاسامەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی دا بەڕێوەبچێ، دەتوانێ یەکێ لەو ڕێگایانە بێ کە مانا و شکڵێکی دیکە بدا بە خەبات و تێچووی خەبات بۆ کورد دابەزێنێ و هیوا بە سەرکەوتن زیاتر بکا.

خەباتی شار و شاخ ئەزقەزا لەبەر تیشکی لێکدانەوەی پرسی"ڕێژیم شەڕ بەسەر کورد دا دەسەپێنێ"، جێگای سرنج و گرنگیپێدانە.

زۆربەی حیزبەکوردییەکان میراتگری حیزبە چەپە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکانی حاکمن و ئیلهامیان لەوان وەرگرتووە.

ئێستاش، زۆربەی نزیک بەتەواوی حیزبە ناسراو و قەدیمیە کوردستانیەکان پێداچوونەوەیان بەسەر ئەو میراتەدا نەکردۆتەوە و تەنانەت ساختارەکانیشیان ئاڵووگۆڕی بەسەردا نەهاتوە و وەکخۆی ماوەتەوە. بە هەمان شێوە و تایبەتمەندیی ئەو سەردەم درێژەی پێدەدرێ!

تەنانەت تێروانین لە چەمکی "شۆڕشگێڕبوون"یش بە هەموو سوننەت، جیهانبینی و تایبەتمەندیەکانیەوە"بە ئەمانەتەوە" بە دەستێنەدراوی ڕاگیراوە! کولتووری سیاسی و خەباتی حیزبەکانی ناوبراو بەگشتی بەسەر جووڵانەوەی کورد دا زاڵ بووە.

بۆئەوەی لێمان ڕوون بێ ئەو میراتەی لە باریی نەزەری و کردەییەوە بۆمان بە جێ ماوە و بۆتە کولتووری سیاسی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکان، چەندە کارەساتبارە،

پێویستە بەکورتی ئاوڕێک لە تایبەتمەندی و بنەما هزرییەکانی ئەحزابی چەپی شۆڕشگێڕ بدەینەوە:

- لایەنگریی لە دیکتاتوری و دژایەتی بەئاشکرا لەگەڵ دێموکراسی وەک دیاردەی بووڕژوازی و حاکمییەتی چینی بووڕژوا.

- بەگوێرەی تێگەیشتن و جیهانبینیان کە لەسەر بنەمای بڕوا بە دیکتاتوری داڕێژرا بوو، هێژمۆنیخواز و موتڵەقگەرا و پاوانخواز و تەمەرکوزگەرا بوون. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە دوو حیزبی کومونیست لە وڵاتێک پێکەوە نەدەسازان و نەدەحاوانەوە!

- تۆمەتلێدان، سووکایەتی پێکردن، هەڵبەستنی نێوونـاتۆرە و تێروری کەسایەتی خەنیم و موخالفان، تەنانەت تێرور و حەزفی فیزیکی جیابیرران، لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب دیاردەیەکی بەربڵاو بوو.

ئاسایی ترین دیاردەی مرۆڤایەتی واتە جیاوازی و بیری جیاواز بەڕەسمی نەدەناسرا و وەک دوژمن و هەڕەشە بۆ "یەکدەستی" دەروون حیزبی لێکدەدرایەوە. بە هەموو شێوەیەک هێرش دەکرایە سەر ئەوانەی جیاواز بیریان دەکردەوە. مێژووی "مکتوب"ی ئەو حیزبانە لێوالێو لەو کارانەیە.

- بڕوایان بە "شەڕی سیاسی" و حەزف بوو لەجیاتی "ململانەی سیاسی و سازان و تەعامول". بڕوا بە "ڕقی شۆڕشگێڕی"، "ڕقی پیرۆز" و بە "تضاد آشتی ناپذیر" لە بەینی لایەنەکان لە جێگای دیالۆگ و ڕێککەوتن و سەلماندنی لایەنی بەرامبەر، تەبلیغ دەکرا.

- دژایەتی لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ناسیونالیزم. ئێستاش لە نێو بەعزە حیزبێکی کوردستانی نەتەوەیی بوون و ناسیونالیزم بە دیاردەیەکی دواکەوتووانە دەژمێردرێ!

- بەڕواڵەت باسی حاکمییەتی چینی کرێکار دەکرا، بەڵام بەکردەوە مەبەست حاکمییەتی موتڵەقی حیزبی کومونیست و ڕێبەرییەکەی بوو (د. قاسملوو لە کورتەباس دا).

لە بیر و سیاسەتی ئەوان دا حیزب جێگای خەڵکی دەگرتەوە. خۆیان بە خەڵک و خەڵک و وڵاتیان بە ملکی شەخسی دەزانێ.

- هەڕەشەکردن لە ئۆپوزسیون و موخالفان بە "خەڵک": خەڵک ئیزن نادا، خەڵک ئەوەی ناوێ، خەڵک ئەوەی دەوێ، خەڵک ڕێگا نادا، خەڵک تۆڵە دەستێنێتەوە... بەڵام لێرەدا "خەڵک" یانی "من" و دەسەڵاتی من بوو. هەرکەس سەر بۆ من نەوی نەکا، دژی خەڵکە و "خەلک" سزای دەدا!

- بەهۆی سروشتی موتڵەقگەرایی و تەمامییەتخایی، حیزبە چەپە شۆڕشگێڕەکان بڕوایان بە یەکێتی و خەباتی یەکگرتوو و هاوکاریی نەبوو.

بۆ نموونە لە نێوخۆدا تەحەمولی بیروڕای جیاواز و پێکهێنانی فراکسیونیان نەدەکرد و ڕێگەیان بە دامەزران و تێکۆشانی ئەحزابی دیکە نەدەدا. لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئەو حیزبانە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، نیزامی یەک حیزبی حاکم بوو.

ئەو حیزبانە بەسەر خوێندنەوەی جیاواز لە مارکسیزم دا دابەش ببوون. هەر حیزبەی خۆی بە مارکسیستی ڕاستەقینە و خاوەنی حەقیقەتی موتڵەق دەزانی. دوو حیزبی شۆڕشگێڕی چەپ بەیەکەوە نەدەحاوانەوە و هاوکارییان نەدەکرد. هەموویان "تضاد آشتی ناپذیر"یان لەگەڵ یەکتر هەبوو. هەوڵدان بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنیان بە "سازشکاری" دەزانی!

ئەوانە تەنیا بەشێک بوون لە فەرهەنگی سیاسیی و بیروباوەڕ و ڕەفتاری حیزبە چەپە شۆڕشگێڕەکانی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی زایینی.

بڕوانن، هەموو ئەو تایبەتمەندیانە ناتەبا و کۆسپن بۆ یەکێتی و هاوکاری، بۆ یەکتر وەخۆگرتن و خەباتی یەکگرتوو، بۆ ئاشتی و تەبایی، بۆ تەعامول و سازان. بۆ خەباتی نەتەوەیی.

لە ئاکامی ئەو تایبەتمەندییە مەنفیانە دا، هەموو ئەو حیزبانە بوونە مێژوو و ئاسەواریان نەماوە بێجگە لە کورەی باکوور و کووبا!

حاشای لێناکری کە هەموو ئەو دیاردە ناحەزانە کەم و زۆر بە سیاسەت و هەڵویست و کردەوەی بەعزێک لە حیزبە

کوردستانیەکان لە مناسباتی نێوخۆیان دا، بە ئاشکرا دیارە.

شۆڕش تەنیا ڕووخاندن و گۆڕینەوەی دیکتاتورییەک بە دیکتاتورییەکی نوێ بەڵام بەنێوێکی دیکە و ڕزگاری لە چنگ زۆردارێک، نیە. شۆڕش بۆ پێکهێنانی ئاڵووگۆر لە ژیانی مرۆڤە و بۆ هێنانەدی دنیایەکی دیکە.

ڕزگاربوون بەتەنیا و بەبێ ئازادی و عەداڵەت و سەربەستی، ناتەواوە و ئاڵووگۆڕ لە ژیانی مرۆڤ دا پێکناهێنێ.

دوورکەوتنەوە لەو میراتە و لە تایبەتمەندیەکانی، و خوێندنەوەیەکی نوێ لە شۆڕش و شۆڕشگێڕبوون، یارمەتێکی گەورە دەکا بە بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوەیی.

## "خەباتی چەکداری" یان "شەڕی چەکداری"؟

دوو دەستەواژەی خەباتی چەکداری و شەڕی چەکداری ئەگەرچی زۆرجاران لەجێگای یەکتر کەڵکیان لێوەردەگیرێ، بەڵام یەک نین و دوو ناوەرۆکی جیاوازیان هەیە.

"خەبات" هەمیشە ناوەرۆکی سیاسی و باری ئەرێنی و مافخوازانەی هەیە. خەبات تێکۆشانە بۆ ئامانجێکی سیاسیی ڕەوا. خەبات ڕاپەرینە بەدژی زوڵم و بێعەداڵەتی و چەوسانەوە، و بۆ ڕزگاری لە چنگ زۆرداری و ژێردەستی.

خەبات ستراتێژێکی سیاسی ئازادیخوازانەی لەپشتە و وەدیهێنانی، ڕێکاری سیاسی دەخوازێ. چەک تەنیا لە خزمەت وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەکار دەهێنرێ، ئەویش کاتێک کە دوژمن هیچ دەرفەت و دەرەتانێکی بۆ تێکۆشانی سیاسی و ئاشتیخوازنە نەهێشتۆتەوە و درێژە بە چەوساندنەوە و سەرکوت دەدا و خەباتکار، بۆ بەرگری لەخۆ و بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆر و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکەی، ناچار دەبێ دەست بۆ چەک بەرێ.

خەباتی چەکداری پشت دەبەستێ بە: بڕوا بە ئازادی، بە هێزی گەل، بە یەکێتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی نێو جووڵانەوە، بە کولتوور و مودیرییەتی دێموکراتیک لە تەعامول لەگەڵ یەکتر دا.

بەڵام شەڕی چەکداری ئیلزامەن بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجێکی ڕەوا و مافخوازانە بەڕێوە ناچێ و دەکرێ بۆ مەبەستی

جیاواز و تەنانەت نەرێنی، دست پێبکرێ. هەر گرووپێک دەتوانێ کۆمەڵێک چەکدار کۆ بکاتەوە و بۆ خزمەت بە لایەنێک بکەوێتە شەڕەوە.

کاتێک ئامانج و ئیدەئالەکانی خەباتی چەکداری کاڵ ببنەوە، دوژمنی سەرەکی لەبیر دەچێتەوە، ئەکتەرەکانی نێو بزووتنەوە بەرژەوەندیی شەخسی و گرووپیی خۆیان وەپێش بەرژەوەندی جووڵانەوە دەخەن و بۆ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیە گرووپییانە دەکەونە شەڕی یەکتر و شەڕی براکوژی دەست پێدەکا، ئەوکاتە خەباتی چەکداری بەلاڕێدا چووە و شکڵ و ناوەرۆکی شەڕی چەکداری بەخۆیەوە دەگرێ.

بۆ ئەوەی خەباتی چەکداری بە لاڕێدا نەچێ و نەبێتە شەڕی چەکداری، دەبێ لە ئیقداماتێک خۆ ببوێردرێ کە دەبنە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا و پێویستە بەردەوام بۆ داهێنانی کولتوورێکی ئازادیخواز لەجێگای کولتووری حاکمی عەشیرەتی هەوڵ بدرێ. بەپێچەوانەی شەڕی چەکدارانە، لە خەباتی چەکداری دا چەک حاکم و حەکەم نیە.

گەورەترین جیاوازی لە نێوان خەباتی چەکداری و شەڕی چەکداری ئەوەیە کە لە خەباتی چەکداریی ئازادیخواز دا پرۆژە و ستراتێژی بۆ کۆمەڵگا و کولتووری کۆمەڵگا هەیە و ئەو پرۆژەیە، جیاوازە لە پرۆژە و سیاسەتی ڕێژیمی حاکم.

## جیاوازی نێوان بەشەکانی کوردستان

لە نێوان باکوور و ڕوژاوای کوردستان لە لایەک و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە لایەکەی دیکەوە جیاوازی ئەساسی هەیە. نەدیتنی ئەو جیاوازیانە دەتوانێ مرۆڤ تووشی لێکدانەوە و ئاکامگیریی چەوت بکا.

ئەو جیاوازیانە دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ وەک مێژووی خەبات، سیاسەتی ڕێژیمە داگیرکەرەکان و لە ئاکام دا ڕەوتی جیاوازی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە بەشەکانی کوردستان، ژینگە و بارووددۆخێک کە حیزبەکان تێدا دامەزراون و سەرەنجام بارووددۆخێکی سیاسی کە ئەوڕۆ لە تورکیە و سووریيە لەئارا دایە.

لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ئەحزابی ڕیشەدار و خاوەن مێژوو زۆرترن، کۆمەڵگان چەند قوتبین و نەوعێک پلوورالیزمی حیزبی بیچمی گرتووە. بۆیە لەو دوو بەشەی کوردستان دا ئەحزابی ئیدئولوژیک و پاوانخواز داشبمەزرێن، خۆ ناگرن و پەرە و گەشە ناستێنن.

ئەزموونی خەبات لەبەر چاومانە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور حیزبێک بە پشتبەستن بە چەک و پووڵ و ژمارەی چەکداری زۆرتر ناتوانێ خۆی بەسەر ئەحزابی دیکە دا بسەپێنێ و خۆی بکا بە تەنیا خاوەنی خاک و خەڵک و جووڵانەوە. ئێستا تەنانەت لە باکوور و ڕۆژاواش خەریکە وەزعەکە دەگۆڕێ.

ئەوە بەو مانایە نیە کە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ئەحزاب هەموو وەک یەکن و حیزبی بەدەسەڵات تر و بەهێز تر و دەسرۆیشتوو تر بوونی نابێ و ناتوانێ دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ. بەڵکوو بەو مانایە کە لەو دووبەشەی کوردستان ڕێگەی بوون بە هێزی سەرەکی و خاوەن دەوری یەکلاکەرەوە جیاوازە.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەهۆی باروودۆخی تایبەتی ئەو دوو بەشە، تەنیا لە ڕێگەی سیاسی و ڕێککەوتن و لە چوارچێوەی پێکهێنانی کۆبەندی و ئیتلافەوە دەتوانن هێزی خۆیان نیشان بدەن و بە بەرنامە و سیاسەتی دروست، ببن بە هێزی سەرەکی و شوێندانەر تر.

لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنی وەک ڕۆژهەڵات و باشوور دا، ئەو لایەنە براوە و سەرکەوتووە کە زەرفییەتی سیاسی زیاترە و "انعطاف پذیر"ترە و بەکردەوە بڕوای بە هاوخەباتی و کاری هاوبەش هەیە.

هەلوومەرجی خەبات سەرلەبەر گۆڕاوە و پێویستیی بە ستراتێژێکی نوێ هەیە. بەڵام ستراتێژی و خەباتی نوێ پێویستی بە بیری نوێ و ئەبزاری نوێ هەیە. بە ئەبزاری کۆن، خەباتی نوێ بەڕێوەناچێ.

حیزبێک کە بیهەوێ داهاتووی خۆی مسۆگەر بکا و لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسیەکان شوێندانەر بێ، دەبێ مل بدا بۆ خۆنوێکردنەوە و بەکارهێنانی ئەبزاری نوێ.

## خەسارناسی

– نەبوونی نەریتی خەسارناسی و پێداچوونەوە و وەخۆگرتنی بەرپرسایەتی

هەر لە سەرەتاوە، ئەوە کە هەتا ئێستا بە لێکدانەوەی ورد و هەمەلایەنە خەسارناسییەک بۆ ڕووداوەکان نەکراوە، یەکێ لە خاڵە هەرە لاوازەکانی جووڵانەوەی کورد بەگشتییە و بۆتە هۆی ئەوە کە هەڵە و کەموکووڕییەکانی ڕابردوو بەردەوام

دووپات بوونەتەوە. لەکاتێکدا دنیا گۆڕاوە، ئیمکاناتی ڕژێمەکان و تاکتیکی چەوساندنەوەیان گۆڕاون و ئالوگۆری بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردستان دا هاتووە، بەڵام خەباتی کورد بە هەمان شێوە و تێگەتیشتن بەڕێوەدەچێ!

پێمشکنایە جارێک حیزبێکی کوردستانی هاتبێ واقیعبینانە و بەشێوەیەکی زانستی هەرەسهێنانی ئەو جووڵانەوەی هەڵسەنگاندبێ کە بۆخۆی تێیدا بەشدار بووە، هەڵە و خاڵە لاوازەکانی دەسنیشان کردبێ، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکەی دیاری کردبێ، بوێرانە بەشەبەرپرسایەتی خۆی بەستۆوە گرتبێ بۆئەوەی بیکا بە دەرسێک و لە خەباتی داهاتوودا دووپاتیان نەکاتەوە.

## لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دا ڕوون نیە کێ بەرپرسی ئەو هەموو ناکامی و شکست و لێکدابڕان و کێشە نێوخۆییانەیە!

ئەم و ئەو تاوانبارکردن و خۆدزینەوە لە قەبووڵکردنی بەرپرسایەتیی، نەک هەر هیچ کێشەیەکی بۆ چارەسەر نەکردووین و نایکا، بەڵکوو کێشەکانی لێ گەورەتریش کردووینەوە.

بەقەولی گ.ج.ف. هێگل فیلسووفی ئاڵمانی "ناسینی کێشەکان، سەرەتایە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریی بۆیان".

خۆبواردن لە خەسارناسی و بەستۆوەگرتنی بەرپرسایەتی هەڵەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە هێزە خەباتگێڕەکانی کورد سەرەڕای دنیایەک فیداکاری، نەتوانن لە ڕابردوو دەرس وەرگرن و بۆ چەندەمین جار بەڕێگای تاقیکراوەدا بڕۆن و هەموویان کرداری خۆیان پێ دروست بێ!

بە پێچەوانەی کورد، حکوومەتەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەزینەی سەرسووڕهێنەر بۆ ناسینی خاڵە لاوازەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد تەرخان دەکەن و بۆ پەرەپێدانیان هەوڵ دەدەن.

## نەبوونی یەکێتی و یەکگرتوویی

پرشووبڵاوی و نەبوونی یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوخۆیی بۆتە بەڵای خەباتی نەتەوەیی کورد و ئەوەندەی باس و لۆمەی بکرێ کەمە.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوی ڕاپەڕینەکانی کورد، بەدەگمەن جووڵانەوەیەکی کورد بەدی دەکرێ کە ناکۆکی و پێکهەڵپرژان جووڵانەوەکەی لاواز نەکردبێ، تووشی شەڕی براکوژی نەهاتبێ و ناتەبایی و کێشەی نێوخۆیی هۆکارێکی سەرەکی نسکۆ و تێشکانی نەبووبێ!

ناشاردرێتەوە، هەر ئێستا لە بەشەکانی کوردستان، دیاردەی پاوانخوازی، یەکتر وەخۆنەگرتن و دووبەرەکی و نەبوونی یەکهەڵوێستی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، نەک هەر بۆتە گەورەترین کۆسپ بۆ قۆستنەوەی هەلە ڕەخساوەکان و دابینکردنی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەمان، بەڵکوو بۆتە هەڕەشە بۆ سەر داهاتووی کورد بەگشتی!

لەکاتێکدا قۆناخی ئەوڕۆی جووڵانەوەی کورد خەباتە بۆ ئازادی و ڕزگاریی لە ژێردەستی و دیکتاتوری، نەک بۆ وەدەستهێنان و دابەشکردنی دەسەڵات، مەعلووم نیە ئەو هەموو ناکۆکیانە لەسەر چیە؟

ئەلمانیەکان دەڵێن "شەڕ لەسەر کەوڵی ورچێک ناکرێ کە ئێستا نەپێکراوە"!

لەو خەباتە نابەرابەرەدا تەنیا بەیەکەوە و بە هیمەت و بەشداریی و هیزی یەکگرتوومان سەردەکەوین. کەس خێر بەکەس ناکا. چون هاوکاریی و تێکۆشانی هاوبەش دەبێتە هۆی زیادبوون و پەرەسەندنی هێز و ئیعتبار و ئیمکاناتی هەموولایەنەکان و گەشەسەندنی جووڵانەوە.

ئەگەر ئەو ڕاستییەمان قەبووڵە کە کوردستان ملکی شەخسی هیچ حیزبێکی تایبەت نیە، بەو ئاکامە مەنتقیە دەگەین کە خەبات بۆ ڕزگاری کوردستانیش لە سەر نێوی هیچ لایەنێک تاپۆ نەکراوە.

مەترسیەکە لەوەدایە کە هێژمۆنیخوازی، کێشەی دەسەڵات و دووبەرەکی لەسەر شتی لاوەکی و مەسڵەحەتی تەسکی گرووپی، دەبێتە هۆی کەمڕەنگبوونەوەی ئامانجەکانی خەبات دژی دوژمنی چەوسێنەر. لەکاتێکدا بەرژەوەندیی حیزبی "تابع"ی بەرژەوەندیی نەتەوەییە. کەوایە، هیچ پرس و مەسڵەحەتی حیزبی و گرووپی ئەوەندە پیرۆز نیە کە وەپێش پرسی یەکگرتوویی و بەرژەوەندیی جووڵانەوە بخرێ؟!

دووپاتی کەینەوە، ئەزموونی مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد بەڕوونی سەلماندوویە کە هێز و چەک و پارەی زۆر قەت فاکتوری یەکلاکەرەوە نەبووە، "اجماع"ی لێ ساز نەبووە و نەیتوانیوە سەرکەوتنی جووڵانەوە دەستەبەر بکا!

پشتبەستن تەنیا بە هێز و چەک و پارەی زۆر، هەتا ئەورۆ کوردی پێ ڕزگار نەکراوە، لێرە و لەوێ تەنانەت بۆتە هۆی پاوانخوازی و وەلانانی هێزەکانی دیکە و جووڵانەوەی لەبەشێک لە پوتانسییەلەکانی خۆی بێبەش کردووە!

مەرجی سەرکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوەیی بەپێی سروشتەکەی، دەستەبەرکردنی بەشداریی چالاکانەی خەڵک و خەباتی یەکگرتووی هێزە سیاسیەکانی نێو بزووتنەوەیە.

بەهەڵکەوت نیە کە ڕێژیمەکان یەکەم هەنگاویان دژ بە جووڵانەوەی ئازادیخواز، دووبەرەکی نانەوە لەنێو هێزە سیاسیەکان و شێواندنی یەکدەنی و یەکهەڵوێستیی کۆمەڵگای نەتەوەی ڕزگاریخوازە.

هاوکاریی و هەواهەنگی بەر لەوەی بەمانای دابەشکردنی هێز و نفووز و ئیمکانات بێ، بەمانای وەخۆگرتنی لایەنەکانی دیکە و دابینکردنی بەشداریی هەموو ڕێکخراوەکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی پوتانسیەلەکانی جووڵانەوە لەپێناو بەهێزکردن و بەرەوەپێشبردنی خەباتەکەیە.

لەو نێوەدا، ئەگەر قەرارە شتێک دابەش بکرێ، ئەوە ئەرکی قورس و باری گرانی خەباتە دابەش دەکرێ!

کاتێک ڕەخنەی ئێمە لە ڕێژیمەکان ئەوەیە کە پاوانخوازن و ڕێگای بەشداریکردنی کوردیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەربەست کردووە و ئامادە نین دان بە مافەکانی گەلی کورد دابێنێ، ئیدی ڕەوا و پاساوهەڵگر نیە کە کورد ئەوکارە لەنێو خۆیدا بکا.

بەو کارە ئیعتباری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دەکەوێتە ژێر پرسیار و متمانای خەڵک بە حیزبەکان لاواز دەبێ.

کورد بە درێژەدان بە کێشە و ناتەبایی لەسەر شتی بچووک و لاوەکی و ملنەدان بۆ خەباتی یەکگرتوو لەو هەلە ناسکەدا، خۆی لە گەورەترین سەرمایە و کاریگەرترین چەک و هێزی جووڵانەوە بێبەش کردوە. ئەو سیاسەتە وەک "انتحار" دەچێ!

جێگای سرنجە، ڕێژیمەکان هەمیشە دڵنیا بوون کە حیزبە کوردستانیەکان کولتووری سازان و زەرفییەتی سیاسیی پێویست بۆ چارەسەریی کێشەکانی نێوخۆیان لە ڕێگای سیاسییەوە نیە و ناتوانن یەکبگرن.

هەمیشە حیسابیان بۆ ئەوە کردووە کە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ کێشە و ناتەبایی نێوخۆیی باڵ بەسەر کەشی جووڵانەوەدا دەکێشێ و سەرەنجام لایەنەکان تووشی شەڕی کاولکەری براکوژی دێن، جووڵانەوەکە لەنێوخۆیدا پڕشووبڵاو و ئەوەندە لاواز دەبێ کە خەبات دژی ڕێژیم لەبیر دەچێتەوە!

دوو نموونە: لەپێوەندیی لەگەڵ ناکۆکیی حیزبەکانی کوردستانی باشوور جێگری کونسوولی ئێران لە سلەیمانی بەدڵنیاییەوە دەڵێ کە حیزبە کوردییەکان متمانەیان بەیەک نیە و ڕێکناکەون (سایتی خەندان ٧ی مەی ٢٠١٦ی زایینی).

"محسن باوفا" جێگری سەرکۆنسولی ئێران لە هەولێر، ڕۆژی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هاتاوی لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی" کوردپرێس" دەڵێ: "سەیرە هەموو حیزبو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ناکۆکیو دوژمنایەتیی سەختیان لەنێواندا هەیە، کەچی دێن باسی ڕێفراندۆم و سەربەخۆییش دەکەن". ناوبراو لە درێژەدا بەلاتاوەوە ئامۆژگاری کوردەکان دەکا کە "لە ئێستادا واباشە پێکەوە دانیشن و کێشەی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن، جا دوایە بیر لە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکەنەوە"!

## لاوازبوونی کولتووری سیاسیی دێموکراتیک

لاوازبوونی مناسباتی دێموکراتیک لە پێوەندییەکانی نێو حیزبە سیاسیەکان دا کە سەرچاوەی نەحاوانەوە و پێکنەهاتنی هاوکاریی و هاوهەڵوێستی لەنێو بزووتنەوەیە، یەکێکی دیکە لە خاڵە لاوازە سەرەکیەکانی جووڵانەوەکان بووە و خەساری گەورەی بۆ کورد لێکەوتۆتەوە.

حیزبە کوردستانیەکان هەتا ئێستاش ئامادە نین گرنگیی و دەوری یەکلاکەرەوەی فەرهەنگ لە سیاسەت دا ببینن و بیسەلمێنن. وەها بەخۆیانەوە سەرقاڵن نابینن لە پەنایانەوە ئێران و تورکیەساڵێ دەیان میلیون دولار تەرخان دەکەن بۆ کاری فەرهەنگی و پەرەپێدان بە فەرهەنگی خۆیان لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەورووبەریان.

نفووزی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری لەڕێگای نفووزی کولتوورییەوە لە وڵاتان بەباشترین شێوە دابین دەکرێ.

گرنگی نەدان و خەمنەخواردن بۆ داڕشتنی ژێرخانی کولتوورێکێ سیاسیی گونجاو لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخواز، دەکرێ وەک

یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرەوپێشنەچوونی جووڵانەوەکان ئاماژەی پێبکرێ.

لەئارادانەبوونی کولتووری سیاسیی دێموکراتیک لە جووڵانەوەی کورد دا لەو پرسیارەی خوارەوە دا دەردەکەوێ:

کام حیزبی کوردستانی ئامادەیە تەنیا نیوەی ئەو مافانەی بۆخۆی خەباتیان بۆ دەکا و چاوەڕوانە ڕێژیم قەبووڵیان بکا، بۆخۆی بۆ حیزبە کوردستانیەکەی دیکەی بسەلمێنێ کە هاوئامانج و هاوچارەنووسێتی؟!

ململانەی ئەحزاب هەتا هەتایە درێژەی دەبێ. گرینگ ئەوەیە ئەو ململانە بکەوێتە کانالێکی دیموکراتیک و لە چوارچێوەی پێوەرەکانی دێموکراسیدا بەڕێوە بچێ. ململانەی ئەحزاب بە شەڕ و توندوتیژی و دەنگ لێکداگۆڕین کۆتایی پێنایە، ڕێکاری ئەوڕۆیی گەرەکە.

ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی میللەتان سەلماندوویە کە تەنیا پابەندبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی توانا و هێزی دابینکردنی یەکگرتوویی هەیە و بەردەوامی و کاریگەریی یەکێتی و هاوکاریی دەستەبەر دەکا.

ئەو ئەسڵە ئیدی نە پێوەندیینە بە ئورووپا و ئورووپایی بیرکردنەوە هەیە و نە بە جیاوازیی کولتووری و مەزهەبی و باروودۆخەوە وەک کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا. ڕاستییەکی تاقیکراوەیە، ئێرە و ئەوێی نیە!

کولتووری سیاسی نادێموکڕاتیک نەک هەر ڕێگرە لە پێکهاتن و تەبایی، بەڵکوو بەرهەمهێنەرەوەی (بازتولید) کێشە و دووبەرەکیشە. کولتووری سیاسیی خەبات پێویستە مودێڕن و وێکخەرەوە بێ، نەک سنووردانەر و دوورخەرەوە.

کاتێک مناسبات و پێوەندیی دێموکراتیک بەسەر کەشی سیاسیی جووڵانەوەدا زاڵ نەبوو، یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان بە چەک و توندوتیژی دەسپێردرێ.

با دان بەو ڕاستییەدا بێنین کە ئێمە وەک حیزبە سیاسیەکان بەگشتی، لە داهێنان و گەشەپێدانی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک و گونجاو لەگەڵ ئامانج و فەلسەفەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان دا، ناسەرکەوتوو بووین.

کولتووری سیاسیی ئێمە دەبێ کولتووری ڕزگاریخوازی بێ و سنوورێکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ کولتووری عەشیرەتی و کولتووری

دەسەڵاتی حاکم بکێشێ و ئەوەش لە سیاسەت و کردەوەکانماندا ڕەنگ بداتەوە.

کێشەیەکی گەورە: نەبوونی کولتووورێکی سیاسی تایبەت بە خەباتی ڕزگاریخواز وایکردوە کە کۆمەڵگا بەدیلێک بۆ کولتووری دەسەڵاتی حاکم بەدی نەکا و ئەو بەتاڵاییە (خلاء) لەو بوارەدا ڕەوتی "جامعە پذیری سیاسی"ی خەڵکی کوردستانی خێراتر دەکا یانی دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک زووتر و هاسانتر فەرهەنگ، ساختار و چوارچێوەی فکری و سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەخۆبگرن و پێی ڕابێن.

کۆمەڵانی خەڵک دەبێ ئولگوویەکی فەرهەنگی بۆ جیهەتگیری و بۆ سنووردانان لەگەڵ فەرهەنگی حکوومەتەکان، شک بەرن. هەڵسووکەوتی ئەحزاب پێویستە ئولگووی ڕەفتاری بێ بۆ کۆمەڵگا.

ئەو مەسەلە تەنانەت لە نێوخۆی حیزبەکانیش بە ئاشکرا دەبیندرێ! ڕێژیم لەو "خلاء" کەڵک وەردەگرێ.

مەترسێکی گەورە کە بۆتە هوی چەقبەستوویی سیاسەت لە جووڵانەوەی کوردی هەر چوار بەش دا ئەوەیە کە زۆر جاران وەک شانازی دەگوترێ کە "دێموکراسی بۆ کورد نەهاتووە"، "خەبات و دێموکڕاسییان نەکوتوە"، "شۆڕش بە دێموکڕاسی ناکرێ"... ئەو بۆچوونە زۆر ئاکامی نەرێنی بۆ دوارۆژی جووڵانەوە لێدەکەوێتەوە.

ئەودیوی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە کورد لیاقەتی ئازادی و ماف و سەربەستیی نیە و هەر شیاوی کۆیلەبوون و ژێردەستییە! ڕوون نیە، کەسێک کە ئاوا بیر دەکاتەوە، بۆ چی خەبات دەکا؟!

ڕێژیمەکان و ناسیونالیزمی نەتەوەکانی حاکم بەسەر کوردستانیش هەر وا بە کورد دەڵەن! زۆرجاران بەئاشکرا دەڵەن کورد پێنەگەیوە و شعووری ئەوەی نیە خۆی بەڕێوەبەرێ، کۆمەڵێک خێڵی دواکەوتوون کە ئەگەر لێیانگەڕێی و ئازادیان پێبدرێ، ناحاوێنەوە و لە شەڕی نێوخۆ دا نوقم دەبن! وە بۆ ئەوەی لەو چارەنووسە تراژیکە بپارێزرێن، دەبێ هەروا ژێرچەپۆکە و بێبەش بمێنێتەوە!

ڕوون نیە، کورد کە بۆخۆی گەورەترین قوربانی دیکتاتوری و پاوانخوازی و سانترالیزمە، حیزبە کوردستانیەکان دوای تێپەڕاندنی چەند دەیە لە تەمەنیان تاکەی لە نێوخۆیان دا پاساو بۆ نەبانی و هەراسی مەسنووعی لە دێموکراسی دێننەوە؟! تاکەی شیاوی دێموکڕاسی نین؟! کەنگێ دەیانەوێ دەست بکەن بە تاقیکردنەوەی ئوسووڵی دێموکڕاسی؟ خۆش

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان ئیدیعایان ئەوەیە کە بۆ دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ خەبات دەکەن!

لە کاتێکدا دێموکراسی زیاتر لە هەر نەتەوەوەیەکی دیکەی ناوچە لە بەرژەوەندی کورد دایە و پابەندی بە پێوەرە دێموکراتیکەکان زۆر لە کێشە سەرەکیەکانی نێو جووڵانەوە چارەسەر دەکا.

ڕوون نیە، بەرپرسان و سیاسەتوانانی کوردی بێبەش و قوربانی ئیستبداد، دوای ئەو هەموو ناکامی و شکستانە تاکەی دەیانەوێ تەحەولاتە قووڵەکانی دەورووبەری خۆیان نەبینن و بەبیانووی شۆڕش و شۆڕشگێڕبوون و هەلوومەرج، پێش بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێویست لەنێو خۆیان و دێموکراتیزەکردنی خەباتی نەتەوەیی کورد بگرن؟

تاکەی لە سەر چەقبەستوویی و دووپات و چەندپاتکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو پێداگری دەکەن؟

ئەو پرسیارە بێ وڵام ماوەتەوە، هەتا کەنگێ حیزبەکانمان دەیانەوێ پاساو بێننەوە بۆ خۆ بێبەشکردن لە ئازادی، بۆ خۆدەربازکردن لە زەروورەتی دێموکراسی، بۆ خۆبواردن لە سازن، بۆ درێژەدان بە کێشە و ناتەبایی نێوخۆ، بۆ "زەروورەتی" بەرتەسکبوونەوەی ئازادی لە خەبات دا؟ بۆ خۆکوژی؟!

ئایا ئەو بۆچوونە راست نیە کە حیزبە کوردستانیەکان لە دەرکی ویست و زەروورەتەکانی سەردەم و خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ زەمان، لە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان وەدوا کەوتوون؟

بۆیە، هەر هێزێکی هەست بە بەرپرسیاریی دەکا، دەیەوێ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەقازانجی خەباتی نەتەوەیی کورد پێکبێنێ و پرسی کورد هەنگاویکی یەکلاکەرەوە بەرەوپێش بەرێ، پێوستە هەوڵی لێبڕاوانە بدا بۆ دابینبوونی دێموکراسی و بۆ هێنانەدی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک و ڕزگاریخوازانە لەنێو خۆیدا و بەوشێوەیە هەستی بڕوابەخۆبوونی کورد بەهێز بکا. ئەوە پێویستە بە ئەرک و ئولەوییەتی تێکۆشان دابنرێ.

خەبات بۆ داهێنان و جێگیرکردنی کولتوورێکی دێموکراتیک، خەباتی ڕاستەقینەیە بۆ ئازادی و ڕزگاری کورد لە بندەستی.

چون ئەسڵێکی سەلماو و گشتگیرە کە تەنیا کولتووری دێموکراتیک توانا و زەرفییەتی کۆکردنەوەی لایەنەکان و دابینکردنی یەکێتی و هاوکاریی سەقامگیری هەیە و مکانیزمی ئەساسیە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵگا.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## لاواز و کاڵبوونی دەوری ژن لە نێو حیزبە کوردستانییەکان دا

پرسی ژنیش یەکێکی دیکە لەو پرسە گرنگانەی جووڵانەوەی کوردە کە بۆتە قوربانی لاوازبوونی کولتووری دێموکڕاتیک.

لە بەرنامەی هەموو حیزبە کوردستانییەکان دا ئاماژە بە پرسی ژن و پێداویستیی نەهێشتنی هەڵاواردن و دابینکردنی مافەکانی ژن کراوە. ئەوە لەجێدا شتێکی باشە کە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە.

بەڵام بوونی چوارچێوە و بەرنامەی پێشکەوتوو شتێکە و بەستێنسازی و کارکردن و بڕوا بە بەرنامە و یاسا، شتێکی دیکەیە!

گەورەترین کۆسپ کە ڕێگە بە وەدیهاتنی بەرنامەکە نادا، ئەو کولتوورەیە کە بەسەر کۆمەڵگاکەمان دا زاڵە.

کولتوورێک کە کۆمەڵگا بەسەر "ژن" و "پیاو" دا دابەش دەکا، ژن بە "زەعیفە" نێودێر دەکرێ و لەوێدا لەسەر حیسانی ژن، مافگەلێکی زیاتر و تایبەتی بۆ پیاو دەسەلمێندرێ. ئەو کولتوورە بە "پیاو سالاری" ناسراوە.

بە پێچەوانەی ئەوە، لە کولتووری دێموکراتیک دا، ژن و پیاو بەر لە هەمووشتێک وەک مرۆڤ سەیر دەکرێن نەک وەک پیاو یان ژن و هەروەها، وەک مرۆڤ، ماف و ئەرکیان بۆ دیاری دەکرێ.

ئەگەر جاروبار ڕەخنە لە حیزبەکان دەگیرێ کە هەوڵی جیددییان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن نەداوە لەبەر ئەوەیە چون هەوڵێکی لیبڕاوانە و بەردەوامیان بۆ گۆڕینی ئەو کولتوورە دواکەوتووە نەداوە، تەنانەت لەنێو ڕیزەکانی خۆشیان دا!

حاشای لێناکرێ کە زۆربەی حیزبەکان تاڕادیەک تەسلیمی کولتووری داگیرکەر بوون، نەیاتوانیوە ئاسەوارەکانیی لەنێو خۆیان دا بسڕنەوە و کولتوورێکی دێموکڕاتیک لەجێگای جێگر بکەن.

کێشەی کولتووری پیاو سالار لەوە دایە کە تەنیا پیاو ناگرێتەوە، بەڵکوو شوێنەواری خۆی لەسەر ڕەفتار و باوەڕ و قەناعەتی ژنیش دادەنێ.

واتە، تەنیا پیاوەکان نین کە کۆمەڵێک مافی تایبەتی و ناڕەوا بۆخۆیان بە ئاسایی و ڕەوا دەزانن، بەڵکوو بەشێک لە ژنەکانیش دەچنە نێو ئەو چوارچێوە فیکرییەوە و ئەو ئیمتیاز و مافە تایبەتیانە بۆ پیاو بە ئاسایی و ڕەوا دەزانن!

بەوجۆرە، ئەو کولتووورە ژنیش بە تایبەتمەندیی و نۆرمەکانی پیاو سالاری ڕادێنێ و ژنیش "پیاو سالار" دەکا!

مەسەلەن زۆر جاران بینیومانە کە ژن داکۆکی لە داب و نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگا و یاساکانی دژبەژن دەکا و باوەڕی بە بندەستی خۆی وەک چارەنووسێکی نەگۆڕ، هێناوە!

بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد لە هێزی کاریگەر و بەتوانای ژن بێبەش نەبێ، پێویستە سەرەتا زەمینەی بەشداریی چالاکانەی ژن ئامادە بکرێ و ئەو ئامانجەش هەر بە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بیر و باوەڕی دواکەوتوانە و ناعادڵانە لەنێو خۆمان و هەوڵدان بۆ هاتنەئارای فەرهەنگی سیاسیی مرۆڤتەوەر، وەدی دێ.

ئەساسەن یەکەم هەنگاوی خەباتی ڕزگاریخواز پێویستە تێکۆشان بێ بۆ بنبڕکردنی کولتووری چەوسێنەر و داگیرکەر. چون خەباتی ئازادیخواز بە کولتووری داگیرکەر، بە ئامانج ناگا.

دیارە لاوازبوونی ڕۆڵی ژن لە ژیانی سیاسییدا نەگەڕێتەوە تەنیا بۆ سیاسەتی حیزبەکان، بەڵکوو زۆر فاکتەری دیکە لەو پێوەندییەدا دەوری نەرێنی دەگێڕن کە دەبێ لەجێی خۆیدا باس بکرێن.

## نەبوونی بەرنامە و ستراتێژی بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

داڕشتنی ستراتێژی و بەرنامە بۆ ئاڵووگۆڕی کۆمەڵایەتی و کولتوریی گونجاو لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخواز کە هەم ئالترنتیڤ بێ بۆ پلانە فەرهەنگیەکان و سیاسەتی ڕێژیمی دیکتاتوری و هەم پێناسە بێ بۆ جووڵانەوەی ئازادیخواز، یەکێ لە سەرەکی ترین مەرجەکانی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەییە.

نەبوونی ستراتێژێکی ئەوتۆ بۆتە هۆی سەرهەڵدانی زۆر کێشە و ئاڵۆزی دیکە. حیزبە کوردستانیەکان ئەو بەرنامەیان تەنانەت بۆ نێو ڕیزەکانی خۆشیان لاوازە!

جار جار هێندێک کردەوە و ڕەفتار دەبیندرێ کە نەک هەر لەگەڵ ئامانج و سروشتی خەباتی ڕزگاریخواز ناوگونجێ، بەڵکوو ناتەباشە!

ناکرێ هەر کارێکی ناحەز و ناڕەوای ڕێژیمی جینایەتکار کردی، هێزی خەباتگێڕ بە نێویکی دیکە پاساوی بکا و ڕەوایی پێبدا!

هێزێکی خەباتکار نابێ ڕێگە بدا کە بۆ کردەوەی خراپ و بێزراو بکەوێتە ڕەقەبەریی لەگەڵ ڕێژیم و پەیڕەوی لە ئەسڵی "ئامانج وەسیلە پاساو دەکا"، بکا.

خەباتی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز دەبێ لە ماهییەت و ناوەرۆک و دیاریکردنی ڕێکار دا جیاوازیی هەبێ لەگەڵ ڕەفتاری ڕێژیمی دیکتاتوری. ئەو جیاوازییە دەبێ وەک ئولگوو و ئالترناتیڤ بەتەواوی بۆ خەڵک و بیروڕای گشتی ڕوون و ئاشکرا بێ. تەنانەت ئەگەر زیانی کاتیشی بۆ خەباتگێڕ لێبکەوێتەوە.

## لێکجیانەکردنەوەی پرسە حیزبیەکان لە پرسە نەتەوەییەکان

زۆر جاران دیتراوە کە حیزبە سیاسیەکانی کورد جیاوازی دانانێن لە بەینی پرسێک کە پێوەندیی تەنیا بە حیزبەکەی خۆیانەوە هەیە و پرسێک کە نەتەوەییە، واتە پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو تاک و لایەنێکی نیشتمانەوە هەیە.

لێکدانی ئەو دوو پرسە پاوانخوزانەیە و لەگەڵ ڕووح و فەلسەفەی خەباتی نەتەوەیی ناتەبا و کێشەخوڵقێنە. چون پرسی نەتەوەیی ئەگەر وەک پرسی حیزبی سەیرکرا، وەک پرسی حیزبیش هەڵسووکەوت و تەعامولی لەگەڵ دەکرێ و ئەوەش پاوانخوازی و "تکروی" لێدەکەوێتەوە کە هەتا ئێستا هەر کۆسپ بووە بۆ موشارکەت و هێنانەدی یەکڕیزی و هاوکاریی نێوخۆیی.

حیزبی سیاسی هەر ئەندازە خەباتگێڕ و بەهێز و دەستڕۆیشتوو بێ، تاقەخاوەنی کوردستان نیە و دەبێ لە پێناو بەرژەوەندیی جووڵانەوە و بەستێنخۆشکردن بۆ خەباتی جەماوەری، ئەو ئەسڵە بسەلمێنێ کە کوردستان مڵکی هەموو کوردە و پرسی نەتەوەیی، پرسی حیزبێک نیە، بەڵکوو پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو تاک و لایەنەکانەوە هەیە.

ئاکامێکی زیانباری دیکەی شێواندنی سنووری نێوان ئەو دوو پرسە، ئەوەیە کە پرسی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی

بەسەر ئەحزاب دا دابەش و تەجزیە دەبێ. پرسی نەتەوەیی کە کرا بە پرسی حیزبی، هەر حیزبەی لە ڕوانگەی مەسڵەحەتی خۆیەوە سەیری پرس و بەژەوەندی نەتەوەیی دەکا و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و جووڵانەوە لە بەرژەوەندیی حیزبیی خۆیدا بەدی دەکا. ئێستا ئەو دیاردە زیانبارە لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبیندرێ!

کاتێک پرس و بەرژەوەندیی نەتەوەیی تەجزیە بوو، ئیرادە و هەوێنی یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەشیش لاواز دەبێ و لەنێودەچێ، هەم لە نێو جەماوەر دا و هەم لە نێو ئەحزابی سیاسی دا.

چون یەکدەنگی و خەباتی یەکگرتوو پێویستیی بە هەوێن و پاڵنەر و ئامانج و بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە و ئەگەر ئامانج و بەرژەوەندیی هاوبەش لەئارادا نەمان، تەبایی و خەباتی هاوبەش مانای نامێنێ. واتە ئەگەر بەرژوەندیی نەتەوەیی دابەش بوو، ئامانجێکی هاوبەشیش نامێنێ و سەرەنجام زەروورەتی خەباتی هاوبەش و یەکگرتووش لەبیردەچێ.

ئەو پرسانە بەیەکەوە گرێدراون و نەدیتنی پێوەندیی نێوان ئەو دیاردانە، ڕێگای خەبات درێژتر و تێچووەکانی قورس تر دەکا.

**دابەشبوونی پرس و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەسەر ئەحزابدا، لەلایەکی دیکەشەوە کارەساتبارە کە خەڵکیش لە مێشک و ڕەفتار و هەڵوێست دا دابەش دەکا و یەکێتی و یەکدەنگی کۆمەڵگا دەشێوێنێ. ئەوەش ئامانجی دوژمنە.**

## نەبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

ئەوە کە هەر حیزبە خاوەنی پێشمەرگەی خۆیەتی و هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی لە ئارادا نیە، "پانێ ئاشیل"ی خەباتی کورد لە بواری نیزامی دایە. هێزی چەکداری کورد یەکدەست و یەک ئەرک نیە، بەڵکوو دابەش بووە بەسەر حیزبەکان دا بە بیروباوەڕ و ئەجندا و بەرژەوەندی جیاوازەوە!

نەک هەر هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی نیە، بەڵکوو تەنانەت هاوکاری و هاهەنگی لەنێوان هێزە چەکدارەکانی حیزبەکانیش دا بەدی ناکرێ کە لانیکەم تا ڕادەیەک زیانەکانی نەبوونی هێزێکی نیشتمانی قەرەبوو بکرێتەوە.

زۆرجاران پێشمەرگەی دابەشکراو تەنانەت بەدژی یەکتر و بۆ شەڕی براکوژی بەکارهێنراوە، ئەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

خزمەتی بە پیلان و پلانی دوژمن دژ بە جووڵانەوەی کورد کردووە!!

## لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەو دیاردەیە هەیە، هۆیەکەی:

١- لاواز بوونی ناسیونالیزم و شعووری نەتەوەیی.

٢- زاڵبوونی کولتوور و ڕووحیەی عەشیرەیی بەسەر تێگەیشتنی زۆربەی ڕێبەرانی ئەحزاب و نەبوونی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک.

٣- بەرژەوەندیی نەتەوەیی دابەش بووە و بەرژەوەندیی حیزبی جێگای بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمانی گرتۆتەوە.

## نەسەلماندنی جیاوازی و مافی دیاریکردنی شێوەی خەبات بۆ یەکتر

ئەو دیاردەیە بۆتە هۆکارێکی دیکە بۆ دڕدۆنگی و ناتەبایی و تەنانەت هەڵایسانی کێشە و شەڕی نێوخۆیی. حیزبی کوردستانی خۆی خەبات دەکا بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، کەچی لێرە و لەوێ حیزبمان هەیە کە ئەو مافە بۆ حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ناسەلمێنێ و چاوەڕوانە هەموویان بەدڵی ئەو شێوەی خەبات هەڵبژێرن!

لەکاتێکدا هەر حیزبێک مافی خۆیەتی لەچوارچێوەی ئوسووڵی خەباتی نەتەوەیی دا بۆخۆی دروشمی خۆی دیاری بکا، شێوەخەباتی خۆی هەڵبژێرێ، دیفاعی لێبکا و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

لێرەش دا بەداخەوە ڕووحییەی پاوانخوازی و هێژمۆنیخوازی و لاوازبوونی کولتووری سیاسیی سالم، بۆتە کۆسپ بۆ ڕێزگرتن لەو مافە ئاسایی و سەلماوە و ئەوەش بەنۆرەی خۆی بۆتە بەربەستێکی گەورە لەسەر ڕێگای تەفاهوم و پێکگەیشتن.

## خەباتی "میللی – دێموکراتیک"

ئەو دروشمە بەردەوام دووپات دەکرێتەوە بەڵام مەبەست و مەفهوومەکەی ڕوون نیە.

ئایا مەبەست ئەوەیە کە ئامانج و داخوازەکانی خەبات "نەتەوەیین" و "دێموکراتیک" فورمولە کراون یان خەباتەکە لە ناوەرۆکیش دا پێویستە نەتەوەیی و دێموکراتیک بێ؟

کێشە و ناتەباییەکان ڕاست لێرەوە سەر هەڵدەدەن. ئەگەر ئامانج و داخوازەکانی خەبات نەتەوەیی و دێموکراتیکن، بۆ ئەوەی خەباتەکە سەرکەوێ، پێویستە ئەو ئەکتەرانەش کە خەباتەکە بەڕێوە دەبەن، تێڕوانین و بڕوا و هەڵوێست و هەڵسووکەتیان نەتەوەیی و دێموکراتیک بێ. بەڵام بەڕاستی وایە؟!

پرسیارەکە دەکرێ جۆرێکی دیکەش بێتە گۆڕێ، ئایا ئامانج و داخوازی نەتەوەیی و دێموکراتیک بە هێزگەلێک وەدی دێن کە بۆخۆیان نەتەوەیی و دێموکڕاتیک بیر نەکەنەوە و ڕەفتار نەکەن؟! بێگومان نا!

ئەو ناتەباییەش یەکێ لە هۆکارەکانی شکانی جووڵانەوەکان بووە. خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بە کەسانی ئازادیخواز و دێموکڕات دابین دەبێ.

زۆربەی ئەحزابی کورد مەگەر لە ژێر فشار و لەناچاری، دەنا لە ڕووی بیروباوەڕەوە و بۆ بەرژەوەندیی جووڵانەوە ئامادەی سەلماندنی ماف و موشارەکەت و مەوجوودییەتی حیزبەکەی دیکە نین! ئەوە چۆن لەگەڵ دروشمی خەباتی نەتەوەیی-دێموکراتیک یەکدەگرێتەوە؟

دروشم پێناسەیە و کاتێک مانا پەیدا دەکا، بڕوای پێدەکرێ و پەیڕەوی لێدەکرێ و بەهەند دەگیرێ کە خاوەنەکەی بەکردەوە پێی پابەند بێ و کاری پێبکا.

دروشم، بەشێوەی ئوتوماتیک وبێ قەیدوشەرت، خاوەن دروشم ناکا بە نەتەوەیی و بە دێموکڕات!

قانوونە ئەساسیەکانی ڕێژمە داگیرکەرەکان پڕن لە عونسوری باش و دێموکراتیک، بەڵام ئایا لە کردەوەشدا وایە؟!

## پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیران

پێوەندی و هاوکاریی لەنێوان جوڵانەوەکانی کورد و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەمیشە بووە و

ئاساییشە. بەڵام جاروبار پشتبەستن و متمانای زیادەلەحەد بە وڵاتانی دەرەکی، بەتایبەتی وڵاتانی دابەشکەری کوردستان، دەرفەتی دەستتێوەردان و دووبەرەکینانەوەی بۆ دوژمن ڕەخساندووە، کێشەی زیانباری بۆ کورد ناوەتەوە و وزە و فیداکاری کوردی بەفیڕۆداوە.

ڕێژیمە چەوسێنەرەکان، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەکاتێکدا بەردەوام ئیدیعای دڵسۆزی بۆ کورد لەم یان لەو بەشی کوردستان دەکا، بەڵام بەشایەتی مێژوو، لەکاتی هەستیاردا قەت لە دوژمنایەتی لەگەڵ ماف و ئازادیی کورد درێخی نەکردووە و زەبری قورسی لە "هاوپەیمانەکەی" وەشاندووە.

باش ترین و مەعقوول ترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سەداقەت و نیازپاکی هەریەک لە ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەڵسووکەوت و سیاسەتی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ گەلی کورد لە وڵاتەکەی خۆیەتی.

بەڕاستی پرسیار هەڵدەگرێ کە مرۆڤ بڕوا بە ئیدیعای دڵسۆزی و هاوپەیمانیی وڵاتێکی حاکم بەسەر بەشێکی کوردستان بکا کە لە وڵاتەکەی خۆیدا بە دڕندانەترین شێوە کورد سەرکوت دەکا و چووکترین مافی پێ ڕەوانابینێ.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە هەموو حیزبە سیاسیەکان پێویستە پێی دەرووەست بن و هەمیشە ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە کە پێوەندی حیزبێکی کوردستانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمانە نابێ بەزیانی کورد و جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوەبچێ.

### کاریگەریی خەباتی چەکداری لە لەسەر مەوقعییەتی نێونەتەوەیی کورد

بەپێی هەموو پێوەرە سەلماوە نێونەتەوەییەکان، خەباتی چەکداریی کورد دەکەوێتە چوارچێوەی ئەسڵی دیفاعی ڕەوا و خەبات بۆ ئازادی.

ئەورۆ لەئاستی نێونەتەوەییدا، کەم کەس هەیە نەزانێ کە کورد لەهەموو مافەکانی بێبەش کراوە، دەچەوسێتەوە و بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای خۆی خەبات دەکا و تەنیا بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی لەمەترسیکەوتووی خۆی دەست دەداتە چەک.

کەوابوو خەباتی چەکداریی لەجێدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناوبانگ و مەوقعییەتی کورد دانەناوە.

ئەوەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا زیانی گەورەی لە ئیعتباری جووڵانەوەی کورد داوە، پرش و بڵاوی و ناکۆکی و کێشەی نەبڕاوەی نێوخۆیی و نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون و هەروەها ئەوە کە دەست و نفووزی ڕێژیمە داگیرکەرەکان جارجار لەنێو بەعزە حیزبێکی کوردستانی دا زۆر دیار و بەرچاوە.

بۆ بیروڕای گشتی وتەنانەت بۆ دۆستە نزیکەکانی کورد بۆتە "معما" و پرسیار کە کێشەی نێوخۆیی کوردی بێ وڵات و بێبەش، سەرکوتکراو و ژێرستەم لەسەر چی و هەتا کەی نابڕێتەوە؟ مەگەر هێزە سیاسیەکانی کورد ئامانجی سیاسی و نەتەوەییان نیە و بۆ ماف و ئازادی قوربانی نادەن؟

ئەوەی یارمەتیی بە پڕوپاگەندەی داگیرکەرانی کوردستان داوە و ڕەوایی خەباتی کوردی دەخاتە ژێر پرسیار، بێتوانایی هێزە کوردستانیەکانە لە دیاریکردنی ئولەوییەتەکانیان و داماوییان لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان بەڕێگای سیاسی دا، لە سازان و پێکهێنانی یەکگرتووی و یەکدەنگی، لەو کاتە ئاستەمە دایە.

جێگای سرنجە کە ئێستا ئیدی دوژمنەکانی کوردیش، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەئاشکرا گاڵتە بە عاجزبوونی حیزبە کوردییەکان لە هەست پێنەکردن بە جیددیبوونی بارودۆخەکە و قازانج و زەرەری خۆیان، دەکەن.

## پرسی "ڕێبەری جووڵانەوە"

پرسی سەرۆک و ڕێبەر یەکێ لەو پرسانە بووە کە بەردەوام لەنێو جووڵانەوەکانی کورددا کێشەی ناوەتەوە و بۆتە هۆی لێکدوورکەوتنەوە و دووبەرەکی و لاوازکردنی بزووتنەوە. ئەو پرسە تەنانەت شەڕی نێوخۆی لەسەر هەڵایساوە.

ئەزموونی جووڵانەوەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەش نیشانی داوە کە ئیدیعای ڕێبەرییەک کە مەشرووعییەتی خۆی لە ژمارەی چەک و مەنتقی شۆڕشگێڕیی هەڵدێنجێ، لە لایەن هێزەکانی دیکەوە قەبووڵ ناکرێ و هەمیشە ئاڵۆزی و کارەساتی لێکەوتۆتەوە و عامڵێکی لاوازبوون و هەرەسهێنانی جووڵانەوە بووە.

جێگای سرنجە، کێشەی سەرۆک و ڕێبەریی لە نێو کورد دا هەمیشە ئەوکاتە دێتە گۆڕێ کە خەباتی چەکداری لە ئارا دایە

و چەک و هێزی نیزامی حاکم و بڕیاردەرە!

**هەستی پاوانخوازی بەتایبەتی لەکاتی شەڕی چەکداریدا دەبزوێ و پەرەدەستێنێ.**

مەترسێکەش ڕاست لێرەدایە، چون چەک و هێزی نیزامی لە کاتی شەڕ و لە غیابی یاسادا باڵ دەدا بە هەستی هێژمۆنیخوازی و لایەنەکانی لاوازتر دەخرێنە پەڕاوێزەوە و حەزف دەکرێن.

بۆ ڕاست و دروستی ئەو قسەیە ئەوەندە بەسە چاوێک بە دەورووبەری خۆمان و جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا بگێڕین کە دیاردەی "خۆ بە سەرۆک و ڕێبەردانان" (رهبری خودخوانده) و خۆ بە تەنیا خاوەنی پرسی کورد زانین، چی بەسەر پرسی کورد هێناوە و چۆن دەرفەتەکان یەک بەدوای یەکدا دەسووتێندرێن!

**پرسی "سەرۆکایەتی جووڵانەوە" بە پێناسە و تێگەیشتنی کلاسیک و کۆن، لانیکەم بە پێنج دەلیل ئیدی سەرناگرێ و ئەوڕۆ زیانی زیاتر لە ڕابردووی بۆ کورد لێدەکەوێتەوە:**

١- ئیدیعای ڕێبەریی بەشێوەیەک کە هەتا ئێستا لە جووڵانەوەکانی کورددا باو بووە و دیتراوە، ڕەوایی نیە، چون "حیزبی ڕێبەر" بە دەنگی خەڵک هەڵنەبژێردراوە و ڕەوایی لە ئیرادەی خەڵک یان هێزەکانی دیکە ورنەگرتووە.

ئیدیعایەکە باری یاسایی نیە و تەنیا بە پشتبەستن بە چەک و هێزی نیزامی داسەپاوە و ڕەوایی لە "مەنتقی شۆڕشگێڕیی" وەرگرتوە. پێوەر و پاساو، ژمارەی چەک و هێزی چەکدار بووە.

"زۆر" قەت ناتوانێ ببێتە بنەمای تەفاهوم و هاوکاری، چون لایەنێک کە دەچێتە ژێر باری ئەو جۆرە ڕێبەرییە، ڕەوایی و سەربەخۆیی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە!

٢- ئیمکانی گۆڕینی "حیزبی ڕێبەر" نیە و ڕێبەریەکەی هەتاهەتاییە. چون بە مەنتقی زۆر بۆتە "ڕێبەر"، هەر بە زۆریش ئیرادەی خۆی دەسەپێنێ و هەر بەزۆریش وەلادەبرێ! ئەوەش ئاشکرایە کە شەڕی نێوخۆی لێدەکەوێتەوە.

دەرفەت و مەجالێک بۆ لێپرسینەوە لە "حیزبێ ڕێبەر" بەدی ناکرێ و خۆی بەرامبەر بە کەس بە بەرپرس نازانێ.



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**ماهاتما گاندی جوانی کوتووە: "ئەوەی بە زۆر وەدەست دەکەوێ، هەر بە زۆریش دەپارێزرێ".**

٣- گشتخوازە (تمامیت خواه) و هیچ چەشنە ئوپوزسیون و دەنگێکی ناساز تەحەمول ناکا. حیزبێ ڕێبەر" چون خۆی بە تاقەخاوەنی کوردستان و پرسی کورد دەزانێ، ئامادە نیە دەسەڵات و سامانی وڵات لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکە بەش بکا و هەر بیرێکی جیاواز بە نەیار و دژبەر دەزانێ. چاوەڕوانە لایەنەکانی دیکە بە فەرمانی ئەو هەڵسووکەت بکەن!

٤- "حیزبێ ڕێبەر" خۆی بە حاکم ودەسەڵاتی موتڵەق دەزانێ و بڕیار و قەزاوەتی خۆی دەکا بە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگا. بەگشتی، "فعال مایشاء"یە! خۆی تاقەسەرچاوەی یاسا و حەقە!

مەسەلەی سەرۆکایەتی و ڕێبەری هەرئێستا لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان بۆتە کێشەی سەرەکی و کۆسپی سەر ڕێگای یەکڕیزی و خەباتی هاوبەش.

ئەو ئیدیعایە چون نارەوا و پاوانخوازانە، لەبناخەوە لەگەڵ سروشتی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێکناکۆک و ناسازگارە.

٥- ئیدیعای ڕێبەریکردن بەو جۆرەی لە جووڵانەوەکانی کورد دا دیتراوە، لەگەڵ ڕووحی ئەو سەردەمە و عەقلییەتی مرۆڤی ئەورۆ ناتەبا و کێشە خوڵقێنە و مەحکوومە بە شکست.

مرۆڤی خوێندەوار و چاوکراوەی ئەورۆ کە بە هەزاران سەرچاوەی زانیاریی لەسەر وڵاتانی دیکە لەبەردەست دایە و بەهاسانی و بەشێوەی جۆراوجۆر دەتوانێ دەنگی خۆی بە دنیا ڕابگەیەنێ، ناچێتە ژێر باری ئەو شێوە تێگەیشتنە لە سیاسەت و پرسی ڕێبەرییەوە.

ئەورۆ ئاڵووگۆڕی قووڵ بەسەر کۆمەڵگای کوردستان دا هاتوە و لەگەڵ تەحەولاتی کۆمەڵگا دا نیاز و پێداویستی و تێگەیشتن و چاوەڕوانی مرۆڤی کوردیش لە سیاسەت، ئاڵووگۆڕی بەسەردا هاتووە.

هەروەها،لایەن و ئەحزابی نوێ هاتوونە گۆڕەپانی سیاسیەوە و لە کۆمەڵگا دا دەور دەگێڕن و بەدیلی سیاسی زۆر بوون. ئەو بارودۆخە سیستمی تاکەحیزبی و ڕێبەریی تاقەحیزبێک وەخۆ ناگرێ.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵووگۆڕانە، ئیدیعای ڕێبەریی لەلایەن هەر حیزبێکەوە لەگەڵ بەرهەڵستیی لایەنەکانی دیکە بەرەوڕوو دەبێتەوە و دەبێتە هۆی سازبوونی دووبەرەکی و لێکدوورکەوتنەوەی ئەحزاب و بە زیانی جووڵانەوە تەواو دەبێ.

ئێستا، دەڵێین دیاردەی "خۆبەڕێبەردانان" بەهۆی جۆراوجۆر، ئەزموونێکی شکستخواردووە و درێژەپێدانی زیانی زیاتر لە ڕابردووی بۆ جووڵانەوە لێدەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ناکرێ لە "خلاء" و خەون و خەیاڵ دا خەبات بکەین.

بوونی ئورگان یان مکانیزمێکی کاریگەر بۆ ڕێکخستن و مودیرییەت و هەواهەنگی بزووتنەوە، پێویستە و پێش دەگرێ لە پەرتەوازەیی و بەفیڕۆچوونی ئینرژی هێزەکانی نێو جووڵانەوە و سیستم دەدا خەبات.

لەملاشەوە، دەرفەتی ئەوە نیە کە لە هەڵبژاردنی ئازاد دا بەڕێوەبەرییەک بۆ جووڵانەوە دیاری بکرێ! ئەی چارە؟
بۆ دیاریکردنی بەڕێوەبەریی جووڵانەوەی کورد تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە: پێویستە سەرەتا بەرە یان ئیتلافێک لە حیزبەکان بە دیاریکردنی کۆمەڵێک پێوەر ڕێبەریی و بەڕێوەبردنی جووڵانەوە بەستۆوە بگرێ.

ئەوکاتە، لە ئیتلاف و کاری هاوبەشدا ڕادەی توانا و نفووز و کاریگەریی ئەندامانی کۆبەندیەکە بەشێنەیی ئاشکرا دەبێ.
یان بەشێوەی دەورەیی پرسی ڕێبەریی چارەسەر بکرێ، هەتا ئازادبوونی کوردستان و پێکهاتنی دەرفەتی هەڵبژادرن.

حیزبەکان لە درێژەی کاری هاوبەشدا مەودایان هەیە بەکردەوە و ڕەفتاری دێموکراتیکی خۆیان، لێهاتوویی و زەرفییەتەکانیان نیشان بدەن و بڕوا و متمانا لە بەینی خۆیان دا دابین بکەن.
ڕۆڵی ڕێبەریی حیزبێک لە ڕەوتی خەباتی هاوبەش و یەکگرتوودا بەرەبەرە دەردەکەوێ و لەلایەن هێزەکانی دیکەوە بەشێوەی دڵخوازانە و دێموکراتیک دەسەلمێندرێ.

لایەنەکان دەبێ هەست بکەن هەڵناواردرێن و دەتوانن متمانا بە حیزبی خاوەن نفووز تر بکەن و هاوپەیمانی و هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو حیزبە لە بەرژەوەندییان دایە و پێویست ناکا نیگەرانی پاوانخوازی ئەم یان ئەو حیزب بن.

ڕێبەرییەک کە ئاوا دەسەلمێندرێ، واقعییە و کاریگەری خۆی دەبێ و یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی جووڵانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریویری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## وتەکانی بەڕێز د.میرۆ عەلیار لە ڕێوڕەسمیساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس

**میوانە بەڕێزەکان،**
**هاوڕێیانی تێکۆشەر،**
**ئەوکاتەتان باش!**

**ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی زایینی وەک ڕۆژێکی تاڵ و جینایەتێکی سامناک چۆتە نێو مێژووی خوێناویی خەباتی نەتەوەکەمانەوە.**

٢٦ ساڵ لەمەوبەر، د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبەکەمان و سێ هاوڕێی، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و هەروەها کاک نوری دێهکۆردی چالاکی سیاسی و دۆستی حیزبی دێموکرات، لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە بێرلین بوونە قوربانیی تێروریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەهید کران.

ئەورۆ لێرە کۆ بووینەتەوە کە ڕێز بگرین لە بیرەوەری ئەو ڕێبەرە بەبڕشت و هەڵکەوتووە و هاوڕێکانی و خەبات و فیداکارییان وەبیر بێنینەوە.

هەموو ساڵێ و لەهەر دەرفەتێکدا پێویستە بێزاری خۆمان لە تێروریزم بەگشتی و لەو تاوانە قورسانەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد ئەنجامی داون، دەرببڕین. بۆ مرۆڤی خەباتگێڕ و گەلی ڕزگاریخواز گرنگە نە هاوڕێ بەنرخەکانی لەبیر بکا و نە تاوانەکانی دوژمنی.

لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەگەرمی میوانە بەڕێزەکان بەخێرهاتن دەکەم و سوپاس بۆ ئەوان و بۆ ئێوە هاوڕێیانی بەڕێز کە تەشریفتان هێناوە و لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریتان کردووە.

دەزانن، دوای ئەوەی مرۆڤکوژانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی (١٣٦٨ی هەتاوی) لە ڤییەن ڕێبەری

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

مەزن د.عەبدولڕەحمان قاسملوویان تێرۆر کرد، د.سادق شەرەفکەندی کە لەنێو خۆماندا بە د.سەعید ناسرابوو،

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی گرتە دەستە ئەمین و بەتواناکەی خۆی و نەیهێشت ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازی حیزبەکەمان بۆ ساتێک بکەوێتە سەر عەرز و بەو جۆرە دوژمنی خوێنمژی تووڕە و هەناسەسارد و تەمابڕاو کرد.

بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر باری قورس و گرانی لەدەستچوونی قاسملووی نەمر پشتی نەچەمایەوە و بەڕێبەرایەتی د.سادقی لێهاتوو درێژەی بە خەبات و ڕێبازیی نەتەوەیی خۆی دا.

دوژمنی داماو کاتێک دیتی پیلانەکەی سەری نەگرتووە و ئاواتەکەی نەهاتۆتە دی، بڕیاری لەنێوبردنی د.شەرەفکەندی دا و کەوتە داڕشتنی پیلانی تێرورکردنی.

قسەی تێدا نییە، بە تێروری د.شەرەفکەندی دوژمن برینێکی بەژان و کەلێنێکی قووڵی خستە جەستەی حیزبی دێموکرات و زەبرێکی قورسی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند، بەڵام خەونەکەی وەدی نەهات و بە ئاوات نەگەیشت. ئەوڕۆ ٢٦ ساڵ دوای تێروری بێرلین، ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان هەروا دەشەکێتەوە و ڕۆڵەکانی شەرەفکەندی حەماسە دەخوڵقێنن.

بە تێروری میکۆنۆس کۆماری ئیسلامی پەردەی لەڕووی نیزامەکەی هەڵدایەوە و ماهییەتی دژبەکوردبوونی خۆی زیاتر بە نەتەوەی کورد ناساند و بەتایبەتی لاوەکانی وشیارتر کردەوە، هەستی نەتەوایەتی و بیری ڕزگاریخوازیی تێدا بەهێزتر کردن و متمانەی کورد بە حکوومەتی ئیسلامی ئێرانی نایە ژێر خاک.

لە ئاستی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیدا، حوکمی دادگای بێرلین کە بەدادگای "میکۆنۆس" ناوبانگی دەرکرد و لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ی زایینی (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) ڕاگەیەندرا، تێروریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێرانی لەقاو دا، ڕاشکاوانە ڕێبەرانی ڕێژیمی لە بەرزترین ئاستی حکوومەتیدا وەک پلاندارێژ و بەڕێوەبەری تێروریزم بە دنیا ناساند. لە حوکمی دادگای میکۆنۆسەوە هەتا ئێستاش مۆری تێروریزم بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە نووساوە و لێی نابێتەوە.

**بەڕێزان!**

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ڕێبەرێکی سیاسی بوو و لە پێناو بیروباوەڕ و ئامانجێکی سیاسیدا سەری دانا، بۆیە جێی خۆیەتی لە ساڵوەگەڕی تێرۆرەکەیدا ئاوڕێک لە وەزعی ئێستای کۆماری ئیسلامی بدەینەوە کە بەهیوای خنکاندنی دەنگی ئازادیخوازی و نەهێشتنی هەستی خەبات و خۆڕاگری کوردی ڕۆژهەڵات، کاک سادقی تێرور کرد.

کۆماری ئیسلامی ئەورۆ لەگەڵ گەورەترین و پڕمەترسیترین قەیرانی مێژووی خۆی لە ژوورەوە و لە دەرەوە بەرەوڕوو بۆتەوە.

### قەیرانی ئەوڕۆ هەموو لایەنەکانی سیستمەکەی گرتۆتەوە:

١- قەیرانی سیاسی و قەیرانی حاکمییەت: کێشەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە سەرەتادا خۆیان لە بێبەرنامەیی، کێشەی مودیرییەت، دزی و گەندەڵی بێسنووری حاکمییەتدا دەبیندران، بەرەبەرە لەدەستدانی ڕەوایی حکوومەتی لێکەوتەوە. ئێستا لەو قۆناخەش تێپەڕیوە و ڕێژیم تووشی قەیرانی حاکمییەت هاتووە.

قەیرانی سەروەری (حاکمییەت)، بەو مانایە کە درزێکی قووڵ کەوتۆتە نێوان خەڵک و حکوومەتەوە کە ڕێژیم توانای پرکردنەوەی نییە. ئیدئۆلۆژی، بنەما هزرییەکان و ئۆتۆریتەی سیاسی حکوومەت کاڵ بۆتەوە و توانای قانع کردن و وەجووڵەخستنی کۆمەڵگای بۆ ئامانجەکانی حکوومەتی نەماوە. وەک دەڵێن، حکوومەت دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەسەر خەڵکەوە دۆڕاندووە و بۆ هێمن کردنەوە یان وڵامدانەوە بە داخوازەکانی خەڵک تەنیا دوو شتی پێماوە: درۆ و بەڵێنی غەیرەعەمەلی و پەنابردن بۆ توندوتیژی و سەرکوت.

لە ئاکامی ئەو قەیرانە هەمەلایەنەدا، شێواوی و یەکترلەقاودان و دووبەرەکی نێوخۆی حاکمییەت بەردەوام قووڵتر و ئاشکراتر دەبێتەوە.

٢- قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی: لە ئاکامی شپرزەیی ئابووری و دابەزینی بەردەوامی دراوی وڵات، گرانی ڕۆژبەڕۆژ و جاروبار تەنانەت کاتژمێر بە کاتژمێر، بێکاری و هەژاری بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەی ئەستاندووە.

"کۆڕەوی" کۆمپانیا و سەرمایەگوزارانی بیانی لە ئێران، ئابووریی شپرزەی وڵاتی گەیاندۆتە لێواری دارمانی یەکجاری. ڕێبەرانی ڕێژیم هەرکەسە لە بیری تاڵانی وڵات و بردنە دەرەوەی سامانی خۆیەتی.

گرانی و بێکاری و هەژاری لەلایەک و داماوی ڕێژیم لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خەڵک لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵگای ئێرانی تووشی قەیرانی کەموێنەی کۆمەڵایەتی کردووە.

٣- قەیران لە سیاسەتی دەرەوەدا: لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕێژیم بەهۆی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، پێداگریی لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی مووشەکی بالستیکی، ڕەچاوکردنی سیاسەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە، تەواو تەریک کەوتۆتەوە. بە قسەی "آیت الله محمدتقی مصباح یزدی" لە ڕۆژی ١٤ی خەرمانان "کۆماری ئیسلامی لە دنیادا بە ڕادەی قامکەکانی دەستیش دۆستی نییە".

ئەزقەزا یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕێژیم کەوتۆتە بەر گەمارۆ و سزا نێونەتەوەییەکان، تێرۆریزم و پشتیوانیی بەئاشکرا لە تێرۆریزمە.

بە هەموو پێوەرە سەلماوەکان، کۆماری ئیسلامی لەباری سیاسی، ئیدئۆلۆژی، ئابووری و ئەخلاقییەوە ڕێژیمێکی وەرشکستەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا، دەزانن کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بە توندی بەردەوامە.

دوانموونەی ئەو سیاسەتە ڕووداوی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ بوو کە ڕێژیم سەرەتا سێ لاوی کوردی ئێعدام کرد و پاشان بنکەکانی خەباتگێڕانی دێموکرات لە کۆیەی مووشەکباران کرد کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی ١٥ کەس و بریندارکردنی دەوری ٤٠ کەس. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی جینایەتێکی دیکەی دژ بە کورد خوڵقاند. دوو ڕۆژ دوایە لاوێکی دیکە بەنێوی کەماڵ ئەحمەدینژادی ئێعدام کرد.

ئەو هێرشە بەمەبەستی ناچارکردنی حیزبەکان بە ڕاگرتنی خەبات بەڕێوەچوو. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا ڕوونە: ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشان بۆ ئێمە جێگای باس و پرسیار نییە.

سێ ساڵە حیزبەکەمان خەباتێکی نوێی دەستپێکردووە و لە داهاتووشدا، بەهەر شێوەیەکی بە گونجاوی بزانێ درێژە بە خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی دەدا لەپێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

جینایەتی ١٧ی خەرمانان یەکەم جینایەتی کۆماری ئیسلامی بەدژی کورد نەبوو. ڕێژیم نزیک بە ٤٠ ساڵە بەهەموو شێوەیەک سیاسەتی سەرکوت و لەنێوبردنی کورد بەڕێوە دەبا و کۆڵی بە کورد نەداوە.

ئەو جینایەتانە ئێمە لەسەر خەبات بەدژی دیکتاتۆری و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان سوورتر و لێبڕاوتر دەکا. ژان و خەمی لەدەستدانی هاوسەنگەرەکانمان دەکەین بە ورە و بە ئیرادە بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمن، دەیکەین بە هەوێنی یەکگرتوویی بۆ بەردەوامبوونی خەبات لە پێناو ڕزگاری لە بندەستیدا.

ئێمە لێبڕاوین کە هەزینەی گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی وەخۆگرین، ئەو جینایەتانە هەنگاومان پێ شل ناکەن.

وڵامی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان (١٢ی سپتامبر) بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و مانگرتنیان بەو بەربەرینییە، حەماسە و پەیامێکی ڕوون و قایم بوو بۆ کۆماری ئیسلامی.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان، بوو بەهۆی هاتنەئارای ململانێ و خۆتاقیکردنەوەیەک لەنێوان کۆماری ئیسلامی و خەڵکی کوردستان کە ڕێژیم حەسێبی بۆ نەکردبوو و چاوەڕوانی لێکەوتەکەی نەدەکرد بەڵام خەڵکی کوردستان دیسانەوە بە دنیای سەلماند کە بەپێچەوانەی ئیددیعاکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی دیکە، پرسی کورد لە ئێراندا هەیە و حاشای لێناکرێ. پرسی کورد لە ئێراندا پرسی حیزبێک و دوو یان چەند حیزبی سیاسی نییە، پرسی نەتەوەیەکی زیندووە و وشیارە کە بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی ئامادەی فیداکارییە.

وڵام و هەڵوێستی خەڵک ئەوەندە قاتع و قایم بوو کە حکوومەتی تاساند. دوای حەماسەی ٢١ی خەرمانان، ئەگەر ١٠٠٠ کەسی دیکەشمان لێ بکووژێ، ئێستا ڕێژیم دۆڕاوی ململانەکەیە.

لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی ٢٤ی خەرمانان موحەممەد حسەین ڕەجەبی فەرماندەی سوپای پاسدارانی پارێزگایی سنە هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی لە خەڵکی کوردستان کرد کە مانیان گرتووە و دوکان و بازاریان داخستووە! ڕاستە کە دیکتاتۆرەکان لە مێژووی ڕەشی خۆیان دەرس وەرناگرن!

ئاخر هەڕەشەی چی دەکەن! لە ماوەی ٤٠ ساڵی تەمەنی ڕێژیمەکەتاندا چ جینایەتێکتان دژ بە میللەتی کورد نەکردووە کە ئێستا هەڕەشەی کردنی دەکەن!

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**٤٠ ساڵە دەکوژن، دەبڕن، ڕێبەران و تێکۆشەرانمان تێرور دەکەن، لاوەکانمان لە سێدارە دەدەن، روحم بە کۆڵبەری زەحمەتکێشی کورد و ژن و منداڵی ناکەن، ٤٠ ساڵە بەهەموو تواناتانەوە هەوڵ دەدن خەڵکی کوردستان لە حیزبە سیاسییەکان دابرِن. بە ئامانجەکانتان گەیشتوون؟!**

ئاشکرایە، ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دژی ئینسانی وەک کۆماری ئیسلامی کە خاوەنی تانک و تۆپ و مووشەک و تەیارەیە، بۆ کوردکوشتن هیچ لەمپەرێکی ئەخلاقی و ئینسانی لەبەر خۆیدا نابینێ و دەتوانێ بکوژێ و وێران بکا بەڵام ئەوە ٤٠ ساڵە ئەو کارە دەکەن و هەنگاوێک لە ئامانجەکانتان نزیک نەبوونەوە، تەنیا شکست و سەرشۆڕی و درێژەدان بە جینایەتتان پێ ماوە.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان بە هیچ جۆر نیشانەی هێز و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نییە، بەپێچەوانە ئەو هێرشە دەرخەری لاوازی و داماوی و بەتایبەتی ترسی زۆری ڕێژیم لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی کورد و تەشەنەکردنی بۆ ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکە، بوو.

ئەو هێرشە بۆ ترساندنی خەڵکی ناڕازی ئێران و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە قەیرانە نێوخۆییەکان، بەڕێوەچوو.

**بەڕێزان!**

دەرکەوت کە کاریگەرترین وڵام و بەژانترین تۆڵەی ئەو کارەساتە بە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش دەدرێتەوە.

ڕێژیم زیاتر لە هەموو شتێک، لە یەکیەتی و یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی کورد دەترسێ. دەترسێ لەوەی حیزبەکان و خەڵک بە هێزی یەکگرتوویان بەرەنگاری دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی بێ وڵات، لە یەکیەتی و هاوپێوەندی و یەکگرتووییدایە. داگیرکەر لە یەکهەڵوێستی گەلی چەوساوە دەترسێ.

لێرەدا پێمخۆشە لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە جارێکی دیکە سڵاو بۆ خەڵکی وشیاری کوردستان بنێرم و بڵێم پێتان سەربەرزین و شانازی دەکەین ڕۆڵەی ئێوەین.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**هاوڕێیان!**

کۆماری ئیسلامی بەهەر شێوەیەک بیهەوێ بەرەنگاری ئەو دۆخە پڕ لە قەیرانەی ئەوڕۆی بێتەوە، داهاتوویەکی ڕوونی نییە. دەبێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بین، بەڵام ئاڵوگۆڕ، تەنانەت ڕووخانی ڕێژیمیش، بەشێوەی ئوتوماتیک و لەجێدا بە مانای نەمانی دیکتاتۆری و وەدیهاتنی ئازادی و مافەکانی ئێمە نییە. لە شۆڕشی پێشوو و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە.

بۆ ئەوەی بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا نەکەوین یان ئاڵوگۆڕەکان بەسەرماندا نەڕووخێن، کورد دەبێ ئامادە بێ و خۆی ڕێک بخا کە بتوانین خێرا و لەکاتی خۆیدا هەلەکان بقۆزینەوە، لە دەرفەتەکان بە قازانجی میللەتەکەمان کەڵک وەرگرین و پیلان و هەڕەشەکانی نەیاران پووچەڵ کەینەوە. حیزبە کوردستانییەکان کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، دەبێ بەرپرسانە و سیاسییانە هەنگاو هەڵگرن.

ئاسۆی خەباتمان ڕوونە. بەخۆشییەوە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئاڵوگۆڕ و جموجۆڵێکی نوێ لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات بە ڕوونی هەست پێدەکرێ.

ئەو ئاڵوگۆڕانە مزگێنی سەرهەڵدانی بیروباوەڕ و تێڕوانینێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەییان پێیە. هەست بەوە دەکرێ کە جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە ستراتیژێکی نوێ هەیە.

کاکڵی ئەو تێگەیشتن و قەناعەتە نوێیە لە نێو حیزبەکاندا ئەوەیە کە بە هاوکاری و یەکگرتوویی و داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی واقعبینانە دەتوانین بەسەر کەموکوورییەکانی جووڵانەوەدا زاڵ بین و سەرکەوین.

دەبێ ئەو بڕوا و قەناعەتە بکەین بە بنەما و بناخەی ستراتیژییەکی نوێ بەرەو بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زیاتری خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوڕۆ ئەگەر دەرفەت و دەرەتانی نوێ بۆ کورد ڕەخساوە، هەڕەشەکانیش لەسەر کورد زیادیان کردووە. بەتایبەتی نیزامی مەزهەبی- ناسیۆنالیستیی کۆماری ئیسلامی، هەتا ماوە، واز لە دوژمنایەتی کورد ناهێنێ و درێژە دەدا بە سەرکوت و

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**پیلانگێڕان بەدژی کورد و بەرژەوەندییەکانی لە هەر چوار بەشی کوردستان، بۆیە، لەپێناو کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و دەرەتانەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن، پێویستە ئامانجی ستراتێژی نوێی جووڵانەوە، هاوکاری و خەباتی هاوبەش و یەکگرتوویی خەڵک و حیزبەکان بێ.**

**سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز گرێدراوە بە یەکیەتی و بەشداریی یەکگرتوو و هاوخەباتی هێزەکانی نێو جووڵانەوە لە کەشێکی دێموکراتیکدا.**

**لەو پێوەندییەدا، پێکهێنانی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" وەک سەرەتایەک، هەنگاوێکی بەجێ بوو بۆ ئامانجێکی بەجێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێ، پێویستە چالاکتر و بەکارتر بکرێت و بۆ ئەو مەبەستە، نهادینەکردنی زەروورییە.**

**یەکیەتی و یەکهەڵوێستی حیزبەکانمان نەک هەر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی حەیاتییە، بەڵکوو مەوقعییەت و پێگەی کورد بەرامبەر بە ئۆپۆزسیونی ناوەندی و لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا بەهێز دەکا. ئەو پرسانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە.**

**بەرز و پیرۆز بێ بیرەوەری ڕێبەری لێهاتوومان د. سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کاک فەتاح عەبد ولی، کاک هومایوون ئەردەڵان و کاک نوری دێهکۆردی.**

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان.**

**بەردەوام بێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی**

**ئێوەش ساغ و سەربەست و سەرکەوتوو بن**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی خەرمانانی ٢٧١٨**



سەرچاوە
Serchawe

## هێز، بەهێزبوون و هێمای هێز و دەسەڵات

بەدوای کۆنگرەی ١٦ی ح.د.ک.ئ. و پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی قووڵ لە قەوارە و ساختاری حیزب دا، تەواو ئاسایی و مەنتقیە کە ئەو ڕووداوە پێداویستیی بەخۆداچوونەوە و پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی پێویست لە ساختاری فیکریی حیزبیش بەدوای خۆیدا بێنێ. سیستمی نوێ پێویستیی بە بیرکردنەوە و تێڕوانین و ستراتێژی نوێ هەیە. سەرکەوتنی ساختاری نوێ گرێدراوە بە پەروەدە و کولتووری سیاسی نوێ.

لە پێناو سەرخستنی سیستمی نوێی حیزب دا، خستنەبەرباس و وڵامدانەوە بە پرسیارگەلێکی گرینگ پێویستە. یەک لەو تەوەرە گرینگانە کە دەبێ شی بکرێتەوە و وڵامی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، پرسی "هێز" و "بەهێزبوون"ە.

بەدوای دەستپێکردنی خەباتی نوێی حیزبەکەمان، خەباتی شار و شاخ، پرسی "هێز" و بوون بە هێزی کاریگەر، زیاتر زەق بۆتەوە و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزب دا دێتە گۆڕێ و هەرکەسەی لە ڕوانگەی خۆیەوە وڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چۆن بەهیز بین، باشترە بڵەین، چۆن ئەوەندە بەهێز بین کە وڵامدەرەوەی شێوەخەباتی نوێمان و ویست و پێداویستییەکانی ئەوڕۆی جووڵانەوە بین؟

ئەو پرسیارە، پرسیارگەلێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە: کامانەن هێما و نمادی "هێز" و دەسەڵات؟ "هێز" یانی چەک و پارەی زۆر؟ چەک و پارەی زۆر بەتەنیا، وڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازن؟ پێوەندیی نێوان "هێز" و "ڕەوایی"؟ پێوەندیی نێوان "هێز" و "ئیعتباری سیاسی"؟

خۆماندووکردن بەو پرسیارانەوە و بەرچاوڕوونی لەمەر ئەو پرسیارانە بەتایبەتی بۆ خەباتی نەتەوەییمان پێویست و یەکلاکەرەوەیە.

بەمەبەستی چوونە ناو تەوەرەکەوە و وڵامدانەوە بەو پرسیارانە، پێویستە سەرەتا بزانین "هێز" چیە؟

"هێز" ئەو فاکتەرەیە کە کاریگەریی دەخاتە سەر بیر و هەڵوێستی لایەنی بەرامبەر و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە بە قازانجی لایەنی خاوەن هێز.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

"هێز" ئەو فاکتەرەیە کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕ لە بیر و ڕەفتار و هەڵویستی تاک و گرووپ بەرامبەر بە خاوەنهێز، بەگشتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ناوبانگی خاوەنهێز لە بیروڕای گشتی دا.

"هێز" یانی قابلییەت و توانایی پاشەکشەکردن بە نەیار و سەلماندنی ویست و ئامانج و بەرژەوەندیی خاوەنهێز بەسەر لایەنی بەرامبەردا.
"هێز" ترس دەخاتە دڵی نەیار و خەنیمەوە و کاریگەریی بەرگێڕەوەی (بازدارندگی) لەسەر پلان و مەبەستی نەیاران هەیە.

کەوایە، هەموو لەسەر ئەو قسەیە یەکدەنگن کە "هێز" دەبێ هەبێ و بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد پێویستێکی حەتمی و حەیاتییە. هێز لە ململانە و هاوکێشەکاندا دەوری یەکلاکەرەوە دەگێڕێ و... بەڵام "هێز" چۆن ساز دەبێ و "بەهێزبوون" چییە؟
لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد دا، سەرەکی ترین و گرینگ ترین هێما و نیشانەی هێز و دەسەلات، هێزی نیزامی و پارە بووە و هەیە.

دیارە شاعیر و ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد بە درێژەی تەمەنی خەبات، لەدەست دووبەرەکی و پرشووبڵاوی نێو جووڵانەوەکان زاڵەیان هاتووە و زۆریان هاوار بۆ یەکێتی و یەکریزیی بە مەبەستی بەهێزکردنی خەبات کردوە، بەڵام ئەو پرسە بەلای حیزبەکانەوە هەتا ئێستاش لە قسە و دروشم دەرنەچووە! ئەگەر بوویێش، بەدەگمەن و کاتی بووە!

جێگای سرنجە، سەرەڕای ئەو هەموو ناکامی و ئەزموونە تاڵانە، هێشتا ئەو ڕاستیە لەنێو حیزبە کوردستانیەکان دا دروست نەبووە و نەبۆتە باوەڕ کە یەکێتی و هاوپێوەندیی و خەباتی هاوبەش، هێزی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی خەباتی نەتەوەییە.

**لە جووڵانەوەکانی کورد دا، خوێندنەوە و تێڕوانین لە "هێز" و "بەهێزبوون"، زۆر جاران تێکەڵاوێکە لە خوێندنەوە و تێڕوانینی میلیتاریستی – عەشیرەتی لە "هێز"! پەرەسەندویی ئەو دیاردەیە ڕیشەی بەتایبەتی لە دوو عامل دایە:**

١- زاڵبوونی دیکتاتوریی بەسەر وڵاتانی دابەشکەری کوردستان دا. سیاسەتی سەرکوت و جینایەتی بەردەوام و سیستماتیکی ڕێژیمەکان دژبە کورد و پرسی کورد بۆتە هۆی ئەوە کە تاکی کورد هەم بۆ دیفاع لە ماف و مان و مەوجوودییەتی خۆی و

هەم بۆ تۆڵەئەستاندنەوە و ڕزگاربوون لە زۆڵم و زۆر، بیری زیاتر بۆلای ئامراز و چەکێک بچێ کە دیارە و هەستی پێدەکا و پێی سەرکوت دەکرێ، واتە هێزی نیزامی.

ڕێژیمەکانیش لەلایەکەوە زۆر زیرەکانە پەرە دەدەن بەو ڕووحییە و تێڕوانینە میلیتاریستی - عەشیرەتییە لە "هێز" و "بەهێزبوون" لەنێو کورددا و بەوجۆرە جووڵانەوەی کورد بەرەو مەیدانێک ڕادەکێشن کە خۆیان تێیدا باڵادەستن:

مەیدانی شەڕی نیزامیی ڕاستەوخۆ.

لە لایەکی دیکەوە، هەوڵ دەدەن هەتا بکرێ جووڵانەوەی کورد لەو بیاڤ و مەیدانانە دوورخەنەوە کە بەزیانی خۆیان و بە قازانجی جووڵانەوەی کوردە: یەکێتی و خەباتی سیاسیی هاوبەش لە پەنای چالاکیی نیزامی، خەباتی جەماوەری، پەرەسەندنی دێموکراسی و کولتووری دێموکراتیک و... چون یەکگرتوویی و دێموکراسی دوو چەکی هەرەکاریگەر دژی دیکتاتۆرین.

٢- بارودۆخی جوغرافیایی - سیاسیی کوردستان و دۆخی ناسەقامگیر و ئاڵۆز و بوونی شەڕوکێشەی بەردەوام لە ناوچەدا، بەگشتی ڕووحییەی میلیتاریستیی بەهێزتر کردوە و بۆتە کۆسپ بۆ گەشەسەندنی کولتووری سیاسیی دێموکراتیک.

بەکورتی، خوێندنەوەی میلیتاریستی – عەشیرەتی لە "هێز" سروشتەن تێگەیشتنێکی موتڵەگەرا و پاوانخوازانەیە و دەبێتە هۆی:

* کاڵبوونەوەی گرینگی و پێداویستیی یەکێتی و یەکڕیزی و هاوکاریی لایەنەکانی بەشدار لە خەباتی نەتەوەیی دا.
* کاڵبوونەوەی ڕۆڵی سیاسەت و خەباتی مەدەنی و دیپلوماسی لە جووڵانەوەدا.
* کاڵبوونەوەی دەوری یەکلاکەرەوەی دێموکراسی و کولتووری سیاسیی دێموکراتیک، لە خەباتی نەتەوەیی دا.
* کاڵبوونەوەی زەروورەتی لێکگرێدانی خەباتی خەڵک (شار لە ڕیزی پێشەوە) و هێزی نیزامی کورد. ئەوەی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دا بە "خەباتی شار و شاخ" دەناسرێ.

کاتێک لە مەسەلەکە ورد دەبینینەوە، دەردەکەوێ کە بوونی ئەو چوار فاکتەرە، حەیاتی و پێشمەرجن بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی ژێرستەم و نەبوونیان، ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە پوتانسیەلەکانی جووڵانەوە و

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

سەرەنجام سەرکەوتنی خەبات بەربەست دەکا.

تێگەیشتنی میلیتاریستی - عەشیرەتی لە "هێز" ئاکامی کارەساتباری بۆ جووڵانەوەکانی کورد هەبوە. زاڵبوونی ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە "بەهێزبوون"، جێگە و دەرەتانێک بۆ مناسباتی سالم و ڕێککەوتن و یەکێتی و خەباتی هاوبەش ناهێڵێتەوە.

## گۆڕانی هێما و نمادەکانی هێز و دەسەڵات

لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگا و بەهاکان، گۆڕان بەسەر هێما و خوێندنەوەی "هێز" و دەسەڵات دا هاتووە. ئەو گۆڕانە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردیش دا بەتەواوی ئاشکرایە.

دیارە هێزی نیزامی، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی کورد لە ناوچە دا، کاریگەریی تایبەتی هەیە و دیارترین نیشانەی بەهێزبوونە و پێویستە بەردەوام هەوڵ بدرێ بۆ ڕێکخستن و ڕاهێنان و مودێرنیزەکردنی، تەنانەت ئەگەر سیاسەت و هەلومەرج بەکارنەهێنانیشی بخوازێ. بەڵام هێزی چەکدار تاقە نمادی دەسەڵات و "هێز" نیە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەڕوونی دەردەخا کە هێزی نیزامی بۆ دەستپێکردنی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتوری و چەوسانەوە مەرجی لازمە، بەڵام بۆ سەرخستنی جووڵانەوە مەرجی کافی نیە.

ئەزموونی ڕووداو و ئاڵووگۆڕەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، بەتایبەتی لە دوو سێ ساڵی ڕابردوو دا، بێ ئەملا و ئەولا دەیسەلمێنێ کە هێزی نیزامی تەنیا بە پشتیوانیی هێزی سیاسیی یەکگرتوو و کۆدەنگیی سیاسی دەتوانێ لە درێژماوەدا کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێ، کورد بخاتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە، خەبات بەرەوپێش بەرێ و دەسکەوتی سیاسی دابین بکا. دەنا، دەروەک دەبینین، تەنیا وەک هێزیکی شەڕکەر چاوی لێدەکرێ و تەعامولی لەگەڵ دەکرێ.

دەرس و ئەزموونێکی بەنرخ لەو پێوەندییەدا: خەباتی کورد لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویيدا، لە باری نیزامییەوە ئەوەندەی ئێستای هەرێمی باشوور بەهێز نەبووە، لە باری کەمی و کەیفییەوە! هیچکات وڵاتانی ڕۆژاوا وەک ئەوڕۆ پشتگیریی نیزامیی کوردیان نەکردوە و ئامادە نەبوون پێشمەرگە و شەڕوانی کورد بەشێوەی مودێرن ڕابهێنن. بەڵام دیتمان کە سەرەڕای چەک و چۆڵی زۆر و زەوەند و مودێرن و پتر لە ١٠٠٠٠٠ پێشمەرگەی ڕاهاتوو و بەجەرگ، لە ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ دا دووبەرەکی و نەتەبایی ناوخۆ، کورد بەرامبەر بە هێرشی سوپای عێراق ناچار بە پاشەکشە بوو و دەسکەوتە سیاسییەکانی کەوتنە



سەرچاوە
Serchawe

مەترسییەوە. لە ڕۆژاوای کوردستانیش، کورد هەر بەوهۆیەوە تووشی وەها چارەنووسێک هات.

لەو باروودۆخە نەتیجە دەگرین کە کەم و زۆری هێزی نیزامی هۆکاری سەرەکی تێشکان و پاشەکشەکان نیە، هۆکاری سەرەکی لە بیاڤی سیاسی دایە. کاریگەریی هێزی نیزامی گرێدراوە بە یەکدەنی و یەکگرتوویی سیاسی، و تەبایی و کۆدەنگیی سیاسیش گرێدراوە بە پابەندبوونی حیزبەکان، بەتایبەتی چەکدارەکانیان، بە ئوسووڵ و پێوەرەکانی دێموکراسی.

دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانە، هەر حیزب و لایەنێکی کوردستانی ئەو ڕاستییە نەسەلمێنێ و پێداچوونەوەی لێبراوانە بەسەر تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆی لە "هێز" و "بەهێزبوون" نەکا وخۆی لەگەڵ وەزعی گۆڕاو نەگونجێنێ، لە لێکدانەوەی خۆیدا تووشی نەتیجەگیریی هەڵە و زیانی قەرەبوونەکراوە دەبێ.

## پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان "هێزی نیزامی" و "ڕەوایی و ئیعتباری سیاسی"

ڕەوایی و ئیعتبار "ذاتی" نین، "اکتسابی"ن. واتە، دەبێ بۆ وەدەستهێنان و دابینکردنیان هەوڵ بدرێ.

خەباتی کورد خەباتێکە دژی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە، خەباتێکی ئینسانیە بۆ ئازادی و ڕزگاریی لە ژێردەستی و هەڵاواردن و بێعەداڵەتی. دەبینین کە ئەو خەباتە لە ئەنگیزە و ئامانج دا چووکترین گومان لە ڕەوایی و ئیعتباری دا نیە.

بەڵام حاشای لێناکرێ کە دووبەرەکیی نەبڕاوە و شەڕی نێوخۆ و نەبوونی یەکیتی ویەکگرتوویی و ناڕوونی لە ئامانج و ستراتێژیی دا، زەبری گرانی لە ڕەوایی و ئیعتباری جووڵانەوەکانی کورد داوە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا.

دەبینین کە سیاسەت و کاروکردەوەی ئەو ئەکتەرانەی خەباتەکە بەڕێوەدەبەن، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوایی و ئیعتباری جووڵانەوەکە هەیە.

کەوایە بەو ئاکامە دەگەین کە یەکەم، ڕەوایی و ئیعتباری هیچ ڕێکخراوێکی خەباتگێڕ یان جوولانەوەیەکی ڕزگاریخواز یان حکوومەتێک لەجێدا و بێواسیتە، تەنیا بە پشتبەستن بە دروشم و ئامانج و ئەنگیزە و ئیدیعا، ناپارێزێ. بەڕێوەبەرانی دەبێ لە مەیدانی کردەوەدا بسەلمێنن کە پابەندن بە دروشم و ئامانجەکانی خەباتەکە و دووهەم، کە تەبایی و یەکگرتووی سیاسی و خەباتی هاوبەش و دابینکردنی پێوەندی و مناسباتی دێموکراتیک لە نێوخۆی جووڵانەوەدا، پێشمەرجن بۆ

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

سەلماندنی دابینکردنی ڕەوایی و ئیعتباری سیاسیی لە بیروڕای گشتی و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا.

"ریچارد هاس" گەورە دیپلوماتی ئەمریکایی و نووسەری چەندین کتێب لەسەر سیاسەت و دیپلوماسی و مودیرییەت، جوانی وتووە کە "سیاسەت بەرامبەر بە دەرەوە، لە ژوورەوەڕا دەست پێدەکا"!

بزووتنەوەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئەو راستیە دەسەلمێنن. هەڵوێست و کردەوە دەبێ لەگەڵ دروشم و ئیدیعا و بەرنامە بگونجێن و یەکبگرنەوە.

ئەوڕۆ بە زۆر هۆ، هیچ شتێک و هیچ ڕووداوێک لە چاوی وڵاتان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شاراوە نیە و ناشاردرێتەوە. بەتایبەتی لە ناوچەکەی ئێمەدا کە بۆتە مەیدانی شەڕ و کێشەی زۆر و دەیان ڕێکخراوی چەکداریی بە ئەنگیزەی جیاوازەوە سەریانهەڵداوە، سیاسەت و کاروکردەوەی لایەنە سیاسییەکان لەژێر زەڕڕەبین دان. هەڵوێست و مەوقعییەت و هەنگاوەکانیان لە ژێر چاوەدێریی دان. هێزە خەباتگێڕەکان دەبێ زۆر وشیار بن!

بەکورتی: بێجگەلە هێزی نیزامی، ئەو فاکتەرانەی ئەوڕۆ بە "هێز" و نفووز دەژمێردرێن، لە نێوخۆ و لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دا ڕەوایی و ئیعتباری سیاسی بە ئەکتەری سیاسی و جووڵانەوە دەبەخشن و کاریگەرییان لەسەر بیروڕای گشتی هەیە، بەکورتی بریتین لە:

بەرنامە و ئامانجی ڕوون و سەقامگیریی سیاسی.

* خەباتی هاوبەش و یەکگرتووی لایەنە سیاسیەکان و یەکهەڵوێستیان لە پرسە گرینگەکانی جووڵانەوە دا. ئەزموون دەیسەلمێنێ کە تەبایی و یەکریزیی کاریگەرترین هێز و چەکی جووڵانەوە دژی چەوسێنەرە و دووبەرەکی وشەڕی نێوخۆ، کوژەرترین چەکی دوژمن دژی کورد بووە و هەیە. یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکان، پرستیژ دەدا بە جووڵانەوە و بۆ یار و نەیار، کاریگەریی بەرگێڕەوەی هەیە.

* دەرەوەست و پابەندبوون بە پێوەرەکانی دێمۆکراسی و بوونی مناسباتی سیاسیی دێموکراتیک کە وڵامدەرەوەی خەباتی "نەتەوەیی- دێموکراتیک" بێ و ببێتە هەوێنی تەبایی و خەباتی هاوبەش.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

تەنیا پابەندبوون بە ئوسووڵ و پێوەرەکانی دێموکراسی دەتوانێ ماف و ڕێککەوتن و یەکێتی لایەنەکان دابین بکا و بەردەوامبوونی هاوخەباتی و یەکگرتوویی بپارێزێ و دەستەبەری بکا.

* نهادینەکردنی جووڵانەوە لەپێناو ڕەواییدانی زیاتر بە خەبات لە بیروڕای گشتی دا.

جووڵانەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەتا ئێستاش جووڵانەوەی حیزبەکانە و نەیتوانیوە گەشەی پێویست بکا و ببێ بە جووڵانەوەی کورد لە هەریەک لە پارچەکان دا. بزووتنەوە تەنیا لە ڕێگای نهادینەبوونەوە دەتوانێ لە قۆناخی "جووڵانەوەی حیزبەکان" ڕزگار بێ و پێ بنێتە قۆناخی "جووڵانەوەی کورد" لە بەشەکانی کوردستان دا.

تەنیا ئەوکاتەشە کە جووڵانەوە بە تاقەحیزبێکەوە نابەسترێتەوە و لە ئەگەری گۆڕینی سیاسەت و پاشەکشەی حیزبێک، وەک ڕابردوو جووڵانەوەکەش هەرەس ناهێنێ و بەردەوامیی خەبات دەستەبەر دەبێ. هەوەها، بە نهادینەکردنی جووڵانەوەیە کە دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانیش دەبێتە ئاواتێکی کردەیی.

بوونی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە واتە دەرکەوتن لە بیروڕای گشتی دا بە هێزی یەکگرتوو و زمانی هاوبەشەوە، پابەندبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی و نهادینەکردنی جووڵانەوە، ڕەوایی و پرستیژ و ئیعتبار دەدا بە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز.

ئەوکاتەشە کە بیروڕای گشتی و وڵاتە بڕیاربەدەستەکان پرسی کورد و خەباتی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دا وەک پرسێکی سیاسی و خەباتێکی سیاسیی سەربەخۆ دەبینن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە دەوری دێموکراسی بکرێ: کەس ناتوانێ چاوەڕوان بێ کە لە خەباتی پڕ لە کەندوکۆسپی کورد بەدژی دیکتاتوری و چەوسانەوە لەو ناوچە ئاڵۆز و ناسەقامگیرەدا، دێموکراسیی شێوەئورووپایی دابین ببێ و بەڕێوەبچێ. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نیە کە بەبێ بڕواهێنان و پابەندبوون بە پێوەرە سەرەتاییەکانی دێموکراسی، یەکگرتن و خەباتی هاوبەش مومکین نابێ و بەبێ یەکێتی و خەباتی یەکگرتووش، جووڵانەوە نهادینە ناکرێ و گەشەی پێویست ناستێنێ.

هەروەها، بۆ دواییهێنان بە کێشە نەبڕاوەکان و لێکدابڕانە ناسیاسیەکان و بۆ ڕزگاربوون لە شەڕە کاولکەرە نێوخۆییەکان و کۆتاییهێنان بە زۆر دیاردەی ناشیاو و زیانبار کە دەبنە هۆی لاوازبوونی جووڵانەوە و هەروەها بۆ مودیرییەتی

جیاوازیەکانی نێو جوولانەوە و ڕێکخستنی پێوەندی و مناسباتی نێوان لایەنە سیاسیەکان، ئالترناتیڤێک بۆ دێموکراسی نیە.

* دابینکردنی بەشداریی و پشتیوانی و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵانی خەڵک کە ئەویش لەڕێگای بەردەوامبوونی خەباتی یەکگرتوو، خەباتی مەدەنی و تەشکیلاتییەوە دەستەبەر دەبێ.

پێویستە پیوەندیی ئۆرگانیک لەنێوان خەباتی کۆمەڵگا و هێزی پێشمەرگەوە بەرقەراربکرێ.

* دیپلوماسی چالاک و لابی بەهێز.
* ڕاگەیاندنێکی سەردەمیانە.
* تەشکیلاتی ڕاهاتووی بەهیز و کارامە و چالاک.
* ڕێکخستنێکی بەهێز و بەکاری ژنان و بوونی پلانێکی سەردەمیانە بۆ چارەسەرکردنی پرس ژن.
* پشتیوانیی هیزی فکری کۆمەڵگا: ڕووناکبیران، مامۆستایانی زانکو، نووسەران، هونەرمەندان، خوێنکاران، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ...

پشتگیریی ئەو توێژانە بێجگەلەوەی لە باری سیاسی و هزرییەوە حیزبی خەباتگێڕ دەوڵەمەند دەکەن، بەڵکوو ئەوانە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزبی سیاسی (دەسەڵات) و کۆمەڵانی خەڵکن و پشتیوانیان، ڕەوایی و "مقبولیت"ی زیاتر دەدا بە سیاسەت و هەڵویستی حیزبی سیاسی یان تەنانەت حکوومەت.

قسەی ئەوان لە کۆمەڵگادا باشتر وەردەگیرێ هەتا پڕوپاگەندەی حیزبایەتی.

* ڕێکخستن و وەگەڕخستنی دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی وڵات.
* ئەندامەتی و چالاکبوون لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دا.
* ئیتلاف و هاوکاریی و هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران.
* ئیتلاف و هاوکاریی و هاوپێوەندی لەگەڵ هێزەکانی ئوپوزسیونی فارس (بۆ جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

هەموو ئەوانە کە کاریگەرییان لەسەر بیروڕای گشتیی لە نێوخۆ و لە دەرەوە هەیە، نماد و نیشانە و سەرچاوە و بەرهەمهێنەری هێز و نفووز و دەسەڵاتن. هەر حیزب یان جووڵانەوەیەک خاوەنی ئەوانە بێ، خاوەن هێز و نفووز و

دەسەلاتە.

بەخۆشیەوە، لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوییەوە و بە راگەیاندنی "خەباتی شار و شاخ"، ئەو بڕوا وتێگەیشتنە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کە نابێ "بەهێزبوون" تەنیا لە هێزی نیزامی دا بەرتەسک بکرێتەوە، لە پەرەسەندن دایە. ستراتێژیست و فەرماندە بەناوبانگەکانی مێژووی شەڕ لە جیهان دا لەوبارەیەوە یەکڕا و یەکدەنگن کە "شەڕ" زانستە و ئەبعادی جۆراوجۆری هەیە. بەرەنگاربوونەوە و پێکدادانی نیزامی لە مەیدان دا، بوعدێکی "شەڕ"ە. بوعدەکانی دیکەی "شەڕ" بریتین لە سیاسی، دیپلوماسی، ئابووری، کولتووری و ڕووحی- ڕەوانی. بەتایبەتی لە شەڕی "نامتقارن"دا، سرنج و گرینگیدان بە هەموو ئەبعادی شەڕ، یەکلاکەرەوەیە.

**شەڕی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد، شەڕێکی هەمەلایەنەیە و لەهەموو ئەبعادی خۆیدا بەڕێوەدەچێ. جووڵانەوەی کوردیش هەر دەبێ بە شەڕی هەمەلایەنە بەرەنگاری سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیم بێتەوە.**

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجەش، دێموکراتیزەکردنی پێوەندی و مناسباتی نێوخۆی جووڵانەوە لەپێناو دابینکردنی بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵانی خەڵک، یەکڕیزی و هاوخەباتی لایەنەکانی بەشدارلە بزووتنەوە، بەهێزترکردن و دەستەبەرکردنی کۆدەنگی و ئیرادەی یەکگرتووی مقاومەت بەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆیە.

ئاسۆی سەرکەوتن ڕوونە، بەمەرجێک ئامراز و ڕێکار و ستراتێژیی گەیشتن بە ئامانج دروست و واقعبینانە دیاری بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی بانەمەڕی ٢٧١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک سەبارەت بە خەباتی نەتەوەیی، قۆناخ و تایبەتمەندییەکانی

خەباتی نەتەوەیی، خەباتی نەتەوەیەکە کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سەروەریی سیاسی نییە، خاک و نیشتمانی دابەش یان داگیر کراوە، لە وڵاتەکەدا هوییەتی نەتەوەیی جیاوازە لە هی نەتەوەی حاکم، بەڵام نکۆڵی لەو جیاوازییە دەکرێ و هوییەتی سەربەخۆی لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتبەدەستەوە دانی پێدانانرێ و مافە نەتەوایەتییەکانی ناسەلمێندرێ، بە هاووڵاتی دەرەجە ٢ دەژمێردرێ و مافە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێ زەوت کراوە. لە هەموو بارێکەوە بەشێوەی سیستماتیک هەڵدەواردرێ، دەچەوسێتەوە و سەرکوت دەکرێ.

کاتێک ئەو گەلە ستەملێکراوە بەمەبەستی دوایییهێنان بەو بارودۆخە ناڕەوایە ڕادەبێ کە خۆی لە بندەستی و زوڵم و زۆر ڕزگار بکا و بڕیار دەدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و بە ئازادی و سەربەستی بژی، پێی دەگوترێ خەباتی نەتەوەیی.
ئەوە کە خەباتی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێ یان بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی ستەملێکراو لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، لەلایەکەوە گرێدراوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەتی بە هێز و دەسەڵات و یەکگرتوویی و ئاستی سازماندراوی و گشتگیربوونی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز و موشارەکەتی چالاکانەی خەڵک.

لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری مەسەڵەحەت و بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە: ڕەنگە زۆرایەتی نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەژی و سەرجەم مافەکانی بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی وڵات دەستەبەر کراوە، لەباری سیاسی و ئابووری و ئەمنییەت و مێژووییەوە جیابوونەوە بە مەسەڵەحەتی نەتەوەکەی نەزانێ، وەک کەبەک لە کانادا، تیرۆلی باشوور لە ئیتالیا، سکاتلەند لە بریتانیا... جیاوازی هەڵوێست لەو پرسەدا بەهیچ جۆر بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی جیانەبوونەوە لە سەربەخۆییخوازەکان کەمتر نیشتمانپەروەرن یان بە پێچەوانەوە. ئەوە دەکەوێتە مەقوولەی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانین لە بەرژەوەندیی. مافێکی دێموکراتیک و ڕەوایە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشێ کە ئەی چۆنە دروشمی زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبەکانی هەر چوار بەشی کوردستانیش چارەسەریی پرسی کوردە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لەکاتێکدا

ئەو وڵاتانە دێموکراتیک نین؟

ئەوە بەر لە هەموو هۆکارێک دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی - جوگرافیایی تەواو تایبەتی (منحصر بفرد) کوردستان.

دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی گرنگی ناوچەی ئیستبدادلێدراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کارەساتی بۆ کورد لێکەوتۆتەوە: دابەشبوونی خاک و حەشیمەت، دابەشبوونی هێزی سیاسی و مرۆیی، دابەشبوونی ئابووری، تەنانەت دابەشبوونی بەرژەوەندیی نەتەوەیی... لەو دنیایەدا هیچ نەتەوەیەک شک نابەین کە بەو حەشیمەتەوە لە ناوچەیەکدا بەو شێوەیە دابەش کرابێ!

لێرەدا کە باس لە "هێز و دەسەڵات" دەکرێ، مەبەست تەنیا هێز و ئیمکاناتی نیزامی نییە، بەڵکوو هەموو ئەو بوار و فاکتەرانەیە کە "هێز و دەسەڵات"ی نەتەوەیەک پێکدێنن: سیاسی، ئابووری، نیزامی، کۆمەڵایەتی، ڕەوانی، ئاستی گەشەسەندوویی ناسیۆنالیزم، حەشیمەت و هەڵکەوتە و بارودۆخی ژێئوپۆلیتیکی...

تێگەیشتن و بەدیکردنی"هێز و دەسەڵات" تەنیا لە هێز و ئیمکاناتی نیزامیدا، هەڵەیەکی گەورەی ستراتیژیکییە. ئەو تێگەیشتنە موتڵەقە لە "هێز و دەسەڵات" خەباتگێڕی نەتەوەیی تووشی لێکدانەوە و نەتیجەگیریی نادروست و لەدوایيدا هەڵوێست و بڕیاری نەگونجاو دەکا و جووڵانەوە ناتوانێ کەڵک لە ئیمکاناتی "باالقوە"ی خۆی وەربگرێ ولە ئاخردا هەمیشە کارەسات و تەمابڕاوی و شکانی بۆ بزووتنەوە لێدەکەوێتەوە.

کاتێک لەو پێوەندییەدا باسی سیاسەتی واقیعبینانە دەکرێ، مەبەست ئەوەیە کە "هێز" وەک خۆی ببیندرێ و لە پێناسەکردنی "هێز" و بەتایبەتی لە داڕشتنی ستراتێژی خەباتدا، فاکتەرە پێکهێنەرەکانی "هێز" لە بەرچاو بگیرێن.

## قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد

بە پێچەوانەی تێڕوانینی جێگرتوو کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بەسەر دوو قۆناخی بەر لە دامەزران و دوای دامەزرانی حیزبە سیاسییەکاندا دابەش دەکا،

بەبڕوای من خەباتی کورد بە سێ قۆناخدا تێدەپەڕێ:

١- قۆناخی ڕاپەڕینی کەسایەتییەکان (شێخ، ئاغا، مەلا یان سەرۆک عەشیرەت) بەدژی زوڵم و زۆرداریی ڕێژیمەکان و بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستی. ئەو قۆناخە سەردەمی بەسەر چووە.
٢- قۆناخی جووڵانەوەی ئەحزابی کوردی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان کە بە دامەزرانی حیزبە سیاسییەکان دەستی پێکردووە و هەتا ئەوڕۆش درێژەی هەیە.
٣- قۆناخی بەنەتەوەییبوونی خەبات. تایبەتمەندییەکانی قۆناخی دووهەم، قۆناخی ئێستای خەباتی ئەحزابی کوردی زۆرن، بەڵام دیارترین و بەرچاوترینیان ئەوەیە کە خەباتی حیزبەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە پرشوبڵاوی، ململانێی ناسالم و بەبێ هەواهەنگی و پلانی هاوبەش و دامەزراوەی نیشتمانی، بەڕێوە دەچێ. هێز و وزە و ئیمکاناتی جووڵانەوە بەسەر حیزبەکاندا دابەش کراوە.

**لەو قۆناخەدا، حیزبی سیاسی وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانج نابینرێ، حیزب خۆی ئامانجە!**

بەهۆی نەبوونی یەکیەتی سیاسی و کۆدەنگی و بەرە و ستراتیژیی ڕوون، شتێکی فۆرمولەکراو بەناوی "بەرژەوەندیی گشتی جووڵانەوە" لەگۆڕێدا نییە. لە ئاکامی ئەو وەزعەدا، هەر حیزبەی بەگوێرەی تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆی بەرژەوەندی جووڵانەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبەکەی پێناسە دەکا.

بۆیە، لەو قۆناخەدا لە زۆربەی پرسە نەتەوەییەکاندا، بەرژەوەندیی ئەحزاب دەکەوێتە سەرووی بەرژەوەندی جووڵانەوەوە. دەستەواژەی "بەرژەوەندی گشتی" ئێستاش واتایەکی (مفهوم) جێگرتوو و سەلمێنراو نییە؛ بۆیەش، لەو قۆناخەدا هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی وەک فاکتەرێکی گرنگ و هەوێنی خەباتی نەتەوەیی، زۆر لاواز و لەرزۆکە.

**جێگای داخە بەڵام واقعییەتە کە لەو خەباتە نابەرابەر و پڕتێچووەدا، لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستاندا، نەک هەر بەرە، بەڵکوو تەنانەت هاوپەیمانییەک یان کۆدەنگییەکی سەقامگیر و ستراتیژیک شک نابەین!**

ئەوە لە کاتێکدایە کە یەکەم، زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبەکان لە یەک یەکی بەشەکانی کوردستاندا نەک هەر دوژمن و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە، بەڵکوو لە ئامانجی سیاسیشدا جیاوازیان نییە و هەموویان خەبات بۆ مافەکانی نەتەوە لە چوارچێوەی وڵاتەکاندا دەکەن! دووهەم، ڕەنگە ئەحزابی سیاسیی کەم نەتەوەی ڕزگاریخواز بە ئەندازەی حیزبە کوردستانییەکان بەگشتی، خەباتگێڕ و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و ئامادەی قوربانیدان بن؛ بەڵام لەبەرئەوەی خەباتەکەیان یەکگرتوو و یەکگوتار نییە، کاریگەریی و دەسکەوتەکانیان بارتەقای فیداکاری و تێچوو و لێبڕاوییان نەبووە.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەو دیاردانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە هەر چوار بەشی کوردستان ئەوەندە ئاشکرا و بەرچاون کە حاشایان لێناکرێ و بوون بە کۆسپی سەرەکی بۆ وەدیهاتنی خەباتی یەکگرتوو و بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و زیانی قورسیان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد گەیاندووە و زۆر دەرفەتی ڕەخساو بۆ گەلەکەمان لەکیس چوون.

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە هەتا ماوەی قۆناخی دووهەم درێژتر ببێتەوە و زیاتر بخایەنێ، هەزینەی قورستر بە سەر خەباتی ڕزگاریخوازدا دەسەپێنرێ و ئەرکی ڕێژیمەکان لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد و سەرکوتی خەباتەکەی، ئاسانتر دەکاتەوە.

ئێستا ئێمە لەبەر دەرگای قۆناخی سێهەم واتە "بەنەتەوەییبوونی خەبات"دا وەستاوین و پێویستە بەمەبەستی پەرەپێدان و گەشەپێدان بە خەباتی ڕزگاریخواز و وەدیهێنانی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەمان، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین کە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز خۆی لە قۆناخی دووهەم ڕزگار بکا و پێ بنێتە قۆناخی سێهەمەوە.

بۆئەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی نەهادینە بکرێ و بچێتە نێو قۆناخی سێهەمەوە، پێویستە پێنج پێشمەرجی بۆ دابین و ئامادە بکرێ:

١- پێداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە مانا و ماهییەتی خەباتی نەتەوەیی.
بارودۆخی خەباتی کورد لە هەموو بارێکەوە گۆڕانی قووڵی بەسەردا هاتووە و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ، بیرکردنەوە و تێڕوانین و ستراتێژی نوێ دەخوازێ.

٢- پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیک و دروستکردنی گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی.

٣- پێکهێنانی دامەزراوە و نیهادگەلی نیشتمانی هاوبەش و دێموکراتیک: نوێنەرایەتی هاوبەش لە ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەییدا بۆ کاری دیپلۆماسی، ڕێکخراوگەلی هاوبەشی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی، هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی (لە جێگای هێزی نیزامی ئەحزاب کە زۆر جاران بۆتە هۆکاری هەڵایسانی شەڕی نێوخویی!)، ناوەندگەلی ئازاد و سەربەست بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی پرسە ستراتێژییەکان (ژووری بیرکردنەوە) ...

٤- جووڵانەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیک دەبێ نەهادینە و خاوەن موئەسساتی هاوبەش و سەربەخۆ بێ. خەباتی نەتەوەیی



سەرچاوە
Serchawe

پێویستیی بە کولتووری سیاسی سەربەخۆ هەیە. بوونی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک و پێشکەوتووی جیاواز لە کولتووری دەسەڵاتی حاکم بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد حەیاتی و چارەنووسسازە. کولتوورێک کە بڕوای بە پلۆرالیزم هەبێ و بتوانێ ببێتە بنەمای دێموکراتیزەکردنی جووڵانەوە و کۆمەڵگا، کۆکەرەوە و وڵامدەرەوەی ویست و زەروورەتەکانی ئەوڕۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بێ و هوییەتی سیاسی- کولتووریی سەربەخۆی پێ ببەخشێ.

٥- بڕواهێنانی بەکردەوە بە دەور و بەشداریی خەڵک: ئەزموونی جووڵانەوەی کورد و زۆر لە گەلانی دیکە دەیسەلمێنێ کە بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک وەک شەریک و هاوبەش، دەورێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە سەرخستنی خەباتی ڕزگاریخوازدا دەگێڕێ. هەڵەیە خەڵک وەک پەراوێز و سەرچاوەی پێداویستییەکانی خەباتی حیزبەکان سەیر بکرێ.

**خەڵک دەبێ بێ واسیتە لە خەبات بۆ ڕزگاریی خۆیدا بەشدار و هاوبەش بێ. دروشمی "خەبات لەگەڵ خەڵک" پێویستە جێگای دروشمی "خەبات بۆ خەڵک" بگرێتەوە.**

ئەو پێنج فاکتەرانەی سەرەوە هەوێنی بەنەتەوەییکردنی جووڵانەوە و پێناسەی خەباتێکی نەتەوەیی - دێموکراتیکن، هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی بەهێز دەکەن، دەرخەری پێگەیشتوویی و بلووغی سیاسی ئەحزابی سیاسین و ئیعتبار و ڕەوایی تایبەتی دەدەن بە خەباتی نەتەوەیەکی بندەست بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس.

بەو جۆرەیە کە ئەحزاب دەتوانن بە یەکگوتاری لە پوتانسییەلەکانی خەبات کەڵک وەرگرن و فیداکاری و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە بکەن بە دەسکەوتی سیاسی بۆ گەلەکەمان. ئەوکاتەیە کە جووڵانەوە لە پرشوبڵاوی ڕزگار و بەهێز دەبێ، دەچێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتەوە، کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە دادەنێ و سرنج و پشتیوانی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.

بۆیە، هەوڵ و تێکۆشان بۆ دابینکردنی یەکیەتی و یەکگوتاری و خەبات بە یەکگرتوویی، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری و لە ئیلزاماتی خەباتی نەتەوەییە.

هەوڵی بەردەوام بۆ بەهێزکردنی جووڵانەوە لەڕێگای نەهادینەکردن و دێموکراتیزەکردنی، لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی جیا ناکرێتەوە و بەنرخترین و کاریگەرترین خزمەتە بە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز.

چەوساوەبوون و ڕەوابوونی خەبات و دێموکراتیک بوونی داخواز، لەو سەردەمەدا بەتەنیا جووڵانەوەی نەتەوەیەکی بندەست سەرناخا.

تەنیا بە بانگەشە و هەڵگرتنی دروشمی نەتەوەیی و دیاریکردنی ئامانجی دێموکراتیک، جووڵانەوە لە ناوەڕۆکدا نەتەوەیی و دێموکراتیک نابێ. بۆ ئەوەی خەباتی ڕزگاریخواز لە نێو خۆیدا ماهییەتەن نەتەوەیی و دێموکراتیک بێ، پێویستە بەستێنی بۆ خۆش بکرێ و بەئیرادە و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ بدرێ.

## تایبەتمەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی

خەباتی نەتەوەیی خەباتێکی ئاستەم، نابەرابەر و پڕتێچووە. بۆیە، گەلی ژێرستەم بۆ ئەوەی هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئازادی بەلاڕێدا نەچێ و سەربکەوێ، دەبێ تایبەتمەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی باش بناسێ و ڕەچاویان بکا و بەوردی پابەند بێ بە "قواعد بازی" خەباتی نەتەوەیی.

خەباتی نەتەوەیی وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، بەپێچەوانەی خەباتی ئیدئۆلۆژیکی یان چینایەتی یان فیرقەیی یان مەزهەبێکی تایبەتی، خەباتی یەک نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانیەوە بەهەر بیروباوەڕێکی سیاسی و مەزهەبییەوە.

پرسی نەتەوەیی، پێوەندیی بە هەموو لایەنەکانەوە هەیە و مەسەلەی ڕەوتێک و حیزبێک و دوو حیزب نییە و تەنیا بەبەشداریی بەرفراوان و هێزی یەکگرتووی لایەنەکانی نێو بزووتنەوە بە ئامانج دەگا.

ئەزموونی جووڵانەوەکانی کورد لە ئێستا و ڕابردوودا دەیسەلمێنێ کە هەرکاتێک حیزبێک ویستبێتی بە پشتبەستن بە چەک یان بەهەر هۆیەک، پاوانخوازیی بکا و خۆی بە تاقەخاوەنی جووڵانەوە بزانێ و پرسە نەتەوەییەکان بکا بە پرسی حیزبەکەی و لایەنەکانی دیکە لەبەرچاونەگرێ، بەدەستی خۆی جووڵانەوە بەرەو دووبەرەکی و هەڵدێر و هەرەسهێنان پاڵ پێوەدەنێ. ئەوە سروشتی خەباتی نەتەوەییە و نەسەلماندنی ئەو ڕاستییە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی دوورتر و هەزینەی خەبات زیاتر دەکات.

"نەتەوە" ملکی تایبەتی هیچ حیزب و لایەنێک نییە و هەر بەو جۆرەش، خەباتی نەتەوەیی لە پاوانی هیچ حیزب و

ڕێکخراوێکدا نییە. سروشتی خەباتی نەتەوەی ژێرستەم ئەو ئەسڵە دەسەلمێنێ و دەسەپێنێ کە هەموو لایەنەکان مافی ئەوەیان هەبێ بەپێی توانایان لە خەباتدا دەور بگێڕن و لە پێناو سەرخستنی جووڵانەوەدا، مافی بەشداربوون لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی جووڵانەوەیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

خەباتی نەتەوەیی گەلێکی ژێرستەم لە ماهییەتدا جیاوازە لە خەباتی هێزێکی سەرانسەری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ناوەندا. ئەو دوو خەباتە خاوەنی بارودۆخ و "قواعد بازی"ی جیاوازن.

جووڵانەوەی گەلی بندەست بەتەنیا، بەدیل نییە بۆ حکوومەتی ناوەندی، واتە ئێمە بۆ جێگرتنەوەی دەوڵەت لە ناوەند تێناکۆشین. لە ئێرانێکی فرەنەتەوەی دێموکراتیکدا، کورد بە یەکگرتوویی دەتوانێ ببێتە بەشێکی قورس و کاریگەر لە بەدیلێک و لە نیزامێکی فیدراڵیدا، بەپێی ئاستی بەهێزبوون و سەقامگیریی سیاسی کوردستان بەهۆی نوێنەرەوە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدار بێ.

چەک و پووڵ بۆ بەرێوەبردن و بەردەوامیی ڕاپەڕین و خۆڕاگری پێویستن و دەوری گرنگی خۆیان دەگێڕن، بەڵام مێژووی خەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەیسەلمێنێ کە چەک و پووڵ، هەرچەندی زۆریش بن، بەتەنیا بۆ سەرخستنی بزووتنەوە و گەیاندنی بە ئامانج بەس نییە.

هێزی نیزامی ئەوکاتە دەتوانێ دەسکەوتی سیاسی- نەتەوەیی دابین بکا یان بیانپارێزێ کە ڕێبەرایەتی سیاسیی هەواهەنگ و یەکگرتووی لە پشت وەستابێ. ڕووداوەکانی سێ چوار ساڵی ڕابردووی بەشەکانی  کوردستان ڕاستبوونی ئەو بۆچوونە بە باشی دەردەخەن.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نیوسەدەی ڕابردووی کورد بەڕوونی شایەدی دەدا کە لە هیچکام لە جووڵانەوەکاندا، لاوازیی نیزامی هۆکاری سەرەکی شکان و هەرەسهێنانی ڕاپەڕین نەبووە، بەڵکوو لاوازیی سیاسی بۆتە هۆی بە ئاکامنەگەیشتنی لێبڕاوی و فیداکاری هێزی پێشمەرگە.

"لە تایبەتمەندییە دیارەکانی خەباتی نەتەوەیی ئەوەیە کە ڕێژیمی حاکم سەرجەم نەتەوەکە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە دوژمن دەزانێ و دەیکاتە ئامانجی سەرکوت. لە چەوساندنەوە و هەڵاواردنەدا جیاوازی دانانێ و بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی ژێرستەم لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزێ: کاولکردنی کوردستان، هێرشی نیزامی، دووبەرکینانەوە، تێرۆری

ڕێبەران و چالاکانی سیاسی- مەدەنی، شێواندنی وەزعی ئابووری، کوشتنی کۆڵبەری زەحمەتکێش، ئێعدامی ڕووناکبیر و لاوانی کورد، تووشکردنی تەنانەت قوتابیان بە مادده هۆشبەرەکان، تالانکردنی سەرچاوە و ئاو و ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە هێمایەکی نەتەوەیی... تەنانەت ئەو کەسانەش کە خزمەت بە ڕێژیمەکە دەکەن، ئەگەر کار بە خزمەتەکەیان نەما، بۆ لەنێوبردنیان سڵ ناکرێ.

بۆیە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەزینەی خەباتی نەتەوەیی دەدەن و مافیان بەسەر خەباتەوە هەیە.

هەزینەی خەباتی نەتەوەیی قورس و گرانە و هیچ حیزب و لایەنێک بەتەنیا هەتا سەر تاقەتی وەخۆگرتنی ئەو تێچووەی نییە و دەبێ دابەش بکرێت. هەروەها، بۆ ئەوەی چارەنووسی خەبات بە تاقە لایەنێکەوە نەبەسترێتەوە و شکان یان پاشەکشەی حیزبێک نەبێتە هۆی شکستی جووڵانەوە و بەردەوامبوونی خەبات دەستەبەر بکرێ، دەبێ هەموو لایەنەکان خۆیان بە بەرپرسیار و بەشێک لە خەباتەکە بزانن.

یەکێک لە چەکە هەرە کاریگەرییەکانی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز، بوونی کولتووری سیاسیی دێموکراتیکی سەربەخۆیە، کولتوورێک کە پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانی (ئەبعاد) خۆیدا جیاوازیی ئاشکرای لەگەڵ کولتووری دەسەڵاتی کۆنەپەرست و چەوسێنەر هەبێ.

ئەو جیاوازییە کولتوورییە دەبێ بەتەواوی بۆ خەڵک و بیروڕای گشتی دیار و ئاشکرا بێ و ببێ بە ئۆلگوو. خەبات پێویستیی بە کولتووری بەدیل هەیە، کولتوورێک کە خەڵک و حاکمییەت لێک جیا دەکاتەوە و خەڵک و خەبات بەیەکەوە گرێ دەدا.

**پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خەباتی نەتەوەیی و دێموکراسی:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە خەباتی نەتەوەیی بە هێز و ئیعتبار سەردەکەوێ و هێز و ئیعتباری جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بە تێکۆشانی بەردەوام و هەواهەنگ و بە هێزی یەکگرتووی سیاسی و نیزامیی ئەکتەرەکانی نێو بزووتنەوە دابین دەکرێ و ئەو ئامانجەش، تەنیا لەژێر سێبەری دێموکراسی و دەرووەستبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی وەدی دێ و دەبێتە واقعییەت.

جووڵانەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ بەکردەوەش نەتەوەیی و لە نێوخۆشیدا دێموکراتیک بێ و

بڕوای بە مناسباتی دێموکراتیک هەبێ، دەنا تووشی ئاڵۆزی نەزەری و فیکری و ناتەبایی و دووبەرەکی دەبێ.

لەگەڵ هیچ مەنتقێک ناگونجێ کە ئامانجەکانی جووڵانەوەیەک دێموکراتیک بن، بەڵام خودی جووڵانەوەکە پێوەرەکانی دێموکراسی بەهەند نەگرێ و بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە نەچێ!

دێموکراسی لانیکەم لە سێ لاوە بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخواز پێویست و یەکلاکەرەوەیە:

١- لە خەباتی نەتەوەییدا ژمارەیەکی زۆر حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی بە بەرنامە و پلان و تێڕوانینی جیاوازەوە بەشدارن و بۆیە ئاساییە کە هەمیشە کۆمەڵێک پرس و ناکۆکی و بیروبۆچوونی جیاوازیش بێنە پێشێ کە ئەگەر بمانەوێ ئەو مەسەلانە نەبنە کێشە و دووبەرەکی و گرژییان لێ ساز نەبێ، دەبێ بەشێوەی سیاسی و دیالۆگ یەکلا بکرێنەوە.

٢- جووڵانەوەی نەتەوەی بندەست، بەتایبەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەری هێز لە بەرامبەر ڕێژیمی پۆشتە و دیکتاتوردا، پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندی و خەباتی یەکگرتوو و بەشداریی چالاکانەی خەڵک و حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکەی نەتەوە هەیە.

٣- دەروەستبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی پێش بە هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ و ئەسپاردنی "چارەسەرکردنی" ناکۆکی و جیاوازییەکان بە چەک، دەگرێ. بزووتنەوەی نەتەوەی بندەست بەرگەی دووبەرەکی و کێشەی نەبڕاوە و پێکهەڵپڕژان ناگرێ.

بە پێی ئەزموون، تەنیا دێموکراسی دەتوانێ بەستەڵەکی ئیدئۆلۆژیک بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئیدئۆلۆژیک لە سیاسەت بتوێنێتەوە. دێموکراسییە کە توانای دابینکردنی ئەو سێ ئامانجەی سەرەوەی هەیە. دێموکراسییە کە زەرفییەت و ئیستعدادی کۆکردنەوە و وەسەریەکخستن ومودیریەتکردنی جیاوازی و ناکۆکییەکانی هەیە و ناهێڵی ناکۆکی و جیاوازیی بیرورا و بەرنامەی سیاسی، شەڕی نێوخۆیی و کارەساتی بۆ جووڵانەوە لێبکەوێتەوە.

بەکورتی: هەرچەندی لێی ورد ببیەوە و بە هەر بارێکدا هەڵیسنەگێنی و لێکیدەیەوە، بەبێ بڕوا بە دێموکراسی و پابەندبوونی ئەکتەرەکانی نێو جووڵانەوە بە ئوسووڵی دێموکراسی، بەستێنی یەکگرتن و هاوپێوەندی و خەباتی هاوبەش و بەشداری خەڵک و لایەنەکان ئامادە نابێ و خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز گەشە و پەرە ناستێنێ و سەرکەوتن و



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**گەیشتن بە ئامانج دەستەبەر نابێ.**

**بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوەیی ئالتێرناتیڤێک بۆ دێموکراسی و سەلماندنی ئوسووڵی دێموکراسی نییە.**
**لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا: جووڵانەوەی ئەو بەشە ئیمکان و پوتانسیەلی بەهێزبوونی زۆرە و دەتوانێ وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بکەوێتە نێو هاوکێشەکانی سیاسی ئێران و ناوچەوە، بەو مەرجەی لێبڕاوانە و خێرا بەخۆیدا بچێتەوە، لەبەر تیشکی خەسارناسێکی بوێرانەی ڕابردوو جارێکی دیکە خۆی پێناسە بکاتەوە، کەموکورتییەکانی خۆی چارەسەر بکا، خۆی لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێنێ و حیزبەکان بە هاوبەشی ستراتیژییەکی نوێ و واقیعبینانە بۆ خەباتەکە دابڕێژن.**

**ئەو ئەرکە ناکەوێتە سەر شانی تەنیا حیزبێک، بەڵام هیچ حیزبێکیش ناتوانێ خۆی لە بەشداربوون لەو ئەرک و پرۆسەیە دەرباوێژێ. سەردەمی خەبات بەتەنیا بەسەرچووە!**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی سەرماوەزی ٢٠١٨

## ئایا کۆنفرانسی وەرشۆ سەرکەوتوو بوو؟

**ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی فێبرواری ٢٠١٩ی زایینی (٢٤ و ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧) کۆنفرانسی "ئاشتی و ئەمنییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کە لەلایەن ئەمریکا و لێهستان (پولونیا)وە ڕێکخرابوو،**

**لە شاری وەرشۆ پێتەختی لێهستان بەڕێوەچوو. بەپێی هەواڵی ڕاگەیەنەرە گشتییەکان پتر لە ٦٠ وڵات لەو کونفرانسە دا ئامادە بوون.**

"سەرکەوتن" یان سەرکەوتوویی" مەفهوومێکی ڕێژەییە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بە پێوەری جیاوازە هەڵسەگاندنی بۆ دەکرێ. بۆوێنە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆنفرانسەکەی "بە سەرکەوتنێکی گەورە بەرەو ئەمنییەتی ئورووپا، ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دادەنێ و وەزیری دەرەوەی ئێران بە "سیرک وەرشۆ"ی Warsaw Circus ناودەبا.

دیارە دوای کۆنفرانسی وەرشۆ نە بەیانێک بڵاو کرایەوە و نە بڕیارێک ڕاگەیەندرا، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین وەک چاوەدێرێکی واقعبین سەیری ئەو کۆبوونەوەیە بکەین،

**دەتوانین کۆنفرانسی وەرشۆ بۆ ئەمریکا بە سەرکەوتنێک دابنێین:**

١- گەرچی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی گەورەی وەک ئالمان و فەرانسە بەشدار نەبوون و ئەگەر حزووریان هەبایە گرنگیی و قورسایی کۆنفرانسەکە زیاتر دەبوو، بەڵام نوێنەرانی ٦٠ وڵاتی ناوچە و جیهان بە پیر بانگێشتنی بەڕێوبەرانەوە چووبوون، ژمارەیەکی بەرچاویان لە ئاستی وەزیری دەرەوەدا، بەشدارییان کردبوو.

٢- لە پێوەندیی لەگەڵ ئێران دا، ئەو کۆنفرانسە نەوعێک هەماهەنگی و هاوپێوەندیی لە نێوان ئەمریکا و بەشێک لە یەکێتی ئورووپای پێوەدیاربوو. قسەی وەزیری دەرەوە لێهستان جێگای سرنجە کە گوتی "لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەندامێکی یەکێتی ئورووپاین، دەتوانین بڵەین ئەو موشکیلەی ئێران بۆ یەکێتی ئورووپاشە ...".

دیارە پێداگریی ڕێژیمی ئێران لەسەر بەرنامەی مووشکی بالستیکی و بەتایبەتی کردەوە تێروریستییەکانی کۆماری ئیسلامی

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

دوای ڕێککەوتنی "برجام" لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینی دا لەسەر خاکی وڵاتانی ئورووپایی، دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئورووپایان ڕاپەڕاند و هەڵوێستی ئەوانی بەرامبەر بە ئێران، لە سیاسەتی ئەمریکا نزیکتر کردەوە.

٣- ئەوە کە مەترسیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچە، نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی و نوێنەرانی ئیسرایلی لە یەکشوێن و بۆ باس و ئاڵووگۆڕی بیروڕا لە سەر دەوری نەرێنی ئێران لە ناوچەدا کۆکردەوە، کەیفییەتێکی نوێ دەدا بە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە و لێکیان نزیکتر دەکاتەوە.

ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان ویدیویەک بڵاو بۆوە کە گۆیا لە دەفتەری بنیامین نەتانیاهوو سەرۆکوەزیرانی ئیسرایلەوە گەیشتۆتە دەرەوە. لەوێدا وەزیری دەرەوەی بەحرەین و ئەمارات و وەزیری ڕاوێژکاری عەرەبستانی سعوودی لەگەڵ نتانیاهوو دەردەکەون و ئێران بە گەورەترین هەڕەشە بۆ ناوچە و کۆسپی چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین و ئیسرایل دادەنێن.

دیارە ئەو هەڵویستە نوێ نیە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە کە بەرپرسانی سەرەوەی وڵاتانی عەرەبی بە حزووری سەرۆکوەزیرانی ئیسرایل ئەو ئەو هەڵوێستە دەگرن.

٤- چەند خاڵی جیاواز وەک دەستووری کاری کۆنفرانس دیاری کرابوو، کەچی دیتمان کە هەمووی لەسەر ئێران ساغ بۆوە و جارێکی دیکە سرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای سیاسەتی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشرا و ڕێژیم لە کۆڕێکی نێونەتەوەیی دا نرایە سەر "کورسی تاوانبار"، کەسیش داکۆکیی لێنەکرد و لەدژی ئیتهامەکان دا نەوەستایەوە! ئەوە سەمبولیکیش بێ، شوێنەواری خۆی دادەنێ.

٥- ڕەنگە بۆ یەکەمجار بێ کە لە کۆنفرانسێکی ئەوتۆ دا ڕادەگەیەندرێ کە "کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ئاشتی و ئەمنییەت لە ناوچە دا".

جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو لایەنە سیاسیانەیە کە پتر لە ٢٠ ساڵە هاوار دەکا کە بەبوونی کۆماری ئیسلامی نە ئازادی و دیموکراسی لە ئێران دا دێتەدی و نە ئەمنییەت و سەقامگیریی لە ناوچە دا دابین دەبێ.

٦- کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش خەریکە بەو ئاکامە دەگا کە مەرجی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە تێرور و

هەڵایساندنی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەدا، پشتیوانی لە ڕاپەڕین و داخوازەکانی خەڵکی ئێرانە. لەو پیوەندییەدا "مایک پەنس" جێگری سەرکۆماری ئەمریکا لە کۆنفرانسەکەدا دەڵێ "ساڵی ١٣٨٨ جیهان دەرفەتی پشتگیریی لە خەڵکی ئێرانی سووتاند، ئەوجارە دەبێ یارمەتی خەڵکی ئێران بدرێ".

ئەوە کە بە قسەی وتەبێژی فارسی زمانی وەزارەتی دەرەوە ئەمریکا "دانیشتنی وەرشۆ سەرەتای وێژمانێکی (نوێی) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە یان ئەو پرسیارە کە ئایا وڵاتانی خاوەن نفووزی بەشدار لە کۆبوونەوەی وەرشۆ لەنێو خۆیاندا لەسەر چ بڕیارگەلێک ساغ بوونەوە و لە داهاتوو دا ئەو کۆنفرنسە دەبێتە بنەمای پێکهاتنی یەکگرتوویی و کۆبەندییەکی ناوچەیی بەدژی کۆماری ئیسلامی، وڵامەکەی جارێ ڕوون نیە و ڕووداوەکانی داهاتوو دەری دەخەن. بەڵام لە ئێستاوە دەکرێ بگوترێ کە فشارەکان بۆسەر ڕێژیمی ئێران زیاتر دەبن.

پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێگومان فاکتەرێکی یاریدەرە بۆ خەباتی گەلانی ڕزگاریخواز و یەک لەوان، بۆ خەباتی خەڵکی ئێران لەپێناو ڕزگاربوون لە چنگ ئیستبدادی سیاسی- مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی لەئێران دا.

بەڵام گەلانی ئێران بۆخۆیان ئەساسن و دەبێ خەمی خۆیان بخۆن. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە هێزە سیاسیەکانی وڵات بە پێکهێنانی ئالترنتیڤێکی دێموکرات و هەمەلایەن، هەم خەڵکی ئێران بە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی هیوادار بکەن و هەم هاوپێوەندی و پشتیوانیی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران دەستەبەر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٩

## دژایەتی لەگەڵ شەڕ!

بەدوای دەرچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی "برجام" (برنامه جامع اقدام مشترک) لە ٨ی مای ٢٠١٨ی زایینی دا، گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا پەرەیان سەند و پرسی هەڵایسانی شەڕ هاتەوە گۆڕێ.

**ژمارەیەک کەسایەتی و لایەنی سیاسیی ئێرانی بە دژایەیتی لەگەڵ شەڕ هەڵوێستیان گرتووە.**

لەو نێوەدا بەتایبەتی هەوڵ و چالاکیی ڕاسپێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە نێوی لێکۆڵەر و شرۆڤەکاری سیاسی و نووسەر و ڕووناکبیر و... لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات سرنجڕاکێشە کە ڕۆژانە لە ڕاگەیەنەرەگشتییەکان دا بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون و خەڵک لە هاتنەئارای شەڕ و شێواوی و تەجزیەی ئێران دەترسێنن. وەک ئەوەی ئێستا خەڵکی ئێران لە تێریی و ئاسایش و ئەمنییەت دا بژی!

ئاشکرایە، هیچ مرۆڤێکی خاوەن عەقڵی سەلیم و هەستی مرۆڤایەتی لایەنگری لە شەڕ و کوشتنی ئینسان و کاولکردنی وڵات و ئاوارەبوونی خەڵکی بێدیفاع ناکات.

بەڵام ئایا ئەو لایەنانە بەگشتی دژی شەڕن یان تەنیا دژی شەڕێکن کە بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبچێ؟! ئایا دژی ئەو شەڕانەش لێبڕاوانە هەڵوێست دەگرن کە کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە بە دژی خەڵکی ئێران بەڕێوەی دەبا؟

کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە شەڕێکی خوێناوی بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاندووە کە دەیان هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە. لەو ماوەیەدا ڕێژیم لە هیچ جینایەتێک دژ بە کورد دەستی نەپاراستووە و کوشتن و ئیعدام و سەرکوت بووە بە کاری ڕۆژانەی حکوومەت لە کوردستان دا.

کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە ئازادیخوازانی وڵات سەرکوت و ئیعدام و بێسەرووشوێن دەکا و هەموو ماف و ئازادییەکی لە خەڵکی ئێران زەوت کردوە. ڕێژیم بێڕێزی و بێحورمەتی بە ژنانی ئێرانی نهادینە کردوە و چووکترین ماف و ئازادییان بۆ ناسەلمێنێ. بەردەوام بەشێوەی ڕێکخراو ئەوپەڕی بێڕێزی و سووکایەتی بە کەمایەتییە مەزهەبییەکان دەکرێ.
قەلاچۆکردنی هەزاران بەندکراو لە ساڵی ١٣٦٧، کارەساتی "کهریزک"، تێرۆر و لەنێوبردنی سەدان ئازادیخواز لە نێوخۆ و

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

دەرەوەی ولات و دەیان جینایەتی ترسناکی دیکە، بەشێکی دیکەن لە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی.

سیاسەت و کاروکردەوەکانی ڕێژیم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە ڕوونی دەیسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی شەڕە، هەڵایسێنەری شەڕە و لە شەڕ و ئاڵۆزی دا دەژی!

چل ساڵە، بێپسانەوە، لە ئێران دا شەڕی ڕێژیمی ئیدئولوژیک و داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەبعادی خۆی دا بەدژی خەڵکی ئێران بەڕێوەدەچێ. ڕوون نیە کە خەڵکی ئێران لەوە خراپتر دەبێ لە کام شەڕ بترسێن؟!

لەوەش گەڕێین کە هەرکاتێک کۆماری ئیسلامی هەست بە مەترسی دەکا و خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەدژی زوڵم و زۆری حکوومەتی ڕادەپەڕێ و داوای ڕووخانی ڕێژیم دەکا، دارودەستەی دیار و نادیاری حکوومەت خێرا وەخۆ دەکەن و بەنێوی نیگەرانی لە "تجزیە"ی ئێران، دەست دەکەن بە تۆمەتلێدان و تاوانبارکردنی نەتەوە بندەستەکان و پاساو و دەلیل داتاشین بۆ زەروورەتی مانەوەی ئیستبداد و دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی.

ئەزقەزا بەپێچەوانە، درێژەدان بە شەڕ دژی نەتەوە بندەستەکان و هەڵاواردن و بێبەشکردنیان لە سەرەتایی ترین ماف و ئازدییەکانیان، بۆتە گەورەترین کێشەی ولات و بەجیددی یەکێتی خاکی ئێران دەخاتە مەترسییەوە!

پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانی ئێران، سەرکوت بەربڵاو، گەندەڵی هەوسارپچڕاو و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری و ئیعتیاد و دەیان کێشە و خەساری کۆمەلایەتی دیکە، بەرهەمی چل ساڵ دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامین و ئەوە، کوێرەرێگایەک و ئەنگیزەیەکی بۆ خەڵکی ئێران نەهێشتۆتەوە کە تەنانەت بەرامبەر بە مەترسیی دەرەکیش، پشتیوانی لە ڕێژیم بکەن! بەپێچەوانە، ئاوات دەخوازن کە بە هەر شێوەیەک کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵکوو نەفەسێک بە ئازادی و ئاسوودەیی بکێشن.

هێندێک کەس و لایەن بەبیانووی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جۆرێک کەوتوونەتە دڵسۆزی بۆ دیکتاتوری وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئاڵووگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتیی لە سیاسەت و کردەوەکانی بەتایبەتی لە نێوخۆی ولات دا پێکهێنابێ، وازی لە سەرکوت و تێرور و لەنێوبردنی ئازادیخوازان و جیابیران هێنابێ و سەرەتایی ترین ماف وئازادیی گەلانی ستەملێکراوی سەلماندبێ!

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

دیفاع لە مانەوەی ئەو ڕێژیمە بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، دڵسۆزی بۆ خەڵک و "تمامیت ارضی" یان بەهۆی شکڵ نەگرتنی بەدیل بۆ کۆماری ئیسلامی، جێگای باوەڕ نیە و چاوبەستن و خەڵک بەفریوبردنە و تەنیا ژێستگرتنە بە دژایەتی لەگەڵ شەڕ.

**باوەڕپێکراو نیە کە لەژێر نێوی دژایەتی لەگەڵ شەڕ، داکۆکی لە درێژدانی شەڕ و سەرکوت و ئیستبداد بکەی!**

ئەوە بە هیچ جۆر نە بە مانای پاساوهێنانەوە و پشتیوانی لە شەڕە و نە بە مانای دیفاع لە ئەمریکایە. ئەمریکا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، نە لەسەر پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانی ئێران و بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە ئێران دا کەوتۆتە کێشە و ناکۆکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە. داوای ئەمریکا بە ئاشکرا "گۆڕانی ڕەفتاری" کۆماری ئیسلامییە بە قازانجی خۆی.

ئامانجی دونالد ترامپ سەرکۆماری ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قسەکانی دا لە ڕۆژی ٦ی ژوئەنی ٢٠١٩ لە ژاپۆن، بەڕوونی دەردەکەوێ کە گوتی: "ئێران بەو ڕێبەرانی ئێستاشەوە دەتوانێ ببێت بە وڵاتێکی گەورە"! هەر ئەو سەرکۆمارەی ئەمریکا بەر لەوە، چەندین جاری گوتووە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێروریست، دز و گەندەڵ، پێشێلکەری ماف و ئازادیی خەڵکی ئێران، جینایەتکار و گەورەترین پشتیوانی تێروریزمی نێونەتەوەیین!

ئێستا چۆنە ئەو ڕێبەرە تاوانبارانە ئەگەر بچنە ژێر باری ویست و داخوازەکانی ئەمریکاوە، لە شەوێکدا دەبن بە فریشتە و دۆست و هاوپەیمانی دونالد ترامپ؟!

وڵامی ئەو پرسیارەش کە ئێران چۆن بەو ڕێبەرانەوە کە بە قەولی ترامپ تێروریست، دز و گەندەڵ، پێشێلکەری ماف و ئازادیی خەڵکی ئێران، جینایەتکار و گەورەترین پشتیوانی تێروریزمی نێونەتەوەیین، دەتوانی ببێت بە وڵاتێکی گەورە، هەر دونالد ترامپ دەبێ بیداتەوە!

ئەساسەن دژایەتیکردن و دژایەتینەکردن لەگەڵ دیاردەی شەڕ لە باریی مێژووییەوە موتڵەق ناکرێتەوە و گرێدراوە بە ماهییەت و ئامانجی شەڕ: شەڕێک کە ماهییەتەن و لە ناوەڕۆک دا داگیرکەرانە و بەمەبەستی چەوساندنەوە و سڕینەوەی ئاسەواری تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەک بەڕێوەدەچێ، جینایەت دژی مرۆڤایەتییە و جیاوازە لەگەڵ شەڕی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی ژێرستەم کە بە دژی داگیرکەر و بەمەبەستی ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و وەدیهێنانی ماف و ئازادی

بەڕێوەدەچێ. ئەو شەڕە دەچێتە مەقوولەی خەبات و دیفاعی ڕەواوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جیاوازیی تەواو دادەنێ لە بەینی شەڕی ڕزگاریخواز و شەڕێک کە بەمەبەستی سەرکوت و چەوساندنەوە بەڕێوەدەچێ.

بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک و مرۆڤانە شەڕ دژی ڕێژیمی ئادۆلف هیتلێر، دژی ڕێژیمی صدام حسین و دژی داعش یان خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دژی زوڵم و زۆر و تێرور و سەرکوت و هەڵاواردنی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە شەڕی نارەوا دانانرێ.

هەروەها، دژایەتی لەگەڵ شەڕ و هەر دیاردەیەکی دزێوی دیکە، ئەوکاتە باوەڕی پێدەکرێ و بە جیددی دەگیرێ کە لەڕووی ئوسووڵ و پرینسیپ و بیروباوەڕەوە بێ نەک بژاردەیی (گزینەای SELECTIVE) و بە نییەت و ئەنگیزەی شاراوەی داکۆکی لە ئیستبداد و لایەنی شەڕخوازەوە، دەرببڕدرێ.

ئایا ئەو کەس و لایەنانەی ئێستا بە هۆکار و ئەنگیزەی جیاوازەوە، دەنگیان لەدژی شەڕ هەڵبڕیوە، ئامادەن شەڕ و جینایاتی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کورد کە تەنیا تاوانی کوردبوونە و داوای ماف و ئازادیی خۆی لە ئێران دا دەکا، مەحکووم بکەن و لێبڕاوانە لەدژی بوەستنەوە؟

بێدەنگی بەرامبەر بە کوشتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێدیفاع و پێشمەرگەی ئازادیخواز، هەڵاواردن و بێبەشکردنی منداڵی کورد لە خوێندن بە زمانی زگماکی وەک سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ، ئیعدامی ڕێبەران و ئازادیخوازنی کورد، کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەری بێ تاوان و بێ دەرەتانی کورد، سەرکوتکردنی هەرچەشنە جمووجۆڵ و تێکۆشانێکی کولتووری لە کوردستان، تێرور، تەقاندنەوە و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکان کە تەنیا بەشێکی بچووکن لە جینایەتی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بە هیچ بیانوویەک پاساو ناکرێ.

**بەو هیوایە کە چالاکانی دژ بە شەڕ، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کوردیش بە شەڕ دابنێن و مەحکووم بکەن و لەدژی هەڵوێست بگرن، با ئێمەش دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەوانەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ٢٥ی جۆزەردانی ٢٧١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## لە سییەمین ساڵی تێرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جووڵای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک عەبدوڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ نووسەر و مامۆستای زانکۆ، لەلایەن تیمێکی تێروری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە سەر مێزی وتووێژ لە ویەن شەهید کران.

**سی ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد تێدەپەڕێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چۆتە نێو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەوە و لە بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا زیندووە.**

**ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و شوێندانەربوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسی بە دوو پێوەر هەڵدەسەنگێندرێ:**

**یەکەم:** بە کاریگەریی و بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی لە کاتی ژیانیدا.
**دووهەم:** بەو میراتە سیاسی و هزریانەی کە ڕێبەرەکە لە دوای خۆی بەجێیان دەهێڵێ.

**با هەر ئەو دوو پێوەرەش بکەین بە بنەما بۆ خستنەڕووی بەشێک لە دەسکەوت و خزمەت و میراتە سیاسییەکانی عەبدولڕەحمان قاسملوو.**

### بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

**یەکەم:** دابینکردنی یەکێتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا: ئەو کاتەی ڕێبەریی حیزب کەوتە دەستی دوکتور قاسملوو، ئاڵۆزییەکی فیکری بەرچاو بەسەر ڕێبەرایەتی حیزبدا زاڵ ببوو و هەرکەسەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا! بەڵام کەندوکۆسپەکان هەنگاویان بە دوکتور قاسملوو شل نەکرد و توانی بە هاوکاریی هاوبیرەکانی و بەبێ حەزفی جیابیرەکان، ڕێبەرایەتی حیزب لە دەوری بەرنامە و پێڕەوێکی سەردەمیانەدا کۆبکاتەوە و بەشێوەیەک ژیرانە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان بۆ یەک ئامانج مودیرییەت بکا.

ئەو بڕوای بەو ئەسڵە سەلماوە هەبوو کە جیاوازیی بەگشتی و جیاوازیی بیروباوەڕ بەتایبەتی، بە نکۆڵی لێکردن و زۆر و هەڕەشە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بکرێ، بەڵام سەرکوت نابێ و لەنێوناچێ و دوای ماوەیەک، لەشوێنێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە و ئەوجارە ڕادیکاڵتر و بەشێوەی ڕووخێنەر سەرهەڵدەداتەوە.

لەپێناو دابینکردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و بۆ ئەوەی بتوانی جیاوازییەکان بکەی بە دەرفەت و مودیرییەتی بکەی، دەبێ جیاوازیی وەک ئەسڵێکی ئاسایی و دێموکراتیک بسەلمێندرێ و ڕێزی لێبگیرێ. بیروبۆچوونە جیاوازەکان ئەگەر سەرکوت کران، کێشە و دووبەرەکی و لاوازبوونی بزووتنەوەی لێدەکەوێتەوە.

**دووهەم:** دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور قاسملوو توانی حیزبەکەی لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بەملا و بەولا ڕزگار بکا و لەباری سیاسی و تەشکیلاتی و تیئۆریکەوە هوییەتێکی سەربەخۆ بدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایە کە پێوەر و پێوانە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بەرژەوەندیی خەڵک و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ و تەنیا ڕێبەرایەتی حیزب ئەو سیاسەتە دیاری دەکا.

**سێهەم:** قاسملووی ڕێبەر چەمکی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێرانی کرد بە پێناسەی بێ ئەملا و ئەولای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە هەر شوێنێک باسی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرابایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دەکەوتەوە بیری بیسەر.

**چوارەم:** بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا، کاتێک دوکتور قاسملوو گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڕاستی بێجگە لەو کەسانەی کە ڕابردووی سیاسی و خەباتیان هەبوو، کەم کەس قاسملوویان دەناسی و حیزبی دێموکرات لە ژێر بارانی تانە و تۆمەت و هێرشی تەبلیغاتیی زۆر لایەنەدا بوو.

بەڵام قاسملووی لێهاتوو لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا حیزبی دێموکراتی گەیاندە لووتکە و کردی بە حیزبی بەنفووز و یەکەمی کوردستانی ئێران و یەکێک لە حیزبە شوێندانەر و سەرەکییەکانی کورد بەگشتی.

**پێنجەم:** بووژانەوە و گەشەپێدان بە بیر و هەستی نەتەوەیی. لە دوای شۆڕشی ٥٧ بیروباوەڕ و ئیدئۆلۆژی چەپ بەسەر

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زاڵ بوو و پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی حیزبە چەپەکاندا نەک هەر لە ئەولەوییەتدا نەبوو، بەڵکوو بە بیرێکی دواکەوتووانەش دادەنرا!

لەو کەشوهەوایەدا قاسملوو ئاڵای خەباتی نەتەوەیی بەرز کردەوە و بە دەستی بەتوانای ئەو و بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکەی ئەو، خەباتی نەتەوەیی بە مەودایەکی زۆرەوە، بوو بە خەباتی ئەسڵی و سەرەکیی خەڵکی کوردستان.

**شەشەم:** دێموکراسی و مودێڕنیزەکردنی ژیان و خەباتی حیزب. دوکتور قاسملوو بە تەواوی، هەستی بە زەروورەتی بوونی دێموکراسی بۆ گەشەسەندنی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی کردبوو و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ پەرەدان بە دێموکراسی دەدا. لە هەموو کۆبوونەوە و دەرفەتێکدا لەسەر پاراستنی ئوسوول و موناسباتی دێموکراتیک لە حیزبدا پێداگریی دەکرد و لە تێکۆشان بۆ جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک ماندوو نەدەبوو.

باوەڕی وابوو کە خەباتی ڕزگاریخواز بۆ ئەوەی تووشی دووبەرەکی نەبێت و بتوانێ کەڵک لە پوتانسیەلەکانی خۆی وەربگرێ و ئازادی و دێموکراسی بۆ کۆمەڵگا دابین بکا، دەبێ لە خۆیدا ماهییەتەن دێموکراتیک بێ و بڕوای بە پرینسیپەکانی دێموکڕاسی هەبێت.

هەروەها، پرسی ژن وەک پرسێکی یەکلاکەرەوە بۆ گەشەسەندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی، بە بێ دەروەستبوون بە ئوسوول و بنەماکانی دێموکراسی لە بنەماڵە و حیزب و کۆمەڵگادا، چارەسەر ناکرێ.

**حەوتەم:** نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد. بەبێ هیچ چەشنە گومانێک دوکتور قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد و جووڵانەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیک بە دنیا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا. پێی وابوو کە پرسی کورد دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دەربچێ و ڕێژیم بە ئاسانیی نەتوانێ بەدوور لە چاوی بیروڕای گشتی جیهانی کورد قەڵاچۆ بکا و مافەکانی پێشێل بکا.

زانایی و بەئەزموونبوون و کەسایەتی کاریزماتیکی ئەو لە لایەک و شارەزایی بەسەر چەند زمانی گرینگی دنیادا و لێهاتوویی ئەو لە گەیاندنی پەیام بە بەردەنگی خۆی لەلایەکی دیکەوە، دیپلۆماتێکی بەتوانای لە دوکتور قاسملوو دروست کردبوو و یارمەتی دابوو بە سەرکەوتنی ئەو لە ئەرکی نێونەتەوەییکردنی پرسی کورددا.



سەرچاوە
Serchawe

وەک کەسایەتیش، قاسملوو لە نێو کۆمەڵگای سیاسی و ڕووناکبیرانی ئورووپادا جێگایەکی شیاوی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو. دۆستانی قاسملوو ئێستاش لایەنگرانی بەئەمەگی کورد و پرسی کوردن.

**هەشتەم:** ڕاشکاوی و ئازایەتی لە دەربڕینی بیروباوەڕ و قەناعەتدا. دوو نموونە: خوێندنەوەیەکی نوێ لە سوسیالیزم و هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ نێو حیزب لە کاتێکدا کە تێڕوانین و تێگەیشتنی چەپی سوننەتی لە کوردستان و لە خودی حیزبی دێموکراتیشدا لەوپەڕی خۆیدا بوو! هەروەها، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ دوکتور قاسملوو نەچووە ژێر کاریگەریی و هەڵاوهوریا و تەبلیغاتی حیزبی توده و هاوبیرانی. ئەو بوو دەنگی هەڵبڕی و گوتی ڕێژیمێک کە گەلانی ژێرستەمی ئێران بە تاوانی ئازادیخوازی سەرکوت دەکا و مافەکانیان پێشێل دەکا و بڕوای بە ئازادی و دێموکراسی نییە، ناتوانێ ڕێژیمێکی عادڵ و دژی ئیمپریالیست بێ.

**حیزبەکەی قاسملوو زۆر زوو دەنگی پێی دیکتاتوریی نوێی بیست، بە دژی وەستایەوە و لە ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا بەمەبەستی دیاریکردنی نەوعی نیزامی داهاتوو، بەشداریی نەکرد.**

## میراتە سیاسی و هزرییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

- قاسملووی خەباتگێڕ لەگەڵ ئەوەی بڕوای قووڵی بە چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە هەبوو و لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، بەڵام فێری کردین کە خۆبەدەستەوەدان و ئاشبەتاڵ و خافڵبوون لە خەبات بۆ ئازادی، بۆ خۆمان و حیزبەکەمان بکەین بە هێڵی سوور و "تابۆ".

بە بڕوای قاسملوو، پرسی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نییە، بەڵام نە بەو مانایەی کە ڕێژیمی حاکم حاشا لە بوونی کورد بکا، بە ئاور و ئاسن هێرش بکاتە سەر کوردستان و لەنێوبردن و قەڵاچۆی ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد بۆخۆی بەڕەوا بزانێ، بەڵام کورد داماو و دەستەوئەژنۆ دانیشێ، وەدەست نەیە و بەرەنگاری دوژمن نەبێتەوە و چاوەڕوانی ڕەحمی دیکتاتور بێ داخوا کەنگێ ڕێگاچارەی سیاسیی پرسی کوردی بەبیر دادێ!

بەپێچەوانە، مەبەستی دوکتور قاسملوو لەو قسەیە ئەوە بوو کە ڕێژیم بەچەک و بەڕێگای نیزامییەوە جووڵانەوەی کوردی پێ لەنێو ناچێ و کورد دەبێ بەخەباتی بێوچانی خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر، یەک لەوان خەباتی چەکداریی، حکوومەت ناچار بکا کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگای وتووێژ و سیاسی بگرێتە بەر.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

- قاسملووی دێموکرات دەیگوت، لەپێناو پاراستنی کەرامەتی یەکترو دابینکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی لایەنەکانی نێو جووڵانەوە و گەشە و پەرەپێدان بەحیزبایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازدا، دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا دەرووەست و پابەند بین بە پێوەر و پرینسیپەکانی دیموکڕاسی. پێی دادەگرت کە خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوەیی. ئەو بەدروستی دەیزانی پرسی دێموکراسی و پرسی خەبات بۆ ئازادیی و مافی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک لەیەک جیا ناکرێنەوە.

- قاسملووی خاوەن ستراتیژی دەیگوت، دەبێ هەوڵ بدەین کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ببێت بە فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ لەناوچەدا و بۆ ئەو مەبەستە، پێویستمان بە یەکێتی و هاوهەڵوێستیی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی هەیە.

- ڕێبەری نیشتمانپەروەر فێری کردین، دەبێ بڕوابەخۆ بین و لە خەباتدا پشت بەخەڵک و هێزی خۆمان ببەستین، بڕوامان بە داهاتوو و بە سەرکەوتن هەبێ. دەیگوت، ڕەمزی سەربەرزی و سەرکەوتن لە خۆڕاگریی و بەردەوامبوون لە خەبات لە پێناو ئازادییدایە: "گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا".

- واقیعبینی: واقیعبینی سیاسی بەرهەمی باشناسینی دۆخی سیاسی و مێژوویی ئەو جوغرافیایە کە خەباتی تێدا دەکەی، خوێندنەوەی فاکتەرە شوێندانەرەکانە، هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دروست لە بارودۆخی بەردەستە و سەرەنجام، داڕشتنی سیاسەت و ئامانج و ستراتیژیی خەبات لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا و ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەنگاوبەهەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە. لە ژیان و خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوودا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینرێن.

**ئەو سیاسەتە واقیعبینانەیە، سەقامگیریی سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا مسۆگەر کرد.**

لەو پێوەندییەدا، ئەگەر بە دوور لە دەمارگرژیی ئاوڕێک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، ئاڵوگۆڕەکانی ئەوڕۆ گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی قاسملوویان پێوە دیار نییە؟!

- قاسملووی زانا و بیرمەند پێی دەگوتین کە لەژیانی خوسووسی و حیزبی و خەباتماندا،

فێربوون و خۆپێگەیاندن و خۆپۆشتەکردن بە چەکی زانست، بکەین بە ئەرکی ڕۆژانە.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**- قاسملووی بە بیروباوەڕ، ڕێبەربوون و ڕێبەریکردنی بە کەیفییەتێکی جیاوازەوە پێناساندین. ڕێبەری خەباتگێڕ و بەئەخلاق بەپێی وەسیەتنامەکەی "لە ماڵی دنیا تەنیا کتێبخانەیەکی لە پاش بەجێ دەمێنێ و ئەویش، لە ڕێگای جێنشینەکەیەوە دەگەڕێتەوە سەر دارایی حیزب"!**

**هەموو ئەو توانا و تایبەتمەندییە بەرزانە، قاسملوویان کردبوو بە کەسایەتی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن نفووز و ئۆتۆریتەی مەعنەوی. قاسملوو ئەگەرچی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چاو لێدەکرا و خەڵک لەدەرەوەی حیزبەکەشی، دوکتور قاسملوویان وەک ڕێبەری هزری و سیاسی خۆیان قەبووڵ کردبوو و ڕێزیان لێدەگرت.**

**قاسملوو وەک ڕێبەرێکی مێژووسازی دێموکرات و نیشتمانپەروەر، هەتاهەتایە لەبیر ناکرێ.**

**برینی قاسملوو پاش ٣٠ ساڵ ئێستاش هەر تازەیە و خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو برینە ئەوکاتە سارێژ دەبێتەوە کە کورد بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کە ئامانجی قاسملوو بوون، بگا؛**

**کەوایە، با بە هەمووومان بە خەباتی بەردەوام و لێبڕاوانە بۆ سارێژکردنەوەی برینی ڕێبەرە تاقانەکەمان تێبکۆشین.**

**بەرز و پیرۆز بێ یادی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی مەزن و هاوڕێکانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و کاک دوکتور فازل ڕەسووڵ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی..."!

بەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی وتوویژی حیزبە کوردستانییەکانی ئەندامی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بە بەرەکەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، خەڵکێکی زۆر بە شێوەی جۆراوجۆر بیر و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو بابەتە دەربڕی.

ئەگەر هێرش و بێڕێزی و تۆمەتلێدانەکانی لێدەرکەین، بەشداریکردنی خاوەنبیران و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە باسەکەدا یارمەتییەکی بەنرخی داوە بە دەوڵەمەندکردنی پرسی وتوویژ بەگشتی و بەرچاوڕوونیی زیاتر بە حیزبەکان بەتایبەتی.

یەک لەو بۆچوونانەی کە سەرنجی ئەمنی زۆر ڕاکێشا ئەوە بوو کە گوترابوو "... کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی" و لەوەڕا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە "وتوویژ تەسلیمبوونە"!

سەرفینەزەر لەوەی ئەورۆ کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دەیان هەزار ژن و پیاوی لێهاتوو و خوێندەوار و پێگەیشتووی هەیە کە ئەگەر لە حکوومەتێکی ئاساییدا ڕێگای بەشداریی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانیاندا پێبدرێ، سەروەت و سامانێکی گەورەی ئینسانین و دنیایەک یارمەتی بە بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی وڵات دەدەن، ئەو بۆچوونە کە "کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی"، نادروستە.

ڕێژیم هەموو جینایەتێکی دەرحەق بە کورد تاقی کردۆتەوە، بۆیە ڕەنگە بڵێین کورد شتێکی وای بۆ لەدەستدان نییە، بەڵام چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر ئیمتیازی گەورەی بۆ حکوومەتی ناوەندی هەیە و هەر دەوڵەتێک لە تاران دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت و پرسی کورد چارەسەر بکا، زۆر دەسکەوتی گرینگ بۆ ئێران دابین دەکا.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی چل ساڵە بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا کورد سەرکوت بکا و وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و ئیدئولوژیک، تەنیا بیر لە پاراستن و مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەکاتەوە و زەرفییەتی چارەسەرکردنی پرسی کوردی نییە و لەو چل ساڵەدا ڕێژیم پرسی وتوویژی وەک ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی پیلان دژ بە کورد بەکارهێناوە نەک بۆ



سەرچاوە
Serchawe

چارەسەریی پرسی کورد، بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەها، هیچ نیشانەیەکیش بەدی ناکرێ کە کۆماری ئیسلامی لە سیاسەت و کرداری خۆی بەرامبە بە کورددا، ئاڵوگۆڕی پێکهێنابێ.

کەوایە لێرەدا مەبەست کۆماری ئیسلامی نییە، مەبەست دەوڵەتێکی بەرپرسیار و تێبینە کە بەرژەوەندیی ئێرانی بەلاوە گرینگە و فارس گوتەنی: "دغدغە منافع ملی ایران"ی هەیە.

**حکوومەتێکی ئەوتۆ بە چارەسەرکردنی پرسی کورد دەتوانێ زۆر دەسکەوت بۆ ئێران دابین بکا:**

- بە چارەسەرکردنی پرسی کورد یەکێک لە گرینگترین و لەمێژینەترین کێشەکانی ئێران یەکلا دەبێتەوە.
- یارمەتی یەکلاکەرەوە دەکا بە دابینبوونی ئەمنییەت و سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا.
- چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگە خۆش دەکا بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوە بندەستەکانی دیکەش و یارمەتییەکی زۆر دەدا بە دابینبوونی یەکێتیی دڵخوازانە و هاوپێوەندیی قایمی نێوان گەلانی ئێران. ئەو سیاسەتە، بەبێ پەنابردن بۆ شەڕ و سەرکوت و جینایەت، یەکێتیی خاکی وڵاتیش دەستەبەر دەکا.
- کۆمەڵگای ئێران هەنگاوێکی گەورە لە وەدیهاتنی دێموکراسی نزیک دەکاتەوە.
- ڕەوایی سیاسی دەدا بە حکوومەت لە نێوخۆ و بەرامبەر بە دەرەوەدا. ئیعتبار و پرستیژی سیاسیی ئێران لە ناوچە و دەرەوەی ناوچە دەباتە سەرێ.
- لە ململانەی ناوچەیی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێگە و هەڵوێستی ئێران بەهێز و قایم دەکا.
- بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێراندا، حکوومەت قووڵایی ستراتێژیکی بەهێز و پایدار و دڵخوازانە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ خۆی دابین دەکا.

بەپێی هەموو مەنتقێک، مەرج و بنەمای پێوەندیی سالم و متمانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بە یەکێک لە ڕێژیمەکانی چوار وڵاتەکە، سیاسەت و هەڵوێستی ئەو ڕێژیمەیە بەرامبەر بە پرسی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا.

ئێستا هیچ کوردێک لە هیچکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڕوا و متمانەی بە ئێران نییە. کۆمەڵێک فاکتەری دیکە پێوەندیی نێوان ئێران و نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە دیاری دەکەن و ئەو پێوەندییە سەقامگیر و دەوامدار نییە.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

- ڕێژیم ساڵانە پارە و ئیمکاناتی سەرسووڕهێنەر بۆ سەرکوتی کورد و جووڵانەوەکەی تەرخان دەکا. بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسەکە، هەموو ئەو هەزینانە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

- بە لە پەڕاوێزخستن و هەڵاواردنی کوردستان لە بواری ئابووریدا، تەنیا کورد زیان نابینێ بەڵکوو حکوومەت خۆشی لە سەروەت و سامان و بەرهەمەکانی کوردستانی "بالقوە" دەوڵەمەند، بێبەش دەکا.

- لە باری مەزهەبییەوە، بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و گەلانی ستەملێکراوی دیکە لە ئێراندا کە زۆربەیان سوننەمەزهەبن، ئێران ئیعتبار و نفووزێکی یەکجار زۆر لەنێو دنیای ئیسلام و گەلانی سوننەمەزهەب، بۆخۆی دەستەبەر دەکا.

**بۆیە، کاتێک لە مەسەلەکە ورد دەبینەوە، دەردەکەوێ کە حیزبە کوردستانییەکان دەتوانن لە مەوزەعی هێزەوە وتووێژ بکەن و ئەگەر وتووێژێک بێتە گۆڕێ و سەرنەکەوێ، حکوومەت زیاتر زەرەر دەکا هەتا کورد، ڕێژیم دۆڕاوی پرسەکە دەبێ.**

**لە هەمووی گرینگتر: لە خەبات دژی ڕێژیمی حاکم، حیزبە کوردستانییەکان هێزێکی لەشکاننەهاتوو و یەکلاکەرەوەیان لە پشتە، ئەویش پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. کۆماری ئیسلامی زۆر باش ئەوە دەزانێ.**

با خۆمان و جووڵانەوەکەی خۆمان وەک هەیە واقیعبینانە ببینین، لە هەموو لایەنەکانی پرسەکە وردبینەوە و تەنیا لە ڕوانگەی فاکتەری هێزی نیزامییەوە خوێندنەوەی بۆ نەکەین. کورد بە دەستی بەتاڵەوە ناکەوێتە وتووێژەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی.

کورد بڕوای بەخۆی و ئامانج و هێزی خەڵکی خۆی هەیە، حەتمەن دەبێ وشیار بێ بەڵام بە "اعتماد بنفس"ـەوە بەرەنگاری ڕووداو و پرسە سیاسییەکان، یەک لەوان پرسی وتووێژ، بێتەوە.

کۆماری ئیسلامی چل ساڵە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو چەکێکی بەردەستی بۆ بێدەنگ و سەرکوتکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان و ئاسمیلەکردنی کورد هەوڵی داوە و بە هیچکوێ نەگەییوە.

پێوەنان نییە ئەگەر بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەوڕۆ لە هەمووکاتێک بێزراوترە و دوای چل ساڵ نەیتوانیوە

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

لە لایەکی دیکەوە، هەستی نەتەوەیی خەڵک لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە و ئاڵای خەبات هەروا شکاوەیە و پرسی زەرووەرتی یەکگرتن و یەکهەڵویستبوون و هاوکاریی حیزبەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێتە قەناعەت و باوەڕ و زیاتر گرینگیی پێدەدرێ. ئەو ڕەوتە گەڕانەوەی بۆ نییە.

لەوەش بەولاوە، ڕێژیمەکان دەزانن کە پرسی کورد بەگشتی، سنووری چوار وڵاتەکەی بڕیوە و بۆتە پرسێکی گرینگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کەوتۆتە نێو هاوکێشەکانی ناوچەوە کە بە پیلانگێڕیی و بە هێزی نیزامی ڕەنگە بتوانن ڕەوتەکە بۆ ماوەیەک خاوبکەنەوە و لێرەولەوێ کۆسپی بۆ دروست بکەن، بەڵام ناتوانن پێش بە پڕۆسەکە بگرن و بیوەستێنن.

مەبەست ئەوەیە کە هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی هان بدا یان ناچار بکا داوای وتووێژ لەگەڵ کورد بکا.

سەرفینەزەر لەوەی ئامانجی ڕێژیم لە وتووێژ چییە، وتووێژ لە خەباتی ڕزگاریخوازدا بەشێکە لە سیاسەت و ستراتیژیی هەر حیزب و لایەنێک. گرینگ ئەوەیە کەنگێ و چۆنی دەکەی و چەندە لایەنی بەرانبەرت دەناسی؟

**کورد دەبێ وشیار، یەکگرتوو و بە بڕوابەخۆبوونی تەواوەوە خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرچەشنە ڕووداوێک ئامادە بکا.**

جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێوەی "بالقوە" لە هەموو بارێکەوە زۆر بەهێزە. ئێمە بە هەموو لایەکمانەوە دەبێ تێبکۆشین بە یەکگرتوویی و پلان و ستراتیژیی هاوبەشی واقیعبینانەوە ئەو هیزە "بالقوە"یە بکەین بە هێزی "بالفعل". گومانی تێدا نییە سەرکەوتوو دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧١٩

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## ڕێککەوتنی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، پرسی فەلەستین و دەرسێک بۆ کورد

ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٥ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی لە واشنگتۆن و بە حزووری دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین، ڕێککەوتننامەی ئاساییکردن و بەفەرمیکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد.

دیارە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەمێژساڵە بەکردەوە واقعییەتی بوونی وڵاتی ئیسرائیلیان سەلماندووە و بە ئاشکرا و بە نهێنی لە بوارەکانی ئابووری و ئەمنییەتی پەیوەندیی غەیرەڕەسمییان لەگەڵی بەرقەرار کردووە.

میسر و ئیسرائیل لە ٢٦ی مارسی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی و ئۆردۆن و ئیسرائیل لە ٢٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٤ی زایینی ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە و یەکتریان بە ڕەسمی ناسیوە.

کاتی خۆی میسر بەهۆی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل تەنانەت لە یەکیەتیی عەرەب دەرهاوێژرا.

گرنگیی ڕێککەوتننامەی ئیمارات و بەحرەین لەگەڵ ئیسرائیل، بەتایبەتی کاتەکەیەتی کە نەک هەر پەیوەندییەکانی دنیای عەرەب و ئیسرائیل، بەڵکوو دەکرێ بوترێ دۆخی ناوچەکەی، خستووەتە قۆناغێکی نوێوە.
کەشوهەوای سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕاوە و ڕەوتەکە بەرەوپێش دەچێ و دۆخەکە بە زەحمەت بۆ پێش ١٥ی سپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی بگەڕێتەوە.

### تایبەتمەندی یان "موئەلفە"کانی ئەو قۆناغە نوێیەی ناوچە بە کورتی بریتین لە:

١- ئیسلامی سیاسی، "جهادی گری" و ڕادیکالیزم لە پاشەکشە دان و ڕەوتەکە سەرەتای لاوازبوون و بێ کاریگەربوونیان پیشان دەدات.

٢- تێگەیشتن و عەقڵییەتێکی نوێ لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی سەری هەڵداوە. وڵاتانی عەرەبی ماڵاواییان کردووە لەو ئیدە و بیروبۆچوونە کە ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلی گرێ دەدا بە کشانەوەی ئیسرائیل بۆ پشت



سەرچاوە Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**سنوورەکانی پێش شەڕی ٦ ڕۆژەی ١٩٦٧ و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی فەلەستینی.**

**٣- پرسی فەلەستین، بە ئاشکرا، لە ئەولەوییەتی یەکەمی وڵاتانی عەرەبی کەوتووە و جێگەی خۆی داوە بە بەرژەوەندیی یەک بە یەکی وڵاتەکان (سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی و نیزامی).**

**٤- ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی شکستی گەورە هاتووە. سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دواهەناسەکانی خۆی دەکێشێ.**

**٥- سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا: دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان بەمەبەستی ناسەقامگیرکردنیان، هەڵایساندن و درێژەپێدان بە شەڕی مەزهەبی لەنێوان شیعە و سوننەدا، پشتیوانی لە تێرۆریزم، ڕێکخستنی گرووپگەلی چەکدار لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری شەڕە نیابەتییەکان و...، بەهۆکاری سەرەکیی نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی یەک لە دوای یەکی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل و لە پەراوێزکەوتنی پرسی فەلەستین ئەژمار دەکرێ.**

**کۆماری ئیسلامی بەکردەوە بووەتە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی وڵاتانی ناوچە، بە عەرەب و ئیسرائیلەوە.**

**٦- لە پەنا کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دۆڕاوی سەرەکیی ئەو قۆناغە، لانیکەم هەتا ئێستا، فەلەستینییەکانن. پرسی فەلەستین لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەدا ئەوپەڕی لە پەراوێزدا و بە تەعاروفات، دەور دەگێڕێ.**

**لە پەیوەندی لەگەڵ فەلەستیندا، کۆمەڵێک هۆکار پرسی فەلەستینیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا خستە پەراوێزەوە. بەڵام، لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاواییدا بە دەگمەن چاوت بە وتار، لێکدانەوە یان ڕاپۆرتێک دەکەوێ کە ئاماژە بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی خودی فەلەستینییەکان وەک هۆکارێکی سەرەکیی تەریککەوتنەوە و دابەزینی پرسی فەلەستین لە ئەجندای نێودەوڵەتیدا نەکات و ڕێکخراوەکانی فەلەستینی بە بەرپرسیارێکی سەرەکیی دۆخی تراژیکیی گەلی لێقەوماوی فەلەستین دانەنرێن.**

**ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەهۆی دووبەرەکی، شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندیی گرووپی و ململانەی نەبڕاوەی بێ ئاکام و پڕکارەسات بۆ گەلی بێبەشی فەلەستین، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی لە ئاستی ناوچە و لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا لە ئێعتبار و ڕەوایی و ئەولەوییەت خست.**

سەرەڕای یارمەتیی ماڵیی بەرچاو و بەربەرینی وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی و یەکیەتیی ئۆرووپا و ئەمریکا، خەڵکی فەلەستین لە غەزە و ڕامەڵڵا و ... لەوپەڕی هەژاری و بێبەشیدا دەژین.

سیاسەتی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان خاک و کۆمەڵگای فەلەستینی دابەش کرد و خەڵکەکەی تووشی شەڕ و دووبەرەکی کردن کە پەیوەندیی بە ماف و بەرژەوەندیی ئەوانەوە نییە و خەڵکی فەلەستین بووەتە قوربانیی سەرەکیی وەزعەکە.

کێشە و پڕشوبڵاوی، یەکگرتوویی و ئاشتیی کۆمەڵگای فەلەستینی شێواند و ئاکامەکانی وەزعەکە نەک هەر وڵاتانی عەرەبی و ئۆرووپایی، بەڵکوو خەڵکی فەلەستینیشی بێزار و ماندوو کرد.

ئاخر کام مەنتق ئەوەی دەسەلمێنێ کە لەلایەکەوە خەبات بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ بکەی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوەی هەشتە بەدەستی خۆت دابەشی بکەی و هێز و وزەی نەتەوەکەی خۆت لەپێناو دەسەڵاتخوازیی ئەم و ئەو ڕێکخراوەدا، بەفیڕۆ بدەی؟! لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی و دوای شەڕێکی خوێناویی نێوخۆیی، ناوچەی ئوتونومی فەلەستینی بە سەر دوو حکوومەتدا دابەش کراوە: حکوومەتی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین - فەتح لە ڕۆژئاوای چۆمی ئوردۆن و حکوومەتی "حماس" لە لێوارەی غەزە!

هەروەها، دووبەرەکی و بەرژەوەندییخوازیی ڕێکخراوەیی، پێی کۆماری ئیسلامیی بۆ نێو جووڵانەوەی فەلەستینییەکان کردەوە: کۆماری ئیسلامی بەشێوەی سیستماتیک درز و دووبەرەکییەکانی نێوان "فەتح و حەماس"ی قووڵتر کردەوە، شەڕی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلی کرد بە شەڕی فەلەستینییەکان و هەتا پێیکرا بۆ شێواندن و بێئێعتبارکردنی پرسی فەلەستین هەوڵی دا و ئاژاوەی ناوە.

دەخالەتەکانی کۆماری ئیسلامی بیانووی دا بە دەست دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئاسانی هێرش بکاتە سەر فەلەستینییەکان، بەشێک لە خاکەکەیان بە ئیسرائیلەوە بلکێنێ و پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لەبیر بەرێتەوە.

حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانی بندەست دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنن کە ڕەوایی و بەرحەقبوونی پرسی سیاسیی نەتەوەیەکی ژێرستەم و خەباتە ڕزگاریخوازانەکەی، بەهیچ جۆر سیاسەت و هەڵسوکەوتی ناشیاو و نابەرپرسانەی هێزەکانی نێو جووڵانەوەکە پاساو ناکا و ڕەوایی بە دووبەرەکی و کێشەی دەسەڵات و بەرژەوەندیی گرووپەکان لەسەر حیسابی گەلە چەوساوەکە نادات.



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

گەلێک، هەرچەندی چەوساو و بێبەش و قوربانیی سەرکوت و تیرۆر و هەلاواردنیش بێ، ئەگەر بۆخۆی، بەتایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی، خەمی خۆی نەخوا و بەزەیی بەخۆیدا نەیە، نابێ چاوەڕوان بێ کە خەڵکی دیکە خەمی بخۆن و داکۆکی لێ بکەن و بەرژەوەندیی خۆیانی بۆ بخەنە مەترسییەوە.

یەکیەتی و یەکگرتن و یەکگوتاری موعجیزە ناکا و وەک دەڵێن "ڕێژیمیشی پێناڕووخێ". بەڵام دووبەرەکیی نەبڕاوە لەسەر پرسگەلی لاوەکی و وردەبەرژەوەندیی کاتی و پڕشوبڵاویی یەکنەگرتوویی، هێز و وزەی جووڵانەوە دابەش دەکا و بەفیڕۆی دەبا، یارمەتی بە پلان و پیلانی دوژمن دەدات، لە ئاستی نێوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیدا زیانی قەرەبوونەکراو بە خەباتی ڕەوای گەلی ژێرستەم دەگەیەنێ و ئێعتبار و پرستیژ و مەشروعییەتی دەخاتە ژێر پرسیار.

بێجگە لەوانە، یەکیەتی و تەبایی و هاوخەباتی، گەورەترین و کاریگەرترین چەکی گەلی بندەستە لە خەبات دژی دیکتاتۆریدا. یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەی چەوساوە "کابوس"ی ڕێژیمی چەوسێنەرە. لەبەرئەوەی دیکتاتۆر هیچ چەکێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکی یەکیەتی و یەکگرتوویی نییە. بۆیە دەسەڵاتی حاکم بۆ دووبەرەکینانەوە و شێواندنی ڕیزەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز هیچ هەوڵ و هەزینەیەکی بەلاوە زۆر نییە!

چارەنووسی فەلەستینییەکان دەرسێکی گرنگ و بەنرخە، حەقە کورد لێی فێر بێ. بەتایبەتی جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا و دوای دابەزینی گرنگیی فەلەستین لە ئاستی ناوچە و جهانیشدا، بەو حاڵەش دۆخی سیاسیی فەلەستینییەکان لە دۆخی کورد باشترە: فەلەستینییەکان لەسەر خاکی خۆیانن، لەئاستی نێودەوڵەتیدا مافی دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆیان بۆ سەلمێندراوە، ئەندامی چاوەدێرن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و وڵاتانی عەرەبی یارمەتییان دەدەن و بەقسەش بێ، پشتیوانیی سیاسی لە دۆزەکەیان دەکەن.

پەیامەکە ڕوونە: هێزە سیاسییەکانی کورد، بۆ ئەوەی گەلەکەیان تووشی چارەنووسێکی دڵتەزێن تر لە چارەنووسی فەلەستینییەکان نەیەت دەبێ وەخۆ کەون، بە سیاسەتەکانی ڕابردوویاندا بچنەوە، بەرپرسایەتیی دۆخەکەی خۆیان بە ئەستۆوە بگرن، لە جیاتی ئەم و ئەو تاوانبارکردن، نێو ماڵی خۆیان ڕێک بخەن، ستراتیژییەکی نوێی واقعبینانە بۆ جووڵانەوەکەیان دابڕێژن و بە خەباتی هاوبەش و هێزی یەکگرتوویان بۆ ماف و ئازادیی گەلەکەمان تێبکۆشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٠



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## شەڕی نێوان کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دەوری کۆماری ئیسلامیی ئێران

تێکهەڵچوونی خوێناویی ئەو دواییانەی کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە ٦ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی = ٢٧ی سپتامبری٢٠٢٠ی زایینییەوە دەستی پێکرد و ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لەو ماوەیەدا لەلایەن ڕاگەیەنەرە گشتییەکانەوە هەواڵێکی زۆر لەسەر شەڕی ئەو دوو وڵاتە و دەستێوەردانی هێندێک لایەنی دەرەکی بڵاو بوونەتەوە. تورکیە ڕایگەیاندووە کە بەتەواوی پشتگیری لە کۆماری ئازەربایجان دەکات.

هەواڵێک باس لە گوازرانەوەی چەکوچۆڵی شەڕ لە خاکی ئێرانەوە بەرەو ئەرمەنستان دەکات. ئێران ئەو هەواڵەی وەدرۆ خستۆتەوە، کۆماری ئازەربایجان بەڵام ئێرانی بە لایەنگری لە ئەرمەنستان تۆمەتبار کردووە. وێناچێ ئەو هەواڵە دروست کرابێ یان لە ئاسمان ڕا هاتبێ!

چەند ڕۆژێکە نوێنەران و نزیکانی "آیت الله علی خامنەای" و دەوڵەت دەستیان کردووە بە تەبلیغات و لایەنگری و حەقپێدان بە کۆماری ئازەربایجان. هەموویان داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی کۆماری ئازەربایجان دەکەن، قەرەباغیان بە خاکی جیانەکراوەی "کشور اهل بیت" و "پارە تن اسلام" داناوە، فرمێسک بۆ گەلی موسوڵمانی ئازەربایجان هەڵدەوەرێنن و داوای "چۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی کۆماری ئازەربایجان" لەلایەن ئەرمەنستانەوە دەکەن.

بەڵام سیاسەت و ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٢ ساڵی ڕابردوو لە ناوچەدا پێمان دەڵێ کە ئەو قسە و دروشم و فرمێسکانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆماری ئازەربایجان دووڕووانە و ناسادقانەیە و لەگەڵ سروشتی ئەو ڕێژیمە ناگونجێن!

**وردبوونەوە لە بارودۆخەکە ڕاستبوونی ئەو بۆچوونە دەردەخا و دەیسەلمێنێ کە ئێران خێری لەو شەڕەدایە و بەتایبەتی بەرژەوەندیی خۆی لە لاوازبوون و تێکشکانی کۆماری ئازەربایجاندا بەدی دەکات:**

**یەک:** لە مارسی ١٩٩٢ی زایینییەوە کۆماری ئازەربایجان پەیوەست بووە بە "شووڕای هاوکاریی ئاتلانتیکی باکوور- ناتۆ" و

لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئەندامە لە "بەرنامەی هاوکاری بۆ ئاشتی" کە ئەویش هەر سەر بە ناتۆیە. ئێران زۆر لەو مەسەلەیەوە بەرتەنگە.

**دوو**: لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینییەوە هاوکاری و پێوەندییەکانی کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی و نیزامیدا لە گەشەی بەردەوامدایە.

ئێران لەو ڕەوتە تۆقیوە کە نەکا کۆماری ئازەربایجان پایگا بدات بە ئیسرائیل و ئیسرائیل ببێت بە جیران و هاوسنووری ئێران! ئەو دڵەڕاوکەی ڕێژیم لە وتووێژی "علی اکبر ولایتی" لەگەڵ "کیهان" لە ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٩ زۆر بەجوانی دەردەکەوێ.

**سێ**: ئەگەر کۆماری ئازەربایجان براوەی شەڕ لەگەڵ ئەرمەنستان بێ، بەهێزتر دەبێ و بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە دەتوانێ پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ڕێک بخاتەوە!

دۆخەکە ڕەنگە ببێت بە هاندەرێک بۆ کۆماری ئازەربایجان کە لە مەوزەعی قودرەتەوە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە و ڕاشکاوانەتر پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران بێنێتەوە گۆڕێ.

پرسەکە ئەگەر بە جیدیش نەبێ، باکوو دەتوانێ وەک کارتێکی کاریگەری فشار دژ بە ئێران بە کاری بێنێ و بەتایبەتی لە دەریای خەزەردا ئیمتیازی زیاتر لە کۆماری ئیسلامی بستێنێ. لە ململانەیەکی ئەوتۆدا، ئەمریکا و ئیسرائیل پشتی کۆماری ئازەربایجان دەگرن.

لە ڕابردوودا دیتراوە کە ئێران کۆماری ئازەربایجانی بە هاندان و پشتیوانی لە "جیاوازیخوازن" تاوانبار کردووە.

**چوار**: لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجان لەو شەڕەدا، سنووری هاوبەشی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران دەگاتە ١٣٠ کیلۆمیتر.

**پێنج**: سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجان بەمانای پەرەسەندنی نفووزی تورکیە وەک خەنیمێکی گرنگی ناوچەیی ئێرانە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەش: کایەکردنی کۆماری ئیسلامی بە کارتی مەزهەب، کاریگەریی نەماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر دەبێتەوە.**

ئێستا ئەگەر هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە لەگەڵ سیاسەت و ئیدئولوژی و کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە پەنای یەک دابنێین، بەو ئاکامە دەگەین کە کۆماری ئیسلامی ئەوجارەش فرمێسکی درۆ و دووڕوویی بۆ دوو گەلی ئەرمەنی و ئازەری هەڵدەوەرێنێ و بەتەمای پەلهاویشتن و دەخاڵەتکردنە لە کۆماری ئازەربایجان بەو مەبەستە لە نێوەوەی وڵاتەکە ئاژاوە بنێتەوە و دۆخی کۆماری ئازەربایجان بشێوێنێ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە بە ڕاست دەرچێ، دەبێ چاوەڕوانی هەواڵی دروستکردنی تاقم و گرووپگەلی چەکداری بەکرێگیراو لە نێوخۆی ئازەربایجان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بین، بۆ ئەوەی شەڕەکە درێژە بکێشێ و هەر دوو وڵات، بەتایبەتی کۆماری ئازەربایجان، ئەوەندە لاواز و ناسەقامگیر و بێهێز و بێ توانا بێت کە نەپەرژێتە سەر ئێران و نەبێتە کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی و تاران بەو شێوەیە بەرەنگاری نفووزی زیاتری ئیسرائیل لەو وڵاتە بێتەوە.

وەبیر خۆمانی بێنینەوە. کۆماری ئیسلامی هەر بە نسوی دیفاع لە مافی گەلی موسوڵمانی فەلەستین پەلی هاویشتە نێو پرسی فەلەستینەوە، جووڵانەوەکەی لەنێوەوە دابەش و لاواز کرد، شەڕی نێوخۆی هەڵایساند و پرسی فەلەستینی لە ئەولەوییەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی خست.

کۆماری ئیسلامی هەر بە نسوی دیفاع لە گەلانی موسوڵمانی عێراق و لوبنان و سووریە و پاراستنی "تمامیت ارضی"یان خۆی گەیاندە ئەو وڵاتانە، تاقمگەلی چەکداری بۆ دروست کردن، چەک و پارەی لە ئیختیار دانان، ئاوری شەڕی نێوخۆی خۆش کرد و تووشی ناسەقامگیری و قەیرانگەلی هەمەلایەنەی کردن.

ئێستا نۆرەی کۆماری ئازەربایجان، ئەرمەنستان و ناوچەی قەفقازە!

تەنیا دڵخۆشیی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە ڕەنگە ڕووسیەش خوازیاری بەهێزتربوونی کۆماری ئازەربایجانی نزیک لە ناتۆ و ئەمریکا نەبێ.

ئەگەر ئەو شەڕە بخایەنێ، لەوانەیە ناوچەکە بەرەو ئاژاوە و تیرۆر و ناسەقامگیری بەرێ و دەرفەت بۆ وڵاتانی دەرەکی، بەتایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بخوڵقێنێ دەستی تێوەر بدا و ئەرمەنستان و ئازەربایجانیش تووشی چارەنووسی لوبنان و

سووریە و یەمەن و... بکات.

بەو هیوایە کە کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ چارەسەریی کێشەکانیان بکەونە دیالۆگ و وتوویژەوە و لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێگاچارەی هاوبەش بۆ کێشەکەیان بدۆزنەوە و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن وڵاتەکانیان لێ کاول بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٠

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## ڕووداوێکی دیکە، دەرسێکی دیکە!

**ڕووداوەکانی ناوچە لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەڵگری زۆر دەرسی پڕ بایەخن کە کورد دەتوانێ و پێویستە بە قازانجی خۆی لێیان فێر بێ.**

دواڕووداوی گرنگ، کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی شوڕای هاوکاریی کەنداوی فارس بوو کە لە ڕۆژی ١٦ی بەفرانباری ١٣٩٩ (٥ی ژانوییەی ٢٠٢١) لە شاری "العلا"ی عەرەبستانی سعوودی پێک هات.

ئامانجی ئەو کۆبوونەوە بەکورتی: دەستنیشانکردنی کێشەکانی نێوانیان و بەخۆداچوونەوە لە پێناو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، مودیرییەتکردنی جیاوازییەکان، دیاریکردنی خاڵەهاوبەشەکانیان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هاوبەش بەمەبەستی بەگژداچوونەوەی هەڕەشە و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بە هێزی یەکگرتوو، دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچە و پیشاندانی یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستی بەرامبەر بە دەوڵەتی نوێی ئامریکا کە نەتوانێ لە بەرچاویان نەگرێ و لە سەر حیسابی ئەوان لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێ.

جێگای سەرنجە، وڵاتانی لێوارەی کەنداو لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانن و خاوەنی دنیایەک چەکوچۆڵی مودێرنن، بەڵام تێگەیشتون کە بە تەنیا بە چەک و پارە ناتوانن بەرەنگاری هەڕەشەکان ببنەوە و سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکییەکانیان، تەنیا بەیەکەوە دەتوانن مەوقعییەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

لە دنیای سیاسەتدا لەمێژە ئەو ئەسڵە سەلماوە کە هەر حیزب و لایەن و دەوڵەتێک، بەتایبەتی جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخواز، بیهەوێ دەورێکی چالاک و کاریگەر بگێڕێ و ببیسترێ و بەجیددی بگیرێ و کاریگەریی بخاتە سەر بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەری و بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکات، دەبێ بزانێ کە تەنیا بە سەروەت و سامان و هێزی نیزامی، هەرچەندی زۆریش بێ، سەرکەوتن دەستەبەر نابێ.

وادیارە وڵاتانی عەرەبی وەخۆ هاتوونەوە و ئەو ئەسڵەیان سەلماندووە و هەستیان بەوە کردووە کە کێشە و ناتەباییەکانی نێوانیان چەندی خەسار پێگەیاندوون و ناکۆکیی ئەوان بەستێن و مەیدانی بۆ پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا

ئامادە کردووە. وڵاتانی دەستڕۆیشتووی شورای هاوکاری بۆیان دەرکەوتووە کە پارە و چەک بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان مەرجی پێویستە، بەڵام مەرجی کافی نییە و بێجگە لە پارە و چەک، پێویستییان بە یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی سیاسی هەیە.

وڵاتانی لێوارەی کەنداو، لەسەر بنەمای لێکدانەوەی بارودۆخی ناوچە و جیهانی و هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی هێزی ئەکتەرەکانی ناوچەیی، هەستیان بە زەرورەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و یەکگرتن و هاوکاری کردووە.

مێژووی وڵاتان و خەباتی میللەتان لەمێژە دەریخستووە کە هێزی نیزامی و سەروەت و سامان ئەوکاتە ماف و دەسکەوتی پێ دابین دەکرێ کە هێزی سیاسیی یەکگرتووی لەپشت بێ.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووی باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان ڕاستبوون و حاشاهەڵنەگربوونی ئەو ڕاستییەیان بە سەپاندنی تێچوویەکی قورسی سیاسی و ئینسانی وەبیر کورد هێناوەتەوە!

لەوەش کارەساتبارتر، هێزی نیزامی و سەروەت و سامانی زۆر بەبێ یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستیی سیاسیی لایەنەکانی نێو بزووتنەوە، دەتوانێ کەش و هەوایەکی نەخوازراو بە سەر جووڵانەوەدا زاڵ بکات و بزووتنەوە لە ئامانج دوور بخاتەوە!

بە هەڵکەوت نییە کە ڕێژیمەکانی دابەشکەری کوردستان هەمیشە هەزینەی سەرسووڕهێنەریان بۆ دووبەرەکینانەوە و تێکدانی ڕیزەکانی جووڵانەوەی کورد تەرخان کردووە و دەیکەن.

بەو کارە، دوژمن کاریگەرترین هێز و چەکی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز واتە یەکیەتی و هاوپێوەندیی و یەکگرتوویی سیاسی، لەکار دەخا. دوژمن هەتا ئێستا ئەو سیاسەتەی زۆر سەرکەوتووانە بە دژی کورد و پرسی کورد بەڕێوە بردووە.

**ئێمەی کوردیش بۆ ئەوە هەست بە پێداویستیی یەکگرتن و خەباتی هاوبەش بکەین، دەبێ سەرەتا بزانین کە یەکنەگرتوویی و نەبوونی یەکگوتاری و هاوهەڵوێستیی چەندە و چۆنی زیان بە جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات گەیاندووە:**

دەستی ڕێژیمی ئاوەڵا کردووە کە بە دوور لە چاوی بیروڕای گشتیی جیهانی، کورد سەرکوت بکات.

بەستێنی بۆ ڕێژیم و نەیارانی دیکەی گەلەکەمان خۆش کردووە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەدژی ڕەوایی جووڵانەوەی کورد پڕوپاگەندە بکەن و هەوڵ بۆ بێ ئیعتبارکردنی بدەن.

بەستێن و دەرفەتی بۆ ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا ڕەخساندووە کە بە ئاسانی و بەبێ دڵەڕاوکە و نیگەرانی لە تێچووی سیاسی، گرنگیی نەدا بە پرسی کورد و هیچ مافێک بۆ کورد نەسەلمێنێ و هیچ بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبێت.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، کەس نازانێ کێ زمانحاڵ و نوێنەری کوردە و پشتیوانیی سیاسی لە کێ بکرێ؟!

کورد، سەرەڕای ڕەوابوونی پرسەکەی، نەیتوانیوە ببێت بە هێزێک کە لە ئاڵووگۆڕە سیاسییەکاندا حیسابی بۆ بکرێ و لە بەرچاوی بگیرێ.

لە هەمووی ئەوانە گرینگ تر، بۆتە هۆی دڕدۆنگی و داکشانی متمانەی خەڵکی کوردستان بە حیزبە سیاسییەکان و ئەوە کە هێزە سیاسییەکان نەتوانن لە پوتانسییەلەکانی جووڵانەوە کەڵکی لێ وەربگرن.

دەبینین کە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش ئەسڵی ئاماژەپێکراو بسەلمێنین و لە پێناو بەهێزکردنی جووڵانەوەکەمان و گەیشتن بە ئازادی، بۆ یەکریزی و خەبات بە یەکگرتوویی، تێبکۆشین.

**کاتەکە ئاستەم و هەستیارە. ئێمەی کورد چی دیکە بەرگەی پرشووبڵاوی و درێژەدان بە دووبەرەکی و یەکنەگرتوویی لەسەر وردە شت ناگرین. وریا بین کە بەرژەوەندیی ستراتێژیکیی گەلەکەمان لە پێناو کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تاکتیکیدا نەبن بە قوربانی.**

**یەکگرتن و هاوپەیمانی و کاری هاوبەش ئاسان نییە، بەڵام لە پێناو دابینکردنی ماف و ئازادیدا ئەرکی نەتەوەیی خەباتگێڕی کوردە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی بەفرانباری ٢٧٢٠**

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاڵووگۆڕی گرنگ دەڕوا

**تەنیا لە یەک مانگی ڕابردوو دا، لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو ڕووداو ڕاگەیەنەرە گشتییە جیهانیەکانی بە خۆیە خەریک کردوە. دوو ڕووداو کە مرۆڤ بەزەحمەت دەیتوانی پێشبینییان بکات.**

ئێمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرانسە، ڕۆژی پێنجشەمە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٩(٥ی فێورییەی ٢٠٢١) پێشنیاری کرد کە عەرەبستانی سعوودی و ئیسرایل لە وتووێژەکانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران سەبارەت بە "برجام"ی نوێ بەشدار بن.

ماکرۆن گوتی "دەبێ ڕێگایەک بدۆزینەوە هەتا عەرەبستانی سعوودی و ئیسرایل لەو وتووێژانە دا بەشدار بن، لەبەرئەوەی ئەوان شەریکانی کلیدیی ناوچەیین کە ڕاستەوخۆ لە بەرهەمی ئەو دەسکەوتانەی کە لەگەڵ دۆستەکانی دیکەمان لە ناوچە دا وەدەستیان دێنین، خاوەنبەشن ".

حەوتووتەک پێشتر لە ١٠ی ڕێبەندان، سەرۆکۆماری فەرانسە باسی بەشداریی عەرەبستانی سعوودی کرد کە لەگەڵ دژایەتیی ئێران بەرەوڕوو بوو. "سعید خطیب زادە" قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆژێک دواتر ڕایگەیاند کە "بەرجام ڕێککەوتنێکی چەند لایەنەی نێونەتەوەییە کە شووڕای ئەمنییەت بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ پەسندی کردوە و بە هیچ شێوەیەک وتووێژی سەرلەنوێ لەسەر ناکرێ و لایەنەکانی ئاشکرا و نەگۆڕن".

ئیسرایل و عەرەبستانی سعوودی گرنگترین هاوپەیمانانی ئەمریکا و ئورووپا لە ناوچە دان و هەموو ڕووداوەکانی ناوچە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەوان دەگرێتەوە و پێوەندیی بەوانەوە هەیە.

**ئەو دەستپێشخەرییەی "ماکرۆن" ئەگەر وەڕاست گەڕێ، دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی و گۆڕانێکی قووڵ بەسەر باروودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دێنێ، هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە دەگۆڕێ و نەزمێکی نوێ لە هەرێمەکە دا دادەمەزرێنێ:**

١- ئێران کە سەلماندنی بوونی ئیسرایل بە هێڵی سوور بۆخۆی دەزانێ و بەردەوام مەوجوودییەت و مەشرووعییەتی ئەو وڵاتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ناڕاستەوخۆ دان بە بوونی ئیسرایل دادەنێ و دەبنە "هاوبەش"!

**بەڵام کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی دا تووشی قەیرانێکی قووڵی ئیدئولوژیکی و ڕەوایی دەبێ:**

دوژمنایەتی و نکۆڵیکردن لە بوونی وڵاتی ئیسرایل ٤٢ ساڵە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە.

٢- دەتوانێ پرسی فەلەستین لە چنگی ئێران دەربێنێ و ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەموار بکات. بەوە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانییەوە خۆی کردوە و بە خاوەنی پرسی فەلەستین، کۆسپێکی گەورەی لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین دروست کردوە.

٣- ڕاستە کە ئیسرایل چوار دەیەیە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی دەستتێوەردان و تیرۆری کۆماری ئیسلامی دابووە و ناچار بووە دیفاع لە خۆی بکات، بەڵام حاشای لێناکرێ کە دەوڵەتی "نیتانیاهوو"ش سیاسەتی خۆبواردن لە چارەسەرکردنی پرسی فەلەستینی بە هەڕەشە و دەخالەتی کۆماری ئیسلامی پاساو کردوە.

ئەگەر مەترسیی تیرۆر و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بڕەونەوە، ئیسرایلیش چی دیکە ناتوانێ وا بەهاسانی خۆی لە بەرپرسایەتی و لە وەدیهاتنی "ڕێگاچارەی دوو دەوڵەتی" کە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە پشتیوانیی لێدەکرێ، بدزێتەوە.

لە ڕابردوو دا، پیلان و دروشم و هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی ئیسرایل لەلایەک و گرژی و ئاڵۆزیی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لە لایەکەی دیکەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ ئیسرایل ڕەخساندبوو کە لە بەرگی قوربانی دا خۆی حاشار بدا و نەهێڵێ وەک بەشێک لە کێشەکانی ناوچە سەیر بکرێ.

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە تاوانی چارەسەرنەبوونی پرسی فەلەستین هەمووی بخرێتە ئەستۆی ئیسرایل!

بەڵام ئێستا کە پێوەندیی ئیسرایل لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتە عەرەبی ئاسایی بۆتەوە و تەنانەت هاوپەیمانیی نیزامی لەگەڵ چەند وڵاتی عەرەبی بەدژی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکە شکڵ دەگرێ، ئیسرایل بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی فەلەستین دەکەوێتە ژێر فشارەوە.



سەرچاوە
Serchawe

٤- ئەو پرسە کە بۆچی ئیسرایل وەک تەنیا وڵاتی ناوچە مافی هەیە خاوەنی چەکی ناوکی بێ (دیارە ئیسرایل قەت ئەوەی نەسەلماندوە)، گەرمتر دەکەوێتە ڕۆژەوەوە.

زۆر لایەن، بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی، ئەوە بە ناتەبا دەزانن لەگەڵ پرۆپاگەبدا و بانگەشەی ئەمریکا و ئورووپا و تەنانەت چین و ڕووسییەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بێ چەکی ناوکی و ئەوە کە وڵاتانی ناوچە نابێ بکەونە کێبەرکێوە بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی.

ئەوانەی بوونی چەکی ناوکی بۆ ئیسرایل بە ڕەوا دەزانن، هەمیشە ئاماژەیان بە باروودۆخی ئاستەمی ژێئۆپولیتیکی و ئەمنییەتی وڵاتی ئیسرایل لە هەرێمەکە دا کردوە کە دەوری بە وڵاتانی نەیار تەنراوە، و پێیانوابووە باڵادەستی نیزامی ئیسرایل پارسەنگی هێز لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەپارێزێ.

بۆیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیسرایل، بە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی، نەخوازێ وەک لایەنێک و ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+ ١ دا بەشدار بێ و بەشداریی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژیکییەکانی ئەو وڵاتە بە ناتەبا بزانێ.

"نائێف فەلاح مەبارەک" سکرتێری گشتیی شووڕای هاوکاریی کەنداو لە سەردانی ئەو دواییانەی دا بۆ پێتەختی عەرەبستانی سعوودی ڕایگەیاند کە "لە هەرچەشنە وتووێژێک دا کە پێوەندیی بە ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەوە هەبێ، دەبێ وڵاتانی شووڕای هاوکاریی کەنداو بەشدارییان هەبێ. ئێران دەبێ دوایی بە ناسەقامگیرکردنی ئەمنیەت و شێواندنی ئاشتیی ئاشتی ناوچە بهێنێ".

٥- هاوپەیمانیی نیزامی ئەو وڵاتانە دەتوانێ زەبرێکی قورس لە تێرۆریزم و فەلسەفەی وجوودیی تاقمە تێرۆریستییەکانی ناوچە بدات.

ڕووداوی دووەم هەواڵێک بوو کە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩(٢٥ی فێورییەی ٢٠٢١) لە کانالی تلویزیونی i 24 ئیسرایلییەوە بڵاو بۆوە کە ئیسرایل، عەرەبستانی سعوودی، بەحرەین و ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە وتووێژ دان بە مەبەستی پێکهێنانی کۆبەندێکی (ائتلاف) نیزامی چوار لایەنە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە هەڕەشەکانی ئێران لەو وڵاتانە و نفووزی ڕێژیمی ئێران لە عێراق و سووریە و لوبنان.

دەوڵەتانی ئەو چوار وڵاتە هەواڵەکەیان پشتڕاست نەکردۆتەوە، بەڵام بەرپەرچیشیان نەداوەتەوە.

دیار پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرایل لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، تووریستی و کولتوری و نیزامی و ئەمنییەتی - ئیتلاعاتیی دا بە ئاشکرا و بەنهێنی لە پەرەسەندنی بەردەوام دایە.

**پێکهێنانی یەکێتیی نیزامی لە لایەن ئەو چوار وڵاتەوە، ئەگەر بەفەرمی ڕابگەیەندرێ، بە ڕووداوێکی مێژوویی دەژمێردرێ و دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێ:**

**یەکەم:** بەهەندگرتنی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوای پێشێلکارییەکانی ڕێککەوتنی "برجام". دوور نیە ئەو وڵاتانە زانیاریی جێی متمانەیان هەبێ کە ئێران لە دروستکردنی بۆمبی ناوکی نزیک بۆتەوە و ئەوان، بەر لەوەی درەنگ بێ، هەنگاوی بەرگریکەر هەڵبگرن.

"بێنیامین نەتانیاهوو" ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩(٢٥ی فێوریەی ٢٠٢١) لە وتووێژێک دا لەگەڵ کاناڵی ١٣ی تلویزیونی وڵاتەکەی، لە وڵامی پرسیارێک دا کە "ئیسرایل سەبارەت بە پێشگرتن بە دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوک، دەتوانێ پشت بە دەوڵەتی جو بایدن ببەستێ، گوتی کە "بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرنامەی ناوکی ئێران تەنیا متمانە بە خۆی دەکا"!

**دووەم:** پێوەندییەکانی نێوان و ئیسرایل و وڵاتانی عەرەبی پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە و دوژمنایەتی و کێشە جێگەی خۆی داوە بە پێداویستیی هاوپەیمانی و هاوکاریی ستراتێژیک بە مەبەستی بەرنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەش، کۆماری ئیسلامی، بە هێزی یەکگرتوویان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

**سێیەم:** ئاشکرایە کە سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی "جو بایدن" بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتانەی نیگەرانی کردوە و لە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا دڵنیا نەبن. دەزانن کە بەیەکگرتوویی، دەوڵەتی "بایدن" ناتوانێ بەهاسانی بەسەریان دا باز بدا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئەوان، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ساتوسەوداوە.

**چوارەم:** ئەو وڵاتانە بەو ئاکامە گەیشتبن کە بۆ مەهاری ئێران پێویست بێ ئیسرایل وەک وڵاتێکی مودێرن و بەهێزی نیزامی، لە باری جوغرافیاییەوە لە ئێران نزیک بێتەوە و ببێت بە "جیرانی" کۆماری ئیسلامی.

**پێنجەم:** ئیسرایل بەڵێنیی دابێ بە وڵاتانی عەرەبی کە لە بەرامبەر ئاساییبکردنەوەی پێوەندییەکانیان، بۆ چارەسەرکردنی

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**پرسی فەلەستین هەنگاوی لێبڕاوانە هەڵبگرێ. ئێستا دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین زۆر لەبارترە لە چەند مانگ لەوەپێش.**

**ئیسرایل و وڵاتانی عەرەبی بەو ئاکامە گەیشتوون کە پرسی فەلەستین بە چارەسەرنەکراوی، وەک "ئێسکی نێو برین" هەر دەمێنێتەوە و دەستی ئێران بۆ پیلانگێڕان و کەڵکی ناڕەوا وەرگرتن لە مەسەلەی فەلەستین، کورت نابێتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢١**

---

## کێشەی ئێران و ئامریکا بووەتەوە بە کێشەی ئێران و ڕۆژاوا!

لەو کاتەوە کە "جو بایدن" بە سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەڵبژێردراوە، هەوڵە دیپلۆماتیکییەکان بۆ سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران، بە ئاشکرا و بە نهێنی، دەستیان پێکردووە.

چاوەڕوانییەکانیان لە دەستپێکردنی وتووێژ و چۆنیەتیی ڕێککەوتن، زۆر جیاوازن و دوو لایەن لە مەوزەعی جیاوازەوە دەڕواننە پرسەکە.

کۆسپ و بەربەستەکانی ڕێککەوتن بۆ کۆماری ئیسلامی زۆرترن: ئیدئۆلۆژیک و لە مەیدانی کردەوەدا. قەیرانگەلی جۆراوجۆر لە نێوخۆی ئێراندا، کۆماری ئیسلامی لاواز کردووە و ڕادەی بژاردەکانی ڕێژیمی بۆ مامەڵەکردن لەسەر مێزی وتووێژ سنووردار کردووەتەوە. ئێران لە تەنگانەدایە و بەپەلەیە کە سزائابوورییەکانی لەسەر هەڵبگیرێت.

بەپێچەوانە، دەوڵەتی بایدن لە مەوزەعی قودرەتەوە بڕیار دەدا و بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی وتووێژ و ئامادەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ئێران، تۆپەکەی خستووەتە بەری کۆماری ئیسلامییەوە و پەلەیەکی ئەوتۆشی نییە و چاوەڕێی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران لە ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ دەکات.

خاڵی هەرە بەهێزی دەوڵەتی "جو بایدن" لەو پێوەندییەدا، بێجگەلە ئەهرۆمی گەمارۆکان، گەیشتنە بە هەڵوێستی هاوبەش لەگەڵ ئورووپا لەسەر دۆسیەی ئێران. بەدوای هاتنە سەر کاری "بایدن" نەک هەر جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەنگاو و هەڵوێستەکانی ئورووپا و ئامریکادا بەدی ناکرێت، بەپێچەوانە، هەماهەنگییەکی تەواو دەبیندرێت.

ئێستا کێشەی بەرجام کە لە سەردەمی "دونالد ترامپ"دا ببوو بە کێشەی ئێران و ئامریکا، بووەتەوە بە کێشەی ئێران و ڕۆژاوا! تەنانەت چین و ڕووسیەش بە قازانجی خۆیانی نازانن لەسەر ئێران بکەونە دژایەتیکردن لەگەڵ ئامریکا و ئورووپای یەکهەڵوێست.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

گەورەترین موشکیلەی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە هەم هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی دەوێت و هەم پێداگری لەسەر بەرنامە مووشەکییەکەی و پاراستنی تاقمە چەکدارەکانی لە وڵاتانی ناوچەدا بۆ خۆی بە حەیاتی دەزانێت!

کۆماری ئیسلامی، لە ململانەی ناوچەیی و بە مەبەستی داسەپاندنی هێژمۆنیی خۆی بەسەر هەرێمەکەدا، بەرنامە مووشەکییەکەی بە کارتی براوە بۆ خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەی هێزی ئاسمانییەکەی شپرزەیە و هێزێکی پۆشتەی دەریاییشی نییە. ڕێژیم بە قسەی بەرپرسەکانی، پێویستی بە توانا و هێزی بەرگریکەر (توان بازدارندگی) هەیە و ئەو توانایە لە بەرنامە مووشەکییەکەیدا بەدی دەکات. وازهێنان لە بەرنامەی مووشەکی، هەموو پرۆژە و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا پووچەڵ دەکاتەوە.

**جێگای سەرنجە، بەدوای هەڵبژێرانی "جو بایدن" بە سەرکۆماری ئامریکا، هەڵوێست و کردەوەکانی واشنتۆن و وڵاتانی ئورووپایی دەری دەخا کە نیگەرانی سەرەکی و ئەولەوییەتی یەکەمی سیاسەتی ئەوان لە ناوچەدا سنووردار و مەهارکردنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانە و هەتا بکرێت لە ڕێگای وتووێژەوە.**

ئاماژەی پێکرا، ئەو سیاسەتە لەلایەن چین و ڕووسیەشەوە دژایەتی ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانیش ئێرانی ئەتۆمییان ناوێت.

ئایا بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە قۆناخێکی مەترسیدار و بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکی؟ 'ئانتۆنی بلینکن" ڕۆژی ١ی فێورییەی ٢٠٢١ لە وتووێژێکدا لەگەڵ NBC وتی کە "ئێران چەند مانگێک لە دروستکردنی بۆمبی ناوکی دوورە".

"ڕافائێل گرۆسی" بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیش، ڕۆژی ٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ (٢٢ی مارسی ٢٠٢١) لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیی ئیسپانیایی ئەلپاییس وتی: "ئێستا ئێران لانیکەمی کەرەستەی پێویست بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی وەدەست هێناوە، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی، پێویستیی بە کەرەستەی لەوە زیاتر هەیە".

**کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەوە نیگەرانە کە ڕێژیمێکی نابەرپرسی وەک کۆماری ئیسلامی کە پشتیوانی تێرۆریزمە و هەڕەشە دەکات، دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا. هەر لەو پێوەندییەدا، کۆمەڵگای جیهانی لە دژکردەوەی ئیسرائیل بە**



سەرچاوە Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران و لێکەوتەکانی هێرشەکە و وەڕێکەوتنی شەڕێکی گەورە و ئاڵۆزتربوونی ناوچەکە نیگەرانە.**

دڵەڕاوکێی هەموو لایەنەکان ئەوەیە کە شەڕەکە درێژ بێتەوە و تەشەنە بکات بۆ وڵاتەکانی دیکەی ناوچە و لەدواییدا ئامریکا و ئوروپاش تیوەگلێن و دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و...

ئەوە وای کردووە کە لەگەڵ ئەوەی خاڵە کێشەلەسەرەکانی دیکەش گرنگ بن، بەڵام نە لەو ئاستەدا و بکەونە ئەولەوییەتی دووەمەوە.

کابینەی "جو بایدن" لەو بڕوایەدایە کە دەتوانێت لەسەر بەرنامەی ناوکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بگەنە ڕێککەوتنێکی تازە و بەرینتر و ئەوکاتە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ پرسەکانی دیکەی وەک بەرنامەی مووشەکی،

**تاقمە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و دەوری تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەکەدا، هاسانترە و بەرە بەرە چارەسەر دەبن. بۆ؟**

**یەکەم:** دەوڵەتی نوێی ئامریکا و وڵاتانی ئوروپایی گرژییەکانی نێوانیان چارەسەر کردووە و بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، گەیشتوونەتە هەڵوێستێکی هاوبەش. ئیجماعێکی جیهانی بە دژی بەرنامەی ناوکی و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکی شکڵگرتنە. ئێران خۆ لەبەر ئەو ئیجماعە جیهانییە ناگرێت.

**دووەم:** پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل ئاسایی بوونەتەوە و ڕەوتەکە بەردەوامە. ئەوان لێبڕاون کە بە هێزی یەکگرتوویان بەگژ دەستتێوەردان و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە.

**سێیەم:** نفووزی ئێران لە ناوچەدا لە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو تاقمی چەکداردا خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەو نفووزە ئیدئۆلۆژیک و مەعنەوی نییە. ئەو گرووپانە بەکرێ گیران و نفووزەکە بە پارە کڕدراوە و ئەگەر ڕێژیم پارەی نەبێت، ئەو هێزانەشی بۆ دابین ناکرێت و لە دواییدا کیشە و سەرێشەیەکی گەورەی ئەمنییەتی - سیاسی - ئابووری بۆ خودی کۆماری ئیسلامی دەنێنەوە.



سەرچاوە Serchawe

ڕاستیشە! ستراتێژیی ئێران لە پێکهێنانی ئەو گرووپە چەکدارانە سەرنەکەوتووە و دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کارەیدا بە هیچ جۆر بارتەقای تێچووە مرۆیی و ماڵییەکەی نەبووە و ئەزقەزا بە قازانجی نەیارەکانی حکوومەتی ئێراندا شکاوەتەوە!

دژایەتی و ئیعترازاتی خەڵکی دوو وڵاتی عێراق و لوبنان بە دژی حوزوور و دەستتێوەردانەکانی ئێران، لە پەرەسەندندان و دەرخەری ئەو ڕاستییەن. دژکردەوە و ناڕەزایەتی بە دژی ئەو سیاسەتە پڕتێچوو و بێ ئاکامە، لە نێوخۆی ئێرانیشدا سەری هەڵداوە.

بێجگە لەوە، جموجۆڵی ئەو تاقمانە هەتا ئێستا بە قازانجی ئیسرائیل و ئامریکا و بە زیانی فەلەستینییەکان تەواو بووە و ئیسرائیل خۆبواردنی لە چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین بە حوزوور و نەقشی ئەو هێزانەی ئێران پاساو دەکا و بۆشی چووەتە سەرێ. ئێستا پرسی فەلەستین لە ناوچەدا لە ئەولەوییەتی یەکەم کەوتووە و لە پەراوێزدا باسی دەکرێت!

هەروەها، وڵاتانی عەرەبی لە ترسی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ئیسرائیل ڕێکەوتوون. ئیسرائیل بە پشتیوانیی ئامریکا بەرزاییەکانی گۆلانی خستە سەر خاکی خۆی و ئامریکا سەفارەتی خۆی گواستەوە بۆ ئوورشەلیم، بەبێ ئەوەی دژکردەوە و ئیعترازێکی ئەوتۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەدوادا بێت. ئەوانە هەمووی سەرکەوتنن بۆ ئیسرائیل.

**چوارەم:** لە هەمووی گرنگتر کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تووشی کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ و بێوێنە بووەتەوە: لە درێژە و ئاکامی سیاسەتی سەرکوتی بەردەوام و پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و گرانیی تاقەتپڕووکێن و گەندەڵیی حکوومەتی و داماویی ڕێژیم لە وڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خەڵک، درزی نێوان خەڵک و حکوومەت ئەوەندە بەرین بووەتەوە کە دووبەرەکی و قەیرانی نێوخۆی حاکمییەتی لێکەوتووەتەوە و دەسەڵاتبەدەستان هەست بە مەترسیی ڕووخان دەکەن. ڕێژیمی ئێران ماوەیەکی زۆر بەرگەی ئەو هەموو فشارانە ناگرێت.

**پێنجەم:** ئیسلامی سیاسی و بەتایبەتی مودێلی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، تووشی قەیران هاتووە و لە پاشەکشەدایە و نەیتوانی ببێت بە بەدیل بۆ دەسەڵاتداری. وەک باس کرا، لە وڵاتانی ناوچەدا بەتایبەتی لە عێراق و لوبنان، هەست و هەڵوێستی خەڵک دژ بە دەستتێوەردان و سیاسەتی تێرۆر و ئاژاوەنانەوەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە پەرەسەندندایە.

پرسی مانەوەی تاقمە چەکدارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بووەتە پرسی کات و زۆر ناخایەنێت کە ڕێژیمی ئیسلامی

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

سەری وە بەرد دەکەویت و دووکەڵەکەی دەچێتەوە چاوی خۆی.

**سیستەم و ئیدئۆلۆژی ئیسلامی، لە نێوخۆی ئێرانیشدا هەرەسی هێناوە و ئەو ڕاستییە خۆی لە؛**

١- نەمانی متمانەی خەڵک بە حاکمییەت و دارمانی ڕەوایی ڕێژیم،
٢- لە پەرەسەندنی سێکولاریزم، تەنانەت لە قوم و مەشهد دا! ڕێبەرانی ڕێژیم لەمێژە لەو پێوەندییەدا هۆشداری دەدەن و نیگەرانی دەردەبڕن!

کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆری، هێز و ئیقتداری خۆی لە بووژانەوەی ئابووری و ئازادی و خۆشبژێویی خەڵک و حەوانەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگای جیهانیدا نابینێت.

وەک هەموو ئەو سیستەمە دیکتاتۆرییانەی ڕەوایی دێموکراتیکیان نییە و هەمیشە لە خەڵکی خۆیان نیگەرانن و بەزۆری سەرنێزە دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیشەوە هێز تەنیا یانی عەمباری پڕ لە چەک و بوونی دەزگاگەلی جۆراوجۆری سەرکوتکەر لە نێوخۆدا. لە دەرەوەش، بوونی تاقمە چەکدارەکانی لە ناوچەدا بە نیشانە و سەلمێنەری نفووزی خۆی دەزانێت.

**حکوومەتی ئێران چارەنووسی یەکێتی سۆڤیەتی وەک دووەمین زلهیزی دنیای لەبیر چووەتەوە کە سێڵاوێک چەکی کۆمەڵکوژ و بۆمبی ناوکی و مووشەکی پێشکەوتوو نەیانتوانی پێش بە ڕووخانی بگرن.**

**مووشەک و جبەخانەی پڕ لە چەک و دەیان دامەزراوەی زانیاری و داپڵۆسێنەر و تاقمگەلی تێروریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، ناتوانن مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکەن. کۆماری ئیسلامی ئاورێکی کردووەتەوە کە بۆ خۆی تێیدا دەسووتێت!**

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠٢١

## دیمانە لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان:

**پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**




**دیمانە: ڕەحمان نەقشی**

**وەڵام: بەبڕوای من، وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بەسەر دوو قۆناخ دا دابەش بکرێ:**

**قۆناخی یەکەم**، قۆناخی خۆشی و شایی و بووژانەوەی هیوا بە خەبات، دوای ڕاگەیاندنی دواییهاتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە. ئەندامان و لایەنگران و ئەو بەشە لە خەڵک کە بە گەشەسەندنی خەباتی نەتەوەیی دەگەشێنەوە، یەکگرتنەوەیان زۆر پێخۆشە و ورە و هیوایان بە داهاتوو چۆتە سەرێ.

**قۆناخی دووەم بەڵام**، قۆناخی کردەوە و هەنگاوی عەمەلییە. کۆمەڵانی خەڵک چاوەڕێن بزانن لە قسەی جوان و دروشمی خەباتگێڕانە بەولاوە، یەکگرتنەوە بەکردەوە چ شتێک دەگۆڕێ؟ خەڵک دەبێ بەکردەوە ئاڵوگۆڕ ببینین و هەست بە جیاوازیی و گۆڕان لەگەڵ دوێنێ بکەن. ئەوکاتەیە کە دڵخۆشی و هیوا و هەڵپەرکێ نابڕێتەوە و دەبێتە هێزی "بالفعل" و کاریگەری جووڵانەوە. حیزبی یەکگرتوو، ئەرکی زۆر و قورسی دەکەێتە سەر شانی و چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر

بردۆتە سەرێ. چەند تێبینی لەو پێوەندییەدا: هەم لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە دا و هەم دوای ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوە، بەرپرسانی حیزبی هەر یەکەی بە تێڕوانینی خۆی، لە پێوەوندی لەگەل شێوەی بەڕێوەبەریی و مودیرییەتی حیزبی داهاتوو باسیان لە "وەرزێکی نوێ" و "لاپەڕەیەکی نوێ" کردوە. تایبەتمەندی و "موئلفە"کانی ئەو لاپەڕە نوێیە چن و هەروەها، حیزبی یەکگرتوو چۆن ئەو وەرزە نوێیە دەست پێدەکا و بە چ میکانیزمگەلێک حیزبەکە بەڕیوەدەچێ و مودیرییەت دەکرێ، جارێ ڕوون نیە. (دیارە ئەوە ڕەنگە لەسەر تلویزیون باس نەکرێ، بەڵام ئایا بیری لێ کراوەتەوە؟). چ لە ڕابردوو فێربووین و چ پلانێکمان بۆ بەکولتورکردنی دیالۆگی نێوخۆ هەیە کە سبەی ڕۆژێ ئەگەر لەسەر پرسێکی سیاسی یان مودیرییەتی حیزب جیاواز بیرمان کردەوە، ئەو جیاوازییە نەبێت بە کێشە و لێکدابڕان. لەنێو خۆمان دا کولتوورێک جێگیر بکەین کە جیاوازیی بیروبۆچوون وەک دیاردەیەکی ئاسایی بسەلمێنێ نەک وەک کێشە و قەیران. خۆماندووکردن بەو پرسە یەکلاکەرەوەیە پێشمەرجە بۆ ئەوەی تێکەڵبوونەوە بکەین بە یەکگرتنەوە و یەکگرتنەوە بکەین بە هێزی حیزبی دێموکرات و بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات بکەین بە هەوێنی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی ئەرێنی و پێویست لە جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا. لە دنیای ئەورۆ دا "میدیا" گرنگیی یەکلاکەرەوەی هەیە. چ بەرنامەیەک بۆ ئەو مەبەستە هەیە؟ سیاسەتی حیزب بەرانبەر بە دیاسپۆڕای کورد لە دەرەوە چۆن دەبێ و چەندەی خۆ پێوەماندوو دەکەین؟ کۆمەڵگای ئەورۆی کوردستان ئەوەندە لەگەڵ کۆمەڵگای سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ جیاوازە کە نەدیتن و لەبەرچاونەگرتنی، دەتوانێ حیزبی سیاسی تووشی لێکدانەوە و بڕیاری هەڵەی کارەساتبار و قەرەبوونەکراوە بکات. کۆمەڵگای ئەورۆی کوردستان بە مانای تەواوی وشە فرەچەشن و پلووراڵە، حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دامەزراون، ڕەوتی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە و خەڵکی ئێمە بەسەر حیزبەکان و ڕیکخراوەکان دا دابەش بووە. جا با لێرەدا بەشی زیاتر وەبەر حیزبێکی تایبەتی بکەوێ، بەڵام شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕی. لەوەڕا ئەو نەتیجە مەنتقیە دەگرین کە یەکگرتوویی و یەکگوتاریی خەڵکی کوردستان گرێ دراوە بە تەفاهوم، یەکگرتوویی و یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکان. دابینبوونی یەکگرتوویی و یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکان پێشمەرجە بۆ وەدیهاتنی یەکگرتوویی و یەکگوتاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. چ پلانێکمان بۆ ئەوە هەیە؟ پاشان، ئەورۆ کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، بۆخۆی هێزە، فاکتۆرە و جەمسەرە (قطب). بەرنامەی حیزبی یەکگرتوو بۆ هەڵسووکەوت و تەعامول لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا پلووراڵ و مەدەنییە چییە؟ دەبێ کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک جێگیر و سەقامگیر بێ کە حیزبەکان بەهێزبوونی خۆیان لە لاوازبوونی یەکتر دا بەدی نەکەن، بەپێچەوانە، لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی بێبەش دا، بەهێزبوونی هەرکام لە لایەنەکان، بەهێزبوونی ئەوی دیکە و لاوازبونی هەرکامیان، لاوازیی جووڵانەوەیە. دەبێ حیزب بەرنامەیەکی وەها پێشکەوتوو و واقعبینانە دابڕێژێ کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەن و ڕەوتەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵات، یەکگرتنەوە بە سەرکەوتنی خۆیان بزانن. ئێمەش مەسەلەن دەبێ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان بە دەرفەت و سەرکەوتن بۆ جووڵانەوە بزانین. یارمەتیدەر بین کە کۆمەڵکان هەوڵ و هەنگاوەکانیان بۆ یەکگرتنەوە خێراتر بکەن و بەیەکەوە و لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەبیری یەکخستنی نێوماڵی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات و



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

دابینکردنی گوتارێکی هاوبەش دا بین .بە باوەڕی من، خەباتی نەتەوەیی گەلی بندەست پێویستیی بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانەیە کە بە هەر بیروباوەڕ و بەرنامەیەکەوە، بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد خەبات دەکەن.

جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخواز ئەوکاتە بەهێز و بەئیعتبارە و شانسی سەرکەوتنی هەیە کە بۆخۆی و لە نێوخۆی دا دێموکراتیک و ئازادیخواز بێ، دەنا سەرناکەوێ و سەریش کەوێ، ماف و ئازادیی بۆ گەل پێ دابین ناکرێ. حیزبەکانی نیو جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد دەبێ هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بۆ یەکتر بسەلمێنن و دابینی بکەن کە بە لێدوان و بەرنامەی سیاسی خەباتیان بۆ دەکەن و چاوەڕوانن ڕێژیمی حاکم بۆیان بسەلمێنێ. دانانی بەرنامە و داڕشتنی ستراتیژیی خەباتی لەوەودوا (کە هیوادارم هەبێ)، وەک یەکگرتنەوە بە خاوەخاو و ساوەساو بەڕێوەنەچێ، دەرفەتەکە لەکیس دەچێ و خەڵک و بەدەنە ماندوو و بێتەفاوەت دەبن. دەرفەت دەبێ گەرماوگەرم بیقۆزییەوە چون دووپات نابێتەوە. یەکگرتنەوە هەنگاوێکی پێویست و بوێرانە بوو و بەستێنی بۆ گەشەپێدان بە خەبات خۆش کردووە، بەڵام یەکلاکەرەوە ئەوەیە بزانین چۆن کەڵک لەو یەکگرتنەوەیە وەردەگرین، سەرخستنی یەکگرتنەوە ئەرکی هەموومانە.

بە کورتی، سەرکەوتن لەو ئەرکانەی کە دەبێ لە دەرەوەی حیزب جێبەجێ بکرێن، گرێ دەدەم بە سەرکەوتن لە ئەرکەکانی پێوەندیدار بە نێوخۆی حیزبەوە. سەرکەوتن لە ئەرک و ئامانجی تێکەڵبوونە بە یەکگرتنەوە و دابینکردنی تەبایی و ئینسجامی سیاسیی دێموکراتیک لە نێوخۆی حیزب دا، بەستێن خۆش دەکا بۆ کارتێکەریی ئەرێنی و شوێندانەری یەکگرتنەوە لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات. من گەشبینم بە داهاتوو.

**لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەوڵ و ماندووبوونی کاک ڕەحمان نەقشی تێکۆشەر**

**میرۆ عەلیار**

**خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe

# یەکگرتوویی کورد یانی چی؟

لەمێژە باسی پێداویستیی یەکگرتووبوونی کورد دەکرێ، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ژینا، بەڵام جاروبار وا دەردەکەوێ کە بۆچوونەکان سەبارەت بە جەمکی "یەکگرتوویی" جیاوازن.

یەکگرتوویی تەنیا ئەوە نیە شەڕی یەکتر نەکەی، بێڕێزیی بەیەکتر نەکەی و لە دەوری یەک کۆ بییەوە و دۆخی سیاسی لێکبدەیەوە.

هەروەها، یەکگرتوویی مانای ئەوەش نیە کە وەک هێزەکانی ئۆپۆزسیونی ناوەندی پڕشووبڵاو و لەگەڵ یەکەتر ناکۆک و ناتەبا نەبی و "تضاد آشتی ناپذیر"ت نەبێ! ئاخر زۆر جاران دەگوترێ کە بەپێچەوانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی فارس، حیزبەکانی کوردستانی تەبا و یەکگرتوون. بەڕاستی ئەوە شانازێکی گەورە نیە وەک ئەوان نەبێ!

پاشان، ئەو قسەیە تەنیا بەشێوەی ڕێژەیی دروستە، دەنا ئەو یەکگرتووییەی حیزبە کوردستانیەکان بەهیچ جۆر وڵامدەرەوەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی خەباتی ئەورۆ کورد و ڕاپەڕینی ئێران نیە.

ڕاستە کە ئەورۆ حیزبەکانی ئێمە ناتەبا نین، لە ململانە و کێشەی ڕووخێنەر لەسەر هیچ وازیان هێناوە ودژ بە یەکتر هەڵویست ناگرن و بەهاسانی دەتوانن لەگەڵ یەکتر دانیشن و لەسەر پرسە سیاسییەکان بیروڕا بگۆڕنەوە و لێرەو لەوێ بەیانی هابەش بدەن. ئەوە هەنگاوێکە بەرەوپێش و جێگای دڵخۆشییە و تا ڕادەیەکی زۆر پێگەیشتوویی (بلوغ) سیاسیی حیزبەکانمان دەگەیەنی و دەبێ بیپارێزین و پەرەی پێبدەین، بەڵام بەوەندە دەسکەوتی سیاسی و سەرکەوتن دابین ناکرێ. ئەو حاڵەتە "شرط لازم" بەڵام "کافی" نیە.

یەکگرتوویی وەک هەموو چەمکێکی سیاسی دیکە، مانا و ناوەڕۆکی خۆی هەیە: یەکگرتوویی یانی بوونی ئیرادەی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش، پلانی هابەش، ستراتیژیی هاوبەش، گوتاری هاوبەش و بوونی بەرە و دامەزراوەگەلی هاوبەش لە مەیدانی کردەوە دا.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئایا ئێمە لەو قۆناخە داین! ئایا حیزبەکانمان بۆ ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم و ئیدارەی کوردستان دوای کۆماری ئیسلامی هەیا دەگاتە بارودۆخی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک، پلانی هاوبەشیان هەیە؟ بەرنامەیان بۆ ئەو قۆناخە داڕژراوەی ئێستا چیە؟ ئایا لەسەر نەخشەڕێگا و گوتارێکی هاوبەش بۆ وتوویژ و هاوکاریی و پێکهێنانی کۆبەندیی و ئالترناتیڤ لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیونی ناوەندگەرا ساغ بوونەتەوە؟ یار و نەیارەکانمان دیاریی کراون؟ پلان و پەیامی هاوبەشی حیزبەکانمان ڕوو بە وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی لە ئێران دا (دەرەکی و ناوچەیی) چیە و دیپلوماسیێکی ڕوون و واقعبینانەی کوردمان هەیە کە چمان دەوێ و ئەگەر سبەی ڕۆژێ ئەو وڵاتانە گەیەشتنە ئەو باوەڕە کە دەبێ بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یارمەتیی سیاسی بە ئۆپوزسیونی ئێرانی بدەن، ئەوکاتە کورد دوای ئەو هەموو فیداکاری و ماندووبوونە نەکەوێتە پەڕاوێزەوە و بەهۆی ئامادەنەبوونی حیزبەکان، ڕەنجبەخەسار نەبێ؟

**پشتبەستن بە دوو پرس دەتوانێ کورد تووشی تەوەهومێکی کوژەر بکات:**

١- لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو جارە دا بە کۆمەڵێک هۆکار، وێدەچێ هیچ لایەنێکی ئۆپوزسیون نەتوانێ دەست بەسەر شۆڕشی خەڵک و دەسکەوتەکانی دا بگرێ و هیچ لایەنێک ئەوەندە بەهێز و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی نیە کە بتوانێ بەتەنیا دەسەلات بەدەستەوە بگرێ و دەوڵەت پێکبێنێ، بەڵام ئایا بەڕاستی دڵمان بەوە خۆش کردووە و دەبێ پاڵی لێبدەینەوە؟ ئەوە سیاسەتە، لە چاونووقاندنێک دا دەتوانێ فاکتور و هاوکێشەکان بگۆڕن و حاڵەتێکی تەواو پێچەوانە و چاوەڕواننەکراو بێتە گۆڕێ و کورد لەبەر ئامادەنەبوون هیچ مافێکی پێ دەستەبەر نەکرێ. نەیارەکانی کورد دوای کۆماری ئیسلامی بە کەم نەگرین!

٢- ئەو باوەڕە کە خەڵکی ئێمە وشیار و خەباتگێڕن و کوردستان حیزبگەلی ناسراو و ڕیشەدار و خاوەن نفووزی خۆی هەیە و پشتئەستوورن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردستانیەکان خاوەنی هیزی پێشمەرگن (بەداخەوە هەتا ئێستا هەر حیزبەی بۆخۆیەتی و هیزێکی نیشتمانی بە مانای یەکگرتوو و لەژێر یەک فەرماندەییمان نیە) و...

بەبڕوای من، خاڵی یەکەم بەڕواڵەت و خاڵی دووەم بەواقیع ڕاستن. بەڵام مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد و بەتایبەتیی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشانەی لەسەر کورد بەدی دەکرێن، دەیسەلمێنێ کە هیچکام لەوانە نابێ ببێتە هۆی دڵنیاییمان.

بەڵێ، ئەگەر کورد بەو مانایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، یەکگرتوو و ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و ئەگەرە

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

نەخوازراوەکان بێ، دەتوانێ پشت بەو دوو فاکتورەی باس کران، ببەستێ و لانیکەم بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێ.

دەنا ئەگەر ئامادە نەبین و پلان و ستراتیژی هاوبەشمان نەبێ، ئەوکاتە نابێ گلەیی لە کەس بکەین کە بۆچی چەرخەکە بە دڵی ئێمە نەگەڕا!

ئەوە تەمابڕاویی نیە، بەڵکوو نیگەرانییە. ئەگەر کەسێک جۆرییێکی دیکە بیر دەکاتەوە و بەڵگەی سەلمێنەری بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی نووسەری ئەو دێڕانە هەیە، زۆرم پێخۆشە گوێی بۆ ڕاگرم و ببیستم.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١١ی جانێویری ٢٠٢٣

### ئەم بابەتانە لە تۆری کۆمەڵاتی فەیسبووکی نووسەر وەرگێڕاوەن:

## کولتوور و سیاسەت

### بەشی: یەکەم

پۆستێکی بەڕێز کاک خالید محەمەدزادە (٣٠ ژوئەنی ٢٠٢٤) "لەم ناوچەیە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ڕەنگی یەک نەگرن، خووی یەک دەگرن"، هانی دام بیروبۆچوونی خۆم لەو پێوەندییە دا بەشێوەی خوارەوە گەڵاڵە بکەم.

لەمێژە گوتراوە "لە هەر وڵاتێک لە نێوان دەسەڵاتی حاکم و ئوپوزسیون دا خاڵی هاوبەش زۆرن کە لە هەڵویست و هەڵسووکەوتیان دا ڕەنگ دەدەنەوە". زانست و ئەزموون دروستبوونی ئەو قسەیەی سەلماندووە و حاشای لێناکرێ.

### ئەو هاوبەشی و وێکچوونە دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوونی کولتووری وڵاتەکە.

وردبوونەوە و هەڵویستەکردن لەسەر ئەو باسە بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە و دەتوانێ یارمەتیمان بدا خۆمان بناسین و بە خۆمان دا بچینەوە. ئێمە لە ناوچەیەکی دیکتاتورلێدراو لە دوو سیستمی سەرەڕۆ و مەزنیخواز (پێشوو و ئێستا) دا گەورە بووین و بە کولتووری ئیستبدادی و چەوسێنەری دەسەڵاتی حاکم ڕاهێنراوین و پەروەردە کراوین.

ئەو وێکچوونەرەفتارییە لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکان دا کێشەیەک دروست ناکا و گەشە بە کۆمەڵگا دەدا، بەڵام لەو وڵاتانەی بەسیستمی دیکتاتوریی بەڕێوەدەچن و کولتووری ئیستبدادیی داگیرکەر بەسەریان دا زاڵە، کارەساتی بەدواوەیە. بەتایبەتی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلێکی ژێرستەم.

کە دەگاتە ئێمەی کورد، بەتایبەتی خەباتگێڕانی سیاسیی نەسلی شۆڕشی ١٣٥٧، پرسەکە هەستیاریش دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئەو بەرەیە (نەسل) لە ژێر نفووز و کاریگەریی تێکەڵاوێک لە سێ کولتووری پاوانخواز و دژەدێموکراتیک دا



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

گەورە و پەروەردە بووین کە لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی خەباتی ئازادیخواز و دێموکراتیک ناتەبان:

١- کولتووری نیوەعەشیرەتی کوردستان،

٢- کولتووری سەرەڕۆ و ئیستبدادیی حاکم،

٣- کولتووری چەپی سوننەتی. زۆر لە کولتووری حیزبە کومونیستەکان بە میرات بۆمان بەجێماون و بەرۆکمان بەرنادەن. ئەوان نەماون، بەڵام لە نیو ئێمە دا بیروبڕوا و دروشمەکانیان بەبیانووی شۆڕشگێڕبوون هەروا بەڕۆژن و بۆمان بوون بە کۆسپێکی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بیرکردنەوەمان دا!

ئەگەر هێندێک لە دروشمدان و بەخۆداهەڵکوتن دوور کەوینەوە و خۆڵ لە چاوی خۆمان نەکەین، جاروبار لە سیاسەتکردن و کردەوەکانمان دا، بەتایبتی وەک لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێ، کاریگەریی و شوێنەواری هەر سێ کولتوور لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵویستی زۆریکمان حاشای لێناکرێ: یەکتروەخۆنەگرتن و پرشوبلاویی، دووبەرەکیی و ناتەبایی نەبڕاوە، بێڕێزیی و سووکایەتیکردن بەیەکتر و پێکهەڵپڕژان لە سەر شتی لاوەکی و بیلامەوزووع، نایەکگرتوویی و خۆلێنەدان و ڕەوینەوە لە دیالۆگ و خەباتی هاوبەش، تەوەهوم و پاوانخوازیی و نەسەلماندنی جیاوازیی و مافی جیاوازبیرکردنەوە بۆ جیابیر، موتڵەقگەرایی و خۆبەزلزانیی...

هەموو ئەوانە خەساری قورس و گرانیان بە جووڵانەوەکانی لێکەوتۆتەوە. خەبات بۆ ڕزگاریی بە کولتووری چەوسێنەر و داگیرکەر گەشە ناستێنێ و سەرناکەوێ و ماف و ئازادیی بۆ گەلی چەوساوە بە دیاریی ناهێنێ.

**لەو پێوەندییە، گێڕانەوەی قسەی دوو مرۆڤی بە ناو و دەنگ بێکەڵک نابێ:**

**پاولۆ فرێرە زانا و خەباتگێڕی بەناوبانگی برێزیلی لە کتێبە ناسراوەکەی دا بەنێوی ڕاهاتنی ستەملێکراوان دەڵێ:** "مرۆڤی ژێرستەم دەبێ سەرەتا خۆی لە دەست خۆی (زیهنییەت و باوەڕە وەرگیراوەکانی لە کولتووری حاکم) ڕزگار بکا، ئەوجار دەتوانێ ببێتە مرۆڤێکی سەربەست و بۆ ڕزگاریی گەلەکەی خەبات بکا."

**وینستون چرچیل سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئینگلستان دەڵێ:** "ئەوەی خەڵکانی دنیای سێیەم دەبێ ڕزگاری بکەن، نیشتمانیان نیە، بەڵکوو دەبێ خۆیان (لە خۆیان) ڕزگار بکەن، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوان لەوپەڕی نائاگایی دا، لە تەوەهومی زانابوون دا دەژین."

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

(مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ سەرەتا خۆی لە زیهنییەت و قەناعەت و بیروباوەڕی کۆیلانە و کولتووری ژێردەستی ڕزگار بکا، ئەوکاتە دەتوانێ نیشتمانیشی ڕزگار بکات).
دیارە مرۆڤ بەدەست خۆی نیە لە چ وڵاتێک و لە بارودۆخ و کولتوورێک دا لەدایک دەبێ و پێدەگا و تاوانیش نیە. بەڵام بۆ مرۆڤی خەباتگێڕ پێویستە خۆی بناسێ هەتا بتوانێ خۆی لەو داب و نەریتانە کە لەگەڵ ئامانجەکانی ناتەبان و زیان بە خەباتەکەی دەگەیەنن، ڕزگار بکات.

هیچ مرۆڤێک بە سیرفی ئەوەی ڕەگەڵ شۆڕش و جووڵانەوە کەوتووە، بەشێوەی ئۆتوماتیک نابێتە ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز. ڕاهاتن بە بیروبڕوای ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیک پرۆسەیە و لەگەڵ کەس لەدایک نابێ. خۆڕزگارکردن لە بیروبڕوای کۆن و کولتووری دواکەوتوو کاری گەرەکە.

ئێستا گرنگە سێ پرسیارە لە خۆمان بکەین:

١- ئاخۆ ئێمە چندە توانیومانە تایبەتمەندییەکانی کولتووریی چەوسێنەر و نادێموکراتیک لە بیر و مێشکی خۆمان دا بسڕینەوە یان بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، بەرەبەرە ئەندەروونیمان (ئینترنالیزە) کردوون و بوون بە بەشێک لە بیروبڕوای خۆمان؟

٢- ئاخۆ خەبات بۆ ڕزگاریی و ئازادیی بە کلتووری چەوسێنەر شانسی سەرکەوتنی هەیە؟! و ٣. چ بکەین؟

**هێندێک نووسراو و لێدوان و هەڵوێست دەریدەخەن کە بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ کاریگەریی کولتووری نادێموکراتیک، پێویستمان بە هەوڵی زیاتر هەیە.**

**بۆوێنە؛** ئێستاش لە نێو کورد دا هەن کەسانێک کە فرەچەشنی و فرەحیزبی بە زیان و خاڵی لاوازیی خەباتی کورد دەزانن و خەون بە "دیکتاتوری صالح" و مستی ئاسنین و سیستمی تاکحیزبییەوە دەبینن! لەکاتێکدا بە شایەتی مێژوو کێشەی جووڵانەوەی کورد فرەچەشنی و فرەحیزبی نەبووە. بەپێچەوانە، کێشەکە نەسەلماندنی فرەچەشنی و پابەندنەبوون بە "قواعد بازی"ی پلوورالیزم و مودیرییەتی دێموکراتیکی فرەچەشنی بووە و هەیە.

پاشان، لەو دنیا پان و بەرینە دا کۆمەڵگایەک هەیە کە فرەچەشن و پلوورال نەبێ؟ نیە، بەڵام لە کۆمەڵگایەک حاشای

لێدەکرێ و سەرکوت دەکرێ، لە کۆمەڵایەک دا دەسەلمێندرێ و دەکرێ بە دەرفەت.

کۆمەڵگای فرەچەشن و پلوورال بە زۆر و بە حاشا و ئیدیعا و دروشم ڕێبەریی و مودیرییەت ناکرێ.

هەروەها، بە چاوخشاندنێک بە ئەدەبیاتی حیزبەکان بەباشی دەردەکەوێ کە بە پەیڕەوی لە حیزبە کومونیستەکان، هەرچی بۆخۆیان پێیانخۆش بوو و بە قازانجی خۆیانیان زانی یان ویستیان هەڵوێستێک بگرن، بەنێوی "خەڵک" تەواوی دەکەن:

"خەڵک ئەوەی دەوێ"، "خەڵک ئەوەی ناوێ"، "خەڵک قەبووڵی ناکا"، "خەڵک ئیزن نادا"، "خەڵک تووڕەیە"، "خەڵک پشتیوانی لەوە دەکا"... هتد.

ئاخرحیزبە کومونیستەکان هەر هەموویان "خەڵک" بوون! لە دەسەڵاتیش دا هەموو کارێکی ناڕەوایان بەنێوی "خەڵک" دەکرد و بە نێوی "خەڵک" دیکتاتوریی خۆیان بەسەر "خەڵک" دا دەسەپاند!

مەگەر لە سیستمە داپڵۆسێنەر و تۆتالیتێرەکان دا، دەنا هیچ حیزبێک "خەڵک" نیە. نەتەوەیەک لە قالب نادرێ و لە حیزبێک و بیروباوەڕێک دا بە دیل و بارمتە ناگیرێ. هەموو حیزبێک هەتا ئەوکاتەی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا بە دەنگی خەڵک دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتووە، تەنیا دەتوانێ بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەندامان و لایەنگرای خۆیەوە بدوێ و هەڵویست بگرێ، دەنا خۆسەپێنە.

٧ی جووڵای ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کولتوور و سیاسەت

### بەشی: دووهەم

**پێویستە تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئیستبدادیی هەر دوو ڕێژیمی پێشوو و ئێستا بناسین، بۆئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ و بەقەولی "پاولو فرێرە" و"وینستون چرچیل" بتوانین خۆمانیان لێ رزگار بکەین:**

- پاوانخوازیی، موتڵەقگەرایی، تەواوییەتخوازی، یەکتر تاوانبارکردن، مەزنیخوازیی و هێژمۆنیخوازیی.
- نەسەلماندنی واقعییەتەکان و بێ بڕوایی و دژایەتیکردن لەگەڵ دێموکراسی و فرەچەشنی و سەرکوتکردنی جیاوازیی و جیاوازبیرکردنەوە.
- بەرخوردی دوو پێوەری و دووستانداردیی بە ڕووداوەکان و هەڵویستی بژاردەیی (گزینشی) بەرانبەر بە دیاردەکان. کۆماری ئیسلامی بەردەوام دیکتاتوری و ئیستبداد و سەرکوت و گەندەڵیی ڕێژیمەکانی پەهلەوی وەبیردێنێتەوە، بەڵام بۆخۆی ئیستبدادێکی ڕەشی مەزهەبی بەسەر وڵات دا سەپاندووە و بە ڕەواشی دەزانێ.

شاخوازەکانی ئەورۆ، میراتگرانی ڕێژیمەکانی پێشوو، بەردەوام هێرش دەکەنە سەر دیکتاتوری و ئیستبداد و سەرکوت و گەندەڵیی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بۆخۆیان شەو و ڕۆژ حاشا لە دیکتاتوری و ئیستبدا د و سەرکوت و گەندەڵیی ڕێژیمەکانی پەهلەویٰ دەکەن یان پاساوی بۆ دێننەوە و تەبلیغ بۆ گەرانەوەیان دەکەن!

هیچکامیان وەک پرینسیپ و باوەڕ دژی ئیستبداد نین، دژی ئیستبدادی نەیارەکەیانن!

- هەموو ئەو کارانەی بۆ خەنیم و نەیارەکەی بە تاوان و دزێو دادەنێ، بۆ خۆی بە ماف و ڕەوا دەزانێ، بەڵام بە ئەنگیزە و پاساوی جیاوازە!

- بەشەیتانکردن و ڕەجمکردنی جیابیران و ڕشتنی ئاوی "تطهیر" بەسەر خۆ دا.

- بەخۆداهەڵکوتن و "چاپلوس و مداح پروری."

- پێوانە و پێوەری سەرکەوتن دەسکەوت نیە، ئیدیعا و دروشم و بەخۆداهەڵکوتن و چووککردنەوەی ئەوی دیکە.

- پرسیاری لەسەر کاروکردەوەی خۆی بۆ نایەتەپێش! لە دەرەوەی بیروبڕوا و بۆچوونی خۆی دا هەموو بیروبڕوا و بۆچوونێکی دیکە باتڵ و شیاوی سەرکوتکردنن.

- هەمیشە لە دەرەوی خۆی لە هۆکاری هەڵە و شکستەکانی خۆی دەگەڕێ و بەرپرساسیەتێ هیچ هەڵەیەکی خۆی بەستۆوە ناگرێ - "مسئولیت پذیر" نیە. هەمیشە سەرکەوتوو بووە. بۆیە ناتوانێ لە ڕابردوو دەرس وەرگرێ و بەخۆیدا بچێتەوە و ئاڵووگۆڕ لە خۆیدا پێکبێنێ.

- جنێودان و بێڕێزیکردن بە جیابیران و تێرۆری کەسایەتیی مخالفان. بەهۆی بێڕێزیکردن و جنێوفرۆشی جیابیرەکەی دەداتە بەر هێرش و لومپەنیزم و زمانسووکیی دەداتە پاڵی، بەڵام عەینی ئەوکارە بۆخۆی بە ڕەوا و پاساوهەڵگر دەزانێ! بەداخەوە لەنێو کوردیش دا جنێودان و بێڕێزیکردن بە جیابیران پەرەی سەندووە و مەجالێک بۆ ئاڵووگۆڕی بیروڕا و دیالۆگی بنیاتنەر نەماوە. لەوەتی فەیسبووک دامەزراوە، زۆر جاران دیومانە کە کەسانێک بێڕێزیی بە حیزبێک یان ڕێبەری حیزبێک دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەندامێکی حیزبەکەی دیکەش بە بێڕێزییکردن بە حیزب و ڕێبەرەکەی ئەوان وڵامی دایەوە، هەڵدەچن و بەقەولی مامۆستایەکی کۆچکردوو "تەعەجوب دەکەن لە عەجایبات"، خۆ مەزلووم هەڵدەخەن و هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە!

بەڕێزم، تۆ ئەگەر ڕێز و حورمەتی حیزب و ڕێبەر و بیروبڕوای خۆت لەبەر بێ، بێڕیزیی و بێحورمەتی بە حیزب و ڕێبەری کەسانی دیکە ناکەی. بەوکارە لایەنەکە هان دەدەی و دەعوەتی دەکەی بێڕێزیی بە حیزب و ڕێبەر و بیروبڕوای تۆ بکات. کورد لە قەدیم و نەدیمەوە کوتوویە "ئەگەر کەس و کاری خۆت خۆش دەوێ، بێڕێزیی بە کەس و کاری خەڵک مەکە."

دیفاع لە حیزب و سەرۆک و بیروبۆچوون ئەگەر بۆ من ماف و ڕەوا بێ، بۆ مخالفە سیاسییەکەشم ماف و ڕەوایە! کەس وڵامی بێڕێزی بە دەستەگوڵ ناداتەوە. کابرا ئەگەر زۆر بەفەرهەنگ و دژی شەڕەجنێو بێ، ماوەیەک تاقەت دێنێ و وڵام ناداتەوە. بەهەرحاڵ زۆر نامەنتقیە چاوەڕوان بم لایەنی بەرانبەر بەگژمدا نەیەتەوە.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

جنێو و زمانی زبر کەشوهەوای سیاسی مەسمووم دەکا و لە کەشی مەسمووم دا سیاسەت و سیاسەتوانیش مەسموومی دەبێ و کاتێک سیاسەت و سیاسەتوان مەسموومی بوون، جووڵانەوە لە جوولە و تاقەت دەکەوێ و ئیعتباری پێوەنامێنێ.

مرۆڤی دێموکرات و پێشکەوتوو حەق وایە وەک باوەڕ و پرینسیپ دژی جنێودان و بێڕێزیکردن بە جیابیران بێ، تەنانەت بە نەیارەکانی. هەڵوێستی دووپێوەری و بژاردەیی بەرانبەر بە دیاردەکان، بڕواپێکراویی و ئیعتباری مرۆڤ دەبەنە ژێر پرسیار. قەبیح و بێزراوبوون و کاریگەریی کاولکەری جنێودان و بێڕێزییکردن بەم و بەو لە کۆمەڵگای کوردستان دا لەو مەسەلە کۆنە کوردییە دا دەردەکەوێ کە دەڵێ "برینی خەنجەر چا دەبێتەوە، برینی زمان چا نابێتەوە."

ساڵێکی، دوای هاتنەدەری حیزبی دێموکرات لە "شووڕای نیشتمانی بەرگریی"، موجاهدینی خەڵک لە ڕاگەیەندراوێک دا هێرشیان کردبووە سەر حیزبی دێموکرات بەتایبەتی دوکتور قاسملوو. ئەمنیش لە وڵام دا شتێکم نووسی و لە جێگایە دا کوتبووم "آخوندهای کراواتی."

نووسراوەکەم بۆ کاک دوکتور برد بزانم تێبینییەکی لەسەری هەیە؟ کوتی شەوێ دەیخوێننمەوە. بەیانی نووسراوەکەی

هێنایەوە، دیتم خەتێکی سووری بەسەر "آخوندهای کراواتی" دا هێنابوو. کوتم کاک دوکتور پێت چۆن بوو، ئەو خەتە سوورە چیە؟ وڵامی دایەوە "نووسراەکە باشە بەڵام بۆ بوویەتە... بە قەڵەم جنێو دەدەی، ئەوەی لابە"! کوتم ئاخر ئەوان زۆریان بێڕیزیی کردەوە، کوتی "ئەگەر جنێودانت پێ کارێکی خراپە، بۆخۆت مەیکە. تۆ ئیستدلال بکە، جنیودان بۆ ئەوان بهێڵەوە !"

**وانەیەکی پڕمانا لە ڕێبەرێکی زانا! بەڕاستی بیروبۆچوون ئەگەر بە جنێو و زمانی زبر ئالوودە کرا، ئیدی بایخ و کاریگەریی نامێنێ، تەنانەت ئەگەر حەقیش بێ.**

٩ی جووڵای ٢٠٢٤

## کولتوور و سیاسەت

### بەشی سێهەم

کولتوور نەگۆڕ و چەقبەستوو نیە، دەسکردی مرۆڤە و دەگۆڕدرێ. مرۆڤ دەتوانێ بە کولتوورێکی دیکە ڕابێ و ڕابهێندرێ. ڕێگا و چارە کولتوورسازییە. کولتوورسازی ڕێگەی زۆرە، بەڵام بە بڕوای من بۆ دەسپێک، وشیاربوونەوە مەرجە. سەلماوە کە یەکێک لە باشترین ڕێگەکانی وشیاربوونەوە و وەخەبەرهاتن، پرسیا لەخۆکردنە. هەرکەسە لەبەر خۆیەوە کۆمەڵێک پرسیار لە خۆی بکا و لە وڵامەکەی بگەڕێ.

**بە بڕوای دەروونناسان، مرۆڤ و زیهنێک گەشەسەندوو و بەخەبەر و وریا و "کنجکاو" و داهێنەرە کە بتوانێ پرسیار لە خۆی بکات:**

- ئەمنی ژێرستەم بۆخۆم قوربانیی سیاسەتی مەزنیخوازیی و پاوانخوازیی و نەسەلماندنی جیاوازبوون و جیاوازبیکردنەوەم و بەدژی وەستاومەوە، ئەی بۆچی بۆخۆشم بەرانبەر لایەنە سیاسییەکانی دیکەی هاوئامانج و هاوچارەنووسم، هەر ئەو سیاسەت و هەڵویست و کردارە ڕەچاو دەکەم و مافی جیاوازبیرکردنەوەیان پێ ڕەوانابینم؟

- منێک کە خۆم بە پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئازادیخواز دەزانم و ڕۆژانە ئامۆژگاریی خەڵک دەکەم، بە چ حەقێک و لەسەر بنەمای کام مەشرووعییەت و بە چ پاساوێک ئیزن بە خۆم دەدەم لە سەر کورسی "قاضی القضات"ی کوردستان دابنیشم و بیروبڕوا و بۆچوون و قەزاوەتی خۆم بکەم بە پێوەر و پێوانەی چاکی و خراپی و ڕەوایی و ناڕەوایی سیاسەت و کاروکردەوەی ئەم و ئەو و هەر کەس وەک من بیری نەکردەوە، بیدەمە بەرهێرش و بێڕێزیکردن؟

هیچ پرسێکی سیاسی لەو دنیایە دا نیە کە تەنیا یەک وڵام و یەک ڕێگەچارەی بۆ هەبێ، ئەگەر وابایە، لەمێژ بوو مرۆڤایەتی لە شەڕ دا لەنێو چووبوو!

تەنیا لە قاموس و تێگەیشتن و بیروبڕوای نیزامە داخراوەکانی وەک کۆماری ئیسلامی و داعش و تاڵەبان و ناسیونالیزمی مەزنیخواز... دا، بۆ هەموو پرسیارێک تەنیا یەک ولام و یەک ڕێگەچارە هەیە، ئەویش وڵام و ڕێگەچارەی ئەوان.

- ساڵهایە بۆ من بۆتە پرسیار، ئاخۆ چەندە لەو ماف و ئازادییانەی چاوەڕوانم ڕێژیم و ئۆپۆزسیونی ناوەندگەرا بۆمنی کوردی بسەلمێنن، لە نێو خۆمان دا بۆ یەکتری دەسەلمێنین؟!

- لەکاتێکدا هەتا ئەوڕۆ هیچ ناوەند و مەرجەعێکی نیشتمانی و نەتەوەیی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" و بەرژەوەندیی جووڵانە"ی پێناسە نەکردووە، من ئەو مافەم لە کوێوە هێناوە کە تێگەیشتن و خوێندنەوەی خۆم لەو چەمکانە بکەم بە پێوانە و بنەمای ڕاستبوون و چەوتبوونی سیاسەت و هەڵسووکەوتی ئەم و ئەو و هەر کەس جیاواز لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی من بیری کردەوە، بیدەمە بەر شاڵاوی بێڕێزیکردن؟

تەواو ئاساییە کە هەر حیزبێک لەسەر بنەمای جهانبینی و ڕوانگەی خۆیەوە پێناسە و خوێندنەوە بۆ بەرژەوەندیی دەکا و مافی خۆیەتی. بەتایبەتی هەتا ئەوکاتەی پێناسە و تاریفێک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەلایەن ناوەند و مەرجەعێکی نیشتمانیی مەشرووعەوە لەگۆڕێ دا نیە.

ئەسڵەن حیزبایەتی لەو جیاوازیی و جیاوازبیرکردنەوە دا مانا پەیدا دەکا و حیزبایەتی لە ڕۆژی هەوەڵەوە لەبەر ئاساییبوونی جیاوازی و بەمەبەستی مودیرییەتکردنی جیاوازییەکان و پێشگرتن لە شەڕ و شێوانی تەبایی کۆمەڵگا بەهۆی جیاوازبیرکردنەوەی مرۆڤەکان، دامەزرا و پەرەی سەند.

بەڵام کاتێک حیزبایەتی کرا بە مەزهەب و ئیدئولوژی مەتڵەق، شەری نیوخۆ و کارەسات لێ دەکەوێتەوە.

- چەند لە سەتی ئیدیعا و لێدوانەکانم لە مەیدانی کردوە و بەتایبەتی لەنێو حیزبەکەی خۆم دا، بڕوام بە ماف و ئازدیی ژن هەیە و پشتیوانیی لە مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو دەکەم؟

- کێشەیەکی کولتووری دواکەوتوو و خێڵەکی ئەوەیە کە مرۆڤ هەزار پرسیاری لەسەر ئەملاو و ئەولا هەیە، بەڵام پرسیارێکی لەسەر خۆی بۆ دروست نابێ!

با پرسیار لە خۆمان بکەین ئاخۆ ئەمن بەو ڕەفتارەی خۆم پەرە بە درێژبوونەوەی پێکهەڵبڕژان و دووبەرەکی نادەم، ئەویش لە سەر شتی بێ مانا و "بلاموضوع"؟ بیانوو و پاساو بۆ یەکنەگرتوویی و خۆبێئیعتبارکردن و خۆکوژی ناهێنمەوە؟

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەگەر لێی ورد دەبینەوە، کێشە و شەڕەدندووکەی ئەوڕۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕاستی "مصداق بارز"ی ئەو مەسەلە ئاڵمانییەیە کە دەڵێ "(ڕاوچییەکان) لەسەر کەوڵی ورچی نەپێکراو بەشەڕ دێن!"

- ماوە بە ماوە، بەمەبەستی سەرقاڵکردن بە خۆمانەوە، بەلاڕێدابردنی سرنجی خەڵکی نێوخۆ و دەرەوە لەسەر ئیعدام و سەرکوتی خەڵکی کوردستان و فشار بۆ حیزبەکان و پرسە گرینگەکان و قووڵکردنەوەی ناتەبایی و دووبەرەکی و ڕێگرتن لە یەکگرتن و هاوکاری و بێئیعتبارکردنی جووڵانەوە لە بیروڕای گشتی دا، ڕێژیم داوێکمان بۆ دەنێتەوە و ئێمەش هەموو جارێ بە ڕۆژی ڕووناک پێیەوە دەبین، پێکهەڵدەپرژێین و بێڕێزیی نامێنێ بەیەکتری نەکەین و بەوجۆرە یارمەتی بە سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمنەکانمان دەدەین. ئەوڕۆ دەبینین لەو کاتە هەستیار و پڕمەترسییە دا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەمکات ئەوەندە ناکۆک و پڕشووبڵاو و ناتەبا بوونە.

ئەوجارە پرسی بێمانا و بیلامەوزووعی کێ ڕێبەر و نوێنەری"خەڵکی کوردستان"ە، بەپیلان گەورە کراوەتەوە و کراوە بە کێشەیەکی گەورەی نێو حیزبەکان و هۆکاری سووکایەتیکردن بەیەکتر.

**بۆ چی بێمانا و بیلامەوزووع؟**

**یەک:** مەگەر ئەوانەی خۆیان لەخەو کردووە دەنا کەس نیە نەزانێ کە کۆمەڵگای ئەوڕۆی کوردستان بەسەر چەندین حیزب و ڕەوتی سیاسیی دا دابەش بووە، بەڵام حیزبەکان ئەو ڕاستییە زەقە ناسەلمێنن و هەر حیزبەی هەڵدەستێ خۆی بە نوێنەر و ڕێبەر و زمانحاڵی خەڵکی کوردستان دەناسێنی و بەنێوی خەڵکی کوردستانەوە لێدوان دەدا و هەڵوێست دەگرێ!

لە کاتێک هیچ حیزبێک بەتەنیا ناتوانێ زمان و نوێنەری خەڵکی کوردستان بێ و هەر حیزبێک ئەو ڕاستییە نەبینێ و نەیسەلمێنێ، کایە بە ئیعتباری خۆی دەکا و ناکرێ بەجیددی بگری.

**دوو:** حیزبەکان ماوەی ۳۲ ساڵە (نزیک بە دوو نەسل) لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دوورن و لە کوردستانی باشوور گیرساونەوە و دەرفەتی ڕاپرسی و هەڵبژاردنێکی ئازادیشیان نیە کە دەربیخات کام حیزب چەندەی خەڵک لەپشتە.

**سێ:** "سەردەمی ئەو پرسە بەسەر چووە و ئێستا لە دنیایەکی دیکە دا دەژین و باسکردن لە نوێنەر و ڕێبەربوون بە بێ دەنگ و ئیرادەی خەڵک و مەشرووعییەتی دێموکراتیک، خەڵک گاڵتەی پێ دێ.

**چوار:** کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکڵی گرتووە و وەک فاکتورێکی سەربەست هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە. کۆمەڵگای ئەوڕۆی کوردستان باڵغ و پێگەشتووە، سەغیر نیە کە پێویستیی بە "وەکیل و وصی" هەبێ. خەڵکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، پێویستیی بە ئەحزابێکی بەرپرسیار هەیە کە ڕێز لە جیاوازیی و فرەچەشنی کۆمەڵگا بگرن و بەیەکەوە ئەو فرەچەشنییە مودیرییەت بکەن و درووبەک لە قالبی دەربێنن، نەک بە شەڕەدندووکەی نەبڕاوە لەسەر شتی لاوەکی و "بلاموضوع" پۆلاریزە و دابڕدابەڕی بکەن.

**پێنج:** هەر لایەنێک باسی "خەڵکی کوردستان" دەکا، لایەنگران خۆی لە جێگای خەڵکی کوردستان دادەنێ و تەنیا شوێنکەوتووانی خۆی بە "خەڵک" دەزانێ.

**شەش:** لە هەمووی گرینگتر، چووککردنەوەی نەتەوەیەک لە یەک حیزب و یەک بیروبڕوا دا، بەهەر هۆ و پاساوێک و هەر لایەنێک بیکات، نەک هەر لەگەڵ هەموو ئوسووڵی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە و دێموکراتیک ناتەبایە، بەڵکوو تەحقیرکردن و بەدیل و بارمتەگرتن و سووکایەتیکردنە بە نەتەوەکە.

ئەوە لاساییکردنەوەیە لە حیزبە ستالینیستەکانی سەردەمی سیستمی تاکحیزبی و ڕەوتە ئیدئولۆژیک و داخراوەکان. ئەوکارە بۆ حیزبگەلێک کە ئیدیعای ئازادیخوازیی و پێشکەوتنخوازیی و بڕوامەندی بە مافی خەڵک دەکەن، لێتێگەیشتنی چەتوونە!

بیروبڕوا و سیستمی تاکحیزبی نیوەی دنیای لەگەڵ خۆی بەقوڕدا برد و سەردەمی بەسەر چووە و ئەوڕۆ هەر کەس و حیزبێک لەو تێگەیشتن و نیزامە دا بیربکاتەوە، لە کاروانی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی بەجێماوە و گەورەترین بێڕێزیی بە عەقڵ و شعووری خەڵکەکەی خۆی دەکا.

ئەوڕۆ دنیا دنیای فرەچەشنی و پلوورالیزم و کاری هاوبەشە. تەنانەت وڵاتە زلهێزەکانیش بەتەنیا لە چارەسەرکردنی ئالنگاری و قەیرانەکان دا داماون و بۆ بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر چەلنجەکان دا، شەو و ڕۆژ لە هاوبیر و هاپەیمان دەگەڕێن و تێچووی بۆتەرخان دەکەن.

لەو سەردەمە ئاڵۆزو پڕمەترسییە دا بەهێزترینەکانیش بەتەنیا لاواز و "آسیب پذیر"ن.

لە دنیایەکی ئاوا پڕکێشە و هەڕەشە و قەیران دا، ئەحزابی نەتەوەیەکی ژێرستەم و دوورخراوە لە خاک و خەڵکی خۆیان،

هەست بە زەروورەتی یەکگرتووی و خەباتی هاوبەش نەکەن و بەردەوام بە شەڕەدندووکە و پرسگەلی لاوەکی و بیلامەوزووعەوە خەریک بن و لەو تەوەهوم دا گیربکەن کە هەر یەکە بۆخۆی بەتەنیا و بەبێ یەکتر دەتوانێ بەسەر قەیرانەکان دا زاڵ بێ، تراژیک و کارەساتە!

ئاماژە کرا، بەداخەوە بەهۆی جنێودان و سووکایەتیکردن بەیەکتر و بە جیابیران، ئاستی باسەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەتا بڵەی نزم بۆتەوە و فەزایەک بۆ دیالۆگی سالم و سیاسی نەماوەتەوە. زۆربەی ئەو کارانەی دەیکەین، "گۆڵ لە دەروازەی خۆمان". پەرەسەندنی ئەو ڕەوتە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ داهاتوومان و لەئێستاوە بەستێن بۆ بێئیعتمادیی زیاتر و تەنانەت شەڕی نێوخۆ خۆش دەکا.

ئاشکرایە کە ڕەخنە و "نقد" بە زمان و ئەدەبیاتێکی سیاسی و شیاو پێویستە و دەبێ ئازاد بێ، بەڵام بێڕێزی و سووکایەتیپێکردن بەیەکترهیچ شتێک چارەسەر ناکا و بێجگە لە خەسار، هیچ یارمەتییەک بە جووڵانەوە ناکا!

**باس کرا، ئەوڕۆ نە یەک حیزب و دوو حیزب، هەموو حەوت هەشت حیزبەکەی ڕۆژهەڵات ڕۆژانە بەنێوی خەڵکی کوردستانەوە لێدوان دەدەن و هەڵویست دەگرن.**

کەوایە دەبێ لە دوو بژاردە یەکیان هەڵبژێرن: یان هیچ حیزبێک خۆی نەکاتە کوێخای کوردستان و مامۆستای سیاسەت و ئەخلاق و لێدەگەڕێین هەر حیزبە درێژە بە کار و سیاسەتی خۆی بدا و دڵی خۆی بەوە خۆش بکا کە نوێنەر و ڕێبەر و زمانی خەڵکی کوردستانە یان بەیەکەوە قسە بکەن و واز لەو خەیاڵە خاو و ناواقعییە بێنن و وەک کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو هەر حیزبە بە نوێنەرایەتی لایەنگرانی خۆیەوە قسە بکات.

با بیسەلمێنین کە بەهۆی ٣٢ ساڵ دوورکەوتنەوە لە خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپێی هیچ زانست و مەنتقێک ئیدیعای هیچ حیزبێک ناتوانێ ڕاست بێ. لە نەبوونی ئامار و ڕاپرسی و هەڵبژاردن دا کە سابیتی بکا چ حیزبێک چەندی لایەنگر هەیە، هەر حیزبەی دەتوانێ لەجێی خۆیەوە ئیدیعا بکا و لەبەر خۆیەوە چەندەی پێیخۆشە ئاست و ژمارەی لایەنگرانی خۆی بەرێتە سەرێ. ئیدی شەڕ و دووبەرەکی و پێکهەڵپڕژان سەر فەیسبووک لەپێناو چی دا و قەرارە چ موشکیلێک چارەسەر بکات؟!

**با بەکردەوە بیسەلمێنین کە بڕوامان بە ئازادی و دەنگ و ئیرادەی خەڵک هەیە. ئەگەر ڕۆژێک گەڕاینەوە، خەڵک لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک دا نوێنەر و زمانحاڵی خۆی هەڵبژێرێ.**

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**کێشە و مەترسییەکی دیکەی گەورەی ئیدیعای ڕێبەر و نوێنەربوون ئەوەیە کە ئەو حەوت هەشت حیزبە بۆ ئیدیعاکانیان پشت بە دەنگ و ئیرادەی خەڵک و مەشرووعییەتی دێموکراتیک نابەستن، بەڵکوو هەر هەموویان ڕەوایی لە مەنتقی شۆڕشگێڕیی و چەک وەردەگرن!**

**لەجیاتی ئەوەی لە دوورەوە لەسەر یەکتر قسە بکەی، لەنزیکەوە بەیەکەوە قسە بکەین و جیاوازییەکانمان چارەسەر بکەین!**

**١٠ی جوولای ٢٠٢٤**

## کولتوور و سیاسەت

## بەشی چوارەم – دوابەش

## چەند تێبینی سەبارەت بە کولتوور و ئاکامەکانی نەبوونی کولتووری بەدیل

**لەمێژساڵە بەو بڕوایە گەیشتووم کە:**

١- کێشەی جووڵانەوەکانی کورد و کێشەی نێوان حیزبە کوردستانییەکان کولتوورییە نەک سیاسی و فکری. ئەگەر بەهەڵکەوت کێشەیەکی سیاسی و فکریش هەبووبێ، هۆکاری قووڵبوونەوە و چارەسەرنەبوونەکەی گەڕاوەتەوە بۆ زاڵبوونی کولتووری نادێموکراتیک: لە یەکنەگرتوویی و یەکتروەخۆنەگرتن و شەڕەدندووکە و بێڕێزکردن بەیەکترەوە بگرە هەتا لێکدابڕانەکان وهەتا دەگاتە شەڕەکانی براکوژی و شکستی جوولانەوە.

٢- بۆ خۆڕزگارکردن لە کولتووری سیاسیی سەقەت و دوورخەرەوەی ئێستا، پێویستمان بە "کولتووری بەدیل" هەیە، کولتوورێکی دێموکراتیک کە لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گونجاو و یەکانگیر بێت، نەک ناتەبا و پێکناکۆک.

حیزبە کوردستانیەکان لە خەبات و خۆڕاگریی و قوربانیدان قەت کورتیان نەهێناوە، بەڵام خۆیان بە کولتوورسازییەوە ماندوو نەکردووە.

ئاشکرایە، حیزبایەتی مودێرن و خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن، پێویستیی بە کولتوورێکی دێموکراتیک و خاوەن زەرفییەت و کۆکەرەوە هەیە. کولتووری سیاسی قەیرانخوڵقێنی ئێستامان ئەو کولتوورە نیە.

دوژمنانی کورد بەشیوەی جیاواز و جۆراوجۆر کوردیان سەرکوت کردووە، بەڵام ئێمە تەنیا بە یەک شێوە بەرەنگاریان بووینەوە!

دەردەکەوێ، بەهۆی بەهەندنەگرتن یان بێبڕوایی بە کاریگەریی کولتوور و گرینگییپێنەدانی، لەژێر نفووز و هێژمۆنی

کولتووری دەسەڵاتی حاکم و چەپ دا ماوینەوە و خۆمان بۆ ڕزگار نەکراوە. خۆمان بە کولتوورێکی بەدیل تەیار نەکردووە.

ڕاستبوونی ئەو بۆچوونە کە کولتووری دەسەلاتی حاکم بەشێنەیی و بێهەست و خوست پەلوپۆ داوێ و خۆی بڵاو دەکاتەوە و "داوطلبانە" لەلایەن نەتەوەی ژێرستەمەوە وەخۆدەگیرێ و "ئەندەروونی" دەکرێ، لە میسالێک دا دەردەکەوێ:

ڕەنگە زۆربەی خوێنەرانی بەڕیز بیستبێتیان یان تەنانەت بۆخۆشیان گوتبێتیان کە "کوردی ئێران بەفەرهەنگترن لەبەر ئەوەی بە کولتووری فارسەکان ڕاهاتوون و فارس لە نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەر بەفەرهەنگترە!"

دەی خۆ کولتوور تەنیا نانخواردن بە کەوچک و چنگاڵ و دەستشوتن بە سابوون نیە. ئەگەر قەرار بێ ئەوەمان لە فارسەکان وەرگرتبێ، ئاساییە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە شوێنەواری نفووز و کاریگەریی کولتووری نەتەوەی دەسەلاتدار لەسەرمان حاشای لێناکرێ!

بەڵام کولتوور نەگۆڕ و چەقبەستوو نیە، دەسکردی مرۆڤە و پێڕاهاتن، دەگۆڕدرێ و مرۆڤ دەتوانێ بە کولتوورێکی دیکە ڕابێ و ڕابهێندرێ.

ڕێگەچارە، دیتنی کەموکورتییەکانی خۆمان و دانپێدانان بە ڕاستییەکان، بەخۆداچوونەوە و هەوڵی یەکگرتوو بۆ داهێنان و پەرەپێدان بە کولتووری دێموکراتیکە. بە خۆپێگەیاندن و خۆڕاهێنان بە کولتووری دێموکراتیک دەتوانین خۆمان لەژێر کولتووری داگیرکەر ڕزگار بکەین.

### چەند تێبینی سەبارەت بە دەوری یەکلاکەرەوەی کولتووری بەدیل

- کولتوور پێناسە و بەشێکی هەر گرینگی هوییەتی تاک، ڕێکخراو و نەتەوەیە.

- کولتوور وەک ستراتێژیی، چوارچێوە و ڕێنوێنە بۆ هەڵسووکەوت و سیاسەتکردن. بەبێ کولتوور، بەرچاوی چالاکی سیاسی ڕوون نیە.

- ئەوەی بڕوای بە ئازادی و دێموکراسییە، دەبێ لەبیری داهێنان و پەرەپێدان بە کولتووری دێموکراتیک بێ، دەنا لەگەڵ

بەرنامە و پێڕەو و ئیدیعاکانی خۆی دەکەوێتە ناتەباییەوە و تووشی قەیرانی فکری - سیاسی و هوییەتی دەبێ.

- وەک چۆن جووڵانەوە بە بوونی دامەزراوەگەلی نیشتمانی و هاوبەشەوە کەسایەتیی حقووقی پەیدا دەکا، خەباتی ڕزگاریخوازیش بە کولتووری ئازادیخواز و دێموکراتیکەوە دەبێتە خاوەنهوییەت و پێناسە .خەباتی ڕزگاریخواز پێویستیی بە پێناسە و هوییەتی سەربەخۆیە.

- کولتووری دێموکراتیک کاریگەرترین چەکی خەباتگێڕی نەتەوییە. تەیاربوون بە کولتووری دێموکراتیک، هێز و ئێعتبار و سەقامگیریی بە جووڵانەوە دەبەخشێت.

- کولتوورسازیی بەشی سەرەکیی لە سیاسەت و خەباتی سیاسییە و لە سیاسەتکردن جیاناکرێتەوە.

- هیچ قەوارەیەکی سیاسی بەبێ کولتوور بەردەوام نابێ. بۆخۆت ئەگەر خاوەنی کولتووری تایبەت بەخۆت نەبووی، بەبێ ئەوەی هەست پێبکەی دەخزێیە ژێر نفووزی کولتووری ئەملا و ئەولاوە.

- سیستمی سیاسی لە سەر بنەمای کولتوور دەوام و قەوام دەگرێ. ئەگەر سرنج بدەین، لەکاتی ڕووخان و ئالووگۆ ڕی ڕێژیمەکان دا، هەرلایەک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، سەرەتا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا ئاسەوارە کولتووریەکانی ڕیژیمی پێشوو بسڕێتەوە و بیرو بۆچوون و "جهانبینی"ی خۆی بکات بە کولتووری ولاتەکە.

**خەباتی ڕزگاریخوازیش بۆ سەقامگیربوون و بەردەوامبوونی خۆی پێویستیی بە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە.**

- نەبوونی کولتووری دێموکراتیکی تەنیا نەبۆتە هۆکار و سەرچاوەی دووبەرەکی و نایەکگرتوویی و یەکترسووککردن و شەڕەگەڕەکی نەبراوە، بەڵکوو لە ئاکام دا بۆت بە هۆکاری شکڵنەگرتن و پێکنەهاتنی گوتار و سترایژیی هاوبەشیش.

نەبوونی گوتاری سیاسیی یەکگرتوو و سەقامگیر، بۆتە هۆی ئەوە کە جاروبار لەجیاتی ئەوەی شێلگیرانە گوتار و ئەدەبییاتی سیاسیی خۆمان بەرینە نێو کۆمەڵگا و ڕێکخراوە فارسەکانەوە، گوتارو ئەدەبییاتی سیاسیی ئەوان وەرگرین و دەیهێنینە نیو خۆمانەوە!

- وەک چۆن بۆ جێنشینکردنی سیستمێکی دیکتاتوری بە سیستمێکی دێموکراتیک، بەدیلێکی دێموکراتیک پێویستە، بۆ خۆڕزگارکردن لە تایبەتمەندی و مناسباتی کولتووری دواکەوتووش هەر بەو شێوەیە پێویستیی بە کولتوورێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوو هەیە (کولتووری بەدیل).

- هەوڵ و ستراتێژیی نەتەوەی باڵادەست ئەوەیە و بۆ ئەوە کار دەکا کە لە پرۆسەیەک دا نەتەوەی ژێرستەم خۆی و هوییەتی خۆی، کولتوور و زمانی خۆی لەلا سووک بێ، دەستەمۆی بکا و"داوطلبانە" هێژمۆنی و کولتووری چەوسێنەر اینترنالیزە بکا وهوییەتی چەوسێنەر وەربگرێ و خۆی تێدا ببینێتەوە. ئەگەر لەوە دا سەرکەوت، گەلی بندەست کاری تەواوە!

**گرنگیی بوونی کولتووری دێموکراتیکی بەدیل لەوە دایە کە بەربەست بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو پرۆسەیە دروست دەکا و ڕێگە لە نفووز و سەپاندنی کولتووری دەسەڵاتی حاکم دەگرێ.**

- بەبێ بوونی کولتووری دێموکراتیکی بەدیل، مرۆڤ لە ژێر نفووز و کاریگەریی کولتووری کۆن خۆی بۆ ڕزگارناکرێ یان ورەدە وردە دەگەڕێتەوە ژێر سەیتەرەی کولتووری کۆنەکەوە. کاتێک کاڵای باش لەدەست دا نەبوو، مرۆڤ پەنا بۆ کڕینی کاڵای خراپ دەبا!

- کولتووری دێموکراتیک بۆ پووچەڵکردنەوە و بەرگریکردن لە نفووزی کولتووری دەسەلاتی حاکم، حوکم و کاریگەریی "پادذهر"ی هەیە .تەیاربوون بە کولتووری دێموکراتیکی بەدیل لە خەبات دژی ویرروسی کولتووری دژەدێموکراتیک دا، هێز و تاقەتی خۆڕاگریی و بەرەنگاربوونەوە دەدا بە تاک و ڕێکخراو.

- لە نەبوونی کولتووری بەدیلی دێموکراتیک دا، تاک و ڕێکخراو و جووڵانەوە لە چەک داماڵدراوە و بە دەستی بەتاڵەوە دەکەوێتە بەر دەستی چەوسێنەر.

کولتووری دێموکراتیک یەک لە کاریگەرترین چەکەکانی خۆپاراستن و پێشگرتن لە نفووزی داگیرکەرە، دەتپارێزێ و بوونەکەی، "مصونیت" دەدا بە ڕێکخراو و جووڵانەوە.

- تەنیا کولتووری دێموکراتیک تاقەت و زەرفییەتی کۆکردنەوەی هێز و پوتانسییەلەکانی خەبات و مودیرییەتکردنیانی

هەیە.

**بەپێچەوانەی کولتووری دیموکراتیک، کولتووری نادیموکراتیک:**

- قەیرانخوڵقێنە و پڕە لە پوتانسیەلی کێشە و دووبەرەکی و دووپاتکردنەوەی هەڵە و ئەزموونە شکستخواردووکان. هیز و ئەنگیزە بەفیڕۆ دەدات.

- زەرفییەتی وەخۆگرتنی جیاوازیی و جیاوازبیرکردنەوەی نیە و جیاوازییە ئاساییەکان دەکات بە کێشە و ململانە و هۆکاری پێکهەڵپڕژان و شەڕی نێوخۆ. فرەچەشنی بە هەڕەشە دەزانێ.

- زەرفییەتی دابینکردنی تەبایی کۆمەڵگای نیە و لە مودیرییەتکردنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا دا دەستەوستانە.

- زەرفییەتی دابەشکردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و خەباتی هاوبەشی نیە.

- هەل و دەرفەتەکان دەسووتێنێ و ڕێگرە لە بەرەوپێشچوونی خەباتی ئازادیخواز.

**بەو هیوایە لە دڵ و ناخی ئەو قەیرانەی ئەوڕۆ تووشی هاتووین، تێگەیشتن و تێڕوانینێکی نوێ و دیموکراتیک لە حیزبایەتی و خەبات لەدایک بێ کە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بگونجێ و جووڵانەوە لە چەقبەستوویی ڕزگار بکا وبەرەوپیشی بەرێ.**

**١٢ی جوولای ٢٠٢٤**

# کورد و ئۆپۆزسیونی "سەراسەری"

## ڕێککەوتن و هاوپەیمانی لەگەڵ ئۆپۆزسیونی ناوەندی بەڵێ، بەڵام چۆن؟

### بەشی یەکەم

مادام ئامانج و دروشمی حیزبە کوردستانییەکان خەبات بۆ ماف و ئازادیی لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دایە، هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئۆپۆزسیونی "سەراسەری" سیاسەتێکی دروستە. ئەگەر بە ڕوانین و تێگەیشتنێکی دێموکراتیکەوە سەیری پرسەکە بکرێ، ڕێککەوتن و هاوکاریی و پێکهێنانی ئالترناتیڤێکی دێموکراتیک، لە بەرژەوەندیی هەر دوو لایەن دایە و هەر دوو لایەن براوەی پێکهاتنەکە دەبن. کەوایە قسەیەک لە سەر سیاسەتەکە نیە، قسە لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتەیە.

هەتا ئەورۆ حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، بەجیا نە بەیەکەوە، هەوڵێکی زۆریان لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە دا داوە و تێچوویەکی بەرچاویان بۆ تەرخان کردووە. بەڵام دەبینین کە ئەو هەوڵانە بێ ئاکام ماونەوە و پەسندکرانی گەڵاڵەی خودموختاری لەلایەن شوورای بەرگریی نیشتمانی (ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران)ی لێدەرخەین، دەسکەوتێکی بۆ جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لێ نەکەوتۆتەوە و لایەنێکی ئۆپۆزسیونی "سەراسەری" لێبڕاوانە پشتیوانی لە ماف و ئازادیی خەڵکی کوردستان ناکات.

#### خۆزگە حیزبەکانمان لەوپێوەندییە دا بەیێ دەمارگرژی چەند پرسیارەیان لە خۆیان دەکرد!

**یەک:** لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو دا بۆ سازان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە "سەراسەرییەکان"، حیزبەکان بەجیا و بەبێ بەرنامەی هاوبەش، لە چ هەوڵ و تێکۆشانێک کورتییان هێناوە کە لەوەدوا دەبێ بیکەن؟

**دوو:** لەو ماوەیەدا، بە درێژەدانی ئەو سیاسەتە چ دەسکەوتێکیان بۆ خۆیان پێ دابین کردوە، قەناعەتیان بە چەند لایەنی ئۆپۆزسیونی "سەراسەری" هێناوە کە لانیکەم بەشێک لە ماف و داخوازەکانی کورد بسەلمێنن؟ هۆکاری وڵامنەدانەوە و

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بەئاکامنەگەیشتنی هەوڵەکانیان چیە؟

**سێ:** چەند حیزبی نەتەوەیەکی ژێرستەم کە ئامانجیان هاوبەشە و بەرژەوەندیی و چارەنووسیان بەیەکەوە گرێدراوە، نەتوانن لەنێوخۆیان دا لەسەر پلاتفۆڕمێکی دێموکراتیک ڕێکبکەون و نێومالّی خۆیان ڕێکبخەن، چۆن دەتوان لەگەڵ چەند لایەنی نەتەوەی دەسەڵاتبەدەست کە خۆیان بە خاوەنماڵ و تۆ بە مەترسی بۆ دەسەڵاتی خۆیان دەزانن، لەسەر دێموکراسی و فرەچەشنی و سەلماندنی ماف و هوییەت و دابەشکردنی دەسەڵات ڕێکبکەون؟!

**چوار:** پرسیارەکە بەراوەژوو بکەینەوە: لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەی دەسەڵاتبەدەست کە ٤٦ ساڵە دان بە هوییەت و سەرەتاییترین مافەکانی کورد دا نایەنن، لەسەر بنەمای کام لێکدانەوە و چ مەنتقێک دەبێ ئامادە دەبن ماف و دەسەڵات لە گەڵ حیزبگەلێکی نەتەوەی ژێرستەم دابەش بکەن کە سەرەڕای بارودۆخی هەستیار و پڕمەترسییان، لەنێو خۆیان دا ناکۆک و ناتەبان، یەکتر وەخۆناگرن، بەبەر چاوی عالەمەوە شەوڕۆژ لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێکهەڵدەپڕژێن و بێڕێزیی بەیەکتر دەکەن و تەنانەت لەپێناو مانەوەی خۆشیان دا، ناتوانن چەند خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە و لەسەریان ڕێکبکەون و بە یەک دەنگ هاوار بۆ مافە زەوتکراوەکانیان بکەن؟!

**پێنج:** لە کوردستانێک دا کە چەند حیزب هەن و دەور دەگێڕن، ئایا لایەنە فارسەکان یەک حیزب بە نوێنەر و زمانحاڵی خەڵک کوردستان دادەنێن و وەک هاوبەشێکی هاوسەنگ و هاوئاست و خاوەن مافی یەکسان چاو لێدەکەن و تەعامولی لەگەڵ دەکەن یان وەک پاشکۆ و دەستگرەوە؟!

**شەش:** ئەو حیزبە کوردستانییە ئەگەر بڕوای بە دێموکراسی و مافی خەڵک هەیە، نابێ لە خۆی پرسیار بکا کە ئایا ئەساسەن ئەو مەشرووعییەتەی هەیە کە وەک نوێنەری کورد لەگەڵ لایەنە سەراسەریەکان دابنیشێ و لەسەر ماف و چارەنووسی خەڵکی کوردستان بڕیار بدات؟

**حەوت:** بەپێی ئەزموون، هەر حیزبێک بەتەنیا بەتەمای سازان لەگەڵ ئێرانییەکان دابنیشێ و خۆی بە نوێنەری کورد بناسێنێ، ئاسایی کە حیزبەکانی دیکە هەڵوێست بگرن کە ئەو نوێنەری ئەوان و خەڵکی کوردستان نیە! ئەوکاتە، کێشەکە دەبێت بە کێشەی نێوخۆی حیزبە کوردستانییەکان. لە وەها دۆخێک دا، ئایا لایەنە کوردییەکەی ڕەگەڵ "سەراسەریەکان" کەوتووە، قەدر و قورسایی و بایخێکی لەنێو لایەنە فارسەکان بۆ دەمێنێتەوە؟!

**هەشت:** دابنێین کە ئالترناتیڤێک دروست بوو، ئایا تاقە حیزبێکی کوردستانی کە لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە ڕەوایی کەوتبێتە ژێر پرسیار، ئایا لە نێو چەندین لایەنی "سەراسەری"ی دا وەک ئەندامێکی کاریگەری ئالترناتیڤەکە دەژمێردرێ یان وەک "یک گروه کوردی" و "یەک گروه محلی" دەخرێتە پەڕاوێزەوە؟

**نۆ:** ئایا ڕێککەوتنێکی ئاوا، ئەوەندە دێنێ کۆمەڵگای کوردستانی بۆ "پۆلاریزە "بکەی و پرسی کورد لەگەڵ ئوپوزسیونی ناوەندی بکەی بە کێشە و دووبەرەکی کۆمەڵگای کوردستان؟ ئایا ئەوە بێبایخکردن و سووککردنی کورد و جوولانەوەکەی نیە؟ دە: ئالترناتیفێک بەبێ بەشداریی هەموو کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە، لە ئێران دا چ بایخ و پێگەیەکی دەبێ و لە لایەن کۆمەڵگای نیودەوڵەتییەوە وەک ئالترناتیڤێکی گشتگیر و دێموکراتیک بایخی پێ دەدرێ؟

**بۆ وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمیش، حیزبی تاکڕەوی کوردستانی بەرەوڕووی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە!**

یەک لە کەمووکورتییە هەرە گەورەکان لە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبە کوردستانییەکان دا ئەوەیە کە بۆ هیچ پرسێک خەسارناسی ناکەن و لەترسی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی لاوازیی و هەڵەکان، خۆ لە خەسارناسی نادەن!

خۆدزینەوە لە خەسارناسی بۆتە هۆی ئەوە کە هەڵە و کەمووکووڕییەکان شاراوە بمێننەوە، هیچ پێوەر و پێوانەیەک بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتن نەبێ، سیاسەتی دروست و نادروست لەیەک جیانەکرێنەوە و هەموو کارەکان بە شکست و پاشەکشە و لێکدابڕانەکانیشەوە، بە سەرکەوتن و دەسکەوت دابنرێن!! لە ئاکامی نەبوونی کولتووری خەسارناسی دا، ڕێگەی پێداچوونەوە دەگیرێ و هەڵە و ئەزموونە شکستخواردووەکان دووپات و چەندپات دەبنەوە و هەوڵ و ئینرژی و تێچووەکان بەفیڕۆ دەچن.

دەنا، درێژەدان بە سیاسەتێک کە ٤٦ ساڵە چووکترین دەسکەوتی سیاسی پێ دابین نەکراوە و نەیتوانیوە پشتیوانیی بەشێک لە ئوپوزسیونی ناوەندگەرا لە پرس و داخوازەکانی کورد مسۆگەر بکات، ناوی چیە؟!

ڕێژیم و ئوپوزسیونی فارس ئێمەیان باش ناسیوە و دەزانن خاڵی لاوازی کورد دووبەرەکی و پرشووبڵاوبوونیەتی و بەزیانی کورد ئەوپەڕی کەلکی لێوەردەگرن. دەزانن چۆن کایە و پاشەکشەمان پێ بکەن، دەزانن دژایەتی یەکتر وەپێش ئامانجەکانمان دەخەین و بۆ شکاندنی یەکتر، ئامادەین بۆ نەیارەکانمان تێبشکێین.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

سەیرە دوای ٤٦ ساڵ هەست پێنەکەی کە ئوپوزسیونی فارس، پرسی ڕێککەوتن لەگەڵ کوردیان کردۆتە گۆڕەپانێکی پڕمەترسی بۆ دووبەرەکینانەوە و ململانەی "گروە های کرد" لەگەڵ یەکتر! لە پرسی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمیش دا،

**هەمووجارێ لە تەوەهوم دا بەو تەڵەوە دەبین!**

دووبەرەکی و ململانە لەسەر بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبی، کوردی نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێران دا لاواز کردووە، دۆست و لایەنگرانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیشی تووڕە و تەمابڕاو کردووە.

**وتوویژ لەگەڵ ئوپوزسیونی ناوەندگەرا بە مەبەستی ڕێککەوتن بە چ شێوە و مێکانیزمگەلێک؟**

بەهەویای دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەوڵدان بۆ هاوکاریی و هاوبەندی لەگەڵ ئوپوزسیونی فارس ناتوانێ سەر بگرێ، ئەگەر هەوڵەکە هیزێکی یەکگرتووی حیزبەکانی لەپشت نەبێ.

حیزبی کوردستانی ئەورۆ بەتەنیا ئەو هێز و قورساییەی نیە کە لەنێو چەندین لایەنی "سەراسەری" دا، تای تەرازوو بەلای خۆی و معادلاتی سیاسی لە بەرژەوەندیی کورد دا بگۆڕێ و بتوانێ مەرجەکانی خۆی بە ئوپوزسیونی فارس بسەلمێنێ. ئەوە تەسلیمتەڵەبی و تەمابڕاویی نیە، واقعی سیاسییە و ڕاستییەکە کە دەیان جار تاقی کراوەتەوە. ئەگەر دەکرێ، بۆ نایکەن؟!

ناتەبایی! حیزبە کوردستانیەکان لە ئێرانی فرەگەلیدا، خۆیان بە حیزبی ناوچەیەک و نەتەوەیەک دەزان، دەڵەن ڕێژیم بەوان ناڕووخێ و لە ئێران دا ئالووگۆڕی بنەڕەتی لە کوردستانەوە پێکنایە و خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی ناکەن. کەوایە حیزبێکی کوردستانی بەپێی کام مەنتق ئیدیعا دەکا کە بەتەنیا لەنێو چەند ڕەوتی "سەراسەری" دا، دەتوانێ داخوازەکانی کورد بە لایەنە بەرانبەرەکانی بسەلمێنێ؟!

هەمیشە دەگوترێ، خەڵکی کوردستان وشیار و سیاسیە و داوای ماف و ئازادی دەکا. ڕاستە، بەڵام خەڵکی وشیار و سیاسی زەرفییەت و پوتانسییەلە و کاتێک دەبێت بە هێزی "بالفعل" و لە هاوکێشەی سیاسی دا کاریگەری دەبێ و دەسکەوتی پێ دابین دەکرێ کە ڕێکخرا بێ، و لە هەموو دنیا خەڵک لە ئەحزابی سیاسی دا ڕێکدەخرێ و یەکێتی و کۆبەندییش بە ئەحزابی سیاسی پێکدێ. ڕاستییەک کە ناسەلمێندرێ.

بۆیە، هێز و قورسایی کورد لە یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەشی حیزبەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە. کورد بە یەکگرتوویی لە هاوکێشە سیاسییەکان دا دەور دەگێڕێ و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بۆ دەپارێزرێ.

حیزبە کوردستانییەکان، ئەوکاتە دەتوانن وەک هاوبەشێکی خاوەن قورسایی لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی سەراسەرییەوە بەهەند بگیرێن کە یەکبگرن و وەک لایەنی کوردستانی بە پلان و ستراتێژیی هاوبەشەوە لەگەڵ ڕەوتەکانی ئۆپۆزسیۆنی "سەراسەری" بەمەبەستی ڕێککەوتن و پێکهێنانی ئالترناتیڤێکی دێموکراتیک بکەونە وتووێژەوە. ئەوکاتە دەتوانن بە سازان و دابینکردنی دەسکەوت هیوادار بن و وەک کۆڵەکەیەکی قایمی ئالترناتیڤەکە بەرچاو دەکەون و حزووریان وەک فاکتورێکی یەکلاکەرەوە لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە دەسەلمێندرێ.

**حیزبی کوردستانی ئەگەر بیهەوێ لەنێو چەندین لایەنی فارس دا سەرهەڵبڕێ، داکۆکی لە هوییەت و مافە نەتەوەییەکانی بکا، و نەپارێتەوە مافی بدەنێ و ناچار نەبێ ئاستی داخوازەکانی بۆ تەمەرکوززدایەکی ناڕوون دابەزێنێ، پێویستیی بە هێزە و دەبێ بسەلمێنێ کە ئەو هێزە تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی حیزبە کوردستانییەکان مسۆگەر دەبێ.**

کارەساتە، دوای ٤٦ ساڵ تاقیکردنەوە نەیسەلمێنی کە هەوڵدانی حیزبە کوردستانییەکان بە پڕشووبڵاویی و بەبێ پلان و هێزی یەکگرتوو، بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنەکانی ناوەندگەرا، تەنیا بەفیڕۆدانی کات و تێچوو و ڕنجبەخەساربوونی لێ دەکەوێتەوە و ئامانج ناپێکێ!

**ڕێکنەکەوتن و یەکنەگرتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دۆخە هەستیار و پڕمەترسییە دا، بۆتە عەیبە و کارەسات. پاشملە، هەر یەکەی ئەوی دیکە تاوانبار دەکا کە لەمپەر لەبەر یەکگرتن چێ دەکات.**

ئەگەر بەڕاستی حیزبەکان ئامانج و تەمایان یەکگرتووییە، باشترین کار ئەوە نابێ کە ئەو پرسە بێننە نێو بیروڕای گشتی و هەڵوێستی خۆیان بۆ خەڵک ڕون بکەنەوە؟ ئەو هەموو "خەڵک" "خەڵک" دەکرێ، با "خەڵک"یش ئاگادار بێ چ باسە و دەرفەتی قەزاوەتی پێبدرێ!

بەدڵنیاییەوە، خاوەنبیر و چالاکانی سیاسی و ڕووناکبیران و ... لە دەرەوەی حیزبەکان، بۆ کردنەوەی ئەو گرێپووچکەیە کە بۆتە "پانیێ ئاشیل"ی کورد، دەتوانن یاردەدەر بن و دەوری ئەرێنی بگێڕن.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

جاران دەگوترا کە باش نیە کێشە و ناکۆکییەکانی حیزبەکان بەڕاگەیاندن بکرێ، نەیاران کەڵکی خراپی لێ وەردەگرن. ئێستا ئیدی ئەو قسەیە بێمانا بووە: شەڕەجنێو و پەلاماردانی یەکتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا هەموو سنوورەکانی ئەمنییەتی و ئەخلاقی بەزاندووە و نەیاران پێویستیان بە خۆماندووکردن نیە بۆ ئەوەی بزانن لە نێو حیزبەکان دا چ ڕادەبرێ!

ڕێبەرایەتی حیزبەکان ئیدیعا دەکەن ئاگایان لەو کارەساتە نیە! قسەیەک کە ئەورۆ هیچ کەس بەهەندی ناگرێ و بڕوای پێناکا. بەپێچەوانە، بێدەنگیی زەقی ڕێبەرایەتییەکان لە بەرانبەر ئەو دیاردە دزێوە دا، ئەو باوەڕەی لەنێو خەڵک دا بەهێز کردووە کە ڕێبەرایەتی حیزبەکان بۆخۆیان ڕێکخەر و درێژەدەری شەڕەجنێون.

**پاشان، کارەساتە ڕێبەرایەتی حیزبێک ئاگای لە کەش و دۆخی نێو تەشکیلاتەکەی خۆی نەبێ!**

شاردنەوەی هۆکارەکانی سەرنەگرتنی دانیشتنەکان بەمەبەستی سازان و یەکگرتن لە خەڵک، خۆی بۆتە هۆکار بۆ پەرەسەندنی دیاردەی شەڕەجنێو لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دا. تەنانەت ئەندامانی حیزبەکانیش نازانن چ خەبەرە و لە نەبوونی شەفافیەت دا کەتوونەتە گیانی یەکتر! هەر کەسە حیزبەکەی خۆی پێ بێخەتایە و ئەوی دیکە بە بەرپرسی هەرەسهێنانی هەوڵەکان دەزانێ!

١٧ی فێبریوێری ٢٠٢٥

---

## کورد و ئۆپۆزسیونی "سەراسەری"

### بەشی دووهەم

### دوو خاڵی شیاوی سرنجپێدان

### یەکەم، پێوەندیی نێوان دێموکراسی و هێز:

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئۆپۆزسیونی ناوەندگەرا دا، حیزبە کوردستانییەکان یەکلایەنە ئاوات و تێگەیشتنی خۆیان لەمەر دێموکراسی دەکەنە بنەمای یەکگرتن و هاوبەندی! بەتایبەتی لە دووپاتکردنەوەی "دێموکراسیی تەوافوقی" ماندوو نابەن!

بەڵام دێموکراسی لە هەموو شوێنێک، تەنانەت لە وڵاتە سەقامگیرە دێموکراتیکەکانیش دا، نەیاری زۆرە و بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بپارێزێ و داکۆکی لە ماف و ئازادی و عەداڵەت بکا، پێویستیی بە هێز هەیە، واتە دەبێ هێزی لە پشت بێ، دەنا تووشی نسکۆ و پاشەکشە دەبێ و لێی خافڵ بی، دەکەوێتە بە دەستدرێژیی نەیارانی و پێشێل دەکرێ.

لە زانستی سیاسی دا، بەتایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ دێموکراسی، دەستەواژەگەلی "دێموکراسیی خۆڕاگر/ بەرهەڵستکار" (Defensive democracy) و "دێموکراسیی دەسکەرەوە / خەباتکار" (militant democracy) لەوەڕا هاتوون.

**ئامراز و میکانیزمەکانی "دێموکراسیی خۆڕاگر" یان "دێموکراسی دەسکەرەوە" لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکان بریتین لە:**

دەسەڵاتی یاسا، یاسای بنەڕەتی، کولتووری دێموکراتیک، هەڵبژاردن و پارلمانی ئازاد، کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی، ڕاگەیەنەری گشتیی ئازاد و سەربەخۆ، دەزگای قەزایی سەربەخۆ...

بەڵام دەبینین کە هیچکام لەوانە لە پێوەندیی و مناسباتی نێو ئۆپۆزسیونی ئێران دا بوونیان نیە، پرسەکە کە دەگاتە کورد و پرسی کورد، زۆر ئاڵۆزتر و ئاستەم تریش دەبێ. بۆیە لێرەدا دێموکراسی زۆر زیاتر پێویستیی بە هێزی پارێزەر



سەرچاوە
Serchawe

هەیە. بەتایبەتی بۆ سەلماندنی دێموکراسیی تەوافوقی، کورد پێویستیی بە هێز هەیە و ئەو هێزە تەنیا بە یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەشی حیزبەکان دابین دەبێ. لێرە دایە کە ستراتیژی و خەباتی هاوبەشی کورد مانا و گرینگیی خۆی دەسەلمێنێ.

چەکی کاریگەری کورد بۆ پاراستنی ماف و دێموکراسی، یەکگرتووییەتی. بەبێ یەکگرتوویی و ستراتیژی و هەنگاوی هاوبەش، هیچ حیزبێکی کوردستانی بەتەنیا ئەو هێزەی نیە لەبەینی چەندین لایەنی ناوەندگەرا لە ئاستی ئێران دا دێموکراسی بپارێزێ چ بگات بە سەلماندنی دێموکراسی تەوافوقی. مەگەر بە دروشم و ئیدیعا دڵی خۆمان خۆش بکەین، وەک ئەوەی بەردەوام دەگوترێ: **لە داهاتووی ئێران دا هیچ شتێک بەبێ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد ناکرێ!**

سەبارەت بە "هێز"، ریچارد هاس سیاسەتوان و دیپلوماتی ئەمریکایی بەدروستی دەڵێ: "هێز و ئیعتبار لە نێو خۆ دا پێکدێ و لە دەرەوە ڕەنگ دەداتەوە و شوێن دادەنێ."

جا کاتێک حیزبەکانمان لە کوردستان لەنێو خۆیان دا ناتەبا و نایەکگرتوو و بە دژایەتی یەکترەوە خەریک بن، چۆن لە ئاستی ئێران دا بەهەند دەگیرێن و بە چ هێز و پشتوانەیەک دێموکراسی دەپارێزن و چاوەڕوانن ئوپوزسیونی "سەراسەری" دێموکراسیی تەوافوقیان بۆبسەلمێنێ؟!

بەبێ هێزی یەکگرتوو، لە باشترین حاڵەت دا دەکەوینە بەر بەرداشی دێموکراسی زۆرینە و دەبێ دەست بگرینەوە بەڵکوو وەک کەمایەتی قەومی وەخۆمان بگرن و هێندێک لە ئازادییە دێموکراتیکەکانمان پێ ڕەوا دەبینرێ!

دێموکراسی تەوافوقی لە هیچکوێ بە دروشم و هەڕەشە و خۆهەڵکێشان وەدی نەهاتووە. تەنیا بە هێزی یەکگرتوو و ئیرادە و ستراتیژیی هاوبەش دەبینە خاوەن هێز و ئیعتباری سیاسی و دەتوانین داوای "دێموکراسیی تەوافوقی" بکەین و داخوازەکانمان بە لایەنە فارسەکان بسەلمێنین. دەنا دەبێ پرسی هوییەت و خوێندن بە زمانی زگماکی و دابەشکردنی دەسەڵات و فیدرالیزم لەبیر بکەین.

**دووەم، پرسی قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز:**

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر جاران باسی "خەباتی نابەرابەر"یان کردووە و دەیکەن، لە بەرانبەر ڕێژیم و ئوپوزسیونی

"سەراسەری" دا. بەڵام ئەوەی باسی لێوەنەکراوە و ناکرێ ئەوەیە کە "هێز" چیە و بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی "هێز" چ هەنگاوێک هەڵدەگرینەوە و چ ئامرازگەلێکمان لەبەردەستە؟!

ئاخر کاتێک دەزانی دوژمنەکەت لە تۆ بەهێزترە، مەنتیقەن دەبێ لە بیری ئەوە دا بی ئاستی هیزی خۆت بەریە سەر و نابەرابەرییەکە قەرەبوو بکەیەوە. پێداهەڵکوتن بە بەژن و باڵای "هێز" و دووپاتکردنەوەی ئەوە کە "هێز یەکلاکەرەوەیە" و "دەبێ خۆمان بەهێز بکەین"، "هێز"ی پێ دروست نابێ و بەهێزمان ناکات!

هێزی نیزامی و ئیعتباری سیاسی کە لە یەکگرتوویی و ستراتیژیی هاوبەش دا ڕەنگ دەداتەوە، تەواوکەری یەکترن. ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی دەساڵی ڕابردووی بەشەکانی کوردستان ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێ.

ئەو دەسکەوتانەی هێزی نیزامیی کورد (پێشمەگە، شەڕوان، گەریلا) بە ئازایەتی و خۆڕاگریی کەموێنەی خۆی دابینی کردوون، دووبەرەکی و ناتەبایی حیزبە سیاسییەکان لە کورتترین ماوە دا بەبایان دا داوە! لەو پێوەندییە دا قسە و ئیستدلالی حاشاهەڵنەگر زۆرن.

زۆر جاران پێشمەرگە لە مەیدانی شەڕ دا پاشەکشەی بە ڕێژیم کردووە و سەرکەوتنی نیزامیی وەدەست هێناوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یەکگرتوویی سیاسی، نەک هەر سەرکەوتنە نیزامییەکە نەکراوە بە دەسکەوتی سیاسی و ستراتیژیک، بەهۆی ناتەبایی سیاسی و کێشەی نێوخۆ، سەرکەوتنە نیزامییەکەش نەپارێزراوە. نموونەکان بەبەر چاومانەوەن!

کەوایە، ئەو بۆچوونە زاڵە لەنێو کورد دا کە چەک و هێزی نیزامی ئیعتباری سیاسی دەدا بە خاوەنەکەی و هێزی نیزامی بەتەنیا، فاکتوری یەکلاکەرەوەیە، موتڵەق نیە و مەشرووتە.

لەوەتی کورد هەیە و خەبات بۆ ماف و ئازادی دەکا، لە باری نیزامییەوە بەقەرا ئەوڕۆ بەهێز و پۆشتە نەبووە، بەڵام ئەو هێزە عەزیمە ماف و ئازادیی بۆ نەتەوەی کورد پێ دابین نەکراوە. هۆکاری سەرکیی ئەو دۆخە دڵتەزێنە، ناتەبایی سیاسی و نەبوونی بەرنامە و ستراتیژیی هاوبەشی حیزبەکانە و ئەگەر هەروا بڕوا، دوور نیە ئەوەی هەشە لەدەست بچێ! ناتەبایی سیاسی، کاریگەریی هێزە نیزامییەکەی دابەزاندووە.

**بەگشتی و بەتایبەتی لە خەباتی ڕزگاریخواز دا، ئەو فاکتۆرانەی لە ئاستی نێو خۆ و دەرەوە دا هێز و ئیعتبار دەدەن بە**



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**بزووتنەوە و نابەرابەریی هێز قەرەبوو دەکەنەوە، بریتین لە:**

- کۆبوونەوەی حیزبەکان لە دەوری پلاتفۆرمێکی دێموکراتیکی هاوکاریی بە مەبەستی دابینکردنی یەکگرتوویی سیاسی.
- دارشتنی ستراتیژیی هاوبەشی خەبات.

- بەرنامە و پرۆژە بۆ کاری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات.

- یەکخستن و ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە.

- پێکهێنانی نوێنەرایەتێکی هاوبەش لە ئاستی نێودەوڵەتی دا.

- دەزگایەکی بەهێزی راگەیاندن بە ئیمکاناتی لایەنەکان.

- پتەوترکردنی پێوەندیی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکە. بە پێی ئەزموون، یەکگرتوویی و هاوکاریی و هەروەها پرشووبڵایی حیزبە کوردستانییەکان لە نێو خۆیان دا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکیی و تێکۆشانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال.

- دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ قۆناخی تێپەڕاندن و دوایە بە مەبەستی پێشگرتن لە بۆشایی دەسەڵات و سەرهەڵدانی ئالۆزیی و بشێویی، لە ئەگەر ڕووخانی ڕێژیم دا.

- بەگشتی، دێموکراتیزە و نهادینەکردنی جوولانەوە.

بەڵام دەبینین کە بەکردەوە خۆمان لەو ئامرازانەی کە تارادەیەکی بەرچاو دەتوانن ئەو نابەرابەریە قەرەبوو بکەنەوە، بێبەش کردووە!

هێز: "هێز" تەنیا چەک و چەکدار واتە هیزی نیزامی نیە، "هێز" تێکەلاوێکە لە چەندین پێکهاتە و "موئلفە" کە بەیەکەوە 'هێز" دروست دەکەن و بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی ژێرستەم، بەیەکەوە مانا پەیدا دەکەن و کاریگەرییان دەبێت: تەبایی و

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

یەکگرتوویی سیاسی، هێزی نیزامیی پۆشتە، دێموکراسی و مەشرووعییەتی نێوخۆیی، ستراتیژی و پلانی هاوبەش، ئینسجامی دێموکراتیک، ئەمنییەت و تەبایی کۆمەڵایەتی، هەڵکەوتوویی ژێئوپۆلیتیک، پێوەندیی و دیپلوماسی و هاوبەش، هاوپەیمانی، میدیای مودێرن، سەروەت و سامان، جوغرافیا ... تەواکەری یەکترن و بەیەکەو کاریگەرن و ماف و بەرژەوەندییان پێ دابین دەکرێ.

بەبڕوای من، یەکێ لە هۆکارەکانی گرینگینەدان بە پرسی یەکگرتوویی و کاری هاوبەش، تێگەیشتنی ناتەواو لە "هێز"ە. "هێز" لە چەک و چەکدار دا بەرتەسک دەکاتەوە و هیزی نیزامی بە تەنیا فاکتوری چارەنووسساز دادەنێ.

بۆ ئەوەی بتوانین یەکبگرین، دەبێ تێڕوانین و زیهنیەتەکانمان بگۆڕێن و لێبڕاوانە بەو چەمکانە دا بچینەوە کە بوونەتە باوەڕی نەگۆڕ و جەزمی مەزهەبی.

**بۆ دواییپێهێنان:** خەباتی نەتەوەیەکی ژێرستەم جیاوازی زۆرە لەگەڵ خەباتی ڕێکخراوگەلی نەتەوەی باڵادەست بۆ گۆڕینی دەوڵەتی ناوەندی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ناوەند. ئەوان کێشەی سەلماندنی هوییەت و زمان و سەروەیی سیاسی و سۆپا و تێکنولوژی شەڕ و هەڵاواردنی ئابووریان و ... نیە، حاکمی وڵاتن. لە هەموو حاڵەتێک دا خاوەنی ئەو مافانەن و مان و چارەنووسی نەتەوکەیان نەبەستراوەتەوە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم یان ئەو حیزبی سیاسی.

خەباتی نەتەوەی ژێرستەم تاقەتی سیاسەتی "یکجانبەگرایی" و پرشووبڵاویی ئەکتەرەکانی نێو خۆی نیە و بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز و گەشە و بووژانەوە، چەندهێندەی خەباتی نەتەوەی دەسەڵاتبەدەست پێویستیی بە هێزی یەکگرتوو و پلان و خەباتی هاوبەش هەیە. لە بنەڕەت دا، لە بەرانبەر ڕێژیمی خاوەن سوپا و کەرەستەی مودێرنی شەڕ، خۆڕاگرتن و تێنەشکانی جووڵانەوە گرێ دراوە بە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش چ بگات بە سەرکەوتن.

**لەبیرمان نەچێ، کێشەکە کێشەی ناسنامەیە، کیشەی دەسەڵاتی سیاسی و حاکمییەتە و ئێمە بۆ دابەشکردنیان لە ئێران دا خەبات دەکەین! هاسان نیە، کەس دڵخوازانە ئامادە نیە دەسەڵات و حاکمییەتی خۆی دابەش بکا، مەگەر ئەوەی هێزێکی قایم و پۆشتە لە بەرانبەر خۆی دا بەدی بکا و هەست بکا ئەگەر مافەکانت نەسەلمێنێ، مافەکانی خۆی دەکەوێتە مەترسییەوە!**

١٧ی فێبریوێری ٢٠٢٥

## ڕێککەوتنی "هێزەکانی سووریای دیموکرات "و "حکومەتی کاتیی سوورییە"

ئەو ڕێککەوتنە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی تەرازووی هێز لە سوورییە بەدوای ئالووگۆڕەکانی پاش ڕووخانی ڕیژیمی بەشار ئەسەد لەو وڵاتە بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کە شوێنی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە ناوچەیی و سەرووناوچەییەکانە، ڕووداو و ئاڵووگۆڕەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

**تێگەیشتن لە سیاسەتی ڕێبەریی "هێزەکانی سووریای دیموکرات" (هەسەدە) و هاتنەدی ئەو ڕێککەوتنە تەنیا ئەوکاتە واقعبینانە دەبێ کە هەموو لایەنەکان و ئاڵووگۆڕەکانی نێوخۆی سوورییە وەک خۆیان ببیندرێن و لەبەر چاو بگیرێن:**

- پێگە و دەسەڵاتی نیزامیی هەسەدە بەنیسبەت لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتیی پشتیوانیی هەتا ئێستای ئەمریکا و ئاڵمان و فەڕانسە لە هەسەدە بۆتە هۆی ئەوە کە حکوومەتی ئەحمەد ئەلشەرع نەتوانێ دەوری کورد نەبینێ و لەگەڵی نەسازێ. لاوازبوونی پێگە و ناوبانگی ئەحمەد ئەلشەرع بە دوای هێرشکردن بۆ سەر عەلەوییەکان، یارمەتی کرد بە خێراتربوونی پێکهاتن لەگەڵ هەسەدە.

- بەمەبەستی هەڵگرتنی گەمارۆکانی وڵاتانی ڕۆژاوا لەسەر سوورییە، حکوومەتی کاتیی ناچارە زۆر لە مەرجەکانی ئەمریکا و ئورووپا، یەک لەوان دانان بە کۆمەڵێک مافی دێموکراتیک بۆ کورد، بسەلمێنێ. ئەلشەرع بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی پێویستیی بە هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانە.

- دەسەڵاتی ئەلشەرع نیگەرانە لەوەی عەلەوییەکان و دروزییەکان پاڵ وە ئیسرایل بدەن و ئیسرایل بۆ دەخالەتکردن لە کاروباری سوورییە بیانووی بکەوێتە دەست.

تێگەیشتن لەوە کە ئیسرایل بە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد نیگەرانییەکانی نەڕەویونەوە و نەحەساوەتەوە، زۆر موشکیل نیە! ئیسرایل، بەتایبەتی لە ١٣ ساڵی ڕابردوو دا، گەورەترین زەبر و خەساری لەلایەن و لە ڕێگەی سوورییەوە پێگەیوە و سوورییە گەورەترین ریسکی ئەمنییەتی بووە بۆی. بۆیە ئیسرایل ئەوڕۆ دڵنیا نیە و ڕیسک ناکا.

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بەپێچەوانەی ولاتانی عەرەبی و تورکیە، ئیسرایل بوونی حکوومەتێکی موتەمەرکیزی بەهێز لە سوورییە بە هەڕەشە بۆسەر خۆی دەزانێ، بۆیە ئێستا لایەنگریی لە بەشداریی درووزی و کورد و عەلەوییەکان لە حکوومەتی ناموتەمەرکیزی سوورییە دا دەکات.

- دڵەڕاوکەی حکوومەتی نوێی سوورییە کە دەستی ئێران بکەوێتەوە نێو سوورییە و بەهۆی پشتیوانیی لە پاشماوەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، دۆخی ولات بشێوێ و لە کۆنترۆڵ دەربچێ. ئەوە نیگەرانیی هاوبەشی ولاتانی عەرەبی، تورکیە، ئەمریکا و ئورووپا و ئیسرایل لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی سوورییەیە.

- ترسی دەسەڵاتی نوێی سوورییە کە هەسەدەی خاوەن هێزی ڕاهاتوو لەژێر فشار و هێرشی تورکیە و بێدەرەتانی و تەمابڕاویی لە دەوڵەتی تازەی سوورییە، لە ئێران نزیک ببێتەوە.

- هەسەدە دەزانێ کە بێجگە لە ئێران، هەموو لایەنەکانی دیکە (ولاتانی عەرەبی و تورکیە و ڕۆژاوا و تەنانەت ڕووسییەش) خوازیاری سەقامگیربوونی دۆخی نوێی سوورییەن و بۆ ئەو مەبەستە بێجگە لە پشتیوانیکردن لە دەسەڵاتی ئەحمەد ئەلشەرع، ئالترناتیڤێک بەدی ناکەن.

**ولاتانی عەرەبی و تورکیە خوازیاری دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا لە سوورییە دان کە ڕوو لە ڕۆژاوا و لە بەرەی خۆیان دا و لە دەرەوەی نفووزی کۆماری ئیسلامی دا بێ.**

- نیگەرانی ڕێبەریی هەسەدە لەوە کە ئەمریکا دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە، پاشەکشە بە هێزەکانی لە کوردستانی ڕۆژاوا بکا و ئەوان لە پێناو ڕێککەوتن لەگەڵ تورکییەی ئەندامی ناتۆ بکاتە قوربانی. لەبیرمان نەچێ کە ئەمریکا و فەرانسە لە پێشەوە ئاگاداری ڕێککەوتنەکە بوون و پشتیوانیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەتنەکە سیگناڵێکە بە هەسەدە.

- بەهێزبوونی نفووز و پێگەی توکیە دوای نەمانی بەشار ئەسەد و پەرەسەندنی هێرشەکانی بۆ سەر هەسەدە.

- نابێ کاریگەریی بانگەوازی کاک عەبدوڵا ئوجالان لەسەر ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەسەدە بەکەم بگیرێ! هەسەدە خوازیاریی دامەزراندنی یەکەیەک و قەوارەیەکی نەتەوەیی لە سوورییە نەبووە، هەمیشە داوای مافە دێموکراتیکەکانی پێکهاتەکانی سوورییەی کردووە، نەک فیدرالیزم یان ئوتونومی. ڕێککەوتنەکەی "دێمشق"یش ڕەنگدانەوەی بانگەوازەکەی کاک

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

عەبدوڵا ئۆجالانی پێوەدیارە.

- هەسەدە بەر لەوەی وەک جووڵانەوەیەکی سیاسی دەرکەوێ، خۆی زیاتر وەک "شەڕکەری ئازا" خۆی ناساند. ئازایەتی تایبەتمەندییەکی بەرز و باشی مرۆڤە و پێویستە، بەڵام ئەگەر ستراتیژییەکی سیاسیی ڕوون لەپشت "شەڕکەری باش" نەبێ، لەگەڵ تەوابوونی شەڕ، کاری ئەویش تەواو دەبێ. ئەرکی حیزبی سیاسییە کە فیداکارییەکانی شەڕکەری ئازا بکات بە دەسکەوتی سیاسی.

- سەرەڕای هەوڵی زۆری فەڕانسە و ئاڵمان، "هێزەکانی سووریای دیموکرات" هەسەدە و "ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد" (ئەنەکەسە) نێومالی خۆیان بۆ ڕێکنەخرا و نەیانتوانی بەرژەوەندییە تەسەکە گرووپییەکانیان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بنێنە لاوە و بەیەکەوە وەک کورد بچنە دیمشق! ئەلشەرع بەو خاڵە لاوەزەی کوردی زانی و بەقازانجی خۆی کەڵکی لێوەرگرت.

کاتێک ئامادە نەبێ لە نێو خۆت دا هەنگاوێک بۆ یەکتر پاشەکشە بکەی، لە دەرەوەی خۆت ناچار دەبێ چەند هەنگاو لە بەرانبەر مودەعییەکانت پاشەکشە بکەی! کاتێک لە نێوخۆت دا سازان لەگەڵ یەکتر بە لاوازیی بزانی، لە دەروەی خۆت سازانت پێدەکەن!

دەرسێکی بەنرخ! لە شەڕ و ململانەی وڵاتانی ناوچە دا، زۆر لایەن هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن بۆ مەبەستی خۆیان کورد بەکار بێنن و بە کورد پاشەکشە بە خەنیمەکانیان بکەن. ئەگەر پێویستیان بووبێ بە بەژن و باڵای کوردیان دا هەڵکوتووە و بەڕواڵەت لایەنگرییان لێ کردووە و لە قۆناخگەلێک دا یارمەتیشیان داوە. بەڵام قەت خوازیاری چارەسەرکردنی یەکجاریی پرسی کورد وەک نەتەوە نەبوون و نین.

ئەوان دەیانەوێ پرسی کورد لە وڵاتەکان دا بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە کە بتوانن لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و ململانە دا، لەم یان لەو بەشی کوردستان، لە جووڵانەوەی کورد وەک کارت و "عامل فشار" بەدژی خەنیمەکەیان کەڵک وەرگرن. هەمیشە دوای ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە نەیارەکەیان، پشتیان لە کورد کردووە و کردوویانەتە قوربانیی. بۆیە، کوردی بەهێزیان دەوێ، بەلام یەکلابوونەوە و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە بەرژەوەندیی خۆیان دا بەدی ناکەن. لەبەرئەوەی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هیچ دوژمنایەتی و هاوپەیمانییەک هەتا سەر نیە.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

ئەو گەمە تراژیکە ماوە بە ماوە لە مێژووی خەباتی کورد دا دووپات بۆتەوە! با کەڵک لە دەرفەتەکان وەرگرین، بەڵام پاڵنەر و مەبەستی بەڵێن و لێدوانی بەرپرسانی وڵاتەکان ورد هەڵسەنگێنین!

باسی بەهێزو پۆشتەبوونی هەسەدە کرا. ئەو بەهێزبوونە ڕێژەییە و بەو مانایە نیە کە هەسەدە ئەوەندە بەهێزە کە بتوانێ هاوکات لە بەرانبەرهێرشی تورکیە و حکوومەتی سووریە خۆ ڕابگرێ. بەتایبەتی ئەگەر هەسەدە پشتیوانیی ئەمریکا ئەمریکا لەدەست بدات. ئالترناتیڤی هەسەدە بۆ ڕێکنەکەوتن چییە؟

**پشتیوانیی عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا لە ڕێککەوتنەکە هەڵگری پەیامە!**

ڕەنگە بەشێک لە ڕێککەوتنەکە ڕانەگەیەندرابێ. لە بەرانبەر پرسیارێکی ڕوون، دە پرسیار بێ وڵام ماونەتەوە. بۆ وێنە: خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە چۆن و بە چ مێکانیزمگەلێک دابین و بەکردەیی دەکرێن؟ یان چ دەستەبەریی و گەرانتییەک دراون بە هەسەدە؟

لە ٤٥ ساڵی ڕابردوو، حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرانبەر بە پرس و خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکە دا، سیاسەتێکی ژیرانە و دروستیان ڕەچاو کردووە: دەستیان لە نێوخۆی جووڵانەوەی پارچەکانی دیکە وەرنەداوە و ڕێزیان لە مافی بڕیاردانیان گرتووە.

ئیستاش، "هەسەدە" ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکوومەتی سووریە واژۆ کردووە و "ئەنەکەسە"ش پشتیوانیی لە پێکهاتنەکە کردووە. ئەو ڕێککەوتنە ئەوە نیە کە بەدڵی هەمووی ئێمە بێ. بەڵام بڵەی دوای ١٣ ساڵ بوێری و قارەمانەتی کەموێنە، هەسەدە نەزانێ چەندی هیز و توانا هەیە و چی پێ دەکرێ؟! بێگومان ڕێبەرانی هەسەدە ئالترناتیڤ بۆ ڕێکنەکەوتنیان باش هەڵسەنگاندووە.

**لێرە دا قسە لەوە نیە من چم پێ باشە و چم پێ باش نیە، قسە لەوەیە چی و چۆن دەرەتانی دابینکردنی هەیە؟**

**مافی هەموو تاکێکی کوردە بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان بەئازادیی دەربڕێ، بەڵام لەگەڵ پاراستنی ئەو مافە بۆ خۆمان، با پەلە نەکەین و مافی بڕیارەدان بۆ کوردی ڕۆژاواش بسەلمێنین!**

**١٣ی مارچی ٢٠٢٥**



سەرچاوە Serchawe

## ئەگەر ئێران و ئەمریکا ڕێکبکەون، لێکەوتەکانی ڕەنگە ناوچەکە بگۆڕن

ڕەوتی ڕووداو و وتووێژەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دەری دەخا کە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر فشارێکی قورس و ترسی ڕێنیشتووە کە لەژێر ئەو فشارە دا خۆی نەگرێ و برووخێ. بۆیە نابێ ئەگەری "ڕێککەوتن" بەکەم بگیرێ و ئەو ڕێککەوتنە حوکم نیە بەزیانی گەلانی ئێران دا بشکێتەوە، بەمەرجێک پلان و ستراتیژیی تۆکمە و هاوبەشی لەپشت بێت.

دژکردەوەکانی ئیسرایل بە دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ حەماس دا، کۆماری ئیسلامیان وەها تووشی تەنگەژە و پاشەکشە کردووە و هێزە نیابەتییەکانی وەها لێ لاواز و داماو کراوە کە وێناچی تازە ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی بدات هەستێتەوە و لەو زەبرە قورسانەی لێیکەوتووە بحەسێتەوە، تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی دونالد ترامپ پێکیش بێن.

لە ڕێککەوتنی دوولایەن لە هەلوومەرجی نابەرابەرە دا، ئاشکرایە هەر دوو لایەنەکە وەک یەک براوەی مامەڵەکە نابن و لایەنی لاواز بەقەت لایەنی بالادەست خێری لێ نابینێ!

بۆیە، ماهییەتی ڕێککەتنەکە، بە لەبەرچاوگرتنی دەوری نەرێنی و ڕووخێنەری کۆماری ئیسلانی لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو دا هاوکات لەگەڵ دارمانی مەشرووعییەتی ڕێژیم لە نێوخۆ لەلایەک و ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لە لایەکی دیکەوە،

**بەدڵنیاییەوە مانای خۆی دەبێ و ئاکام و لێکەوتەی قووڵی بۆ نێوخۆی ئێران و بارودۆخی ناوچەکە بەدوادا دێ.**

- ئەوەی دەیبینین دەرخەری هەرەسهێنان و دارمانی ئیدئولوژی کۆماری ئیسلامی و پرۆژەکانی "صدور انقلاب" و "محور مقامت"ە. ئەگەری سەرهەڵدانەوەی "محور مقاومت" و گەڕانەوەی پێگە و دەوری ڕێژیم بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر، گەیشتۆتە نزمترین ئاستی خۆی، ئەگەر نەڵەین نامومکینە.

- ئەوە بەو مانایە نیە کە کۆماری ئیسلامی واز لە سیاسەتەکانی خۆی دێنێ، بەتایبەتی هەتا عەلی خامنەیی وەک ڕێبەر

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

بمێنێ و سوپای پاسداران ئێشی پێنەگا، ڕێژیم هەوڵەکانی خۆی بەمەبەستی ئاژاوەگێڕیی درێژە پێ دەدا. بۆیە، لێرە دایە کە ئەو ئەگەرە دوور لە زیهن نیە خامنەیی ناچار بکرێ بکشێتەوە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەوە زیاتر تووشی شکست و خەسار نەبێ و ڕێگە بۆ هێندێک ئاڵووگۆڕ ڕواڵەتی بکرێتەوە.

- پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی بەگشتی. ڕێککەوتنەکە بە مانای کاڵبوونەوە و هەرسهێنانی گوتاری شۆڕشگێڕیی ئیدئولوژیک وەک ڕێگەچارەی گەیشتن بە ئامانج دەبێ و ئەو گوتارە لانیکەم بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ کاڵ دەبێتەوە و وەلادەنرێ.

- بارودۆخی نێوخۆیی دەبێتە سەرەکیترین سەرئێشە و "چەلنج"ی دەوڵەتەکانی ناوچە و دوور نیە تەنانەت حکوومەتە سەرەڕۆ و ئیستبدادییەکانیش، ناچار بن بۆ مانەوەی خۆیان بە سیاسەت و کردەوەکانیان دا بچنەوە. هێندێک جمووجۆڵ و هەنگاوی بچووک لە وڵاتانی دەوروبەر، ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن.

- ئەو ئاڵووگۆڕانە بێهەست و بێ شووێندانەریی بە پەنای ئێمەی کوردیش دا تێناپەڕن، چەندی خۆشمان ببوێرین، دەمانگرنەوە. ناکرێ دنیا بگۆڕێ بەڵام ئێمە لە بەرانبەر ئاڵووگۆڕەکان دا "مصون" بمێینەوە!

کوردی هەر یەک لە بەشەکانیش ناچار دەبێ بە شێوەخەبات و گوتاری شۆڕشگێڕیی خۆی دا بچێتەوە و بیگۆڕێ. بەڵام ئەوجارەش ئەگەر ئەو هەنگاوە بە یەکگرتوویی هەڵنەگرێتەوە و ویژمان و خەباتی خۆی یەکگرتوو نەکا و لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاو دا نەیگونجێنێ و داینەڕێژێتەوە، دۆڕاوی ئاڵووگۆڕەکان دەبێ. دیارە ئەوە زەوزوویەکی بێ ئارەقە و بێ ژان نابێ، بەڵام لەپێناو پاراستینی خۆی و بەرژەوەندیی خۆی دا پێویستە!

لەمێژە کاتی بەخۆداچوونەوە و خۆگورجکردن و دارشتنی پلان و ستراتیژیی هاوبەش بۆ هاتنەئارای زۆر ئەگەر و دۆخی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو هاتووە. ڕوودا و ئاڵووگۆڕەکان نە لە سەر کوردی پڕشووبڵاو رادەوستن و نە بەزییان پێی دا دێ! ڕەنگە سبەینێ درەنگ بێت و ڕووداوەکان بەسەرمان برووخێن.

**پرسیارەکە ئەوەی کە ئایا حیزبەکان هەروا بە شەڕەدندووکە و شتی لاوەکییەوە خۆیان دەخافڵێنن و چاوەڕوانی قەزا و قەدەر دەبن یان بەسەر ئەو پڕشووبڵاویی و بێبەرنامەیی دا زاڵ دەبن و بەرپرسانە توانا و زەرفییەتی سیاسی لە خۆیان نیشان دەدەن و لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و ستراتیژییەک بۆ خەباتی هابەشی خۆیان دادەڕێژن؟**

**٢٧ی ئەپریلی ٢٠٢٥**

## لە پەڕاوێزیی باسی "چەپ" دا بە کورتی!

**ماوەیەکە پرسی "چەپ" و ئاسەوارەکانی لە جووڵانەوەی کورد دا لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆتە هەوێنی قسە و باس.**

ئەو باسە تێئوریک و نەزەریە، ئەگەر لە کەشوهەوایەکی سالم و دێموکراتیک و لەسەر بنەمای بەڵگە و ئیستدلال بەڕێوەبچێ و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو بگیرێ و تەنیا لە پرسی ئابووریی دا بەرتەسک نەکریتەوە، دەتوانێ بە قازانج بێ و ببێت بە هۆی بەرچاوڕوونی.

دەنا وەک زۆربەی باسەکانی دیکە، ئاکامەکەی دەبێتە شەڕەدندووکە و بە تانە و تۆمەتلێدان لە یەکتر و شەڕەجنێو دوایی پێ دێ و لە ئاخر دا کەلێنێکی دیکە دەخاتە بەینمانەوە. زۆرمان کەلێنی دەسکرد و بێبنەما بۆ خۆمان چێ کردووە، ئەوەشی لێ زیاد دەبێ!

هەروەها، ئەو باسە ئەگەر یەکجێ و گشتی درێژە پێ بدرێ، واتە بە لایەنگریی و پێداهەڵکوتن یان بە دژایەتیکردن و کوتانی "چەپ"، بەلاڕێ دا دەچێ.

**ئەو باسە پێویستە شی و جیا بکرێتەوە: کام چەپ و چ چەپێک؟ چەپی ستالینیستی یان چەپی دێموکرات؟**

**یەک:** بیروبڕوا و ئیدئولوژیی چەپی ستالینیستی کە حیزبە کومونیستەکانی پێش شەڕی سارد و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی لە وڵاتانی سوسیالیستی نوێنەراتییەکان دەکرد. چەپێک کە بە نێوی دیکتاتوریی پرۆڵتاریا دیکتاتوریی حیزبی و سیستمی تاکحیزبی ڕەوایی پێ دەدا، دژایەتی فرەچەشنی و پلووڕالیزمی دەکرد و سەرکوتی جیاوازیی و جیاوازبیرکرنەوەی بەئەرک بۆ خۆی دیاریی و پاساویی دەکرد، یەک نەتەوەی لە حیزبێک و بیروبڕوایەک دا قەتیس و بە دیل دەگرت، پاوانخواز و موتڵەقگەرو تەواوییەتخواز بوو، پێداهەڵکوتن و فەردپەرستی و بەمەزهەبکردنی حیزب و حیزب پەرستی کردە باو، کولتووری جنێوفرۆشی و سووکایەتیکردن بە جیابیر و خەنیمی سیاسی تێکەڵ بە سیاسەت و حیزبایەتی کرد و سیاسەتی پێ ژاراویی و سەقەت کرد و سنووری نێوان جیابیر و دوژمنی شێواند.

بەڵێ ئەو "چەپە" زیانی قورس و قەرەبووکراوەی لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد وەشاند و میراتەکانی ئێستاش بەرۆکی

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

کوردیان بەرنەداوە و "رسوبات" و پاشماوەکانی ئەو بیروباوەڕە بۆتە گەورەترین کۆسپ لە پێش یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش و گەشەی سیاسی و دێموکراتیزەکردنی خەباتی کورد و جووڵانەوەی کوردی بە بارمتە گرتووە و بڕەستی لێ بڕیوە.

لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا لە دوو وتار دا پەرژاومەتە سەر میراتە ڕووخێنەرەکانی چەپی ستالینیستی لە نێو جووڵانەوەی کورد، لێرە دا لەوە زیاتر لەسەری ناڕۆم.

**دوو:** چەپی دێموکرات و مودێرن: چەپێک کە خۆی لە بەرانبەر و لە بەرەی دژ بە راستی دەمارگرژ و ئیفراتی دا پێناسە و تەعریف دەکا و بروای بە ئازادیی هەیە، دەروەستە بە پرینسیپەکانی دێموکراسی و پلورالیزم، ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاواز و دەنگ و ئیرادەی خەڵک دەگرێ، بڕوای بە ئازادیی و مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو هەیە، حیزبی سیاسی وەک وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبینێ، لە سیاسەت دا دیالۆگ و ڕێککەوتن بە بنەما دەگرێ و پابەندە بە ئەسڵی دابەشکردن و سنووردارکردنی ماوەی دەسەڵاداریی، بڕوای بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە و هەڵویستی مرۆڤادۆستانەی هەیە بەرانبەر بە ماف و پاراستنی پەنابەر و لێقەوماوان دەگرێتە پێش...

**کورد بەتەبیعەتی خەباتە ڕزگاریخوازەکەی، ناتوانێ و نابێ دژ بەو چەپە بێت. وریا و لەسەر هەست بین، دژایەتی لەگەڵ ئەو چەپە دێموکرات و مودێڕنە نەمانخاتە بەرەی ڕاستی ئیفراتییەوە و خەباتەکەمان بنکۆڵ نەکا.**

ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات ئەورۆ ڕاست لەگەڵ ئەو ڕاستە ئیفراتییە لە نێوخۆی ئێران و لە نێو ئۆپۆزسیون دا بەرەوڕووین کە وەک چەپی ستالینی دژی دێموکراسی و هوییەت و دەنگی جیاوازە، فرەچەشنی بە هەڕەشە بۆ خۆی دەزانێ و سەرکوتی دەکا، لەسەر بەردەوامبوونی سوڵتە و دەسەڵاتی یەک نەتەوە ویەک زمان پێ دادەگرێ، و بەگشتی، بەدژی ئازادیی و ئامانجەکانی ئێمە دەوەستێتەوە.

**بەبڕوای نووسەری ئەو دێڕانە، دژایەتی لەگەڵ چەپی دێموکرات و مودێرن نەک هەر ناتەبایە لەگەڵ ڕۆح و سروشت و ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو بۆ دواڕۆژ و داهاتووی کۆمەڵگای کوردستانیش کێشەخوڵقێنە.**

٢٤ی مای ٢٠٢٥

## تەمابڕاویی لە یەکگرتوویی، دیاردەیەکی پڕمەترسی!

کۆماری ئیسلامی ٤٦ ساڵە شەڕێکی تێکەڵاو (ترکیبی) دژ بە کورد بەڕێوە دەبا: سیاسی، نیزامی، ئیتلاعاتی، ئابووری، کولتووریی تەبلیغی، دیپلوماسی و ڕەوانیی. بەڵام کورد تەنیا لە دوو بەرە دا بەرەنگاریی ڕێژیم بۆتەوە: نیزامی و تەبلیغی. ئەویش بەسەقەتی! بەرەکانی دیکەی خەباتی بۆ نەیارەکەی چۆڵ کردووە.

بە درێژایی ٤٦ ساڵی ڕابردوو، یەکێ لە سیاسەت و شێوەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە بزووتنەوەی کورد، بنکۆڵ و بێناوەرۆککردنی جوڵانەوە لە نێو خۆی دا بووە و هەیە و ئەوەشی بەڕێگای جۆراوجۆر بەڕێوەبردووە.

لەوپێوەندییە دا جێگایەکی تایبەتی بۆ سووککردن و لەبەرچاوخستن و بێئیعتبارکردنی ڕێبەران و حیزبە کوردستانییەکان لەلایەک و دووبەرکینانە و پێکهەڵپڕژاندن و پێشگرتن لە تەبایی و یەکگرتنی حیزبەکان لە لایەکی دیکەوە، تەرخان کردووە. زۆر جاران بۆ ئەو مەبەستە، بەداخەوە زیاتر لە پیلانەکانی خۆی، پشتی بە کێشە و دووبەرەکیەکانی نێوخۆی حیزبەکان بەستووە!

**پیلانی تەمابڕاوکردن و بێهیواکردن بە تەبایی و یەکگرتوویی، وەک ترسناکترین هەڕەشە بۆ جوولانەوەی ڕزگاریخواز، زۆر ورد و زیرەکانە داڕژراوە، لەبەرئەوەی ئەو دوو پرسە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە:**

بۆ ئەوەی هەموو هیوا و هەوڵێک بۆ یەکگرتوویی نەزۆک بکا، دەبێ سەرەتا حیزبەکان بێئیعتبار بکرێن.

ئاشکرایە، تەمابڕاویی لە یەکگرتن لەو بارودۆخە هەستیارە دا، سەرچاوە دەگرێ لە بێبڕوایی بە ویست و ئیرادەی حیزبەکان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان و ڕێژیمیش ئەوەی دەویست.

بۆیە، حیزبەکان بۆ ئەوەی ئەو پیلانەی ڕێژیم و نەیاران پووچەڵ بکەنەوە، هیوا بە خەبات و داهاتوو و متمانەی خەڵک بە خۆیان لە دڵەکان دا ببووژێننەوە، پێویستە هەتا درەنگ نەبووە بلووغی سیاسی لە خۆیان نیشان بدەن و هەموو بروبیانووەکان وەلا بنێن و لێبڕاوانە بۆ دابینکردنی یەکگرتوویی خۆیان هەنگاو هەڵگرن و بەکردەوە بیسەلمێنن کە بەرژەوەندیی گشتیی جووڵانەوەیان بەلاوە گرینگترە لە وردە مەسڵەحەتی حیزبی.

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

**ڕوونکردنەوەیەک:** مەبەستی من پاکانەکردن بۆ حیزبەکان نییە. زۆر کاری ئەو دواییانەی حیزبەکان بەتایبەتی بێتەفاوەتی و هەستنەکردن بە لێپرسراوی بەرانبەر بە پرسی یەکگرتوویی و تەبایی، پاساو هەڵناگرێ.

ڕەخنەگرتن و وڵامدانەوە بە ڕەخنە، بە زمان و ئەدەبیاتێکی شیاو، نەک هەر مافێکی ڕەوایە، بەڵکوو پێویستیشە و دەبێ بپارێزرێ. ئەوەی بێزراو و ڕووخێنەرە و کەشی سیاسی و دیالۆگ ژاراویی دەکا، زمانی زبر و سووکایەتیکردن بە جیابیرانە.

**گەڕانەوە بۆ وتوویژ و ڕێککەوتن هاسانە، بەڵام نەک هەر بە قسە و دروشم، دەبێ بەستێنی بۆ ئامادە بکرێ:**

- دەبێ بەسەر تەمابڕاویی و بێهیوابوون بە یەکگرتووی دا زاڵ بین، لەبەرئەوەی داهاتووی خەباتەکە بەستراوەتەوە بە دابینکردنی تەبایی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد.

- بەمەبەستی ئیعتمادسازی و نیشاندانی سەداقەت و ئیرادە، ڕێبەریی حیزبەکان هەنگاوی لێبڕاوانە و جیددیی بۆ دواییهێنان بە شەڕەجنێو و سووکایەتیکردن بە یەکتر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگرنەوە کە قەیرانی متمانە بەیەکترنەکردنی پێکهێناوە. دەنا لەژێر ڕەهێڵەی بێڕێزیکردن و تەحقیرکردنی یەکتر، یەکگرتن و هاوخەباتیی سەرناگرێ. خۆگنخاندن پاساو هەڵناگرێ.

- حیزبەکان دەروەست بن بە ئەسڵی جیاکردنەوەی پرسە حیزبییەکان لە پرسە نەتەوەییەکان. دوای نزیک بە نیوسەدە ئەزموون و خەباتی بەکردەوە، ئەو ڕاستییە بسەلمێنن کە هیچ حیزبێک بەتەنیا خاوەنی جووڵانەوە نییە و هیچ حیزبێک بەتەنیا ناتوانێ پاشەکشە بە ڕێژیم بکات و ماف و داخوازەکانی کورد بە ئۆپوزسیونی "سەراسەری" بسەلمێنێ.

**ئەگەر وا نییە، دەبوو لە سێ دەیەی ڕابردوو دا پاشەکشەیەک بە ڕێژیم کرابایە و گەڕابایینەوە سەر خاکی خۆمان. یان لانیکەم پشتیوانیی دوو حیزبی سیاسی ناسراوی ئۆپوزسیونی ناوەندگەرامان لە جووڵانەوەی کوردستان دابین کردبایە!**

- حیزبەکان پێویستە بەکردەوە بیسەلمێنن کە فرەحیزبی لە کوردستان لە دەرەوی ویست و ئیرادەی ئەوان دا، ئەمری واقیعە و بۆ ئەوەی ئەو فرەحیزبییە بکرێ بە دەرفەت، دەبێ بڕوایان بە پرینسیپەکانی دێموکراسی و بەتایبەتی "قواعد بازی"ی پلوورالیزم و خەباتی هاوبەش هەبێت. هاوکاریی و خەباتی هاوبەش موستەلزمی دەروەستبوون بە یاسا و ڕێساکانی پلووڕالیزمە.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سێ دەیەی ڕابردوو لە باشووری کوردستان، هەر حیزبێک ئەو ڕاستییانەی سەرەوە نەسەلمێنێ، بەرپرسایەتی درێژبوونەوەی دووبەرەکی و پرشوبڵاویی و بەفیڕۆچوونی دەرفەتەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی.

سەیرە! هەموو حیزبەکان دەڵێن کە بەتەنیا ناتوانین ڕێژیم بڕووخێنین، کارنەمەی سی ساڵی ڕابردووشمان لەبەر چاوە و حاشای لێناکرێ کە هیچ حیزبێک بەتەنیا پێی نەکراوە ڕێژیم بێنێتە سەر میزی وتووێژ و هاوپەیمانییەکی لەگەڵ ئۆپۆزسیون پێکبێنێ. بەوحاڵەش، ڕوون نیە کە بەپێی کام مەنتق، لە داهاتوو دا حیزبێک بەتەنیا دەتوانێ مەترسی و هەڕەشە جۆراوجۆرەکانی سەر کورد بڕەوێنێتەوە و هەموو ئەرکەکانی جووڵانەوە بەڕێوەبەرێ؟ کەس ئەو ناتەباییە تەوزیح نادا!

**ئەو بۆچوونەی من پێوەندیی بە توانا و ئیرادەی حیزبەکان و بەکەمگرتنیان نیە، ڕابردوویان پڕە لە خەبات و فیداکاریی. ئەوە کە دەڵێم ئەوانەیان پێ ناکرێ، بە سێ دەلیل:**

پرسە نەتەوەییەکان پێوەندییان تەنیا بە حیزبێک و دوو حیزبەوە نیە و بەحیزبیکردنیان لەگەڵ سروشت و بەرژەوەندیی خەباتی نەتەوەیی ناتەبایە و بەشایەتی مێژوو، ئەگەر خرانە پاوانی حیزبێک و دووحیزبەوە، جووڵانەوە بەلاڕێدا دەچێ. لەبەرئەوەی بەستنەوەی پرسە نەتەوەییەکان بە حیزبێک و دوو، ئەرکەکانی ڕێژیم لە پیلانگێڕان دژ بە جووڵانەوە هاسان دەکاتەوە و پێش لە گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوە دەگرێ و ڕەنجبەخەساربوونی خەباتگێڕانی لێ دەکەوێتەوە.

**بارودۆخی سیاسی – جوغرافیایی کوردستان، ئاستەمبوونی خەباتی کوردی چەندهێندە دژوارتر کردووە.**

خەباتی ئێمە خەباتێکی ئازادیخوازی نابەرابەرە و بەرگەی سیاسەتی خۆتاقخستنەوە و"یک جانبەگرایی" ناگرێ و بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز و بەرنگاربوونەوەی پیلانەکانی ڕێژیم، پێویستیی بە هێزی یەکگرتووی هەموو لایەنەکان هەیە.

سەبارەت بە یەکگرتن. بژاردەی ئیدئال ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان بتوانن لە دەوری پلاتفۆرمێکی دێموکراتیک دا کۆ بینەوە و لەسەر ستراتێژییەکی هاوبەش ڕیکبکەون، بەڵام ئەگەر بەهەر هۆیەک ئەوە نەکرا، با چەند حیزب کە بە بەرنامە و بیروبۆچوون لەیەک نزیکن، کۆبەندییەک پێکبێنن و حیزبەکانی دیکە لە دەرەوی ئیتلافەکە دا ، یاریدەر بن یان دژایەتی نەکەن.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەوە تاقی کراوەتەوە: کاتێک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهات، کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیست نەیویست ببێت بە ئەندامی ناوەند، بەڵام دەورێکی ئەرێنی و سازەندەی گێڕا: نەک هەر دژایەتێکی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی نەکرد، بەڵکوو لە زۆر رووداو و بانگەواز دا هەڵوێستی لەگەڵ هەڵوێستی ناوەند هەواهەنگ بوو. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیش هەر بەو جۆرە.

**هۆکاری ئەوە کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکان سەری نەگرت، هەنگاوهەڵنەگرتن بۆ نهادینەکردنی ناوەند بوو. دوای چەند ساڵ مەوجوودییەت تاقە یەک دامەزراوەی هاوبەش پێکنەهات. با واز بێنین لە تاوانبارکردنی یەکتر!**

٢١ی جوونی ٢٠٢٥

---

## وانەکانی شەڕی نێوان ئیسرایل و حەماس بۆ کورد

**لەسەر بنەمای "گەڵاڵەی ئاشتی"ی دوناڵد ترامپ، شەڕی حەماس و ئیسرایل دوای دوو ساڵ، ڕاوەستا و ئاگربەس ڕاگەیەندرا. کۆمەڵێک هۆکار بەیەکەوە بوون بە هەوێنی هاتنە دی ئەو گەڵاڵەیە کە تەوەری نووسراوەی بەردەست نین. بە لەبەرچاوگرتنی کەندووکۆسپە زۆرەکان، ئەوڕۆ زووە باسی سەرکەوتنی گەڵاڵەکە و ئاشتی سەقامگیر بکرێ.**

**وەک هەموو ڕووداوەکانی دیکە، ئەو شەڕەش، کۆمەڵێک وانەی بۆ لێفێربوون هەیە. بەکورتی:**

- لە دنیای ئەوڕۆ دا، ناکرێ هێز و فاکتوری دەرەکی لە خەبات ودیاریکردنی ڕەوتی ئاڵووگۆڕەکان دا بەکەم بگیرێ، بەتایبەتی بۆ خەباتی ڕزگاریخواز، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا! بەڵام پشتبەستن و هیواهەڵچنین و پاڵدانەوە بەتەمای پشتیوانیی هێزی دەرەکی، ئاکامەکەی جووڵانەوە دەکات بە قوربانیی سات و سەودای وڵاتانی کایەکەر و تووشی ڕەنجبەخەساربوونی دەکات.

- پارەکۆکردنەوە و ڕاهاتنی ڕێبەران بە خۆشبژیوی و ژیانی ئاسوودە و تایبەتی لە هوتێل و ویلا خۆشەکانی دەرەوە، ڕێبەرانی بزووتنەوە تووشی گەندەڵی و نامۆیی و دابڕان لە بەدەنەی جووڵانەوە دەکات، نفووزی ئەملا و ئەولای تێدەکەوێ و پشتی بزوووتنەوە دەشکێنێ.

- خۆڕاگری، تێچووی زۆری گەرەکە، بەڵام ولام دەداتەوە! ئەگەر لە ئاخریەکانی فازی سێیەمی "گەڵاڵەی ئاشتی" دا باسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی بەجیددی بێتە گۆڕێ، دەسکەوتێکی مەزنە بۆ گەلی فەلەستین (نە بۆ حەماس).

- سیاسەتکردن بە مەنتقی ئیدئولوژی و نیزامی و دیاریکردنی دروشم و ئامانجی خەیاڵی و ژیان لە تەوەهوم دا، دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزی خۆت و هێزی لایەنی بەرانبەر نەناسی و کۆسپ لە سەر ڕێگای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی جووڵانەوە دروست ببێت.

- یەکنەگرتوویی و ناتەبایی نێوخۆ و دووبەرەکی، ژاری کوژەر و تیری خەلاسە لە جووڵانەوە. هێزو وزەی جووڵانەوە دابەش

دەکا. خەڵک و هێزی خۆیی ماندووو تەمابڕاو دەبێ، لەلای دۆستان و لایەنگران، قورسایی و ئیعتباری بۆ بزووتنەوە ناهێڵێ. (شەڕ و کێشە و دووبەرەکی شەڕی نێوان حەماس و ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین نەک هەر خەباتی فەلەستینەیەکانی بەلاڕێ دا برد و هێزی گەلی فەلەستینی دابەش کرد، بەڵکوو پرسی فەلەستینی وردە وردە لە ئەجندای نێودەوڵەتی و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش دوور خستەوە. ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ شکاندنی یەکتر، پەنایان بۆ بێگانە برد و دەرفەتەکانیان بەفیڕۆ دا!).

## سەرەتا، تێبینیەکی گرینگ و شیاوی سرنجپێدان و دەرس لێوەرگرتن:

لە ناوچەی ئێمە دا، پشتیوانی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی حیزبە و لایەنەکانی نەتەوەیەکی ژێرستەم بەدژی ئەم و ئەو ڕێژیم، بە مانای پشتیوانیکردن لە چارەسەرکردنی پرسە سیاسییەکەی ئەو نەتەوەیە نییە. ئەو دوو شتە زۆر جیاوازن، بەڵام بەهەڵە وەکیەک دادەنرێن دڵیان پێ خۆش دەکرێ!

لە ناوچەی پڕ لە ئاڵۆزیی و شەڕوشووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کە شوێنێکی گرینگی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانە و ڕێژیمەکان زۆربەی کات لە ململانە و ناکۆکیی لەگەڵ یەکتر دان و تەنانەت لەگەڵ یەکتر دەکەونە شەڕ و بۆ لاوازکردنی یەکتر تێدەکۆشن، بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و پاشەکشە پێکردن بە خەنیمەکانیان پێویستییان بە کارتی کایە، کارتی فشار و هێزی نیابەتی هەیە.

**زۆر جاران دیتوومانە کە بۆ ئەو مەبەستە، دەوڵەتان ڕوو دەکەنە حیزب و لایەنەکانی دوو گەلی کورد و فەلەستینی.**

**ڕوونی بکەینەوە:** کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمی شا، پشتیوانیی لە جووڵانەوەی حیزبەکانی باشوور بەدژی سەدام حوسێن دەکرد و یارمەتی پێدەدان، بەڵام قەت پشتیوانیی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراق دا نەکردووە. بەپێچەوانە، کاتێک بە ئامانج گەیشتووە و لەگەڵ ڕێژیمی عێراق ڕێککەوتووە، پشتی کوردی بەرداوە، لە نێوان پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی دا دووبەرەکی ناوەتەوە و بووتە هاوکار بۆ سەرکوتکردنی کورد.

لە شەڕی ئێران و عێراق دا، دەوڵەتی عێراق پشتیوانیی لە خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکرد و یارمەتیی دەدان، بەڵام لایەنگریی لە چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران دا نەدەکرد.

تورکیە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئیسرایل دەکا و یارمەتی حەماس دەدا، بەڵام ئیسرایل تەنیا ئەوکاتە باسی سەرکوتی گەلی کورد لە تورکیای کرد، کە ڕەجەب تەیب ئەردوغان ئیسرایلی بە منداڵکوژیی لە غەزە تاوانبار کرد، تازە ئیسرایل ئەوکاتەش باسی "چارەسەریی پرسی کورد" لە تورکیەی نەهێنایە گۆڕێ!

ڕێژیمی حافز ئەسەد لە سووریە، پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی کوردی باشوور و پ.ک.ک. دەکرد، بەڵام خوازیاری چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراق و تورکییە نەدەبوو.

تورکیە و قەتەر پشتی حەماسیان دەگرت و دڵاوایانە یارمەتیان دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتن و حەماسیان خستە ژێر فشار کە مل بۆ مەرجەکانی ئاگربەس ڕابکێشێ.

کۆماری ئیسلامی بۆ لێدانی ئیسرایل، بەهەموو شێوەیەک و سەخاوەتمەندانە پشتیوانیی و یارمەتی حەماس و جهادی ئیسلامی کردووە و دەیکا، بەڵام لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو دا، بەهەموو شێوەیەک و بە ئاشکرا و بە نهێنی بەدژی چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین و ڕێگەچارەی دوو دەوڵەتی وەستاوەتەوە و ئاوری دووبەرەکێ لەنێوان حەماس و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین خۆش کردووە .

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە یارمەتی حەماسی نەداوە کە پرسی فەلەستین چارەسەر بێت، بەڵکوو بۆ ئەوە کە بەدژی ئیسرایل شەڕی بۆ بکات. پرسی فەلەستین چارەسەر بکرێ، کۆماری ئیسلامی ئەو کارتە فشارەی بۆ سەر ئیسرایل لەدەست دەچێ.

دەوڵەتەکانی دیکە ناوچەش ئەو سیاسەتە بەکاردێنن: کاتێک لەگەڵ حکوومەتی یەکێ لە وڵاتانە کە لەگەڵ پرسی کورد بەرەوڕوون، دەکەونە کێشە و گرژی، کوردی ئەو وڵاتەیان وەبیر دێتەوە و دەست دەکەن بە لێداوانی ئیحساسی و دڵسۆزیی و هاوپێوەندیی دەربڕین بۆ کوردی وڵاتەکە، بەڵام خۆ لەوە نادەن پشتیوانیی لە چارەسەرکردنیی سیاسی پرسی کورد بکەن!!

## حوکم نییە ئەو وڵاتانە دوژمنی کورد بن، چەند هۆکاری هەیە:

١- وڵاتانی ناوچە لە ململانەی ناوچەیی بەردەوام لەگەڵ یەکتر دان و پێوەندییەکانی نێوانیان ناسەقامگیرە و زوو زوو ئاڵوگۆڕی بەسەر دا دێ و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتییان لە درێژەپێدان بە شەڕ و ئاڵۆزیی دا نیە. ئەوڕۆ تووشی گرژی و شەڕ بوون، لەوانەیە سبەینێ ڕێکبکەون و پێوەندییەکانیان ئاسایی بێتەوە و دیسان کێشەکانی نێوانیان

سەرهەڵبداتەوە.

لەبەر ئەوە ناخوازن کێشەکانی نێوخۆی خەنیمەکانیان (بالقوە و بالفعل) یەکلا بێتەوە و پرسی کورد کە پرسی سەرەکیی هەر چوار وڵاتەکەیە، چارەسەر بێ، بەڵکوو وەک "ئێسکی نێو برین" بەردەوام هەڵ بداتەوە و ئەوانیش بتوانن لە کاتی پێویست دا، وەک کارتی فشار و "مقابلە بە مثل" کەڵکی لێوەرگرنەوە.

شەڕ و کێشە و دووبەرەکیی نەبڕاوەی نێوخۆیی و نەبوونی هاوکاریی و ستراتێژیی هاوبەش، هێز و پوتانسییەلی خەباتی ڕزگاریخواز دابەش دەکا و جووڵانەوەی گەلی بندەست دەکات بە نچیرێکی زامدار و هیلاک بۆ دەوڵەتەکان کە هەرکات ویستییان بۆ ئامانجی خۆیان بەکاری بێنن و کە کاریان پێی نەما، پشتی چۆڵ بکەن بەبێ ئەوەی ناچار بن بەرپرسایەتی و تێچوویەک بۆ "پەیمانشکێنی"یەکەیان وەخۆبگرن.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا، بەردەوام باسی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی فەلەستینیەکان و وەدینەهاتنی ئامانجی گەیشتن بە وڵاتی سەربەخۆی فەلەستینی کراوە. زۆربەی نزیک بەتەواوی شارەزایانی ناوچە و نووسەرانی عەرەب، یەکنەگرتوویی و ناتەبایی و دووبەرەکی و شەڕی نێوان لایەنە فەلەستینیەکان و سیاسەتی ڕێبەرانیان بە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکست و ناکامیی فەلەستینیەکان دەژمێرن. خەباتی نەتەوەیەکی ژێرستەم کە بۆ ماف و ئازادی و ڕزگاریی خۆی خەبات دەکا، ئەگەر لەنێو خۆی دا ناتەبا و ناکۆک بوو و دووبەرەکی کەوتە نێوی، جووڵانەوەکە ئیدی کاری تەواوە!

٣- کێشە نێوان دەوڵەتان هەتاهەتایی نییە. لایەنەکان هەمیشە بەتەمان ئیمتیاز لە لایەنی بەرانبەریان وەرگرن و دوایی بە گرژییەکانیان بێنن. بۆ ئەو مەبەستە پێویستییان بە "وجەالمصالحە" و قوربانیی بە مەبەستی ساتوسەودا هەیە!

کێشە و ناتەبایی نێوخۆیی و یەکنەگرتوویی و نەبوونی ستراتێژیی هاوبەش، پێگە و مەوقعییەتی کورد و فەلەستینی وەها لاواز کردووە کە پرسەکەیان زۆر بەهاسانی دەکەوێتە پەراوێزەوە و دەکرێتە قوربانیی مامەڵە و ساتووسەودای ڕێژیمەکان.

٤- دابەشبوونی کورد و کوردستان بەسەر چوار وڵاتی نادێموکراتیک دا، زاڵبوونی دیکتاتوری بەسەر ناوچەکە دا و نەبوونی پشتیوانی ناوچەیی و دەرەکی بۆ کورد، بەپێچەوانەی فەلەستینیەکان، پرسی کوردی هێندەی دیکە ئاستەمتر کردووە.

بەڵام بۆچی وڵاتانی ناوچە لە کاتی گرژیی و ململانە و شەڕی نێوانیان دا دەکەونە بیری دوو گەلی کورد و فەلەستینی؟

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ئەو دوو نەتەوەیە لە ناوچەی دیکتاتۆرلێدراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نین و بۆ ماف و ڕزگاریی خۆیان خەبات دەکەن، پێویستییان بە "پشت جبهە" و بە پشتیوانیی و یارمەتیی دەوڵەتان هەیە و هەوڵ دەدەن لە شەڕوکێشەی نێوان ڕێژیمەکانی ناوچە دا، بۆ پاراستنی خۆیان و درێژەپێدانی خەباتەکەیان کەڵک وەرگرن.

لەئاخریی دا، بەڕێوەبەرانی جووڵانەوەکان بەخۆیانە چۆن ژیرانە لە کێشەکانی نێوان دەوڵەتان وەک دەرفەت کەڵک وەگرن بەبێ ئەوەی تووشی تەوەهوم بن و بکەونە داوی ڕاوچییە ناوچەییەکان!

بەڵام تەنیا ئەوکاتە کورد دەتوانێ هیوای بە بەڵێنی و هاوپێوەندیی دەوڵەتێکی ناوچە هەبێت و پشتی پێ ببەستێ کە ئەو دەوڵەتە پرسی کورد لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بێنێتە ئاراوە و داکۆکیی لێبکات و لە ئاستی نێودەوڵەتی دا، داهێنەری کونفرانسێک سەبارەت بە پرسی کورد و چارەسەریەکەی بێت.

### تێبینی ١:

لێرە دا بەگشتی باسی کورد و فەستینی وەک دوو نەتەوەی بێدەوڵەت دەکرێ، نەک جیاوازییەکانیان لە ئامانج و ئیدئولوژیی خەباتەکەیان و... دا.

### تێبینی ٢:

پشتیوانیی وڵاتانی عەرەبی لە پرسی فەلەستین جیاوازە و هۆکاری سیاسی - ئەمنییەتی - نێوخۆیی هەیە و چارەسەربوونی لە بەرژەوەندیی خۆیان دایە.

١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئاگربەس بۆ کورد نییە!

**هەواڵی دەسپێکردنی وتووێژی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و ڕاگەیاندنی ئاگربەس، هەموو لایەنەکانی گرتەوە بێجگە لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

جێگای سرنجە، ئێران توانی ئاگربەس بۆ هاوپەیمانەکانی خۆی بکات بە مەرجی وتووێژ، بەڵام کورد کەسی نەبوو بیخاتە چوارچێوەی ئەگربەسەوە و پشتی تێکرا!!

لەکاتی ڕاگەیاندنی ئاگربەسەوە، کۆماری ئیسلامی بەبەر چاوی ئەمریکا و ئیسرایلەوە بەردەوام بە مووشک و درۆن هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی ڕۆهەلات، لێیان دەکووژێ و شوێنی نیشتەجێبوونیان کاول دەکا، بەڵام ئەوان دەنگیان لێوەنایە. وەک ئەوەی، بەپێچەوانە، بێدەنگیی بەرانبەر بە لێدانی حیزبەکانی ئێمە بەشێک بووبێ لە مەرجەکانی وتووێژ!!!

دیارە بەوە کە حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات بەشێک لە ئاگربەس نین، لەجێدا دەرخەری سەربەخۆبوونی سیاسی ئەوانە کە نەبوونە هیزی نیابەتی هیچ لایەنێک.

بیخە بەر زەینی خۆت، حیزبەکان کەوتبایەنە ناو پلانی دوناڵد ترامپەوە، ئێستا کە ناوبراو بە شان و باڵی "ڕێبەرانی ژێر و موحتەرەمی کوماری ئیسلامی " دا هەڵدەڵی، سوپاسیان دەکا و لەگەڵیان دادەنیشێ، بارودۆخەکە بە چ بارێک دا دەکەوت؟!

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی بە نفووزی حیزبەکان لە کۆمەڵگای کوردستان دا دەزانێ و لەوە دەترسێ ئەوان بەیەکگرتوویی ببن بە فاکتورێکی گرینگ لەدژی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی.

**ئەو ڕووداوە دەرسی بەنرخی بۆ حیزبەکان تێدایە:**

ئەوان تەنیا بۆخۆیان پشت و پەنای یەکترن و هەتا لەنێو خۆیان تەبا و یەکگرتووتر و سازماندراوتر بن، لە دەرەوەی خۆیان زیاتریان حیساب بۆ دەکرێ. کەوایە پێویستە "هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" ڕێک بخەن، نەهادی

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

هاوبەشی تێیدا دبامەزرێنن و بیکەن بە نوێنەرایەتێکی سەقامگیری دێموکراتیکی خاوەن ئیعتبار بە بەرنامە و نەخشەڕێگایەکی ڕوون و واقیعبینانەوە.

حیزبەکان تەنیا بەیەکەوە دەبنە هێزێکی شوێندانەر و دەتوانن بچنە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە. دەبێ فاکتورێک بی کاریگەریت لەسەر بەرژەوەندیی ئەم و ئەو هەبێت (بە ئەرێنی یان نەرێنی)، جا دبینرێی.

ئەوجارەش سەلما کە ئێمە دەبێ پێداهەڵوکوتن و دەربڕینی هەست و سۆز لە لایەن هەر کەس و وڵاتێکە بێ، وەک خۆی وەرگرین، بەڵام دڵی پێ خۆش نەکەین و پشتی پێ نەبەستین. پشتمان بە هێزی کەمی خۆمان قایم بێ.

ژیرانە بوو کە حیزبەکان نەکەوتنە داوی هەست و سۆز و پێداهەڵکوتن و بەڵێنی بێ بنەما و قسەکەی دوناڵد ترامپ لەمەر ناردنی چەک بۆیان و بەرپەرچیان دایەوە.

بەڕێز دوکتور محەمەدی حوسێنزادە لەوپێوەندییەدا لێکدانەوەیەکی وردی لە سەر ئیدیعاکەی دوناڵد ترامپ لە فەیسبووک دا بڵاو کردەوە و من زیاتری لەسەر ناڕۆم.

بەڕاستی سەیرە، سەرکۆماری گەورەترین وڵاتی دنیا، ئەگەر ڕاست بکا و چەکی ناردبێ، نەزانێ چەکەکانی بۆ کێ و بە کوێ دا ناردووە و کێ ئەو چەکانەی لە لای خۆی گل داوەتەوە و لەقاویشی نەدات!!

وادیارە ئەو ئیدیعایە وەک زۆری دیکەی ناوبرا، لە بناخەوە بۆ خۆڕانان و پڕوپاگەندەی شەڕ بووە و تەنیا بۆ ئەوە کراوە کۆماری ئیسلامی بە حیزبە کوردستانییەکان بترسێنێ.

**دیارە گەلەیی نابێ لە ئەمریکا و ئیسرایل بکرێ، ئەرکی ئەوان نییە ئێمە ڕزگار بکەن، ئەوان سیاسەت و ستراتیژیی و بەرژەوەندیی خۆیان هەیە.**

**١٨ی ئەپریلی ٢٠٢٦**

## ئەوەی دمشڕیی و زمانی سووک بە سەڵتەنەتخوازانی کرد، با بە دەواری شڕی نەکردووە!

ڕەنگە بەهەڵکەوت ڕێکخراوێک لە دنیا هەبێ بەڕادەی سەلتەنخوازەکان دمشڕ، زمانسووک، درۆزن ... بێت، تەنانەت کۆماری ئیسلامیش نایانگاتێ.

بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی "ژینا"وە، بێڕێزیی نەما ئەو تاقمە بە جیابیران و دژبەرانی خۆیان نەیکەن. نەک هەر بە نەتەوە نافارسەکان، بە کەسایەتی و ڕێکخراوە فارسەکانیش!

ئێستا کەم کۆبوونەوە و بەرنامەی وتووێژ لە تلویزیون و تۆڕەکۆمەلایەتییەکان دەبینین کە سەڵتەنەتخوازەکانی تێدا بەشدار بن و بەرەوڕووی پرسی دمشڕیی و جنێودان بە جیابریان نەبنەوە! هەرچی دەیکەن، ئەو دیاردە دزێوەیان لەکۆڵ نابێتەوە و بۆیان پینە ناکرێ.

بەتایبەتی بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن رضا پهلوی لەو باسە جیا بکەنەوە و پاساوی بۆ بێننەوە و بیپارێزن، بەڵام پەڵەکە وەها پێیانەوە نووساوە کە ناسڕدرێتەوە. بۆخۆیانی پێ سووک بوون.

تەنانەت لە خۆیان دا تووشی ئاڵۆزیی هاتوون: ئەوانەی نیگەرانی کەسایەتی خۆیان بوون، یان لێیان دوور کەوتوونەوە و هەڵوێستیان گرتووە یان کارەکە مەحکووم و "اعلام برائت" لە خۆیان دکەن!

ئێستا تاقمێکی بەتەواوی مانای وشە لۆمپەن ماون کە بەردەوام دەکەونە بەر هێرش و ڕەخنە و تیروتوانجی لایەنەکانی دیکە و لەوەی هەبوون، سووکتر و بێزرا وتریش بوون. ئەو ڕەوتە هەر دێ و پەرە دەستێنێ!

بەڕاستی بە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی نەیاندەتوانی بەڕادەی دیاردەی زمانسووکی وجنێوفرۆشی، سەڵتەنەتخوازان لەقاو بدەن و ڕیسوایان بکەن!

مرۆڤ، بەتایبەتی کەسێک کە خۆی بە خەباتگێڕی سیاسی و دێموکرات دەزانێ، کاتێک دەتوانێ خۆی بەتەواوی لە بەڵای

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

ڤیـزون و دواکەوتـوانەی بێڕێزییکـردن بە جیـابیران بپـارێزێ و نەچێـتەوە سـەری کە وەک پڕینسـیپ و بـاوەڕ جنێـودان و سووکایەتیکردن بە هەر کەس و لایەنێک تەنات بە دوژمنەکانیشی، مەحکووم بکا و لە ناخی خۆی دا بیکات بە کولتوور.

**زمان، ناسنامەی مرۆڤە.**

نەک لەبەر خـاتری دژبەرەکـانی، لەبەر خـۆی! جنێـودان و بێڕێزیکـردن ئەگەر کـرا بە عـادەت و بـوو بە کولتـوور، کەس ناپـارێزی و بەهاسـانی هەمـوو کەس و لایەنێـک دەدرێـتە بەر هێـرش و سـووکایەتیکردن، تەنـانەت لە حیـزب و ڕێکخـراوی خۆشت دا، نموونە زۆر و بەلێشاون، حاشالێکردنی ناوێ!

چارەنووسی سـەڵتەنتخوازان جـارێکی دیکە سـەلماندییەوە کە زمـانی سووک و بێڕێزیکـردن بە دژبەران و جیـابیران، بەهەر پاساو و هۆ و لە ژێر هەر نێوێک دا، خەسارەکانی بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە نەک بۆ بەردەنگ و لە بیروڕای گشتی دا وەک دەڵەن "دووکەڵەکەی دەچێتەوە چاوی خـۆی" واتە جنێـوفرۆش بۆخـۆی پێـی سووک دەبـێ نەک جنێوخـۆر. لەڕاسـتی دا، مرۆڤـی زمانسووک خزمەت بە دژبەرەکەی دەکات!

**ئەوەی زمانی سووک و هەڕەشە و بێڕێزیکردن بەم و بەو، بەسەر سەڵتەنەتخوازانی هێنا، شیاوی بەخۆداچوونەوە و دەرس لێوەرگرتنە.**

**٦ی مای ٢٠٢٦**

---

## شەڕی ئەمریکا و ئیسرایل لەدژی ئێران "شەڕی ئیمەیە" یان"دەرفەتە"؟

بەدوای هاتنەئارای شەڕی ئەمریکا و ئیسرایل دژی ئێران، لە نێو کوردی ڕۆژهەڵات دا دوو بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز هاتنەگۆڕێ: حیزبەکان و بەشێک لە چالاکانی سیاسی ڕایانگەیاند کە ئەو شەڕە شەڕی ئێمە نییە.

بەشێکی دیکە پێیانوایە، ئەو شەڕە شەڕی ئێمەشە، لەبەر ئەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامیی کە سەرکوتکەری کوردە بەڕێوەدەچێ و ئەوانەی کوژراون و دەکوژرێن، ٤٧ ساڵە ئێمە دادەپڵۆسن، ڕوحمیان بە چووک و گەرەی کورد نەکردوو، مافەکانی کورد پێشێل دەکەن، لاوازکردنی ڕێژیم لە بەرژەوەندیی کورد دایە و دەرفەتێکی باشی بۆ کورد ڕەخساندووە کە لە بەرەی ئەمریکا و ئیسرایل دا بچێتە شەڕەکەوە.

بە بڕوای من، بە هەمووی ئەو ئیستدلالە ڕاست و بەجێیانەشەوە، کوشتنی کۆمەڵێک لە بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ڕێژیم بەشێوەی ئوتوماتیک شەڕەکە ناکات بە شەڕی کوردیش، بەڵام بە دەرفەت!

بەشێکی ئاڵۆزیی و جیاوازیی بۆچوونەکان ڕەنگە بۆ جیاوازبوونی ناوەرۆکی دوو "مفهوم"ی شەڕی هاوبەش و دەرفەت بگەڕێتەوە کە لە جێگای یەکتر دا کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

ئەگەر ئامانجی ئەو شەڕە، لێبڕاوانە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیکردن لە هاتنەسەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک بایە، ئەو ئامانجە هاوبەشە کوردیشی دەکرد بە هاوبەشی شەڕەکە. ئەوکاتە، دەکرا زۆر ریسکی بۆ وەخۆبگری. بەڵام ئامانجی ڕاگەیەندراوی شەڕەکە ڕووخانی ڕێژیم نییە.

**بۆ ڕوونبوونەوەی پرسەکە با هەست و سۆز وەلابنێین و بە چەند پرسیار لە مەنتق یارمەتی وەرگرین:**

دوناڵد ترامپ چەند جاران بە شان و باڵی ڕێبەرانی "ژیر و تێگەیشتووی" ئیستای کۆماری ئیسلامی دا هەڵکوتووە، وتوویژیان لەگەڵ دەکا و بەتەمایە لەگەڵیان ڕێکبکەوێ. هەروەها، ترامپ بەئاشکرا ڕایگەیاند کە شەڕی ئەو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ دابینکردنی دێموکراسی نییە، بۆ ئەویە ڕێژیم نابێ ببێت بە خاوەنی چەکی ناوکی! ڕۆژی ١٣ی مای



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

٢٠٢٦یش وەزیری شەڕی ئەمریکا ڕایگەیاند "ئەمریکا یەک ئامانجی هەیە ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی ڕانەگات."

باشە، ئەگەر ڕێکبکەون و کۆماری ئیسلامی بمێنێتەوە، هەر دەڵەین "شەڕی ئێمەشە"؟ ئەگەر وابێ، ئێمە شەڕمان بۆ ئاڵووگۆڕکردن بە چەوسێنەرانی خۆمان کردووە و شەڕمان بۆ شەڕ کردووە !!

هەروەها، چەند ڕۆژ لەوەپێش هەواڵێک بڵاو بۆوە کە کاربەدەستانی ئەمریکا لەسەر داوای ئیسرایل چەند جاران لەگەڵ ڕضا پهلوی دانیشتوون. دەشزانین کە ئیسرایلیش بەئاشکرا و بەنهێنی یارمەتی بە سەڵتەنتخوازەکان دەدا.

دەی، ئەگەرهاتوو سبەی ڕۆژێ بە کوودێتا ڕضا پهلوی و سەڵتەنەتخوازەکانیان هێنایە سەر دەسەڵات، بەوحاڵەش ڕەوایە بڵەین "ئەو شەڕە شەڕی ئێمەیە"،بێ قەید و شەرت؟!

ئەمریکاش دەزانێ ئەگەر ڕێژیم لەو شەڕەدا "قسر" دەربچێ، بۆ خەلکی ئیران بەگشتی و بەتایبەتی بۆ نەتەوە نافارسەکان و بەهۆی بوختانی کاک ترامپەوە بەتایبەتی تر بۆ کورد، دەبێتە کارەسات.

کەوایە، لەو شەڕە دا ئامانج و پرسی دوای تەواوبوونی شەڕەکە بۆ ئێمەی کورد یەکلاکەرەوەیە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

پاشان، ئایا ئێمە لە دەستپێکردن و دواییپێهێنانی شەڕەکە دا دەورێکمان بووە و دەبێ؟ ئایا ئەمریکا بۆ سازان لەگەڵ تاران پرسێک بە ئێمە دەکا و ویستێکی ئێمە لەبەرچاو دەگرێت؟ لەسەر هێرشی بەردەوامی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانمان وەدەنگ دێ و پرۆسەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێژیم پەک دەخات؟ تەنانەت ڕاگرتنی هێرشەکان بۆ سەر کورد دەکات بە مەرجێکی ڕێککەوتن؟ لەسەر عەرزی واقیع نە بە دروشم ، ئایا کورد ئەو هێزەیە کە چارەنووسی شەڕەکە بگۆڕێ، لە کوردستانەوە هەزان کیلومیتر ببڕێ و بچێ تاران ڕزگار بکات؟ (ڕەنگە ئەوە تەنیا بۆ پێکەنین گوترابێ). ئەگەر ئەو هێزەیە، چۆنە سەرەڕای دنیایەک خەبات و قوربانیدان، ٤٧ ساڵە ڕێژیم لەجیی خۆیەتی؟!

هەموومان دەزانین کە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە مەنفییە! هەرکە ڕێککەوتن، ئەمریکا کاری بە کورد نامێنێ و ئەوکاتە، ترامپ دەڵێ پووڵ و چەکم پێداون شەرم بۆبکەن - ئەوەی بە کوردی ڕۆژاواشی گوت!

دیارە گلەییکردن لە ئەمریکا و ئیسرایل و داوای تەزمین کردن لەجێی خۆی دا نییە. هیچ ولاتیک حیزبە کوردستانییەکان بەو پرشووبلاوییەی ئێستا وەک هاوپەیمان و هێزی کاریگەر سەیرناکا کە خۆی لەسەر پیاوخراپ بکات. کورد خۆی وەک "شەڕکەری چاک"ناساندووە نەک وەک جوولانەوەیەکی سیاسیی دێموکراتیک و خاوەنستراتێژی. بۆیە، ئەمریکا و ئیسراییلیش کوردیان تەنیا بۆ شەڕ دەوێ.

ئەمریکا تەنانەت ئامادە نەبوو پەڕۆیەک لە کۆماری ئیسلامی دادڕێ و ڕاگرتنی هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەلات بکات بە مەرجێکی لاوەکی ئاگربەس لەگەڵ ئێران!

بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو .عێراق و کورد لەدژی ئێران لە شەڕدا بوون، بەڵام ئەویش شەڕی کورد نەبوو، چون ئامانجی شەڕەکان جیاواز بوون. دەرفەتێک بۆ حیزبەکان ڕەخسا بۆ بەهێزکردنی خۆیان و جوولانەوە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا کەڵکیان لێوەرگرت.

هەر ئەوکات نەمر دوکتور قاسملوو لە لێدوانێک دا رایگەیاند کە "ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێ ئەسڵی خودموختاری لە یاسای بنەڕەتی دا بگونجێنێ، ئێمە ئامادەین شان بە شانی سوپای ئێران پارێزگاریی لە سنوورەکان بکەین" (نقل بە مضمون). مانای ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە کورد شەڕ بۆ ماف و دابینکردنی بەرژەوەندیی خۆی دەکات نەک بۆ نەفسی شەڕ.

کەوایە، دەتوانین بڵەین ئەو شەڕەش دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساندووە. بەلام ئاخر هەل و دەرفەتیش لەخۆڕا نابێت بە دەسکەوت و ماف: هەل دەبێ بتوانی کەڵکی لێوەرگری. ئایا بەو وەزعەی ئێستا، کورد توانای کەڵکوەرگرتنی لەو دەرفەتە هەیە؟

**ولامی ئەو پرسیارە گرینگە ڕەنگە کارنامەی "هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" بیداتەوە:**

ئایا "هاوپەیمانی لەو بارودۆخە هەستیار و دژوارە دا توانیویە نوێنەرایەتێکی هاوبەش پێکبێنێ کە لە ئاستی نیودەوڵەتی دا زمانحاڵی کوردی ڕۆژهەلات بێ؟ هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی ئەندامی هاوپەیمانی وەسەریەک خستۆتەوە؟ پلانێکی هاوبەشیان بۆ ڕۆژی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەلات و بەڕێوەبردنی کوردستان داڕشتووە کە هەر لەسەر سنوور تووشی پێکهەڵپڕژان نەبن؟ "هاوپەیمانی" تەنانەت نەیتوانی بە بەیانێکی هاوبەش قسەکانی ترامپ لەمەر پێدانی چەک بە حیزبەکان بەرپەرچ بداتەوە (هەر حیزبە بەجیا بەیانی دەکرد!). لە کۆبوونەوەی ئێرانییەکان لە لەندەن، سێ لایەنی "هاوپەیمانی" بەشدار

بوون، بەڵام نەک هەر نوێنەرایەتی هاوبەشیان بۆ دیاریی نەکرابوو، تەنانەت هەواهەنگیشیان نەبوو و هەر یەکەی قسەیەکی دەکرد. وەک ئەوەی چووبن فارسەکان دڵنیا بکەن کە ئێمەی کورد توانا و ئیرادەی ئەوەمان نییە یەکبگرین و بە دەنگێک دیفاع لە مافەکانمان بکەین!

هەل و دەرفەت بە زەرفییەت و هێز و ستراتیژیی هاوبەش دەقۆزرێتەوە و کەڵکی لێوەردەگرێ، فاکتورێک کە لە دنیا و مناسباتی ئەورۆ دا هیچ لایەنێک، تەنانەت زلهێزەکانیش، لێی بێنیاز نین و بەردەوام هەوڵی بۆدەدەن. دەرفەت بە دروشم بەخۆداهەڵکوتن هیچی لێ شین نابێتەوە.

**گرینگ:** خەباتی ئازادیخواز دەبێ بەپێی ئولەوییەت هەنگاو هەڵگرێ و سەرەتا پێویستە نێومالی خۆی ڕێکبخا و یەکگرتوویی و تەبایی لە نێو ڕیزەکانی خۆی دا دابین بکات، ئەوکاتە دەبێتە هێزی خاوەن ئیعتبار و بەهەند دەگیرێ.
دەنا هەر لایەنێک تووشی ئەو تەوەهومە کوژەرە بێ کە بەتەنیا دەتوانێ ولامدەری دۆخەکە بێ و بەسەر کێشە چاوەڕوانکراوەکان دا زاڵ بێ، لەگەڵ خۆی، جوولانەوە و بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات بەقوڕێ دا دەبا.

چەک و هێزی نیزامی گرینگن، بەڵام گرێدانی چارەنووسی جووڵانەوەی کوردستان تەنیا بە چەک و بەدیکردنی ئیعتبار و ڕزگاریی تەنیا لە لوولەی تفەنگ دا، هەر کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەوەمان کرد، هەر وەک تاقمێکی چەکدار دەبیندرێین و زۆر بەهاسانی وەلا دەنرێین و مامەڵەمان پێوەدەکرێ بەبێ ئەوەی تێچوویەک بۆ مامەڵەپێکەر هەڵبگرێ. هەر ئەوەمان پێ دەمێنێ هاوار بکەین خەیانەتمان پێکراوە و ئەم و ئەو تاوانبار بکەین!

پاشان، ئاخۆ هەواهەنگییەک لەبەینی هێزە سیاسییەکانی چواربەشی کوردستان هەیە؟ ئەگەر ئەو ئەسڵەمان لەبەر چاو بێ کە ڕووداوەکانی بەشەکانی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەیە، گرینگیی بوونی ئەو هەواهەنگییە حەیاتی و فاکتورێکی یەکلاکەرەوەیە.

**ڕووداوکانی چەند مانگی رابردوو جارێکی دیکە بەڕوونی دەری خست کە لایەنە بڕیاربەدەستەکانی شەڕ نازانن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەنگ کێیە و ڕوو لە کوێ بکەن. با لەجیاتی ئەوەی خۆڵ لە چاوی خۆمان بکەین، بە هێزی یەکگرتوومان بەسەر ئەو دۆخە دا زاڵ بین.**

١٤ی مای ٢٠٢٦

## لەبری بەخۆداچوونەوە و دەرسوەرگرتن، پێکهەڵدەپرژێین و لە تاوانبار دەگەڕێین!

**ئەوە کە لە هەڵبژاردنی "کۆنگرەی ئازادیی ئێران" نوێنەری حیزبی دێموکرات هەڵنەبژێردرا، کارەسات نییە و تاوان و پیلانی کەسیش نییە، بێجگە لە شێوەسیاسەتکردنی خۆمان!**

**ئەمن چەند وتارم ڕاست لەو پێوەندییە دا بلاو کردۆتەوە:** کاتێک هەر حیزبە بۆخۆی و بەبێ هەواهەنگیی و پلان و کاندیدی دیاریکراوی هاوبەش دەچێتە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە، تەنیا خەڵک بە خۆمان خۆش دەکەین و خۆمان وەک جووڵانەوەیەکی پرشووبڵاو و بێ پلان و ستراتێژیی دەناسێنین. کێشە لە لای خۆمان و لە شێوەی بەشداریکرنەکەیە.

**سەیرە ئەو ڕاستییە زەقەمان بۆ ناسەلمێندرێ:** کاتێک ئاوا بە پرشووبڵاویی دەڕۆین، ئاشکرایە حیزبە کوردستانییەکە یەک لایەنە لە بەرانبەر دەیان کەس و ڕێکخراوی فارس دا و حیزبە کوردستانیەکە خۆی بکووژێ و هەزار دروشم بدا و خۆی هەڵبکێشێ بۆ عاسمان، ئەو وەزنەی نابێ و کاتێک خۆی بەربژێر دەکا، ئاساییە لە هەڵبژاردنێکی "دێموکراتیک"ی زۆرایەتی- کەمایەتی دا هەڵنەبژێردرێ .

بەبڕوای من، نە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و پژاک سەرکەوتنە، نە هەڵنەبژاردنی نوێنەری حیزبی دێموکرات شکستە! دۆڕاو جووڵانەوەی کوردستانە و براوە ناسیونالیزمی فارس. بەو شێوەیە، نوێنەری حیزبی دێموکرات هەڵیشبژاردرابایە، لە ئاخری دا کورد هەر دۆڕاو دەردەچوو. داهاتوو دەری دەخات.

**خەڵک سیاسەت بۆ بەرهەم و دەسکەوت دەکا، نەک بۆ شکاندنی خۆی / یەکتر. ئێمە بە دروشم دەژین.**

**فارسەکان لەگەڵ ئێمە ژیرانە سیاسەت دەکەن. ئەوە نییە دیسان بەربووینە گیانی یەکتر! وادیارە "هاوپەیمانی" تەنیا بۆ بێئیعتبارکردنی خۆمان پێکهاتووە نەک بۆ بەهێزکردنی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات!**

١٦ی مای ٢٠٢٦

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست!

ئەمن سالانێک دوور و درێژ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بەرپرسایەتیم بەستۆوە بووە و ئەندامی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بووم.

هەتا کۆنگرەی ١٧ لە سەرجەم سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکرات، بە چاک وخراپییەوە، خۆم بە هاوبەش و بەرپرسیار دەزانم و خۆم بە جیا نازانم.

هەروەها، هەتا ماوەیەک لەوەمەوبەر لە نێو هاوڕێکانم دا بووم زۆر باش ئاگادارم کە حیزبەکان ئەورۆ لە چ بارودۆخێک دا خۆیان راگرتووە و زۆریشیان شانازی پێوەدەکەم. ئیزن بە خۆم نادەم لێرەڕا دەرسیان دا بدەم لە کاری کردەیی دا چ بکەن و چ نەکەن!

### ڕەخنەی من سیاسییە و بەڕوونی لەسەر دوو شتە:

١- **پرسی یەکگرتن:** پێموایە سیاسەت پرسی "حب و بغض" و تووڕەبوون و زیزبوون نییە و بە دروشمدان و بەخۆداهەڵکوتنیش بەستێک مرۆڤ لە ئامانج نزیک ناکاتەوە. سیاسەت بۆ ماف و دەسکەوت و بەرهەمە و ماف و دەسکەوت بە هێز دابین دەکرێ و بەرژەوەندیی بە هیز دەپارێزرێ و هیزیش، لە یەکگرتوویی و پلان و ستراتێژیی هاوبەش دایە. سەردەمی تاکحیزبی و یەکجانبەگەرایی و خەبات و سیاسەتکردن بە پرشووبلاویی بەسەر چووە و نەسەلماندنی ئەو راستییە، جوولانەوە بەرەو هەڵدێر دەبات. ئەوەی ئەورۆ ئیعتبار و پرشتیژ و هیز دەدا بە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز، یەکگرتوویی و خەبات و گوتاری هابەشە. نەسەلماندنی ئەو راستییە تەنیا ئێش و ئازاری کورد و تێچووی خەبات دەباتە سەرێ.

٢- سیاسەتی حیزبەکان بەرانبەر بە ئوپوزسیونی ناوەندی بۆ ٤٧ ساڵ، بەشێوەی سەتاسەت، نە کەمتر، شکستی هێناوە و نەک هەر چووکترین دەسەکەتی بۆ کورد نەبووە و دۆستێکی بۆ کورد پەیدا نەکردووە، بەڵکوو خەسارێکی زۆریشی بە پرستیژ و پێگەی جووڵانەوە گەیاندووە و ئەگەر پێداچوونەوەی تێدا نەکرێ، سووربوون لەسەری هیچ بە خۆمانەوە ناهێڵێ!

ئەوەش بە پۆستی پێشوومەو بلکێنم: فارسەکان ژیرانە کێبەرکێیەکی زۆر مەترسیداریان خستۆتە نێو حیزبەکان بۆ

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

ڕاکێشانیان بۆ لای خۆیان و بە زیانی جووڵانەوە. کارەی ئەوان بۆ دوژمنایەتی یان دۆستایەتی ئەم و ئەو حیزب نییە، هەموو حیزبە کوردستانییەکان بە "تجزیەطلب" و هەڕەشە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەزان، کاری ئەوان دووبەرەکینانەوە و لێکدڕدۆنگکردنی حیزبەکانە. هیوادارم لەوە زیاتر نەکەوینە داویانەوە.

**هەروەها، ئەگەر بە تاقی تەنیا نوێنەری حیزبی دێموکرات هەڵبژێردرابایە، هەر کوردم بە دۆڕاو دەزانی. بۆیە هەڵنەبژاردنی نوێنەری حیزب، شتێک لە بایخی دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە وەک شەخس کەم ناکاتەوە.**

١٦ی مای ٢٠٢٦

## "کاتی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو نەگەیشتووە، بارودۆخ ئامادە نییە"!

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی بەگوێمان دەگاتەوە و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دا بڵاو بوونەتەوە، حیزبەکان بە دووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک پاساوی ناسراو، کات و بارودۆخ بۆ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی بە نەگونجاوە دەزانن و ناڕاستەوخۆ "هاوپەیمانییەکەیان" بە بەدیل بۆ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی دادەنێن. بەوشێوەیە، ئاوێکی ڕوونیان کردۆتە دەستی بیرورای گشتیی کورد و ئەو کەسانەوە کە چاوەڕێی هەنگاونانی لێبڕاوانەی حیزبەکان بەرەو یەکگرتن بوون!

ئەوە هەڵوێستی حیزبگەلێکە کە شەوڕۆژ لەژێر فشار و هەڕەشە و هێرشی دوژمنەکەیان دان و کاتێکیان بۆ بەفیڕۆدان بەدەستەوە نییە. وادیارە دەبێ چاوەڕێ بین دەستێک لە غەیبەوە بێ و بەستێن بۆ دامەزراندنی هێزی یەکگرتووی نیشتمانی خۆش بکا، ئەو کارە کاری ئەوان نییە!

لەو سەردەمە دا، هیچ حیزبێک ناتوانێ خۆی لەو پرسیارە بدزنەوە کە ئەرێ ئەرکی ئێوە وەک حیزبی سیاسی چیە؟ لەو دۆخە هەستیار و پڕمەترسییە دا ئەگەر نەتوانن بەستێن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی پێویستی نیشتمانی فەراهەم بکەن، ئەگەر نەتوانن کۆبەندییەکی مانادار و کارلێهاتوو دابمەزرێنن، ئەگەر نەتوانن بەرانبەر بە ڕێژیم هاوخەبات و هاودەنگ بن، ئەگەر نەتوانن بەرانبەر بە ئۆپوزسیونی ناوەندیی یەکگوتار و هاوهەڵوێست بن، ئەگەر نەتوانن نوێنەرایەتێکی هاوبەش بەرانبەر بە بیرورای گشتی و وڵاتان پێکبێنن و بە دەنگێک هاواری خەڵکەکەتان بگەیەنن دنیا، ئەگەر نەتوانن میدیایەکی هاوبەشتان هەبێت، ئەگەر نەتوانن جمووجۆڵە نیزامیەکانتان لە ژوورەوە هەواهەنگ بکەن، ئەگەر بەقیمەتی لەنێوچوونی خۆتان و جووڵانەوە نەتوانن و نەتانەوێ هێزەکانی پێشمەرگە وەسەریەک بخەنەوە! بەڕێزان، ئەی چ دەکەن و چیتان پێدەکرێ؟ ئایا لەبەرئەوەی دەرفەتی خەباتی چەکداریتان نییە، دەبێ ئاوا گردەنشین بن و دەستەوئەژنۆ دابنیشن؟

کەوتووینە بەر "معما"یەکی سەخت! حیزبەکان ئەوەی دەتوانن بیکەن و ئولەوییەتی هەیە و لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە دنیایەک پرستیژ و ئیعتبار بە خۆیان و بزافەکەیان دەبەخشێ و جووڵانەوەی پێ دەکەوێتەوە ڕۆژەڤ، بەزۆریش خۆی لێنادەن (هاوپەیمانیەکی بەناوەرۆک و سەقامگیر، هاودەنگی بەرانبەر بە ڕێژیم، نوێنەرایەتی هاوبەش، یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابینکردنی یەکگوتاریی و هاوهەڵوێستی بەرانبەر بە ئۆپوزسیونی ناوەندی، میدیای هاوبەش، داڕشتنی پلان و ستراتێژییەکی هاوبەش).

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بەڵام ئەوەی نـاتوانن بیکەن دستی دەدەنـێ! لەسـەر بەڕێـوەبردنی جمووجـۆڵی بەرتەسکی بێهەمـاهەنگی چەکـداریی سوورن! کارێـک کە ئەگەر لەو بـارودۆخە دا نەشیکەن، گلەییـیان لـێ نـاکرێ، لەبەر ئەوەی کە لە بـارودۆخی ئێسـتا دا نەک هەر دەسکەوتێکی بۆ دابین نەکردوون، بەڵکوو کێشەیەکی زۆری بۆ ناونەوە و تێچوویەکی قورسیشی بەسەردا سەپاندوون!!

جێگەی سرنجە، ئەزقەزا ئەوەی ڕێژیم و ئوپوزسیونی ناوەندی بەئاشکرا پێیەوە بەرتەنـگ و بێتـاقەتن و لێـی تۆقیـون و بەردەوام کۆسپی بۆ چێ دەکەن، یەکگرتوویی و ئەو کارانەن کە حیزبەکان پێیاندەکرێ و نـایکەن، چـون ئیعتبـار و قورسـایی حیزبەکان و جووڵانەوەی کورد بەرز دەکاتەوە!

ڕێژیمـی دیکتـاتۆری چەکـی زۆری بـۆ بەگژداچـوونەوەی جمووجـۆڵی نیزامیـی هەیە، بەڵام ڕێژیمـی سـەرکوتکەر و نێـوزڕاو بـۆ بەرەنگاربوونەوەی خەبـات و تێکۆشانی یەکگرتووی حیزبەکان، چەکی کاریگەریی بەدەستەوە نییە و داماوە.

ئەوەش یەکێک لە ئاکـامە کارەسـاتبارەکانی میلیتـاریزەبوونی مێشـک و سیاسـەتە کە مـاف و ئـازادیی و بەرخـۆدان تەنیـا لە لـوولەی تفەنـگ دا بەدی دەکـا (تفەنگێـک کە ناشـتوانێ بەئاشـکرا کەڵکـی لێـوەرگرێ) و ئەگەر تەقەی تفەنـگ نەهـات، بەکردەوە خەبات و تێکۆشان دەوەستێ و بێجگە لە دروشمدان و بەخۆداهەڵکوتن شتێکی لێ نامێنێتەوە.

**ئەوڕۆ سەرکەوتن لە جمووجۆڵی چەکداریش گرێدراوە بەو هەنگاوانەی پێیاندەکرێ هەڵیگرن و خۆی لێ دەبوێرن!!**

حیزبەکـان پێویسـتە زۆر لەسەرهەسـت بـن کە بەهـۆی خۆبـواردن و ڕوویخـۆش نەنوانـدن بە پرسـی دامەزرانـدنی هێـزی پێشمەرگەی نیشتمانی، ئەو هەستە لە ئاستی بیـروڕای گشـتیی کوردستان دروست نەکەن کە پێکهـاتنی هێـزی پێشمەرگەی یەکگرتوو بە هەڕەشە بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندیی حیزبیی خۆیان دەزانن! دەبێ زۆر وریا بن کە ئەو هەستە لە زەین و بیـری خەڵـک دا نەبێـت بە دڵنیـایی کە حیزبەکـان هەر بڕوایـان بە یەکگرتـوویی کـورد و خەبـاتی هـاوبەش نییە و بەرژەوەنـدیی حیزبیی خۆیان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندیی جووڵانەوە.

نابیستنەوە کە عالەم دەڵێ حیزبەکان شێوەکاری عەشیرەتیی بۆ خۆیـان بەسوودتردەزانن هەتـا خەبـاتی نیشتمانی و هێـزی پێشـمەرگەی حیزبییـان بـۆ کـاتی گەڕانەوە و بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتی حیزبـی و "یەکلاکـردنەوەی" ململانەی دەسـەڵات و جیاوازییە سیاسییەکانیان بە چەک، پێویستە.

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

نابیستنەوە کە دەگوترێ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی لەگەڵ تێڕوانین و بەرژەوەندیی تاکەکانی نێو حیزبەکان ناگونجێ! ئاخر حیزبی سیاسیی بەرپرس چۆن هێندە بەرانبەر بە بیروڕای گشتیی خەڵکی خۆی بێتەفاوەت دەبێ؟

**هەست ناکەن کە لەبەردەم یار و نەیار دا بەردەوام لاوازیی و بێتوانایی خۆیان لەقاو دەدەن؟!**

نابینن کە سەرلەبەری دنیا بە وڵاتە بەهێز و بەدەسەڵاتەکانیشەوە، بێپسانەوە خەریکی پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتنن و لەو ناوە دا بەڵام، تەنیا حیزبە دوورەوڵات و لەقەیران و مەترسیکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتن کە بەرانبەر بە هەموو شێوە و پرسێکی یەکگرتن وەستاونەوە و خۆیانی لێ دەبوێرن؟

ئاشکرایە کە کاری بەکۆمەڵ و داڕشتنی پلانی هاوبەش دژوارە و کۆسپی دێتە سەر ڕێ و تاقەتی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئاخر ئەوە ئەرکی حیزبی سیاسیی خەباتگێڕە کە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کۆسپەکان بدۆزێتەوە و بەستێن بۆ بڕیاراتێک ئامادە بکا کە بۆ گەشەسەندنی خەبات پێویستن و دوارۆژی بزووتنەوەیان پێوەگرێدراوە. ئەگەر ئەوە نەکا، فەلسەفەی بوونی خۆی دەخاتە ژێر پرسیار!

بە پێچەوانەی ئیدیعاکان، ئەزموون دەریخستووە کە بە زۆر هۆکار، لە کوردستان هیچ کۆبەندێکی سیاسی تاسەر بەردەوام و سەرکەوتوو نابێ ئەگەر پێشمەرگە، هێزی حیزبی بمێنێتەوە و نەبێت بە هێزی نیشتمانی.

پاشان، بوونی "هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی" و "هاوپەیمانیی سیاسی" دوو دیاردەی پێکناکۆک نین، تەواوکەری یەکترن. پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی هەوێنی هاوپەیمانیی سیاسی مانادارە.

**بیری لێبکەوە: لەناکاو ڕێژیم بڕووخێ و حیزبەکان هەر یەکە بە پێشمەرگەی خۆیەوە بگەڕێتەوە، بەو پڕشووبڵاویی و بێ بەرنامەییە چ دەقەومێ؟!**

**با هەمووشت نەخەینە چوارچێوەی هەست و سۆز و دروشمەوە و چواردەوری خۆمان بە تابوو نەتەنین و خۆمان لە پرسیارکردن و بیرکردنەوە بێبەش نەکەین. هەڵەکردن باشترە لە بێدەنگی و بێتەفاوەتی!**

**١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٦**

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ تێبینی چەند خوێنەری بەڕێز!

هەروەک لە نووسینەکەم دا بەڕوونی ئاماژەم پێکردووە، وەسەریەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی چەند حیزب بە کۆمەڵێک جیاوازیی گرنگی سیاسییەوە نەک هەر هاسان نییە، بگرە زۆریش دژوار و تاقەتپڕووکێنە و بەڵێ پێویستیی بە پسپۆڕ و شارەزا هەیە، بەڵام خۆ حیزبەکان ناڵێن پسپۆڕ و شارەزامان نییە! دەڵێن "کاتی نەهاتووە و بارودۆخ بۆ ئەو هەنگاوە ئامادە نییە"! و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بڵێی "پرسی کورد سیاسییە و هاوپەیمانیی سیاسیی هەبێ، بەسە"! تێنەگەییم ئەوە چ پێوەندییەکی بەو باسەوە هەیە؟!

**پرسیارەکە ئەوەیە:** ئەو کاتە کەنگێ دەگا و ئەو بارودۆخە کەنگێ و چۆن ئامادە دەکرێ و بەتایبەتی بێجگە لە حیزبەکان خۆیان، کێ دەبێ دەستی بداتێ و هەوڵی لێبڕاوانەی بۆ بدات؟ مەگەر کات و بارودۆخ لەوە قەیرانیتر و پڕمەرسیتر دەبێ؟!

پاشان، وەسەریەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کارێکی "فنی- تخصصی"ئاڵۆزە و ئەرکی من وەک تاکێکی چاوەدێری کۆمەڵگا نییە کە بەرنامە و پێشنیاری ڕوون بدەم (تاکی کۆمەڵگا بیروڕای خۆی دەردەبڕێ، ڕاست یان چەوت!)، ئەوە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانە کە هێز و دەسەڵات و ئیمکانات و پێوەندیی و زانیاریی و شارەزاییان هەیە و ئیدیعای ڕێبەریی و نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن.

ئایا حیزبەکان لەو بارودۆخە هەستیار و پڕ لە مەترسییە دا، ئەوەندەیان کات بەدەستەوەیە کە جارێ بە خاترجەمی پاڵی لێبدەنەوە؟! ڕووداوەکان ئەوەندە خێرا تێپەڕ دەبن، کاتێک بۆ چاوەڕێبوون ناهێڵنەوە.

ئایا ئەگەر لەناکاو دۆخەکە گۆڕا و کوردستان لە شەڕی نێوخۆ دا نوقم بوو، لەشەڕ دا دەست بە کۆکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر فەرماندییەکی واحید دەکرێ؟!

بەداخەوە ئەمن ئەورۆ، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و ناوچە و هاتنەئارای کۆمەڵێک کایەکەر و پارامێتر و "متغییر"ی نوێ و بەو پڕشووبڵاویی و نایەکگرتوویی‌ەی کورد، ئەو جارە ئەگەری هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ لە هەموو کاتێک پتر بە واقعی دەزانم، شەڕێکی وەها کاولکەر و خوێناویی و کارەساتبار کە ڕەنگە مێژووی خەباتی هەشت دەیەی ڕابردووی

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

**کوردستان بەخۆیەوە نەدیتبێ!**

**ئەوجارە ترس تەنیا لە تێچووی زۆری مرۆیی و بەفیڕۆچوونی دنیایەک خەبات و فیداکاریی و بەئامانجنەگەیشتن نییە، بەڵکوو ترسی لەدەستچوونی بەشێک لە خاکی کوردستانیشی پێوە زیاد بووە! ئەوکاتە ئیدی هەزاران دروشم و بەخۆداهەڵکوتن و لەخۆنووسان، تەمەنێکی سووتاو ناهێنێ و لە هەموو بوار و ئاستەکان دا دۆڕاوی ڕووداوەکانین. هیوادارم من بەهەڵە بچم و ڕەشبینیەکەم وەدی نەیە!**

**ئەرکی هەرە گرینگ و سەرەکی ئەوڕۆی حیزبەکانمان ئەوەیە لەسەرهەست بێ و هەر هەنگاوێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە پێیاندەکرێ، هەڵیگرنەوە و یەک لەوان، وەسەریەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە. نەبوونی "هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە" ئاڵقەی ونبووی یەکگرتن و ئامادەبوونی حیزبەکانە. هاوپەیمانیی سیاسی بەبێ ئەو هەنگاوە خەبات بە ئامانج ناگەیەنێ. ئەوە نییە هاوپەیمانی سیاسیی هەیە و هیچ سوودێکی نییە!**

**هاوڕێیانێک فەرموویانە ڕاوەستین هەتا "پارلمانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکدێ"، ئەوکاتە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکرێ! جا ئەگەر بگەینە ئەو قۆناخە خەممان چییە؟ نەبوونی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو بۆخۆی هۆکارە بۆ نەگەیشتن بەو قۆناخە! پاشان، ئەوکاتە هونەری حیزبەکان لە کوێ دایە؟ دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە هەتا دەگەینە ئەو قۆناخە، حیزبەکانن کە دەبێ بڕیار بدەن و هەنگاو هەڵگرن.**

**زۆرجاران باسی "دەفەت" بۆ کورد دەکرێ، دیارە بەبێ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە ئەو "دەرفەتانە" چن و لە کوێن! ئەمن بەداخەوە هەرچی چاو دەگێڕم، لە هەموو لایەکەوە هەر هەڕەشە دەبینم، هەڕەشەی گەورە! وە ئەگەر لەنێوەدا دەرفەتێکیش بێتە پێش، نازانم بەو پڕشووبڵاویی و بێبەرنامییە، کێ و کام هێز و پلانی هاوبەش قەرارە لە بەرژەوەندیی کورد دا بیقۆزێتەوە و ئەویش نەکات بە هەڕەشە؟!**

**مرۆڤی سیاسی پێوستە هەمیشە گەشبین بێ، بەڵام نابێ تووشی تەوهوم بێ و چاو لەحاست ڕاستییەکان بنووقێنێ و بەدروشم دڵی خۆی خۆش بکات. سنووری نێوان گەشبینی و تەوەهوم زۆر کاڵ و تەسکە، مرۆڤ وریا نەبێ لە گەشبینیی دا هەڵدەخلیسکێ و دەکەوێتە داوی تەوەهومەوە.**

**١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٦**

هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

## ئاخۆ پێشمەرگەی حیزبی دەتوانێ بەدیل بێ بۆ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی؟

### بەشی یەکەم

ئەو ئاڵووگۆڕە قووڵ و گرینگانەی کە بەتایبەتی لە سێ دەیەی ڕابردوو دا کە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی و هزری لە کوردستان، ئێران، ناوچە و جیهان دا هاتوونەت ئاراوە هاوکات لەگەڵ مودێڕنیزە و ئەلکترونیزەبوونی ئامرازەکانی شەڕ، پارسەنگی هێزیان (توزن قوا) بەتەواویی گۆڕیوە و شوێنەواری ڕاستەوخۆیان لەسەر پرسی کورد و خەباتەکەی داناوە.

ئەو بارودۆخە گۆڕاوە، خەسارناسی و پێداچوونەوە بە شێوە و ستراتێژیی خەباتی کردووە بە پێداویستییێکی حەیاتی و حیزبە کوردستانییەکانی خستۆتە بەردەم ئەرک و تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی. بارودۆخی نوێ، بیر و پلان و ستراتێژیی نوێ دەخوازێ.

یەکیک لەو خاڵانەی کە پێویستە بەجیددی بدرێتە بەر باس و هەنگاوی خێرای بۆ هەڵگیرێتەوە، پرسی پێکهێنانی "هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی"یە. پرسێک کە چارەنووس و داهاتووی خەباتی کوردی پێوە گرێدراوە.

هەرحیزبێک دەتوانێ ئیدیعا بکا و دەیکا کە پێشمەرگەی ئەو بۆ ڕزگاریی گەلەکەی تێدەکۆشێ کەوایە هێزێکی نیشتمانییە. بەڵام ئەزموونی دوای سەرهەڵدانی ئەحزابی سیاسی چەکدار و ڕووداوەکانی بەشەکانی کوردستان، ئەو بۆچوونە ناسەلمێنن. لەبنەڕەت دا جیاوازیی زۆر هەیە لەنێوان هێزی چەکداری حیزبی و هیزی چەکداری نیشتمانی. ڕاستە پێشمەرگەی حیزبەکان خەباتگێڕن و لە پێناو ماف و ئازدیی نەتەوەکەیان دا فیداکاریی کەموێنیان کردووە و دەیکەین،

**بەڵام هێزی چەکداری نیشتمانی پێناسە و پێڕەو و چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی هەیە و هەربۆیەش بەرهەم و ئاکامی تێکۆشانیشیان جیاوازە:**

- هێزی چەکداری نیشتمانی بەستراوە بە هیچ حیزب و تاقمێکی تایبەتی نییە و بەپێی یاسا، خۆی لە دەستێوەردان و دەخالەتکردن لە ململانە و پرسە نێوخۆییەکان دەپارێزێ و ڕەوایی خۆی لە دامەزراوە نیشتمانییەکان وەردەگرێ. بەڵام

هێزی پێشمەرگەی حیزبی بە حیزبەکەیەوە بەستراوەیە و ڕەوایی لە ڕێبەریی حیزبەکەیەوە وەردەگرێ. (لە هیچ بەڵگە و نووسراوە و لێدوانێکی حیزبەکان دا جارێک ئاماژە بەوە نەکراوە کە هێزی پێشمەرگە، گریلا یان شەڕوان مافی دەخالەتکردن لە کێشەی نێوان حیزبەکانی نییە و دەبێ بێلان بێ!).

- ئەرکی هێزی چەکداری نیشتمانی دەروەستبوون بە یاسای گشتیی و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانە. بەڵام هێزی پێشمەرگەی حیزبی دەروەستە بە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و بڕیاری حیزبەکەی و ڕاستەوخۆ داکۆکی تەنیا لە بەرژەوەندیی حیزبی خۆی دەکا.

- فەرماندەیی هێزێ چەکداری نیشتمانی لەستۆی دامەزراوەیەکی نیشتمانی یان سەرکۆماری هەڵبژێردراوە. بەڵام هێزی پێشمەرگەی حیزبی بەفەرمانی ڕێبەرایەتی حیزبەکەی هەڵسووکەوت دەکا و دەجووڵێ.

- بژێوی و چەکوچۆڵی هێزی چەکداری نیشتمانی لەلایەن دامەزراوە نیشتمانیەکانەوە دابین دەکرێ. بەڵام بژێوی و چەکوچۆڵی هێزی پێشمەرگەی حیزبی لەلایەن حیزبەکەوە دابین دەکرێ.

هێزێکی ئەوتۆ هەموو جموجۆڵێکی بەفەرمانی حیزبێکە و بەردەوام بۆ شەڕی نێوخۆ کەڵکی لێوەرگیراوە و کەڵکی لێوەردەگیرێ.

- هێزی چەکداری نیشتمانی بێلایەنە، بەڵام هێزی چەکداری حیزبی بێلایەن نییە و لە کێشەی نێوحیزبەکان دا هەمیشە و بە چاک و خراپ لایەنی حیزبی خۆی دەگرێ و بە دیفاع لە حیزبی خۆی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکەی دیکە. لە هیچ شەڕێکی نیوخۆیی دا، هێزی پێشمەرگەی ئەم یان ئەو حیزب بێلایەن نەبووە وخۆی دوور ڕانەگرتووە.

لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، هێزی پێشمەرگەی حیزبی "A" بۆ خۆی بە ڕەوا زانێوە هێزی پێشمەرگەی حیزب "B" کە ئەویش ئیدیعا دەکا "هێزی پێشمەرگەی نیشتنمانیە، بکووژێ. دوو هێزی چەکداری نیشتمانی یەکتر دەکووژن؟! تەنانەت لە کاتی لێکدابڕان و جیابوونەوەکانیش دا، هێزی چەکداری حیزبی بێلایەن نییە، دابەش دەبێ و لە کوشتنی هاوسەنگەری دوێنێ دەست ناپارێزێ!

- لە ٨٠ ساڵی ڕابردوو دا، جووڵانەوەیەک شک نابەین کە هێزی چەکداری حیزبی بۆ شەڕی براکوژی "استفادە ابزاری" لێ

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

نەکرابێ و کچ و کوڕی کورد نەکرابێتە ئامراز و کەرەستەی شەڕی نێوخوی حیزبەکان و نەکرابێتە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی دەسەڵات! ئەو دیاردە دزێوەش هۆکاری سەرەکی لاوازبوون و هەرەسهێنانی بزووتنەوە بووە!

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو، ڕزگارکردنی کورد لە شەڕی کاولکەری نێوخۆیی و پاراستنی گیانی پێشمەرگەیە کە لە شەڕی دەسەڵات دا خوێنی بەفیڕۆ نەڕژێ.

کاتێک هەر حیزبەی هێزی چەکداری خۆی هەیە و بەرانبەر بە هیچ مەرجەع و یاسا و ڕێسایەکی نیشتمانی دەروەست و وەڵامدەر نییە، یانی حاکمییەتی چەک و "چارەسەرکردنی" جیاوازییە سیاسییەکان بە زەبری چەک! ئاشکرایە کە لە هیچکوێی دنیا کۆمەڵگا لەژێر حاکمییەتی چەک دا ناحەسێتەوە و بە ماف و ئازادیی ناگات.

ملنەدان بە پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو یانی حاکمییەتی چەک و حاکمییەتی چەک لە هیچ وڵاتێک دا نەبۆتە هۆی سەقامگیریی و بەختەوەریی کۆمەڵگا و گەشەی سیاسی. لەبەرئەوەی پشتبەستنی حیزبەکان بە هێزی چەکداری خۆیان ڕێگەی نەداوە و نادا ناکۆکی و جیاوازییە سیاسییەکانی نێوانیان بەرێگای سیاسی و وتووێژەوە چارەسەر بکرێن، پەنا بۆ چەک دەبەن. ئەوە فاکت و مێژووە، لێکدانەوە و بۆختان نییە!

**ڕەنگە بگوترێ ئەو پێناسە و چوارچێوەیە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتێکی سەربەخۆ دەگونجێ، ئێمە لە قۆناخی شۆرش داین بۆ گەیشتن بە ئازادی. ئەو بۆچوونە ڕاست نیە:**

زۆر بزووتنەوەی بەناوبانگی نەتەوەکان لە گەرمەی شۆڕش دا هێزەچەکدارەکانیان لەژێر یەک فەرماندەیی دا ڕێکخستووە و هێزی چەکداری نیشتمانییان پێکهێناوە، بۆیە ئەزقەزا ئامانجی گەیشتن بە ئازادیی ئەو هەنگاوەی کردووە بە زەروورەت. پاشان، لەبەرئەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی سەرەڕای ئازایەتی و فیداکاریی کەموێنە، بەڵام بەهۆی پرشووبڵاویی و کێشەی حیزبەکان، هەتائێستا نەیتوانیوە ببێت بە فشار بۆ سەر ڕێژیم و تەنانەت لە هەرەتی لاوازبوونیی دا، پاشەکشەی پێبکات. ئەزموونی خەباتی ٤٧ ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێ و حاشالێکردنی شتێک لە واقعییەتەکە ناگۆڕێ. بۆیە، سەیرترین قسە ئەوەیە کە بگوترێ پێکهێنانی هێزی چەکداری نیشتمانی ئەرکی دوای سەرکەوتنی شۆڕشە!!

**لە خۆمانی نەگۆڕین: بە هیچ پێوەر و پێوانەیەک هێزی چەکداری حیزبی ناتوانێ بەدیل بێ بۆ هێزی چەکداری نیشتمانی و جێی ئەو بگرێتەوە.**



سەرچاوە Serchawe

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

کورد دەوڵەتی نییە، بەڵام شۆڕشی کوردیش دەتوانێ لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی دا، بکەوێتە دێموکراتیزە و نهادینەکردنی بزووتنەوەکەی و بیکات بە مەرجەع و یاسادانەر. یەکنەگرتوویی چارەنووسی "محتوم"ی کورد نییە!

حیزبەکان کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی و پرسیار هەر ئەوە نییە کە ئایا حیزبەکان ویست و ئیرادەی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە نیشتمانییەیان هەیە؟ ئەو پرسیارەش یەکلاکەرەوەیە کە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکان لەسەر ئەو پرسە حەیاتییە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، هاتەکوێ بڕ دەکات؟!

**ئەزموونی خەباتی چەکداریی کورد و نەتەوەکانی دیکە سێ ڕاستیی حاشاهەڵنەگرمان دەخاتە بەر چاو:**

**یەک:** "هاوپەیمانیی سیاسیی" و "پێکهێنانی هێزی چەکداری نیشتمانی" لێکبەستراون و ئیعتباری سیاسی و گەشە و بەرەوپێش چوونی خەبات دەستەبەر دەکەن.

**دوو:** هیچ "هاوپەیمانییەکی سیاسی" بەبێ "هێزی چەکداری یەکگرتوو"، تاقەت و توانای بەرهەمهێنانی دەسەڵات - هێز و چێکردنی "اهرم فشار"ی نییە، درەنگ یا زوو بەسەر ناتەبایيە نێخۆییەکانی دا هەڵیشنەوەشیتەوە بێمانا دەبێ و دەبێتە بار بە ملی حیزبەکانەوە!

**سێ:** ڕووداوەکانی ئەو دواییانە بەڕوونی دەریدەخەن کە بەهێزبوونی نیزامیی حیزبێکیش بەتەنیا، بەبێ هاوپەیمانێکی سیاسیی قایم و سەقامگیر، ئیلزامەن نابێت بە هێزی گەشەپێدەر و بەرەوپێشبەری جووڵانەوە!!

ناتوانم بە خۆمی بسەلمێنم کە حیزبەکانیش ئەوە نەزانن! کەوایە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: حیزبەکان سەرەڕای ئەو هەموو مەترسی و هەڕەشەیە، بۆچی ملنادەن هێزی پێشمەرگەکانیان تێکەڵ بکەنەوە و خۆیان پۆشتە و تەیار بکەن؟

**ئایا بەرژەوەندیی حیزبیی خۆیانی تێدا نابینن، زەرفییەت و تاقەتی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەیان نییە یان دەست و دەستانێکی بەهێز ڕێگەیان پێنادەن لەپێناو بەتوانا و بەهێزکردنی جوولانەوەکەیان لێبڕاوانە ئەو هەنگاوە پێویستە هەڵگرن و یەکیتێکی بەهێز و سەقامگیر پێکبێنن؟! زۆر پێناچی وڵامی ئەو پرسیارەش ڕوون دەبێتەوە.**

**٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٦**

## پێکنەهاتنی هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی چەند جاران جووڵانەوە لاواز دەکات

### بەشی دووهەم

**خۆبواردن لە پێکهێنانی هێزی چەکداری نیشتمانی لە زۆر بارەوە خەساری قورسی بە خەباتی کورد گەیاندووە و خەسارەکانی نەبوونیی لە داهاتوو، کارەساتبار دەبێت:**

- یەکەم خەسار؛ لە شۆڕشێک دا کە هەموو لایەنەکان چەکدارن، هەتا ئەوکاتەی "هێزی یەکگرتووی چەکدار" دانەمەزرێ، پێکهێنانی کۆبەندیی و "هاوپەیمانیی" کاردانەوەی پیویستی نابێ و هێز بەرهەم ناهێنێ. ئەزموونێک کە لە هەر چوار بەشی کوردستان تاقی کراوەتەوە و هەرەسی هێناوە!

لەمێژە گوتراوە "دیپلوماسی بەبێ پشتوانەی هێزی نیزامی، میزی وتوویژ دەکات بە کۆبوونەوەی بێئاکام"، ڕاستە. لە خەباتی چەکداریش دا، هاوپەیمانیی سیاسی بەبێ هێزی چەکداری یەکگرتوو، دەبێت بە (محفل)ێک بۆ دووپاتکردنەوەی ئیدیعا و لێدوانی بێکردەوە.

- هێز و وزەی جووڵانەوەی کورد دابەش دەکا. نابێتە فشار بۆ سەر ڕێژیم و پاشەکشەی پێناکا، تێچووی خەبات قورستر دەکات.

- بەشێکی بەرچاوی هێز و وزەی حیزبەکان بۆ شەری نێوخۆ بەفیڕۆ دەدا. لەژێر دەسەڵاتی چەک دا، سیاسەت داماو و بێدەسەلاتە و بەرگێڕەوە و بەربەستێک بۆ شەڕی نێوخۆ لەگۆڕێدا نییە.

- بەهۆی پشتبەستنی حیزبەکان بە چەکی حیزبی بۆ "یەکلاکردنەوەی" جیاوازیی و ناکۆکییە نێوخۆییەکان، کۆسپ و بەربەست لەبەردەم گەشەی سیاسی و دێموکراتیزە و نەهادینەکردنی جووڵانەوە و کۆمەڵگا دا چێدەکا و زیاتر پرسی دیالۆگ و کولتووری چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگای سیاسییەوە وەدوادەخاتەوە و هیچ لایەنێک بەپێویست نازانێ خۆی بەو ئەرکە گرینگەوە ماندوو بکات، وەک ئێستا!

- دەیان و سەدان جار بیستوومانە کە "شەڕی ئێمە بەدژی دیکتاتۆریی، شەڕێکی نابەرابەرە"، ڕاستە! پێکهێنانی هێزی چەکداری نیشتمانی تەنیا هەنگاوە کە دەتوانێ بەشێوەیەک ئەو نابەرابەرییە قەرەبوو بکاتەوە و پارسەنگی هێز (توازن قوا) لەبەرژەوەندیی کورد دا بگۆڕێ. دەنا خەباتی نەتەوەی ژێرستەم، بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز، بێجگە لە پشتبەستن بە هێزی یەکگرتووی، چی دیکەی بەدەستەوەیە؟!

بەوحاڵەش، هەزار بیانوو و پاساو بۆ کوێرکردنەوەی تاقەڕێگای خۆبەهێزکردنمان دێنینەوە و ئەویش لە خۆمان دەگرین!! تراژێدیایەکی خەباتی کورد!

**لە"جیمز بەیکر" وەزیری دەرەوەی سەردەمی "جورج بووش (باوک)"یان پرسی، هیز و دەسەڵاتی ئەمریکا لە چی دایە؟ وڵامی دایەوە: "هێز و نفووزی ئەرمریکا بە شەریک و هاوبەندییەکانیەوەیەتی، بەرژەوندیی بە شەریک و هاوپەیمان دابین دەکرێ و دەپارێزرێ"!. بەڵام کورد مەنتق و وڵامێکی دیکەی هەیە؟!**

- دەیان و سەدان جار بیستوومانە کە "ڕێژیم شەڕمان بەسەردا دەسەپێنێ"، ڕاستە! بەڵام ئەگەر جاریکیش لە خۆمان بپرسین "بۆ"؟، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژیم شەڕمان بەسەر دا دەسەپێنێ لەبەرئەوەی بەهۆی یەکنەگرتوویی حیزبەکان و پرشووبڵاویی هێزی چەکداری کورد، خۆی لەو مەیدانەدا بە باڵادەست و بەدەسەڵات دەبینێ و وەک هەمیشە، ئەو کات و ڕاگرتن و یەکلاکردنەوەی شەڕەکە دیاریی دەکات.

- لەکاتێک دا دوژمن یەکدەستە و پەیڕەوی لە فەرماندییەکی واحید دەکا، هێزی چەکداری کورد پەرتەوازە و بەسەر حیزبەکان دا دابەش بووە و توانای خۆڕاگریی لەبەرانبەر هیزی یەکگرتووی حکوومەتی نامێنێ!

هەتا هێزی چەکداری نیشتمانی پێکنەیە، "شەڕی نابەرابەر"مان نابەرابەرتر دەبێ و "ڕیژیم شەڕمان بەسەر دا دەسەپنێ" و ئیبتکاری شەڕ لە دەستی ڕێژیم دا دەمێنێتەوە.

**جێگای سرنجە! هەموو شارەزایان و فەرماندە ناسراوەکانی مێژووی شەڕ، لەوانە "سون تزو" ژنرالی چینی و ستراتیژیستی شەڕ و "کارڵ فون کلاوزەویتس" فەرماندە و تیئوریسیەنی پرۆیس، لەسەر ئەو دوو ئەسڵە نیزامیی – ستراتیژیکییەی شەڕ هاودەنگن:**

**یەک:** "قەت مەچۆ شەڕێکەوە کە ناتوانی بیبەیتەوە" و "مەچۆ شەڕێکەوە کە دەزانی دوژمن تێیدا باڵادەستە". بەڵام کورد

## هاوڕێ د. میرۆ عەلیار

بەدرێژایی خەباتی، هەمیشە چۆتە مەیدانی شەڕێکەوە کە دوژمنەکەی تییدا باڵادەست و بەهێزتر بووە و بەقەولی عەبدوڵا پەشێو شاعیر "هەر بە شکست تۆڵەی شکستی کردۆتەوە". قەت، لە مەیدانێک دا بەرەنگاری دوژمنەکانی نەبۆتەوە کە بۆخۆی دەتوانێ تییدا بەهێزتر و باڵادەستر بێت، وەک: پشتبەستن بە هێزی یەکگرتوو، خەباتی سیاسی و دیپلوماسیی هاوبەش...! هەمیشە بیانوو و پاساوی بۆ پڕشووبڵاویی و ناتەبایی خۆی هێناوەتەوە!

**دوو:** ئەو لایەنە دۆڕاوی شەڕە کە شەڕ لە ماڵی ئەو دا بەڕێوەدەچێ. ئێمە هەمیشە شەڕ بەدژی نەیارەکانمان دەخەینە نێو ماڵی خۆمان!!!

هەتا تۆ لە ڕابردوو دەرس وەرنەگری، هەست بە هەڕەشە و مەترسییەکان نەکەی، خوێندنەوەیەکی واقعبینانەت بۆ بارودۆخ و هێزی خۆت و دوژمنەکەت نەبێ، لەنێو خۆت دا ناتەبا و لاواز بی و لەجێگەی هەنگاوی بەکردەوە دڵ بە دروشم و بەخۆداهەڵکوتن خۆش بکەی، ڕێژیم شەڕت بەسەر دا دەسەپێنێ.

لەمێژە دەگوترێ "دیپلوماسی بەبێ پشتوانەی هێزی نیزامی، میزی وتوویژ دەکات بە کۆبوونەوەی بێئاکام"، ڕاستە. لە خەباتی چەکداریش دا، هاوپەیمانیی سیاسی بەبێ هێزی چەکداری یەکگرتوو، دەبێت بە (محفل)ێک بۆ دووپاتکردنەوەی قسە و لێدواندانی بێکردەوە.

- تێچووی ئابووریی، حیزبەکان چەندهێندە پتر دەخاتە ژێر فشارەوە. زۆرجاران دیتراوە حیزبەکان بۆ ململانەی نێوخۆیی و بۆ دابینکردنی بژیوی و چەکوچۆڵی پێشمەرگەکانیان، چاولەدەستی ئەملا و ئەولا بوون.

- نەبوونی هێزی چەکداری یەکگرتوو و بوونی چەک لە دەستی حیزبەکان دا بۆتە هۆکارێکی سەرەکیی یەکنەگرتوویی سیاسی و نەبڕانەوەی شەڕوکێشەی نێوانیان و ئەوەش بە نۆرەی خۆی بۆتە هۆی ئەوە کە تێکۆشانیان لە بەر چاوی بیروڕای گشتیی دا خێڵەکی بنوێنێ و ئیعتباریان خەوشدار بێ. ئەو حاڵەتە، لە دەرەوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا خەسارێکی قورسی بە پرستیژی حیزبەکان گەیاندووە و ڕەوایی و خەباتەکەیانی خستۆتە ژێر پرسیار.

تەنانەت ئەگەرلایەنێک بیهەوێ یارمەتییەک بدا یان پشتیوانیی سیاسی بکات، نازانێ ڕوو لە کوێ بکا و یارمەتی کێ بدات و پشتیوانیی لە کام حیزب بکات! سەری خۆمان لە بەفر ناوە پێمانوایە کەس نامانبینێ!

**هاوڕێ د. میرۆ عەلیار**

له هەموو بەشەکانی کوردستان دا، هەتا ئەوکاتەی حیزبەکان هەریەکە بە هێزی چەکداری خۆیەوە خەباتی چەکداریی بەڕێوەبەرێ یان ناچار بن ڕوو لەو شێوە خەباتە بکا، بێجگە لە "هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو"، هیچشتێک نییە بتوانێ پێش بە هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ بگرێ! ئەوە کە لێرەولەوێ دەگوترێ حیزبەکان لە ڕابردوو فێربوون و شەڕی نێوخۆ دووپات نابێتەوە، قسە و ئیدیعایەکی بێبنەمایە.

**له خەباتی ڕزگاریخواز دا، دوو پرس لەیەک جیا ناکرێنەوە و تەواوکەری یەکترن:**

**یەک:** هاوپەیمانیی سیاسی بەبێ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی، لەرزۆک و (آسیب پذیر)ە و هەمیشە لەسەر لێواری هەڵوەشانەوە و بێمانابوون وەستاوە. لە جووڵانەوەیەک دا کە هەموو حیزبەکانی چەکدارن، هیچ هاوپەیمانێتییەکی سیاسی هەتاسەر بڕ ناکا و بەرهەم ناداتەوە.

**دوو:** "هاوئاهەنگی"ی جمووجۆڵی پێشمەرگە بەبێ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو، بەقسە جوانە بەڵام بە پێی ئەزموون، بەکردەوە سەرناگرێ و مەحکوومە بە شکست.

**هیزی پێشمەرگەی حیزبی بە هیچ پێوەر و پێوانەیەک ناتوانێ بەدیل بێ بۆ هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی.**

**٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٦**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی**: **ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢١ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە**: **خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ دوكتور میرۆ عەلیار بۆ ئامادەكردنی دیمانە، وتارو لێدوانەكان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


